# ڕەنگدانەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان لە بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان

## (١٩٨٠-١٩٨٨)

هاوکار محەمەد محەمەدڕەشید

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٥

**ناوی کتێب:** ڕەنگدانەوەی بارودۆخی باشووری کوردستان، لە بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان (١٩٨٠-١٩٨٨)

**نووسینی:** هاوکار محەمەد محەمەدڕەشید

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵی چاپ و شوێن:** هەولێر- ٢٠٢٥

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٣١) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

**پێشکەشە بە:**

- ڕاگەیاندکاران و ڕۆژنامەوانانی کوردستان
- هەموو شەهیدانی کوردستان.
- هاوسەری ژیانم (ژوان) کە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ماندووبوونی زۆری کێشاوە. بەشێکی زۆری لە کاتەکانی بۆ تەواوکردنی ئەم بەرهەمە پێ بەخشیم.
- جگەرگۆشەکانم (سان و ڤان).

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایشی زۆر بۆ خودای پەروەردگار، کە توانست و هەلی پێ بەخشیم، بتوانم ئەم توێژینەوەیە بە ئەنجام بگەیەنم.
- سوپاس بۆ دەستەی بەڕێوەبەر و کارمەندانی: (ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەرشیڤی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان).
- هەموو ئەو کەسانەی لە دیدار و چاوپێکەوتنەکان و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان وەڵامی پرسیار و سەرنجیان داینەوە.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٩ |
| بەشی یەكەم: ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان | ١٩ |
| تەوەری یەكەم: ڕاگەیاندنی پارتی | ٢١ |
| باسی یەكەم: بەشی ڕاگەیاندن | ٢١ |
| تەوەرەی دووەم: ناوەڕۆكی ئامانجی بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان | ٣٥ |
| باسی یەكەم: بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان | ٣٥ |
| باسی دووەم: ناوەڕۆكی بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان | ٤٥ |
| باسی سێیەم: ئامانجەكانی بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان | ٥٩ |
| تەوەرەی سێیەم: سەركردایەتی كاتی پارتی (القیادة المؤقتة) سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان. | ٦٩ |
| باسی یەكەم: سەركردایەتیی كاتی پارتی (القیادة المؤقتة) | ٦٩ |
| باسی دووەم: سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان | ٧٥ |
| بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەكان لە بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان | ٧٩ |
| تەوەرەری یەكەم: سیاسەتی حكومەتی بەعس بەرامبەر كوردستان | ٨١ |
| باسی یەكەم: ڕاگواستن بە عەرەبكردن. | ٨١ |
| باسی دووەم: تێكدانی گوندەكان | ٩١ |
| باسی سێیەم: زیندانیكردن و لە سێدارەدان | ١٠١ |
| تەوەرەی دووەم: بەكارهێنانی چەكی كیمیایی و شاڵاوی ئەنفال | ١٠٩ |
| باسی یەكەم: بەكارهێنانی چەكی كیمیایی | ١٠٩ |
| باسی دووەم: ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال | ١١٧ |

| | |
|---|---|
| باسی سێیەم: سیاسەتی هەرێمی تورکیا، سوریا و ئێران | ١٢١ |
| بەشی سێیەم: خەباتی چەکداری هێزی پێشمەرگە بەرامبەر حکومەتی عێراق (١٩٧٦-١٩٨٨) | ١٢٩ |
| تەوەرەی یەکەم: چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان. | ١٣١ |
| باسی یەکەم: چالاکیی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی (١٩٧٦-١٩٧٩). | ١٣١ |
| باسی دووەم چالاکی پێشمەرگە (١٩٨٨-١٩٨٠) | ١٤٣ |
| باسی سێیەم: چالاکی بەرەیی هاوبەش | ١٧٣ |
| باسی چوارەم: چالاکی پێشمەرگە لەناو شارەکان | ١٩٣ |
| بەشی چوارەم: کاریگەری جەنگی عێراق ئێران لەسەر باشووری کوردستان ١٩٨٠-١٩٨٨ | ٢١٩ |
| تەوەرەی یەکەم کاریگەری جەنگ لەسەر باشووری کوردستان | ٢٢١ |
| باسی یەکەم: دۆخی ئابووری | ٢٢١ |
| باسی دووەم: کاریگەری جاش | ٢٣٥ |
| باسی سێیەم: ڕۆشنبیری و هزری نەتەوەیی. | ٢٣٩ |
| باسی چوارەم: خوێندن و پەروەردە | ٢٤٧ |
| تەوەرەی دووەم: بەسەربازکردن و ناردنی هاووڵاتیان بۆ جەنگی عێراق ئێران | ٢٥٧ |
| باسی یەکەم: لایەنی سەربازی | ٢٥٧ |
| باسی دووەم: بەزۆرکردنە سەرباز سەربازی زۆرە ملێ | ٢٦٥ |
| باسی سێیەم: بارمتە | ٢٧٣ |
| **ئەنجامەکان** | ٢٧٧ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٨١ |
| **پاشکۆکان** | ٣٠١ |

## پێشەكی

لـە دیمەنـە پـڕ لـە گێژاوەكانـی هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـردوودا كـە گەلـی كـورد ڕووبـەڕووی تەحـەددای قـورس و هەڵچوونـی سیاسـی بـووەوە، دەنگوباسـی كوردسـتان كـە لـە لایـەن پارتـی دیموكراتـی كوردسـتانەوە چاپ و بڵاوكرایـەوە، وەك چرایـەك و دەنگێـك بـۆ خەباتـی كـورد دەركـەوت. ڕۆژنامەكـە ڕۆڵێكـی سـەرەكی بینـی لـە داڕشـتنی بیـروڕای گشـتی و بەڵگەنامەكردنـی ڕووداوە مێژووییـەكان و داكۆكیكـردن لـە مافەكانـی كـورد لـە نێـو قۆناغێكـی پـڕ لـە گێـژاودا.

ڕاگەیانـدن یەكێكـە لـە هـۆكارە گرنگەكانـی گەیاندنـی پەیـام، ئاماژەیـە بـۆ كەنـاڵ یـان ئامـرازە جۆراوجـۆرەكان بـۆ بڵاوكردنـەوەی زانیـاری و كۆمەڵێـك فۆرمـات لـە خۆدەگرێـت، هەریەكەیـان خزمـەت بـە مەبەسـتی جیـاواز و ئایدیۆلۆژیـا و پـارت و ڕێكخـراوە سیاسـییەكان دەكات. وێـڕای ئـەو دۆخـە سیاسـییە دژوارەی هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـردوو، پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان بـە گرنگییـەوە لـە ڕاگەیاندنـی ڕوانیـووە، ڕاگەیانـدن لـە سـەدەی ڕابـردوو بریتـی بـوو لـە ڕادیـۆ، ڕۆژنامـە و گۆڤـار، ئەمـەش ڕۆڵێكـی سـەرەكی لـە هۆشـیاری جەمـاوەری باشـووری كوردسـتان لـە خەباتـی سیاسـی و چەكداریـدا بینیـوە، وەك ئامرازێكـی بەهێـز بـۆ بڵاوكردنـەوەی زانیـاری و كۆكردنـەوە و كاریگـەری لەسـەر بیـروڕای گشـتی كاری كـردووە. لـەو نێوەنـدەدا بڵاوكـراوەی دەنگوباسـی كوردسـتان، ڕۆڵێكـی باشـی هەبـووە لـە بڵاوكردنـەوەی زانیـاری دروسـت، لەسـەر بابـەت و ڕووداو و پێشـهاتە جۆراوجـۆرەكان لـەو سـەردەمەدا، گەیشـتن بـە زانیارییـەكان ئەسـتەم بـووە. ئەمـەش یارمەتیدەرێكـی بـاش بـووە بـۆ هاونیشـتیمانیانی

باشووری کوردستان ئاگاداری دۆخی سیاسی ئەو سەردەم بن. لە لایەکی دیکەوە بە تیشک خستنە سەر هەندێک بابەت و هەواڵ ڕوانگەی گشتی و پشتیوانی بۆ دۆزە سیاسی و چەکدارییەکە فراوان دەکات، ماوەی توێژینەوەکەی ئێمە بەقۆناغێکی گرنگ و هەستیار دادەنرێت، چونکە لە ماوەیەدا چەندین ڕووداوی ساسیی و سەربازی گرنگ ڕوویداوە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش وەکو سەرچاوەیەکی گرنك لە بواری مێژوو هەژمار دەکرێت، توێژەران دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

**گرنگی توێژینەوەکە:** بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، لەو ماوەی ئێمە توێژینەوەمان تێدا کردووە، لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێران، زۆر ڕووداوی هەستیاری سیاسی و سەربازی ڕوویداوە، ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لە بڵاوکراوەکە و ڕووداوەکانی تێدا تۆمارکراوە. بۆیە ماوەی توێژینەوەکە بە قۆناغێکی گرنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دادەنرێت،چونکە ڕاگەیاندن لە نووسراو وەك ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بیستراو وەك ڕادیۆ گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** لێکۆڵینەوە لە سەر بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا خزمەت بە چەندین مەبەست دەکات، هەر لە پاراستنی تۆمارە مێژووییەکانەوە تا شیکردنەوەی کاریگەریی میدیا لە خەباتی سیاسی و چەکداریدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گەڕان بە ناوەڕۆک و ستراتیژی و کاریگەریی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، تێڕوانینێکی بەنرخ لە سەر خەباتی سیاسی و

چەکداری کورد و ڕۆڵی فراوانتری میدیا لە دارشتنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات. هەروەها بە ئامانجی گەیشتن بە چەند پرسێکی گرنگە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی خەباتی کورد، هەروەها مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ پاراستن و دۆکیۆمێنتکردنی تۆماری مێژوویی خەباتی سیاسی و چەکداریی کورد وەک ئەوەی لە بڵاوکراوەی هەواڵی دەنگوباسی کوردستان هاتووە. ئەمەش ڕووداو و پێشهاتە سیاسیی و چەکداری ئابووری هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگرێتەوە. هەروەها شیکاری کرۆنۆلۆژی: بۆ بنیاتنانی هێڵێکی کاتیی ورد لە ڕووداو و پێشهاتە بەرچاوەکانی ناوچەی کوردستان لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، وەک لە ڕاپۆرتی و هەواڵی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان دا هاتووە لە شیکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، شیکردنەوەی ڕۆڵ و هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بە ستراتیژی و سیاسەت و کاریگەرییەکانیان لەسەر دانیشتوانی کورد و دیمەنی سیاسی فراوانتر. هەروەها بەدواداچوون بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، چۆن بەشداری لە خەباتی سیاسی و چەکداری کورددا کردووە بە پێدانی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەرپەرچدانەوەی زانیاری هەڵە، هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی بەشداریکردنی هەواڵی کوردستان لە پێکهێنان و بەهێزکردنی شوناس و یەکگرتوویی کورد لە قۆناغی خەباتی سیاسی و چەکداریدا، پاراستنی کولتووری بۆ بەڵگەنامەکردن کە چۆن بڵاوکراوەکە لە ڕێگەی ناوەڕۆکەکەیەوە یارمەتی پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوور و زمان و میرات و فەرهەنگی کوردی داوە. پێوانەکردنی کاریگەرییەکانی

بڵاوکـراوەی دەنگوباســی کوردســتان لەســەر تێڕوانینــی گشــتی، چ لەنــاو کۆمەڵگـەی کـوردی و چ لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی. بـۆ هەڵسـەنگاندنی ئـەوەی کـە بڵاوکـراوە تـا چەنـد کاریگـەری لەسـەر بڕیـار و کردارەکانـی سیاسـەت هەبـووە، چ لەنـاو بزووتنـەوە سیاسـییە کوردییـەکان و چ لەنێـو ئەکتـەرە دەرەکییـەکان.

١. **بەڵگەنامـە مێژووییـەکان و پاراسـتنی ئەرشـیف:** بـۆ پاراسـتن و دۆکیۆمێنتکردنــی تۆمــاری مێژوویــی خەباتــی کــورد لەپێنــاو مافــی چــارەی خۆنوســین. ئەمــەش ڕووداوە ســەرەکییەکان و پێشــهاتە سیاسـییەکان و چیرۆکـە کەسـییەکانی سـاڵانی هەشـتاکان دەگرێتـەوە. بنیاتنانــی هێڵێکــی کاتیــی ورد لــە ڕووداو و پێشــهاتە بەرچاوەکانــی ناوچـەی کوردسـتان لـە مـاوەی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا، وەک لــە بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتاندا هاتــووە.

٢. **شـیکاری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی:** ڕۆڵ و کاریگـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـۆ شـیکردنەوەی ڕۆڵ و هەژموونـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە مـاوەی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا، بـە سـتراتیژ و سیاسـەت و کاریگەرییەکانیان لەسـەر دانیشتوانی کورد و دیمەنی سیاسی فراوانـتر بـۆ ناسـینی پرسـی کـورد لـە ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتیـدا.

**چوارچێـوەی توێژینەوەکـە:** (بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان ڕۆڵـی لـە خەباتـی سیاسـیی و چەکداریـی کـورد (١٩٨٠-١٩٨٨)، لـەو سـۆنگەیەوە بــۆ ئەنجامدانــی توێژینــەوە دەستنیشــان کــراوە، ســەرباری ئــەوەی کــە پێشــتر بــە شــێوەیەکی ئەکادیمــی لەســەر بڵاوکراوەکــە نەنــووسراوە، لــە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی سـەربەخۆ، وێـرای ئـەوەی بڵاوکراوەکـە پـڕە

لە زانیاریی وردی مێژوویی لایەنێکی گرنگی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان پێکدەهێنێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لە توێژینەوەی لەم جۆرەدا، پێویستە لە چوارچێوەی وەسفی و کرۆلۆنۆژی مێژووییدا، کە پشت بەستراوە بە شێوازی (اسلوب- التركيبی)، بۆئەوەی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری ڕۆژنامەوانی لەسەر لایەنی سیاسی و چەکداری ئابووری بە وێنایەکی گشتی بارودۆخی ناوچەکە بگەین، هەروەها شیکاری مێژوویی وتارەکانی ناو بڵاوکراوەکە بە شێوەیەکی زانستی خراونەتەڕوو.

**گرفتی توێژینەوەکە:** بەدەستهێنانی سەرجەم ژمارەکانی بڵاوکراوەکە لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت، بەشێک لە ژمارەکانی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان ئەرشیڤ نەکراون، دیارنین، ئەمەش بەهۆی نەمانی ئەو بڵاوکراوانەی لە شاخ دەرچوونە و لە ئەنجامی ئەوەی لە بارودۆخێکی سەختدا بڵاوکراونەتەوە، بەشێکی زۆریان فەوتاون و ئەرشیڤ نەکراون، هەربۆیە دەستکەوتنیان کارێکی ئاسان نەبوو. بەشێک لەو ئەرشیڤ و بەڵگەنامانە لەلایەن کەسایەتییەکان هەڵگیراون، سەرباری چەندین سەردان و دیدار بۆ لای کەسایەتییەکان، بە بیانووی جۆراوجۆر نەتوانراوە ژمارەکانی دیکە بە شێوەیەکی باشتر بەدەست بهێندرێت. ئەمەش وای کردووە سەرباری ئەوەی کاتێکی زۆرمان لێ بەفیڕۆ بچێت، زانیاریی پێویست بە شێوەیەکی یەکسان، لەسەر ئەو ماوەیە مێژووەییە لەبڵاوکراوەکەدا بەردەست نەبێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پشتمان بە سەرچاوەی دیکە بەستووە بۆ ئەوەی هاوسەنگی بپارێزین.

**پێکهاتـەی توێژینەوەکـە:** ئـەم توێژینەوەیـە لـە پێشـەکی و چواربـەش و دەرئەنجـام پێکهاتـووە، بەشـی یەکـەم بریتییـە لـە (ڕاگەیاندنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) لـە سێ تـەوەرەی سـەرەکی پێـك دێـت، تـەوەرەی یەکـەم (ڕاگەیاندنـی پارتـی) کەتێیـدا زەمینەیەکـی مێژووییـمان دەربـارەی ڕاگەیاندنـی پارتـی و هۆبەکانـی ڕاگەیاندنمـان خسـتووتەوە ڕوو. تـەوەرەی دووەمیـش تایبەتکـراوە بـە (نـاوەڕۆك ئامانجەکانـی بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان). کـە تێیـدا بـاس لـە مێژوویـی و ناسـاندنی بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان دەرچوونـی یەکەمیـن ژمـارەی قۆناغەکانـی دەرچوونـی شـێوازی چاپکردنـی بڵاوکراوەکـە لـە نـاوەڕۆك ئامانجەکانـی بڵاوکراوەکـە کـراوە. تـەوەرەی سـێیەم تایبـەت کـراوە بـە (سـەرکردایەتی پارتـی (القیـادة المؤقـة) سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی گـوڵان) لـە دووباسـدا زانیارییـمان دەربـارەی سـەرکردایەتی کاتـی و سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی گـوڵان خسـتووەتە ڕوو.

بەشـی دووەمـی توێژینەوەکـە تیشـك دەخاتـە سـەر ( ڕەنگدانـەوەی کاریگـەری ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییەکان لـە بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان)، هـەر لـە سـۆنگەی زانیارییـە هەواڵییەکانـی بڵاوکراوەکـە لەتـەوەرەی یەکەمـدا بـاس (سیاسـەتی حکومەتـی بەعـس بەرامبـەر کوردسـتان) لـە چوارچێـوەی ڕاگواسـتن و بەعەرەبکـردن و تێکدانـی گونـدەکان کـراوە، لەتـەوەرەی دووەمـدا بـاس لـە (بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی ئۆپەراسـیۆنی ئەنفـال) کـراوە. بەشـی سـێیەمی توێژینەوەکـە تەرخانکـراوە بـۆ (کاریگـەری ڕووداوە سیاسـی و سـەربازییەکان ناوخـۆ و دەرەوەی کوردسـتان لـە بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی

کوردستان)، لەتەوەرەی یەکەمدا باس لە (چالاکییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان کراوە لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، کە تێدا چالاکی بەرەیی و هاوبەش و چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ناوشارد بە وردی خستووەتە ڕوو. بەشی چوارەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ (کاریگەری جەنگی عێراق ئێران لەسەر باشووری کوردستان ١٩٨٠-١٩٨٨)، لەتەوەرەی یەکەم (کاریگەری جەنگ لە سەرباشووری کوردستان) کە تێیدا زانیاری دەرەبارەی لایەنی ئابووری و سیاسی و ئابووری خوێندن و پەرەوردە خراوەتەڕوو. لەتەوەرەی دووەمیش تایبەتکراوە بۆ (بەسەربازیکردن و ناردنی هاووڵاتیان بۆ جەنگی عێراق ئێران) تیشك خراوەتە سەر دۆخی سەربازی سوپای عێراق و بەسەربازیکردنی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان بەزۆر ناردنیان بۆ جەنگ.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** وەک ئاشکرایە هیچ کارێکی زانستی بەبێ سەرچاوەی ڕەسەن و بە بایەخ نایەتە بەرهەم. هەرچەندە تەواوی سەرچاوەکان گرنگ و بایەخی خۆیان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا لەپێناو بەدیارخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕووداوە مێژووییەکان بە شێوەیەکی زانستی و دارشتنەوەیان، بە لەبەرچاوگرتنی بیروڕا جیاوازەکان، هەوڵدراوە زۆرتر پشت بە سەرچاوەی مێژوویی ڕەسەن و بەڵگەنامەکان ببەسترێت. ئەو سەرچاوانەی لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە فرەچەشنن، وەک: (بەڵگەنامە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بڵاوکراوەی حزبی، یادداشت، دەستنووس، نامەی زانکۆیی، کتێب، وتاری ڕادیۆیی، دیدار و پەیوەندی تەلەفۆنی).

**بەڵگەنامەکان:** لە نووسینی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا جێگای بایەخن و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەربۆیە لەو ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە هەر دوو جۆری بەڵگەنامەی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوە تێدا بەکارهێنراوە. بەڵگەنامەکانیش بریتیین لە: (بەیاننامەی حزبی، نووسراوی فەرمی و حکوومی، بەلاغی عەسکەری و ڕاپۆرتی سیاسی). هەرچەندە ئەو بەڵگەنامانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا بەشێکیان بڵاوکراونەتەوە، هەوڵدراوە ئەوەی بەردەست بێت سوودی لێ وەربگیرێت، هەندێکیشیان لە پاشکۆی کتێبەکە وەک خۆیان دانراون، هەروا ئاماژە بە شوێن و سەرچاوەکان کراوە کە دەقی بەڵگەنامەکەی لێ وەرگیراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە بەڵگەنامەی لە بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان و ڕۆژنامەی خەبات، ئەرشیڤی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دەست هێنراون.

**ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:** لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە، ڕۆژنامە و گۆڤار لەوانە: (بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، خەبات، ڕێگای ئازادی، ئاڵای سووری کوردایەتی، دەنگی پێشمەرگە، سەفین) زانیاری زۆریان لە بارەی چالاکییەکانی پێشمەرگە تێدایە.

**بڵاوکراوەی وتاری ڕادیۆیی:** جۆرێکی دیکەیە لەو سەرچاوانەی کە توێژەر سوودی لێ وەرگرتووە، لێکۆڵینەوە و وتار و هەواڵی ڕادیۆیی کە زانیاریی ماوە مێژووییەکەی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە، لەوانە: (ئێزگەی دەنگی کوردستان – عێراق).

**کتێب:** وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و بە بایەخ بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە نووسینی ئەم توێژینەویەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، چونکە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە بایەخدان بە زانیارییەکانی ئەو ماوەیە زۆرجار پەنامان بردووەتە بەر کتێب، لەوانە وەک: (بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)ی عەلی تەتەر نێروەیی، کە لەبنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە و کراوەتە کتێب، ناوبراو زانیاریی وردی دەربارەی ئەو ماوە مێژووییە خستووەتەڕوو. (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٧٥-١٩٩٠) شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم و دووەم)ی مسعود بارزانی لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە سودی زۆری هەبووە. هەروەها کتێبی (ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، ئاداری (١٩٧٥-١٩٩٣)ی ئیسماعیل تەنیا.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین لەپێناو سەرخستنی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی لە تواناادا بووە ئەنجام دراوە و درێغی لە کۆشش و تەقەڵای زانستی نەکراوە، بێگومان لە هەڵە و کەموکوڕیش بەدەرنییە، هیوادارین ئەم هەوڵە زانستییە خزمەت بە پرۆسەی نوسینەوەی مێژووی کورد بکات و جێی ڕەزامەندیی خوێنەران بێت.

# بەشی یەکەم
# ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
# (١٩٧٥-١٩٨٨)

**تەوەرەی یەکەم: ڕاگەیاندن و بەشەکانی**

**تەوەرەی دووەم: ناوەڕۆك و ئامانجی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان**

**تەوەرەی سێیەم: سەرکردایەتی پارتی و سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی گوڵان**

## تـەوەرەی یەکەم: ڕاگەیاندنی پارتی

### باسـی یەکەم: ڕاگەیاندن و بەشەکانی

٥٤دوای گەلەکۆمـە نێودەوڵەتییەکـە کـە لەڕێککەوتننامـەی جەزائیـری سـاڵی ١٩٧٥ بەرجەسـتە بـوو، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان خـۆی لـە یەکێـک لـە تاریکتریـن قۆناغەکانـی مێـژووی خۆیـدا بینیـەوە و توانـای بەڕێوەچوونـی هـەر چالاکییەکـی سیاسـی لـێ زەوتکـرا، وێـڕای کۆتـە سـەختەکانی زیندووکردنـەوەی ڕۆحـی شۆڕشـگێڕی و کۆکردنـەوەی جەمـاوەر، بـەڵام بڕیاریـدا درێـژە بـە خەباتـی سیاسـی و چەکـداری بـدات. لەمبارەیـەوە مەسـعود بارزانـی دەڵێـت: "لـە ماوەیەکـی کورتـدا توانیـمان هەندێـک سـەرچاوەی سـەرەتایی بـۆ چاپکـردن و بڵاوکردنـەوە دەسـتەبەر بکەیـن، لەوانـە چاپخانەی دەسـتی و دامەزراوە سـەرەتاییەکان. بـە داننـان بـە گرنگـی بەرزکردنـەوەی تواناکانـی پەیوەندیکردنمـان، دامەزراندنـی ئێزگەیەکـی ڕادیۆییـمان لـە پێشـینەدا دانـا. بـۆ بەدیهێنانـی ئەمـەش داوای هاوکاریـمان لـە دکتـۆر حەمیـد ئاکرەیـی و ئەندازیـار ئەحمـەد بریفکانـی کـرد کـە بنکەکەیـان لـە نەمسـا بـوو، ئەوەبـوو سـاڵی ١٩٧٧ لـە کڕینـی ئێزگەیەکـی بچـووک سـەرکەوتوو بوویـن، بـە پاڵپشـتی دارایـی لـە ڕێگـەی قەرزێکـەوە کـە لەلایـەن دکتـۆر ئەحمـەد چەلەبیـەوە ڕێکخرابـوو"(١). ئـەم هەوڵـە سـەرەتاییانە هەنگاوێکـی بەرچـاو بـوون بـەرەو بەهێزکردنـی ژێرخانـی میدیـا، کـە بـووە بنەمایەکـی بنەڕەتیـی بەردەوامبـوون و پێشخسـتنی دۆزی شۆڕشـگێڕانە.

(١) مسعودبارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ١٩٧٥-١٩٩٠، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، (٢٠٢١)، ل١٢١.

لە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات، لە (ئابی ١٩٧٦) بە ژمارە (٥٢٧)، دەرچوو، لەلایەن جەوهەر نامیق سالم (١٩٤٦-٢٠١١) و سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٣-٢٠٠٤) سەرپەرشتی کراوە[١]، لە ساڵانی (١٩٧٦-١٩٧٧) ڕۆژنامەی خەبات بە ناوی سەرکردایەتی کاتی (پ.د.ك)، دەرچووە، لەسەر ڕۆژنامەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، (الجريدة المركزية للحزب الديمقراطي الكردستاني- القيادة المؤقتة)[٢]، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٧، ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەکارکەوتەوە[٣]، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی پەیامی شۆڕشگێڕانەدا هەبوو. سەرەتا کارە تەکنیکییەکانی ئێزگەکە لەلایەن کەسایەتییەکی کوردی باکووری کورستان بەناوی (ئەحمەد) سەرپەرشتی دەکرا. دوای ماوەیەکی کەم ئێزگە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد، هەریەک لە شەماڵ حەوێزی و ئاسۆ کەریم تێیدا کاریان دەکرد، بێژەری ئێزگە فەتحی ئاکرەیی، عیزەت ئامێدی و سیامەند بەننا بوون، سامی عەبدولڕەحمان سەرپەرشتی کاری ڕاگەیاندنی دەکرد. سەرەتا بنکەی ئێزگە لە گوندی (هەرکێ) بوو، بەڵام دواتر گواسترایەوە گوندی (زیوەی) مەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دواتر بۆ گوندی شەقڵاوە لە نزیک هەڵەج. ئێزگەی دەنگی کوردستان لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی دەنگی شۆڕش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. بۆ نموونە لە (٢٨ی ئەیلوولی ١٩٨٠) دا، ئێزگەکە بە بۆنەی ساڵیادی

(١) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەری شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەگەری کوردی، ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧، ٢٦٥.

(٢) خەبات، العدد (٥٢٨)، ٢٠ ايلول١٩٧٦، ص٢.

(٣) سامی عەبدولڕەحمان، شۆڕشی گوڵان ورەی خەڵکی بەرزکردەوە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٧٥)، ١٩٩٦/٦/١٠، ل٨.

پیلانگێڕیـی (ئەیلوولـی ١٩٧١) بەرنامەیەکـی پـڕ لـە زانیـاری بڵاوکـردەوە، تیشـکی خسـتە سـەر هەوڵی تیرۆرکردنی مسـتەفا بارزانـی[١]. دەتوانین بڵێین دوای دەسـت پێکردنـەوەی شۆڕشـی گـوڵان ڕاگەیاندنـی پارتی سـەرەتایی بوو لـە چوارچێـوەی بەشـێکدا ڕێـك نەخرابوون، بـەڵام دوای کۆنگرەی نۆی سـاڵی ١٩٧٩ هەنـگاوی بەرچـاو بـۆ ڕێکخسـتنەوەی بەشـی ڕاگەیانـد لـە مەکتەبـی سیاسـیدا نـرا. هەروەک لە بەشـی (٦) ماددەی (٢٥)ی پەیڕەوی پەسـندکراوی کۆنگـرەی نۆیەمـدا ئامـاژەی پێکـراوە، ئیختیاری ئەوە بوو کـە پارتی ڕۆژنامەی خـۆی دابمەزرێنێـت، هـەم بـە شـێوەی دەورەیـی و هـەم بـە شـێوەی نـا وەرزی بڵاودەکرێنـەوە. سـەرەڕای ئـەوەش، لقـە ناوچەییەکان ڕێگەیـان پێدرا بڵاوکـراوەی خولـی خۆیـان هەبێت، بەمەبەسـتی ڕۆشـنبیری کادیـران هەموو چالاکییەکانـی میدیایی لەلایـەن کۆمیتەی ناوەندییەوە سەرپەرشـتی دەکرا[٢].

لـە مـادەی (٢٧)ی کۆنگـرەدا وردتـر بـاس لـە ئامانجەکانـی میدیـا و بڵاوکراوەکانـی پارتـی کـراوە کـە بریتیـن لـە:

١. بـرەودان بـە شـوناس و مێـژوو و خەسـڵەتە نەتەوەییەکانـی گەلـی کـورد و خەباتـی بەردەوامیـان.

٢. شیکار و لێکدانەوەی قووڵ بۆ ئامانج و ستراتیژییەکانی پارتی.

٣. خسـتنەڕووی دیدگاکانـی پارتـی لەبـارەی پرسـەکانی پەیوەسـت بـە ئاییـن و بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد.

---

(١) مسعودبارزانی, بارزانی و بزوتنەوەی ...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل١٢٣.

(٢) المنهاج والنظام الداخلي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق, اقره المؤتمر التاسع للحزب المنعقد في تشرين الثاني ١٩٧٩, ص٤٤.

٤. پێگەیانـدن و ئاگادارکردنـەوەی ڕای گشـتی کـورد لەبارەی پرسـە سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کشـتوکاڵ، هەروەهـا ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاسـتەنگەکانی کەرتـی پیشـەیی.

ئـەم ڕێنماییانـە وەک بناغـەی سـتراتیژی ڕاگەیاندنـی پارتـی بـوو، دڵنیابـوون لـەوەی بڵاوکراوەکانـی بـە شـێوەیەکی کاریگـەر ئامانجەکانـی حزبەکەیـان دەگەیەنـن، لـە هەمـان کاتـدا هۆشـیارکردنەوەی دانیشـتوانی کـورد سـەبارەت بـە پرسـە سـەرەکییەکان کـە کاریگەرییـان لەسـەر کۆمەڵگاکەیـان هەیـە[١].

دوای کۆنگـرەی نۆیـەم لـە پێنـاو ڕێکخسـتنەوە و بـەرەو پێشـچوونی کاروبـاری حزبـی لـە (١٩ - ٢١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٠)، کۆبوونەوەکانـی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی بـەردەوام بـوو، دوای گفتوگـۆ و ڕاگۆڕینـەوە ئەرکـەکان دابەشـکرا، تێیـدا فەلەکەدیـن کاکەیـی، سەرپەرشـتی بەشـی ڕاگەیاندنـی پێسـپێردرا تـا کۆنگـرەی دەیەمـی سـاڵی ١٩٨٩ بـەردەوام بـوو، لـە سـاڵی ١٩٩٢، فەلەکەدیـن کاکەیـی بـە فەرمـی وەک سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی خەبـات و بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان و ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان- عێـراق. هـەر لـەو پێگەیـەدا سەرپەرشـتی سـەرجەم چالاکییـە میدیاییەکانـی پارتـی کـرد چ لـە ناوخـۆ چ لـە دەرەوەی کوردسـتان، بـە کاروبـاری لـق و نوێنەرایەتییەکانیشـەوە[٢]،

سـەبارەت بەدارایـی ڕاگەیاندنـی پارتـی کـە لـە پەیـڕەوی ناوخـۆ کۆنگـرەی دەیەمـدا لـە سـاڵی ١٩٨٩ پەسـندکراوە، لەبەشـی (٩) بەنـدی

(١) المنهاج والنظام الداخلي للحزب الديمقراطي الكردستاني- العراق, م.س, ص٤٥.
(٢) مسعودبارزانی, بارزانی و بزوتنەوەی ...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل١٣٠و ١٤٦.

(٣١) هاتووە: "دارایی ڕاگەیاندن پێکدێت لە نرخی چاپەمەنییەکانی پارتی قازانجی ئاهەنگی ڕۆشنبیری و هونەری کۆمەڵایەتیی"[١].

چەندین کەسایەتی سەرەکی بەشدارییەکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی بەشەکەدا بینی، وەك هۆشیار زێباری ئەندامی بەش، ناسیح غەفور کرایە بەرپرسی بەشی کوردی، حەمید سوری سەرپەرشتی بەشی عەرەبی پێ سپێردرا، بۆ بەرەو پێشچوونی کاری ڕاگەیاندن چەندین هۆبە دروست کرا، وەك چاپەمەنی، ئینسات، ئەرشیڤ [٢]، بەشی ڕاگەیاندنی چەند هۆبەیەکی لەخۆ دەگرت:

**یەکەم: چاپخانە:**

چاپخانەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریدا بۆ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان گێڕاوە، وەک ناوەندی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژنامە و نامیلکە و بڵاوکراوەکانی دیکە خزمەتیان کردووە. سەرەتا ڕۆژنامەی خەبات تا ژمارەی (٩٧)ی لە چاپخانەی نەجاح لە بەغدا دەردەچوو[٣] دواتر پارتی دیموکراتی کوردستان درکی بەگرنگی چاپخانە کردووە، یەکەمین

(١) پەیرەوەی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق، لە کۆنگرەی دەیەم، کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ل٤٥.

(٢) دیدار لەگەڵ تۆفیق سە لیم ئاکرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاکرێ. لە دایکبووی ساڵی (١٩٥٣) لە ئاکرئ، ساڵی (١٩٧٣)، بووە بە پیشمە رگە لە هێزی حە مرین، لە دوای نسکوی شۆڕشی ئە یلوول چووهتە ئیران لە ساڵی (١٩٧٩) بووەتە کارگیری لقی ٤ی سلێمانی، دواتر گواستراوەتەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی، لە ساڵی (١٩٨٣) وەك بەڕێوەبەری چاپخانەی خەبات دەست بەکار دەبێت تا سالی (١٩٩٣)، لە ساڵی (٢٠١٧-٢٠١٨) کۆلێژی یاسا تەواو دەکات، ئێستاش لە ئاکرێ نیشتەجێیە

(٣) عەبدوڵڵا زەنگەنە، دادگاییکردنی خەبات، بەشی یەکەم، ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٢)، ئابی ٢٠٠٠، ل١٣.

چاپخانەی بەناوی سەڵاحەدین لە ساڵی ١٩٥٩ دامەزراند، بەڵام دوای داخستنی ڕۆژنامەی خەبات لە (ئاداری ١٩٦١)، حکومەت دەستی بەسەر چاپخانەکەدا گرت. دوابەدوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١، پارتی دیموکراتی کوردستانی بە شاراوەیی کەرەستەی چاپی زیادەی لە بەغدا دەستکەوت و دواتر گواسترایەوە سلێمانی. ئەم سەرچاوانە بوونە هۆی بڵاوکردنەوەی یەکەم چاپی خەبات لە دوای شۆڕش، ئەمەش بایەخ و گرنگی تایبەتی هەبوو بۆ شۆڕش[١]. چاپ و بڵاوکردنەوە هێمای خۆڕاگری خەباتی کورد بوو کە جەختی لەسەر ڕۆڵی ژیانی ڕاگەیاندن لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەکردەوە، لە (سەرەتای ١٩٦٣)، لە ( ئەشکەوتە ڕەش)، چاپخانەیەك دانراوە و دەست بەدەرکردنی خەبات کراوە، سەرەتا پێکهاتبوو لە ئامێرێکی ئاسایی بەدەست کاری کردووە، ئەوانەی لە چاپخانە کاریان کردووە، ئەحمەد دەشتی و دووکەسایەتی کوردی فەیلی، لەلایەن مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکرا و پێداویستییەکانی چاپخانەی دابین کردووە[٢].

لە ساڵی ١٩٧٤ بە ئامانجی بەرزکردنەوەی کواڵێتی چاپ و بڵاوکراوەکان، سەرۆک مستەفا بارزانی بڕیاری بەدەستهێنانی چاپخانەی ئۆفسێتی پێشکەوتووی دا کە بەهای (١٥٠) هەزار دیناری سویسری بوو. بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی ململانێکان لە بەسرە، دەست بەسەر کەلوپەلەکاندا گیرا. سەرەڕای ئەوەش، بەشێکی زۆری ژێرخانی چاپکردن لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا لەناوچووبوو، بەمەش سەرکردایەتی شۆڕش بێ سەرچاوەی سەرەکی مابووەوە[٣]. دوای نسکۆی شۆڕش، سەرکردایەتی

(١) ئازاد عوبێد ساڵح، س.پ، ل٣٣-٣٤

(٢) ڕۆژ نوری شاوێس، خەبات، العدد (٩١٨)، ٢نیسانی ١٩٩٩، ص٧.

(٣) ڕۆڵی راگەیاندن لەشۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە

كاتـی پارتـی لـە (هاوینـی ١٩٧٥)، ئامێرێكـی بچووكـی چاپی لە شـاری ورمێی ڕۆژهەڵاتـی كوردسـتان كـڕی، دواتـر هێندراوەتـەوە باشـووری كوردسـتان[١]، ئـەم چاپخانەیـە سـادە بـوو كاری سـادەی ئەنجـام دەدا، تاوەكو سـاڵی ١٩٨٠، بەنـاوی بەشـی چاپەمەنییەكانی پارتی و شـۆڕش كاری كـردووە، دواتر بەهۆی درێـژی ناوەكـەی پێشـنیاركراوە بیگـۆڕن بـۆ كوردسـتان، دواتـر مەكتەبـی سیاسـی ناوەكەیـان گۆڕیـوە بـۆ چاپخانـەی (خەبـات)[٢].

بەرپرسـی چاپخانـە سـەرەتا كەسـێک بـوو بەنـاوی قوبـاد نـاسراو بـە (كـوردۆ)، بۆماوەیەكـی كاتـی دەمێنێتـەوە، دواتـر عەلـی گـۆران نـاسراو بـە (بێكـەس)، وەک یەكەمیـن بەرپرسـی چاپخانـە دادەنرێـت، تۆفیـق سـەلیم ئاكرەیـی یاریـدەری بـووە، بێكـەس بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ وەک بەرپرسـی چاپخانـە ماوەتـەوە، دواتـر گواسـتراوەتەوە بەشـی دارایـی مەكتەبـی سیاسـی پارتـی[٣]، لـە (٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٣)، بەبڕیـاری مەكتەبـی سیاسـی، بەشـی ڕاگەیانـدن ژمـارە(٣٠٦٠)، گۆڕانـكاری لـە ئیـدارەی چاپخانەكـرا، تۆفیـق سـەلیم ئاكرەیـی وەک بەرپرسـی هونـەری چاپخانـە دانـراو ناوبـرا تاوەكـو سـاڵی ١٩٩٣ ماوەتـەوە، كرسـتۆڤەر یەڵـدا نـاسراو بـە (ڕێبـوار یەڵـدا) بووەتـە یاریـدەدەری بەشـی هونـەری، هەریـەک لـە جـان جەبەلـی و شـاكر عومـەر لەكارەكانـی خۆیـان بـەردەوام دەبـن[٤].

---

(٣٤٨١)، ٢٦/ ٥/ ٢٠١٠، ل٦.

(١) جەوهەر نامق سالم، خبات كانت الزاد والسلاح وكانت تعني كوردستان والشعلة التي تنير الدرب، جريدة خبات، العدد (٩١٨)، نیسانی١٩٩٩، ص٧؛ بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١).

(٢) دیدار لەگەڵ توفیق سە لیم ئاكرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاكرێ

(٣) دیدار لەگەڵ توفیق سە لیم ئاكرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاكرێ.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٢)

دەستەی بەڕێوەبەرانی چاپخانە بریتی بوون:

١. تۆفیق سەلیم بەڕێوەبەر

٢. ڕێبوار یەڵدا یاریدەدەر

٣. عەبدولستار مەعروف

٤. ئادەم قادر حەسەن (بێخەو)

٥. فەیسەڵ ئەمین ( کوردۆ)،

٦. تۆفیق سەلیم ئاکرەیی

٧. محمد ئەلیاس خدر کاری ڕۆنیۆ ڕاکێشانی کردووە.

٨. ڕزگار محەمەد تەها (ڕزگار دۆڵەمەری)

٩. عیماد عەبدولخالق

١٠.شاکر عومەر ئاکرەیی

١١.نەزار محەمەد نەجیب

١٢.عمانوئێل نوشانە ناسراو بە (قەدەلی)

١٣.نەزیر سەعید عەلی

١٤.عەلی موشیر کاکەیی

١٥.حوسنی جاسم بریفکانی کاری چاپی کردووە

١٦.ئەحمەد قەرەنی نەخشەسازبووە

١٧.دژوار فایەق

١٨.ئیحسان سەلیم باجلوری

١٩.شەعبان تاهیر ناسراو بە (شڤان)

٢٠.عەبدوڵڵا موشیر خۆشناو (هێمن)، پێشمەرگەی چاپخانە بوو

٢١.حەمید نەسری خۆشنڤیس

٢٢.یوسف عەبدولقادر خۆشنووس بووە و هاوكاری چاپخانەی كردووە[١].

لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی سیاسی و دارایی چاپخانە پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، توانراوە ئامێری پێشكەوتوو بۆ چاپخانە دابین بكرێت لەوانە (ڕۆنیو، ئامێری تایپی برازەر)، ئەم پێشكەوتنە بووە هۆی بەدەستهێنانی ئامێری زیادە، وەك ئامێری تایپكردنی ئۆپتیما برادەر و ئامێری ڕونیۆ. ساڵی ١٩٨٦ چاپخانەكە زیاتر نوێكرایەوە بە زیادكردنی ئامێرێكی فۆتۆستانسیل و ئامێرێكی دوو ڕووناكی، كە دوو ئیفۆر دەدا لە یەك كاتدا ڕادەكێشا، ئەمەش كارەكانی چاپخانەی ئاسانتر كردبوو[٢]، لەبارەی شێوازی كاركردن لەچاپخانە تۆفیق سەلیم دەڵێت: "لە چاپخانە بە ڕۆنیو لەسەر ستێنسڵ چاپمان دەكرد، لەسەر ڕۆنیۆ تەكسیرمان دەكرد، بەكارەبا یان بەدەست دەمانجولاند، چەند نوسخەمان بویستایە ئەوەندی چاپ دەكرد"، بۆ یەكەمین جار وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ لە چاپخانەش بە هۆی فۆتۆ ستێنسڵەوە دەرچوو، زۆر كاری چاپخانەی ئاسانتر كرد، زۆر جار دەستنووس بە فۆتۆ سێنسڵ چاپدەكرا، ئەگەر بروسكەیەكی

(١) تۆفیق سەلیم ئاكرەیی، خەباتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە شاخ، گۆڤاری خازر، ژ (٣٧). تەموزی ٢٠١٠، ل١٨.

(٢) نامەی ئەلیكترۆنی، ڕزگار محمد تەها، ناسراو بە ڕزگار دۆڵەمەڕی لە دایك بووی ساڵی (١٩٦٢)، لە گوندی گۆرەی دۆڵەمەڕێ لە دەڤەری بارزان. قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە گوند تەواو كردووە. قۆناغی دواناوەندی لە سۆران تەواوكردووە. لە ساڵی (١٩٨٣)، پەیوەندی بەشۆڕش كردووە، لە هێزی عەزیز دۆڵەمەری بووەتە پێشمەرگە، لە (تشرینی دووەمی ١٩٨٣)، بە بڕیاری مەكتەبی سیاسی پارتی گواستراوەتەوە بۆ بەشی ڕاگەیاندن و چاپخانە

بەپەلە هەبوایە بەفۆتۆ سێنسل چاپ دەکرا، زۆرجار خول لە چاپخانە بۆ کارمەندانی لق و ناوچەکان دەکرایەوە بۆ شارەزابوون لەسەر چاپکردن [١].

**چاپکراوەکانی چاپخانە:** هەموو بڵاوکراوەکانی پارتی چاپ دەکران، وەك: (خەبات، کوردی عەرەبی و لاتینی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، أخبارکردستان، اخبارکردستان فارسی، ئینسات، دەنگی کوردستان، صوت کردستان، بەلاغی عەسکەری بەیاننامەکانی مەکتەبی سیاسی و ژیاننامەی شەهیدەکان، فۆرمی تەندروستی بۆ پێشمەرگە و بۆ خەڵکی ئاسایی چاپ دەکران، هەروەها جوفرەی بێتەلییان چاپ دەکرد، دەیان نارد بۆ بەرپرسی بێتەل بە نهێنی، چاپکراوەکان نوسخەیەك بە ئەرشیڤ دەدرا ، هاشم ئەحمەد ئاکرەیی بەرپرس بوو، هەروەها نامیلکەش چاپ دەکرا. لە شۆڕشی گوڵاندا سەرباری ئەو دۆخە ناهەموارە، بێجگە لەبڵاوکراوەکان و بەیاننامەی حزبی لە چاپخانەی خەبات (١١٣) کتێب و نامیلکەی جۆراو جۆر چاپکراوە لەوانە: (ڕۆشنبیری، ڕێکخستن، بەڵگەنامە، مێژوویی، ڕامیاری، ئەدەبی، عەسکەری، لێکۆڵینەوە و کۆمەڵایەتی و نامیلکە و کتێبی جۆراو جۆری دیکە[٢] لەبارەی چاپکراوەکان تۆفیق سەلیم دەڵێت "ئێمە بۆ حزبە کوردییەکانیش چاپمان دەکرد وەك (پەکەکە، کۆك، ئاڵای شۆڕش (ئاش)، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرەی جوود، بەرەی کوردستانی) هەروەها ڕژنامەی بەرەی کوردستانی و شەش ژمارەمان چاپکرد، کیفاح الجبهة[٣]

(١) فۆتۆ سێسڵ: ئامێرێکی لولەییە و کارەباییە، ستێنسڵی ئەلێکترۆنییە، دەرزییەکی بچووکی هەیە، زۆر بچووکە، لەسەر ڕۆنیۆ دەردەچوو. دیدار لەگەڵ توفیق سە لیم ئاکرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاکرێ.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣).

(٣) مەسعودبارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی...بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل١٣١-١٣٤؛

**دووەم ئینسـات:** مێـژووی دروسـت بوونـی ئینسـات دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆژانـی سـەرەتای شۆڕشـی ئەیلـوول. لەگـەڵ پەرەسـەندنی شۆڕشـدا، سـەركردایەتی پێویسـتی بـە بەردەوامـی ئاگاداربـوون بـوو لـە پەرەسـەندنی ڕووداوە سیاسـییەكانی عێـراق و ناوچەكـە و جیهانـی فراوانـتر. بە سـەرنجدان بـەوەی ڕادیـۆ خێراتریـن و دەستڕاگەیشـتنترین میدیـای بڵاوكردنـەوەی هـەواڵ و زانیـاری بـوو لـەو كاتـەدا، مسـتەفا بارزانـی، بـەردەوام جەختـی لەسـەر چاودێریكردنـی وردی پەخشـی ڕادیۆیـی دەكـردەوە، دامەزراندنـی ئینسـات بـە شـێوەكی فەرمـی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٩، لـەم قۆناغـەدا ئـەم بەشـە سـەر بـە ڕادیـۆی دەنگـی كوردسـتان بـوو، كاریـان وەرگرتنـی ئەوبابەتانـە بـوو كـە پەیوەسـت بـوون بـە پرسـی كـورد لـە دەنگوباسـی ڕادیـۆ بیانییەكانـی دیكـە[١]، دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی گـوڵان و بەسـتنی گونگـرەی نۆیـەم، لەبەشـی ڕاگەیانـدن هۆبـەی ئینسـات دروسـت كـرا[٢]، یەكـەم ژمـارەی ئینسـات لـە (١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٣) دەرچـووە، تـا دوای ڕاپەڕیـن، بـەردەوام بـووە[٣]، ڕۆژانـە ژمارەكانـی ئینسـات دەردەچـوو و بەسـەر بـەش و سـەركردایەتی مەكتەبـی سیاسـی پارتـی دابـەش دەكـرا، دەسـتەی بەڕێوەبردنـی ئینسـات بریتـی بـوون لـە ناجـی ئەرگوشـی، ڕزگار مائـی، فەرەیـدون كەركووكـی[٤].

---

دیدار لەگەڵ توفیق سه لیم ئاكرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاكرێ.

(١) هۆگر بەهادین شەریف. ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی دیموكراتی كوردستان، چاپی یەكەم، ٢٠٢٣، هەولیر، ل١١١

(٢) دیدار لەگەڵ توفیق سه لیم ئاكرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاكرێ.

(٣) هۆگر بەهادین شەریف. ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی دیموكراتی كوردستان،س.پ، ل١١٢.

(٤) مەسعودبارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی...بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٣١.

کارمەندانی ئینسات ڕۆژانە گوێیان لە ڕایۆی جیهانییەکان دەگرت وەک مۆنتیکارلۆ، واشنتن، لەندەن، تاران بەغدا، پێویست بوو شارەزایی باشی زمانیان هەبوایە، بە تایبەت عەرەبی و فارسی، هەواڵەکان دەنووسرایەوە، دواتر بۆ مەکتەبی سیاسی دەنێردرا، دوای پێداچوونەوە لە بڵاوکراوەکانی ئینسات و خەبات و دەنگوباسی کوردستان بڵاو دەکرایەوە. ئینسات بەهەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی دەرچووە، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانی لە (١١) لاپەڕە پێکهاتووە، لەسەرەوەی لاپەڕەکە نووسراوە، (قسم الاعلام الأنصات/ نشرة خبرية يومية)[١].

**سێیەم: ئەرشیف:** پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە گرنگی بە ئەرشیف داوە، زۆربەی بەیاننامە و بڵاوکراوەی حزبی و دەستنووس بە ئەرشیف کرابوون، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو نەبووە، بەهۆی دۆخی دژواری ئەو سەردەم زۆریان لەناوچوون.

دوابەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان، پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگی بە پاراستنی ئەرشیفەکانیدا، بە تایبەت دوای دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات و بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان لەگەڵ هەر چاپێکی نوێی ڕۆژنامەکە، ئەرشیف دەکرا، پێویست بوو بگاتە ئەو کەسانەی بەنهێنی ئەرشیڤیان دەکرد، چونکە زۆرجار شوێنەکان دەگۆڕدرا بەهۆی هەڕەشەی بەردەوامی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس[٢]. بەڵام دوای کۆنگرەی نۆیەم پارتی دیموکراتی کوردستان

(١) هۆگر بەهادین شەریف. ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان،س.پ، ل١١٣و١١٥.
(٢) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام. ناسراو بە هاشم ئاکرەیی لە

بەشـی تایبەتـی ئەرشـیفی دامەزرانـد. ئـەم بەشـە سـەرەتا لەلایـەن تۆفیـق سـەلیمەوە سەرپەرشـتی دەکـرا. بەپێـی گێڕانـەوەی خـۆی، "مـن بەرپرسـی ئەرشـیفەکان بـووم، بـەڵام لەنـاو سـندوقێکدا لـە قوتابخانـەی پشـت چاپخانەکـەدا بـە مـۆرەوە هەڵگیرابـوون"[(١)].

ئەرشـیڤ بەشـێوەیەکی فەرمـی لـە (٢٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٣)، کراوەتـەوە، هاشـم ئاکرەیـی وەک بەرپرسـی ئەرشـیڤ دەسـت بەکاربـووە. ئەرکـی سـەرەکی ئەرشـیڤ، هەڵگرتـن و بـە دیکۆمێنتکردنـی هەمـوو بڵاوکراوەکانـی پارتیـی، لەناوخـۆی باشـووری کوردسـتان و لـە دەرەوەش چەندیـن بڵاوکـراوەی بیانیـش هەڵدەگیـران[(٢)]. پێکهاتەیەکـی گرنگـی بەشـی ڕاگەیاندنـی پارتـی بـوو، ژمارەیەکـی زۆر لـە سـەرچاوە و کتێبـی لـە خۆگرتبـوو، هاشـم ئەحمـەد ئاکرەیـی ئەرکـی بەڕێوەبردنـی ئەرشـیڤی پـێ سـپێردرابوو[(٣)]. ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕۆژنامـە و بڵاوکـراوەی لایەنـە سیاسـییە جیـاوازەکان ئەرشـیف کـراون. ژمارەیەکـی زۆر بەڵگەنامـە و بەیاننامـەی حزبـی لەوانـەش کۆنووسـی بـەرەی کوردسـتانی. جگـە لـەوەش لـە ئەرشـیفەکەدا تۆمـاری کۆبوونـەوە و لێـدوان و پەیوەندییەکانـی پارتـی و تۆمـارە ڕادیۆییەکانـی شۆڕشـی ئەیلـوول لەخۆدەگرێـت. بـە لەبەرچاوگرتنـی هەڕەشـەی بەردەوامـی

---

ساڵی (١٩٤٦) لە ئاکرێ لە دایك بووە، لە (١٩٦٦) پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. لە ساڵی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووە، لە ساڵی (١٩٨٣) بووەتە بەرپرسی ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، تا ئێستا بەردەوامە، ناوبراو لە پیرمام نیشتەجێیە.

(١) دیدار لەگەڵ توفیق سه لیم ئاکرەیی، ٢٠٢٢٤/٨/١٦، ئاکرێ.

(٢) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.

(٣) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی...بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٣١.

هێرشی ئاسمانی و ئەگەری لەناوچوون، دیکۆمێنتەکان بەوردی ڕێکخراو بوون و لە فایلە جیاوازەکاندا هەڵگیراون[١].

هەروەها ئەرشیف مۆرێکی تایبەتی بەخۆی هەبوو، هەر بڵاوکراوەیەك کە ئەرشیف دەکرا، ئەو مۆرەی لێ دەدرا، هەروەها ئەرشیف کتێبخانەی تایبەت بەخۆی هەبوو، چەندین کتێبی ناوازەی مێژوویی و بەڵگەنامەیی تێدا هەڵگیراوە[٢].

(١) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.

(٢) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.

## تەوەرەی دووەم: ناوەڕۆك ئامانجی بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان

### باسی یەكەم: بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان

هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو، لەلایەن ڕژێمی بەعس قۆناغێكی دیكەی سەركوتی سیاسی و توندوتیژیی دژ بە دانیشتوانی باشووری كوردستان برەوی پێدرا. لەو نێوەندەشدا بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان وەك سەكۆیەكی گرنگ بۆ كۆمەڵگای كورد دەركەوت، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و خواست و خۆڕاگری خۆیان لە بەرامبەر ناخۆشیەكاندا. هەربۆیە لەو دۆخەدا بڵاوكراوەی دەنگوباسی كوردستان كە بڵاوكراوەیەكی هەواڵییە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان- عێراق بە زمانی كوردی كرمانجی خوارو دەرچوو[1]، لە (٧ی ئاداری ١٩٨٠) یەكەم ژمارەی لێ دەرچووە، بە قەبارەی دوولاپەڕەیی (٢٠-٢٩)، لەسەرەوەی لاپەڕەی یەكەم بە مانشێتێك نووسراوە بڵاوكراوەیەكە بەشی ڕاگەیاندن دەری ئەكات لە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان-عێراق[2]، لە ژمارەی عەرەبی (اخبار كردستان) ژمارە (١)، بەرواری (٨ی ئاداری ١٩٨٠)، هەمان ناوەڕۆكی كوردییەكەیە، هەرچەندە دوای ڕۆژێك بڵاوكرایەوە[3].بڵاوكراوەی هەواڵی دەنگوباسی كوردستان تیشكی خستۆتە سەر چالاكییە سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەكانی پەیوەست بە پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتییەكانی كوردستان. بڕیاری بڵاوكراوە بۆ

(١) ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەری كوردی، ئازاری ١٩٧٥-١٩٩٣)، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٨٠
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٤).
(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٥).

دەرکردنــی بەپێــی پێویســت و گونجــاو، ڕەنگدانــەوەی و لــە وەڵامدانــەوەی ڕووداوەکان دەرکــراوە. ئــەم بڵاوکــراوە هەفتــەی جارێــك یــان دوو هەفتــە یــان مانگــی جارێــك بــە هــەردوو زمانــی کــوردی عەرەبــی بەچاپــی جیــاواز دەرچــووە، بــە نــاوی (دەنگوباســی کوردســتان- اخبارکردســتان[١]. ســەبارەت کۆکردنــەوە و گەیشــتنی زانیارییــەکان بــۆ بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان، دوو کەناڵــی ســەرەتایی لەخۆگرتبــوو. یەکەمیــان بەبروســکە بێتــەل (لاســلکی) یــان بەجفــرە بەنهێنــی بــۆ مەکتەبــی سیاســی دەنێــردرا، دواتــر بــۆ بەشــی ڕاگەیانــدن لــە بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان بــڵاو دەکرایــەوە، کەناڵــی دووەم ڕێکخســتنەکانی حــزب بــوون، ســەرەتا هــەواڵ و زانیاریــەکان ڕەوانــەی مەکتەبــی سیاســی دەکــران، کــە دواتــر بــۆ بەشــی ڕاگەیانــدن دەگوازنــەوە بــۆ پێداچوونــەوەی زانیارییــەکان و لەلایــەن تۆفیــق ســەلیم ئاکرەیــی، بەڕێوەبــەری چاپخانــە، شانبەشــانی محەمــەد ئەلیــاس هــەژار، جێگــری بەڕێوەبــەری چاپخانەکــە، کــە ناوبەنــاو هاوکاریــی لەلایــەن هاشــم ئەحمــەد حەســەنەوە وەردەگــرت وەک ئەرشــیف کاری دەکــرد.[٢]، بەرلــەوەی بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان بــە فەرمــی بڵاوبکرێتــەوە، لــە ســەرەتادا ســی دانــەی لــە هــەر ژمارەیــەک چــاپ و دابەشــکرا- یەکێکیــان بــۆ مەســعود بارزانــی و یەکێکــی تــر بــۆ عەلــی عەبدوڵــڵا ســکرتێری پارتــی و ســێیەمیش بــۆ ئیدریــس بارزانــی. دوای وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی ئــەوان بڵاوکراوەکــە لــە ڕێگــەی سیســتەمی پۆســتی ناوخــۆی حزبــەوە بڵاودەکرایــەوە، بــۆ ئەرشــیڤی مەکتەبــی سیاســی و لــق و ناوچــە و ڕێکخــراوەکان و کەســایەتی سیاســی پارتــی بــۆ دەرەوی وڵات لــە ڕێگــەی

(١) دەنگوباسی کوردستا، ژمارە (١)، ١٩٨٠/٠٣/٧، ل١

(٢) دیدار لەگەڵ تۆفیق سەلیم، ٢٠٢٤/٨/١٦، ئاکرێ.

کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆ ڕێکخستنەکانی ناوخۆش لە شارەکان لە ڕێگای حەسەن نەجارِ (١٩٥٥-١٩٩٥)، دەنێردرا. پۆستە لەناو ڕێکخستنی ناوخۆیی نهێنی بوو، لە کاتێکدا بڵاوکراوەی دەنگوباسی گوردستان. لە ڕێگەی پۆستەی ڕێکخستنە ناوخۆییەکان بە سەر ناوچە و ڕێکخراوە حزبییەکان لە شارەکان دابەش دەکرا[١].

شیاوی ئاماژەکردنە لە ژمارە (٨)ی دەنگوباسی کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە لاپەڕەی یەکەمدا دەردەکەوێت، پێرستی بۆ زیاد کراوە لە گەڵ دیاری کردنی نرخی کە (١٥٠) فلسە. لە هەمان ژمارەدا لەلاپەڕەی یەکەمدا پێشەکییەك دەربارەی سیاسەتی حکومەتی عێراق و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئێران نووسراوە[٢]. لە ژمارەکانی دواتردا ژمارەی لاپەڕەکانی زیاد و کەمی کردووە، بۆ نموونە ژمارە (٩) لە (تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٠) دەرچووە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٥) لاپەڕەیە[٣]. بەڵام لەژمارەی (١٠) لە (کانوونی دووەمی ١٩٨١) دەرچووە ژمارەی لاپەڕەکانی کەم بووەتەوە بۆ (١٧) لاپەڕە[٤]. لە ژمارە (١٢) لە (٢ ی ئاداری ١٩٨١) دەرچووە، ئاگادارییەک بۆ خوێنەران بڵاوکراوەتەوە، جەخت لەسەر پابەندبوونی بڵاوکراوەکە دەکاتەوە بە خستنەڕووی هەواڵی

(١) دیدار لە گەڵ هاشم حەسەن ئەحمەد، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٦)؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٠، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩)، تشرینی دووەم و کانووی یەکەمی ١٩٨٠.

دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠)، ١/ ١/ ١٩٨١.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢)، ٢/ ٣/ ١٩٨١

پێشـــمەرگە بوێرەکانـــی لەشـــکری شۆڕشـــی کوردســـتان. جگـــە لـــەوەش، ژمارەکـــە هەواڵەکانـــی کانوونـــی دووەم و شـــوباتی ١٩٨١ لەخۆدەگرێـــت[١] . لـــە ژمارەکانـــی دواتـــری بڵاوکراوەکـــە بـــە هەمـــان شـــێوزای پێشـــوتری بـــەردەوام دەبێـــت، بـــەڵام لـــە ژمـــارە (٣٩)، کەمێـــك گۆڕانـــکاری بەســـەردا هاتـــووە، بەرگـــی بـــۆ زیادکـــراوە، لـــە بەرگـــی پێشـــەوەی ڕێزلێنـــان لـــە خوالێخۆشـــبوو ڕەیـــس عەبدوڵـــڵا. لـــە بەشـــی ســـەربازیدا کـــە چـــوار لاپـــەڕە دەگرێتـــەوە، وتـــار و پرســـەنامە و پەیامەکانـــی یادکردنـــەوەی ژیانـــی ڕەیـــس عەبدوڵـــڵا بـــە شـــێوەیەکی بەرچـــاو خراونەتـــەڕوو[٢]. بـــەڵام ژمـــارەی (٦٨) ی بڵاوکراوەکـــــە جیـــاوازە لـــــە چاپەکانـــی پێشـــووی، لـــەم ژمارەیـــەدا، هەواڵەکانـــی ئێزگـــەی دەنگـــی کوردســـتان بڵاوکراوەتـــەوە، ئەمـــەش بەهـــۆی بارودۆخـــی تایبـــەت[٣]. لـــە ژمـــارەی (٧٦)ی بڵاوکراوەکـــە دیزاینێکـــی نوێـــی بـــۆ کـــراوە و ناوەکـــە گواســـتراوەتەوە گۆشـــەی ســـەرەوەی لای ڕاســـت و فۆنتێکـــی جیـــاوازی وەرگرتـــووە[٤]. ســـەبارەت بەقەبـــارەی دەنگوباســـی کوردســـتان لـــە ژمارەکانـــی دواتـــر گۆڕانـــکاری بەســـەردا هاتـــووە، لـــە بەشـــێك لـــە ژمارەکانـــی دەنگوباســـی کوردســـتان، ئامـــاژە بـــۆ بوونـــی پەیامنێـــر دەکات، بـــۆ نموونـــە لـــە ژمـــارە (٦٤)، تیشـــک دەخاتـــە ســـەر یەکێـــک لـــەو جـــۆرە نموونانـــە کـــە پەیامنێرێکـــی لقـــی بـــارزان زانیـــاری گرنـــگ و چارەنووســـازیان گواســـتووەتەوە و دەڵێـــت: "پەیامنێـــری لقـــی بارزانمـــان بڵاویکـــردەوە، لـــە ٢٢٨/١٩٨، لـــە نێـــوان کاتژمێـــر ٤:٠٠ بـــۆ

(١) بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٧).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٩) تایبەت.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٨).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر: بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٩).

٦:٠٠ی ئێـواره، كۆمەڵێـك پێشـمەرگە لـە هەرمانـەوە هێرشـیان كردۆتـە سـەر فەوجەكـەی شـیلادزێ، لـە ئەنجامـدا چـوار سـەربازی دوژمـن لەناوچـوون. مەفـرەزە قارەمانەكـە بـە سـەلامەتی گەڕایـەوە بـۆ بنكەكـە"[1]. هـەواڵ و زانیارییـەكان لەلایـەن دەسـتەی نوسـەرانی بەشـی ڕاگەیاندنـی پارتـی ئامادەكـراوە[2]، نـاوی نووسـەر لـە بڵاوكراوەكـە نەهاتـوو، لـە بـەر دۆخـی ئەمنـی و پاراسـتنی نهێنییـەكان، چونكـە بڵاوكراوەكـە زیاتـر گرنگـی داوە بـە چالاكـی پێشـمەرگە و بارودۆخـی كوردسـتان و سیاسـەتی حكومەتـی بەعـس[3]. دەسـتەی نووسـەرانی دەنگوباسـی كوردسـتان بەبۆنـەی دەرچوونـی ژمـارەی (٥٩)ی بڵاوكراوەكـە "گەرمتریـن سـڵاو ڕێـز پێشكەشـی خوێنەرانـی دەكات، بەڵێـن دووپـات دەكاتـەوە تـا دوا دڵۆپـەی خوێـن لەسـەر خەباتـی شۆڕشـگێڕانەی كوردایەتـی بـەردەوام بێـت، پەیتـا پەیتـا دەنگوبـاس و چالاكـی لەشـكری شۆڕشـگێڕی كوردسـتان وەك پێویسـت لەكاتـی خۆیـدا ڕابگەیەنێـت[4]. زۆرجـار بەهـۆی زۆری هـەواڵ و زانیارییـەكان، بەشـێكی لـە ئێسـتگەی دەنگـی كوردسـتان خوێندراوەتـەوە، وەك لەژمـارە (١٠٠) هاتـووە "لەبـەر زۆری هەواڵەكانـی ئـەم مانگـە، دەرفەتـی ئەوەمـان نەبـووە هەمـووی لـە چـاپ بدەیـن، شـایەنی باسـە ئـەم چالاكیانـە بـە درێژایـی لـە ئێسـتگەكەمان دەنگـی كوردسـتانی عێـراق خوێندرانـەوە، چالاكییەكانیـش

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٦٤)، ١٨/ ٣/ ١٩٨٢، ل٣.

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١)، ١٩٨١/٢/٦؛ دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٩٨٢/١/١٠، ل٢.

(٣) دیدار لەگەڵ تۆفیق سەلیم ئاكرەیی، ٢٠٢٤/٨/١٦، ئاكرێ.

(٤) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٥٠)، ٢٤/ ١/ ١٩٨٢، ل١.

زۆربـەی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتانی گرتووەتـەوە"[١]. بێجگەلـەوە بڵاوکراوەکـە بەزمانـی عەرەبـی و فارسـی دەرچـووە، بـە قەبـارەی (١٤-٢١)، أخبارکردسـتان هەمـان ناوەڕۆکـی بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتانی هەیـە، بـەڵام أخبـار فارسـی تایبـەت کـراوە بەچالاکییەکانـی پێشـمەرگە لەناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان، هـەوڵ و زانیارییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان تێـدا بڵاوکراوەتـەوە[٢]. نوسـینگەی لوبنانـی پارتـی پاشـکۆیەکی اخبـار کردسـتانی دەرکـردووە، ژمـارە (٢) لـە (حوزەیرانـی ١٩٨٧). بـە قەبـارەی (١٤-٢١)، ناوەرۆکـی هەمـان هەواڵەکانـی (اخبارکردسـتان) بـە (٦) لاپـەڕە [٣].

**قۆناغەکانـی دەرچـوون:** قۆناغـەکان شۆڕشـی ئەیلـوول (١٩٦١-١٩٧٥): بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان لەشۆڕشـی ئەیلـوول، ناوبەنـاو ژمارەیـەك دەنگوباسـی کوردسـتانی دەرکـردووە، بـەڵام هەمـوو ژمـارەکان بەردەسـت نیـن[٤]، تەنیـا چەنـد ژمارەیەکـی کـەم نەبێـت، یەکەمیـن ژمـارەی عەرەبـی لـە (تەمـووزی ١٩٦٩) بـە نـاوی أخبارکردسـتان دەرکـردووە[٥]. ژمارەیەکـی دیکـەی دەنگوباسـی کوردسـتان لـە (نیسـانی ١٩٧٣) دەرکـردووە[٦]

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٠)، ٣١ کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل١٠.
(٢) أخبار کردستان، شمارة خصوصية، ١٥/ أيلول/١٩٨١/ ص١.
(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٠).
(٤) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.
(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١١).
(٦) بۆ زانیاریی زیاتر. بڕوانە :(پاشکۆی ژمارە ١٢).

**شۆڕشــی گــوڵان (١٩٧٦-١٩٧٩):** لــەو ماوەیــەدا دەنگوباســی کوردســتان چالاکییەکانــی پێشــمەرگەی بەشــێوەی بەلاغــی عەســکەری بڵاوکردووەتــەوە، لــە (ژمــارە ١ تــا ژمــارە ٢١). دوای کۆنگــرەی نۆیەمــی پارتــی لــە (تشرینــی دووەمــی ١٩٧٩) بڕیــار درا بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان بەهــەردوو زمانــی کــوردی عەرەبــی دەربکرێــت. ئەوەبــوو لەســەرەتای ســاڵی ١٩٨٠ بــۆ ئــەوەی ژمــارەی بــۆ دابنرێــت، چەندیــن ژمــارەی لــێ دەرچــوو. لەدواییــدا بڕیــار درا، ژمــارەی بــۆ دابنرێــت، بەوپێیــە ژمــارە یەکــی لــە (٨ی ئــاداری ١٩٨٠) دەرچــووە چەنــد بابەتــی سیاســی و چەکــداری و ڕۆشــنبیری و جەمــاوەری لــە خۆگرتبــوو. دەنگوباســی کوردســتان لــە ســاڵی شەشــەمی دا، ژمــارەی گەیشــتووەتە (١٢٨) ئــەوا لەگــەڵ خولــی نوێــی بڵاوکراوەکــە دەســت پــێ دەکات، هەروەهــا ئامــاژە کــراوە بۆیەکەمیــن جــارە بڵاوکراوەکــە بۆیەکەمیــن جــارە بەشــێوەیەکی ڕێکوپێــک دەرچــووە، هەروەهــا ڕێــزو پێزانیــن ئاراســتەی ئــەو نووســەرانە کــراوە کەیارمەتیدەربــوون لــە نووســین و بــەرەو پێشــبردنی بڵاوکراوەکــە[١]. هەروەهــا لەژمــارەی (١٩٢) ســاڵی یازدەهەمینــی لــە (ئــاداری ١٩٩٠) دەرچــووە، بــە مانشــێتیک لــە لاپــەڕەی یەکــەم دا نــووسراوە خولێکــی نوێــی دەنگوباســی کوردســتان، لــەدوای ماوەیــەک لەوەســتانی بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان، بەشــێوەیەکی نــوێ بــە پێــی پێویســت دەردەچێــت، پــێ دەچێــت بڵاکراوەکــە ماوەیــەک وەســتابێت[٢].

---

(١) دەنگوباسی کوردستان ژمارە (١٢٨) ساڵی ٦، کۆتایی شوباتی ١٩٨٥، دوالاپەڕە

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە١٣).

**جەنگـــی عێــراق ئێــران:** لــەدوای هەڵگیرســانی جەنــگ بڵاوکــراوەی دەنگوباســی کوردســتان، بــەردەوام بــوو لــە دەرچوونــی، ژمــارە (١ تــا ١٣٧) لـــە ســـاڵەکانی ( ئـــاداری ١٩٨٠ تـــا تشرینـــی دووەمـــی ١٩٨٥) دەرچـــووە. ســـەبارەت بەقوناغەکانـــی دەرچوونـــی ژمـــارەکان لـــەم قوناغـــەدا زیاتـــر پەیوەســـت بـــوون بـــە سیاســـەتی ڕژێمـــی عێـــراق و ململانێـــی لەگـــەڵ کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران، جەنگـــی عێـــراق و ئێـــران کاریگەرییەکانـــی ئـــەم جەنگـــە لەســـەر کوردســـتان لـــە ژمارەکانـــی ئـــەم قوناغـــە تۆمـــار کـــراوە، وێـــرای زیادبوونـــی چالاکییەکانـــی هێزەکانـــی پێشـــمەرگە، بڵاوکراوەکـــە چالاکییەکانـــی هێزەکانـــی پێشـــمەرگەی بـــە ئامـــار خســـتووەتەڕوو. هەرچەنـــدە لـــەم قوناغـــەدا حکومەتـــی عێـــراق چاودێرییەکـــی تونـــدی خســـتبووە ســـەر بڵاوکراوەکانـــی پارتـــی دیموکراتـــی کورســـتان، بـــەڵام ڕاگەیاندنـــی پارتـــی بـــەردەوام بـــووە لـــە دەرکردنـــی بڵاوکراوەکـــە، چونکـــە هەواڵـــی ڕۆژانـــەی چالاکـــی هێزەکانـــی پێشـــمەرگەی تۆمـــار دەکـــرد. دواتـــر ژمارەکانـــی بڵاوکراوەکـــە (١٣٨-١٦٥) لـــە ســـاڵەکانی کانوونـــی یەکەمـــی ١٩٨٥ تاوەکـــو تشرینـــی دووەمـــی ١٩٨٧) لـــەم قوناغـــەدا بـــە عەرەبـــی دەرچـــوون بـــە نـــاوی (أخبـــار كردســـتان)، لـــە ســـاڵی (١٩٨٨-١٩٨٩) بەهـــۆی خراپـــی دۆخـــی سیاســـەتی بەکارهێنانـــی چەکـــی قەدەغەکـــراوی کیمیایـــی و تێکدانـــی گونـــدەکان، بڵاوکراوەکـــە ناوبەنـــاو ژمارەیەکـــی بڵاودەکـــردەوە، کـــە تایبـــەت بـــوو بـــە بەکارهێنانـــی چەکـــی کیمیایـــی سیاســـەتی حکومەتـــی بەعـــس و وێرانکردنـــی دێهاتـــەکان، دوای جەنگـــی عێـــراق ئێـــران دەنگوباســـی کوردســـتان بـــەردەوام بـــوو لـــە دەرچوونـــی، ژمارەکانـــی (١٩٢-١٩٣) ســـاڵی یانـــزە لـــە ســـاڵەکانی (٤ی ئـــاداری ١٩٩٠

تاوەکـو ئایـاری ١٩٩٠) دەرچـووە، بەپێـی ئـەم ژمارانـەی سـەرەوە بێـت دەنگوباسـی کورسـتان (١٩٣) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، تـا سـاڵی ١٩٩٠ بـەردەوام بـووە لـە دەرچوونـی[1].

سـەبارەت بەدەرچوونـی ژمارەکانـی دەنگوباسـی کوردسـتان ڕای جیـاواز هەیـە.

مەسـعود بارزانـی لـە کتێبەکـەی بـە نـاوی بارزانـی و بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد (١٩٧٥-١١٩٠) بەشـی دووەم دەنوسـێت: "بەگشـتی نزیکـەی (٢٥٠) ژمـارەی دەنگوباسـی کوردسـتان بڵاوکراوەتـەوە، بـە ڕۆژنامـەی تەواوکـەری خەبـات دەژمێـردرا، لەبـەر هـۆی تەکنیکـی، بەشـێوەیەکی پچـڕ پچـڕ بـڵاو دەکرایـەوە. بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان بـە تۆمـاری تـەواوی ناوەڕۆکـی هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە دەژمێردرێـت کـە لـە نێـوان (١٩٧٩-١٩٨٩) ڕوویانـداوە"[2]. لـەم بارەیـەوە هاشـم ئاکرەیـی بەرپرسـی ئەرشـیڤی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دەڵێـت: "پێدەچێـت سـەرۆک مەسـعود بارزانـی لـەو ژمـارە یـە مەبەسـتی ژمارەکانـی سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولیـش بێـت بـە گشـتی هەژمـاری کردبێـت، چونکـە لـە شۆڕشـی ئەیلـوول دەنگوباسـی کوردسـتان، بەشـێوەی پچڕپچـڕ دەرچـووە, بـەڵام هەمـوو ژمارەکانـی بەردەسـت نیـن، ئـەوەی هەیـە تـا ژمـارە (١٩٣) کـە لـە ئایـاری ١٩٩٠ دەرچـووە"[3]. لەلایەکـی دیکـەوە توێژەرێـك پێـی وایـە بڵاوکراوەکـە تـا ڕاپەڕیـن (٢٥٠) ژمـارەی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە١٤).

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی...، شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل١٣١-١٣٢.

(٣) دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەد حەسەن، ٢٠٢٤/٨/٢٥، پیرمام.

لـێ دەرچـوو[1]. دەتوانیـن بڵێیـن، دەنگوباسـی کوردسـتان، تـا دوای ڕاپەڕیـن بـەردەوام بـووە، نزیکـەی (٢٠٠) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، بەشـێکی دیکـەی ژمارەکانــی فەوتــاون و بەردەســت نیــن.

(١) هۆگر بەهادین شەریف، ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان، شۆڕشی گوڵان ١٩٧٩ -١٩٩١، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣،س.پ، ل١٥٣.

## باسی دووەم: ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان

**یەکەم:** چالاکی پێشمەرگە:

لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە زیادبووندا بوو، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵ بوونی سوپای عێراق بەجەنگی ئێران. هێزەکانی پێشمەرگە ئەم دەرفەتەیان قۆزتەوە پەرەیان بەچالاکییەکانی خۆیاندا، لەو نێوەندەدا بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان وەکو سەکۆیەك بوو، چالاکییەکانی پێشمەرگەی بڵاودەکردەوە، هەروەها ڕاپۆرتی ورد و زانیاری شەڕ و ستراتیژی جەنگ لە بڵاوکراوەکە ڕەنگدانەوەی هەبوو، هێزی پێشمەرگە سەرقاڵی جۆرەها بەرخۆدان بوو لە دژی حکومەتی بەعس، لەوانە شەڕی پارتیزانی، بۆسە و چالاکیی بەرگری. ستراتیژی و تاکتیکەکانیان لەسەر بنەمای گۆڕانی دیمەنی سیاسی و سەربازی ناوچەکە لەو ماوەیەدا پەرەی سەندبوو[١]. بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری و ڕاپۆرت و شیکاری وردی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە کوردستان لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان بەسەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت لەم بوارەدا، لە زۆربەی ژمارەکانی بڵاوکراوەکە گۆشەیەکی تایبەت تەرخانکراوە، بە چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، لەژمارەی عەرەبییەکاندا بەناوی (فعليات البيشمركه) لەم گۆشەیەدا ئاماری وردی چالاکییەکان

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاوکار محەمەد، خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، پارتی و سۆسیالیست و پاسۆك بە نموونە، دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢٤.

و زیــان و دەســتکەوتەکانی هێزەکانــی پێشــمەرگە و دوژمــن دەخاتــەڕوو، ئامارەکانیــش مانگانــە یــان دوو مانــگ ســێ مانــگ جارێــك بــڵاو دەکرایــەوە تیایــدا ژمــارەی شــەهید و بریــندار و دەســتکەوتەکانی هێزەکانــی پێشــمەرگەی بــە وردی خســتووەتەڕو، بــۆ نموونــە لــە ئامارێــك لــە (تشرینــی دوومــی ســاڵی ١٩٧٩ تاوەکــو تەمــووزی ١٩٨٠)، پێشــمەرگەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان (١٠٨) چالاکییــان ئەنجــام داوە[١]، بـۆ نموونـە لـە ژمـارە (١)ی دەنگوباسـی کوردسـتان لـەم گۆشـەیەدا چالاکــی پێشــمەرگە بڵاوکراوەتــەوە، بــە ناونیشــانی چالاکــی پیشــمەرگە، ئاماژەکــراوە، لــە (٢٣/ ٢/ ١٩٨٠) مەفرەزەکانمــان هێرشــیان کــردە ســەر جیــاڕەزا، مەحمــوود قــەرەج، گونــدی عەلــی میــر، تیایــدا قوربانــی و دەســتکەوتەکانی هێزەکانــی پێشــمەرگەی بڵاوکردووەتــەوە، زۆرجــار بەهــۆی زۆری چالاکــی هێزەکانــی پێشــمەرگە پاشــماوەی گۆشــەی چالاکــی پێشــمەرگە و چووەتــە لاپەڕەکانــی دواتــر[٢]. لــە ژمــارە (١٦) دا نــووسراوە چالاکــی قارەمانــەی پێشــمەرگە نەبەزەکانــی کوردســتان، کــە هــەواڵ و چالاکــی زۆربــەی ناوچــە جیاجیاکانــی پیشــمەرگەکانی پارتــی دیموکراتــی کورســتان دژی حکومەتــی عێــراق بڵاوکراوەتــەوە[٣]. زۆرجاریــش چالاکــی هاوبەشــی هێزەکوردییــەکان بڵاوکراوەتــەوە، لــە ژمــارە (١٩)ی بڵاوکراوەکــەدا لــە ژێــر ناونیشــانی: "چالاکــی هاوبەشــی

(١) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٥)، ژمارە کانی، أخصائیة نهایة للنشاطات العسکریة للفصائل الانصار التابعة لحزبنا الدیمقراطی الکردستانی، اخبارکردستان، العدد (٦)، اب ١٩٨٠، ص ص ٣٧-٤٠؛ اخبار کردستان العدد (٧)، ایلول ١٩٨٠، ص ص ٧-١٧؛ أخبار کردستان، العدد (٨)، تشرین الأول ١٩٨٠ ص ص١٥-٤؛ اخبار کردستان العدد (١٣)، ١٨ أذار ١٩٨١، ص ١-٢.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١)، ٧/ ٣/ ١٩٨٠. ل١-٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٦).

هێزەکانی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراقی دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری"، باس لە چالاکییەکی هاوبەشی پارتی و حزبی شیوعی عێراقی دەکات، لە چالاکییەکی هاوبەشدا هێرشیان کردووتە سەر بنکەی لیوای (بێگوڤیا)، زیانێکی زۆریان لە هێزەکانی حکومەتی عێراق داوە[١]. لە ژمارەیەکی دیکەشدا چالاکی هاوبەشی لیژنەی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراقی لە کەرکووك و سلێمانی چالاکی هاوبەشیان دژی دام و دەزگەکانی حکومەتی عێرق ئەنجام داوە[٢].

**دووەم:** وتاری ئێزگەی دەنگی کوردستانی -عێراق:

گۆشەیەکی تایبەتی بڵاوکراوەکەیە زۆرجار لەژێر ناوی وتاری ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق یان ڕاپۆرت بڵاو کراوەتەوە، لەم گۆشەیەدا بارودۆخی کوردستان و سیاسەتی حکومەتی عێراق، یاد و بۆنەکانی کورد گەنگەشەکراوە، زۆرجار ژمارەی تایبەت بە وتار و هەواڵەکانی ئێزگە بڵاوکراوەتەوە، بۆنموونە" لە ژمارە (٦٨، ٦٩،٧٠) تایبەت کراوە بە بە هەواڵەکانی ئێزگە، لە پێشەکی لە لاپەڕەی یەکەمدا هاتووە: " لەم ژمارەیەدا هەواڵەکانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاو ئەکەینەوە"[٣]. هەروەك لە ژمارەی (٧٧) لە گۆشەی وتاری ئێزگەدا هاتووە:" بیرەوەری بۆردومانکردنی قەڵادزێ" کە لە (٢٤ی نیسانی ١٩٧٤) دوو فرۆکەی عێراقی شاری قەڵادزێیان بۆردومان کرد، بووە هۆی شەهیدبوو (١٣٤) کەس بیرندداربوونی (٥١)

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩)، ١٩٨١/٦/١٠ ل١-٣.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٨)، ٢٦/ تشرینی دووەم، ١٩٨١، ل٢.
(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ١٧).

کەسی دیکە[١]. لە ژمارەیەکی دیکەی بڵاوکراوەدا لە ژێر ناوی" باری سیاسی و عەسکەری ڕژێمی سەددام ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر تێك دەچێت" تیشك خراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق، دۆڕانی لە بەرەکانی جەنگ بەرامبەر ئێران، سەرباری ئەو بارە لێژەی حکومەتی عێراق، لاوانی کوردی لە ژێر ناوی (تتوع) ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکران، ئەمەش خۆپیشاندان و ناڕەزایی زۆری لێکەوتووەتەوە[٢].

## سێیەم: هەواڵی جۆراوجۆر

لە بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، گۆشەیەکی دیکە هەبوو، لە ژێر ناوی "هەواڵی جۆراوجۆر" یان "هەمەڕەنگ"، کە بە زمانی عەرەبی بە (اخبار متفرقة) ناودەبرێت، لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا، بڵاوکراوە بە بەردەوامی کۆمەڵێک بابەتی گرتۆتەوە، لەوانە چالاکییەکانی ڕێکخراوەیی. ژمارەیەک یان بابەتی تایبەتی بۆ ڕووداوە گرنگەکان تەرخان کردووە، بۆ نموونە لە (ژمارە ١٦٣) چاپێکی تایبەت کردووە، بە شەڕی کانی ماسی و گرنگی ستراتیژی شەڕەکە[٣]، لە ژمارە (٧٩) لە هەواڵی هەمەجۆردا تیشك خراوەتە سەر چالاکییە ڕێکخراوەییەکانی پارتی لەوانە لقی (٣-٤) کە یەکێتی ئافرەتان سەرپەرشتی دەکرد، خۆپیشاندانێکی فراوانیان ڕێکخست، لە گۆڕستانی شەهیدان و شەقامی ئیبراهیم پاشا لە (١٩٨٢/٤/٢٣) بەشدارییەکی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧٧)، ٢٥ نیسان/ ١٩٨٢، ل٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٠)، ٩/ ئایار ١٩٨٢، ل٣-٤.
(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە (١٨).

فراوانـی لـە جەمـاوەر هەبـوو، لـەم خۆپیشـاندانەی ئافرەتانـی كوردسـتان، دروشـمی خۆپیشـاندانەكە بریتـی بـوو لـە كوردایەتـی و پارتـی و بارزانـی[١]. لـە ژمـارەی (٨٤) دا سـەبارەت بـە یـادی شـۆڕشـی گـوڵان لـە گۆشـەیەگی تایبەتـدا بـە ناونیشـانی "جەمـاوەر و گـەل و پارتـی و شەشـەمین بیـرەوەری شـۆڕشـی گـوڵان پیـرۆز دەكـەن[٢]".

**چوارەم:** بڵاوكردنەوەی چاپەمەنییەكانی پارتی

سـەبارەت بەبڵاوكردنـەوەی چاپەمەنییـەكان، ڕێكخسـتنە ناوخۆییەكانـی پارتـی لـە نـاو جەمـاوەردا یـان لـە شـوێنە گشـتییەكاندا بـە نهێنـی بڵاودەكرایـەوە، بڵاوكراوەكانیـش بریتـی بـوون، لـە بەیاننامـەی حزبـی، بانگـەواز، گۆڤـار و ڕۆژنامـەكان، بـۆ نموونـە لـە ژمـا رە (٥١)، نـووسراوە "پەیامنێرمـان لـە لقـی یەكـی پارتیـمان ڕایگەیانـد: لـە ڕۆژی (١٩٨١/١٢/٧)مەفرەزەیەكـی قارەمـان توانـی بچێتـە نـاو شـاری زاخـۆ، چاپەمەنییەكانـی پارتـی لـە بنكـەی پاسـەوانییەتی سـەربازەكانی دوژمـن بڵاوبكەنـەوە"[٣]. هـەر سـەبارەت بەبڵاوكردنـەوەی چاپەمەنییەكانـی پارتـی لـە ژمـارە (٧٥) هاتـووە: "پێشـمەرگە و هەڤاڵانـی پارتیـمان چالاكانـە بەردەوامـن لـە بڵاوكردنـەوەی بەیـان و چاپەمەنییەكانـی پارتـی"[٤]. چاپەمەنییەكانـی پارتـی لەشـارەكانی عێـراق بڵاوكراونەتـەوە لەوانـە

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ١٩).
(٢) دەنگوباسی كوردستان ژمارە (٨٤)، ٣/ حوزەیران، ١٩٨٢، ل٤.
(٣) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٥١)، ٢٧/ ١/ ١٩٨٢، ل١.
(٤) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٧٥)، ١٨/ نیسان/ ١٩٨٢، ل٥.

موسـڵ کـە ڕێکخسـتنەکانی لقـی یـەك بـەم ئەرکـە هەڵسـاون[١]. هەروەهـا لـە شـاری ناسریـە لـە باشـووری عێـراق بڵاوکراوەکانیـان بڵاوکردووەتـەوە[٢]. هـەر سـەبارەت بەبڵاوکردنـەوی چاپەمەنییـەکان لـە ژمارەیەکـی دیکـەش هاتـووە، مەفرەزەکانـی پێشـمەرگەی پارتـی چاپەمەنییەکانـی پارتییـان لـە نـاو شـاری هەولێـر، سـیدەکان و ئـۆردوگای دیانـا ، زاخـۆ، ئامێـدی باتوفـە، بڵاوکـردەوە[٣].

**پێنجەم:** هەواڵی ڕۆژنامەکانی جیهانی:

لـەم گۆشـەیەدا تیشـك خراوەتـە سـەر ئاژانسـی هەواڵـی ڕۆژنامـە جیهانییـەکان، تایبـەت بـە بارودۆخـی عێـراق و کوردسـتان و بڵاوکردنـەوەی زانیـاری لەسـەر ئاسـتی جیهانـی، بـۆ نموونـە ڕۆژنامـەی (سـەندای تایمـز) ڕۆژنامەنـووس (ویـن ڕوبـرت) هاتووەتـە کوردسـتان چەندیـن ڕاپۆرتـی لەسـەر پارتـی و شـۆڕش و پێشـمەرگە بڵاوکردۆتـەوە[٤]، لـە ڕۆژنامـە نێودەوڵەتییەکانـدا بـاس لـە پێشـێلکارییەکانی حکومەتـی بەعـس دەکات بەرامبـەر بـە دانیشـتوانی کـورد، بێجگـە لـەوەش بوونـی ئـەو بارمتانـە کـە لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگە بەدیـل دەگیـران، دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی هەبـوو لەڕۆژنامـە جیهانییـەکان، بـۆ نموونـە لـە ژمـارەی (١١٠) ڕاپۆرتـە هەواڵێـک بڵاوکراوەتـەوە، تیشـک خراوەتـە سـەر گرتنـی ئـەو بارمتـە پسـپۆڕە فەڕەنسـییانەی کـە لەلایـەن هێزەکانـی پارتـی گیرابـوون،

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە٢٠).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٠) ٧ ئاب/ ١٩٨٢، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٣)، ٢١/ ئایار ١٩٨٢، ل٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٢)، ١٩٨٢/٢/١، ل٣.

دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی لـە ڕاگەیاندنەکانـی ئەوروپـادا هەبـوو[١] ، مەبەسـت لەگرتنـی ئـەم بارمتانـە زۆرجـار بـۆ ناسـاندنی شۆرشـی گەلـی کـورد بـوو بەجیهانـی دەرەوەوە، لەلایەکـی دیکـە بـۆ دروسـتکردنی گوشـارێک لەسـەر حکومەتـی بەعـس، لەلایـەن وڵاتانـی ئەوروپـا بـۆ ئـەوەی دەسـت لەچەوسـانەوەی کـورد هەڵگرێـت، لەلایەکـی دیکـەوە بەردانـی گیـراوە سیاسـییەکانی کـورد[٢]. بەشـێک لـەو پسـپۆڕ و کارمەنـدە ئەوروپیانـە بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیـاری هەواڵگـری دەنێـردران بـۆ ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە، بەشـێکیان پسـپۆڕی جەنگـی بـوون یارمەتـی هێـزە چەکـداری عێراقیـان دەدا، بـەڵام لەلایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگەوە ڕێزییـان دەگیـرا بەبـێ مـەرج ئـازاد دەکـران[٣]. لـە دوا لاپـەڕەی ژمـارەی (١٢٧) بـە مانشـێتێکی گـەورە نـووسراوە "هەواڵەکانـی عێـراق لـە ڕۆژنامـەی عەرەبـی و جیهانییەکانـدا" لـە ڕۆژنامـەی کریسـتیان ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردووەتـەوە، تێیـدا ئامـاژەی بـە دۆخـی عێـراق کـردووە لـە ڕووی سیاسـی و ئابوورییـەوە کـە دووچـاری تەنگەژەیەکـی قـورس بـووە[٤]. هەروەهـا لەژمـارەی (١٢٨) لـە پێرسـتی بابەتـەکان ڕاپۆرتێـک بـڵاو کراوەتـەوە، بـە ناونیشـانی "لـە ڕۆژنامەکانـی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٠)، ١٩٨٣/١٢/٣١، ل١

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٧)، ل١٠ ،١٩٨٢/١/١٠، ل٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کاروان جەوهەر محمد و بارزان محمد علی، دیاردەی بەبارمتەگرتن لە لایەن پارتەسیاسییەکانی باشووری کوردستان١٩٨٠-١٩٨٨(پ.د.ك، ی.ن.ك، پاسۆك) بە نموونە، توێژینەوەیەکی مێژوویە پێشکەشی گۆڤاری زانکۆ بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان کراوە، بەرگی دووەم، ژمارە (٣)، هەولێر، ٢٠٢١.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢١).

بەریتانیـا پارتــی دیموکراتــی کوردســتان هێزێکــی ســەرەکی کــوردە"[١]، لــە بڵاوکــراوەی ژمــارە (١٣٤)، ڕاپۆرتێــک بڵاوکراوەتــەوە، کــە وەفدێکــی ڕۆژنامەگــەری فەڕەنســی لەوانــە: (کریــس کۆچێیــرا) ئافرەتێــک بــە نــاوی (ئەدیــت موبیــک) لەســەر داوای پارتــی لــە (حوزەیــران و تەمــووزی ١٩٨٥) ســەردانی ناوچــە ڕزگارکراوەکانــی ژێــر دەســەڵاتی پێشــمەرگەیان کــردووە. دیــدار و چاوپێکەوتنــی وێنەداریــان لەگــەڵ خەڵکــی ناوچەوکــە و ســەرۆکی مەســعود بارزانــی ئەنجــام داوە، لــە ڕۆژنامەکانــی ئەوروپــا وەک (ســەندای تایمــز) ئــەو دۆخەیــان بــە ڕاپۆرتێکــی وێنــەدار بڵاوکردووەتــەوە، تێیــدا ســتەم و سیاســەتی حزبــی بەعســیان بــۆ سیاســەتمەدار و گەلانــی ئەوروپــا ڕوون کردووەتــەوە[٢] .

لــە ژمارەکانــی (٨٣ و ٨٥) تیشــك خراوەتــە ســەر بارودۆخــی سیاســی کوردســتان و عێــراق، ڕەوشــی خۆپیشــاندانەکان لــە شــارەکانی کوردســتان دژی سیاســەتی حکومەتــی عێــراق[٣]. هەروەهــا لــە ژمــارە (١٩١) ڕاپۆرتێکــی نیۆیــۆرك تایمــزی ئەمەریکــی ســەبارەت بــە کیمیابارنکردنــی کوردســتان لەلایــەن حکومەتــی عێــراق، بــە مانشێــتێکی گــەورە نووسراوە"هدایـا الحکـم الشـوفيني الي االشـعب الكـردي"[٤] .

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٢).

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٣).

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٣)، ٢١ ئایار ١٩٨٢، ل١؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٥)، ٢٢/ حوزەیران ١٩٨٢ ل٦.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٤).

**شەشەم:** پەیوەندیكردن بە ڕیزەكانی شۆڕش:

یەكێكی دیكەیە لەو گۆشانەی كە تەرخانكراوە بۆ ئەوانەی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەكەن لە زۆربەی ژمارەكان بوونی هەیە، لە ژمارە عەرەبییەكان بە ناوی ( التحالف لصفوف الثورة) زۆرجار ئەو كەسانەی پەیوەندییان بە شۆڕش دەكرد، چەك و تەقەمەنییەكی زۆریان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، لەگەڵ زانیاری لەسەر هێز و جوڵەی دوژمن، ئەمەش پاڵپشتییەكی گەورە بوو بۆ هێزەكانی پێشمەرگە، لەو گۆشەیەدا ناو و زانیاری تەواوی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو كەسانە بڵاودەكرایەوە كە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەكەن. ئەوانەی پەیوەندییان دەكرد لە ناو هێزەكانی سوپای عێراق بوو، بۆ نموونە ناوی (٥٧) سەربازی لەگەڵ زانیاری شوێنی نیشتەجێبوونیان و جۆری چەكەی كە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان بڵاوكردووەتەوە[١]. لە ژمارە (٩٤)ی بڵاوكراوەكەدا ناوی سیانی (٣٦) هاونیشتیمانی بڵاو كردووەتەوە كە پەیوەندییان بە هێزەكانی پێشمەرگەوە كردووە[٢]. هەروەها لە ژمارە (١١٤-١١٥)دا باس لەو هاووڵاتییانە دەكات، لە سنوورەكانی لقی (٣-٤) پەیوەندییان بە ڕیزەكانی شۆڕش كردووە[٣]. هەروەها لە ژمارە (١٠٩)ی بڵاوكراوەكەدا هاتووە، "ناصر بەگ بەرواری، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی بە (١٠٩) چەكدار و (٢٠٠) بێ چەك لە (٩ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٣)، هاتنە ڕیزی شۆڕش"[٤].

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٤٦)، ٤/١/ ١٩٨٢، ل١١.

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٩٤)، ٢١ ئەیلول ١٩٨٢.

(٣) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١٤)، ١٩٨٤/٤/٢، ل٣؛ اخباركردستان، العدد (١١٥)، ١٩٨٤/٤/٣٠، ص٣.

(٤) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٠٩)، كۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٨٣، ل٢.

**حەوتەم:** یاد و بۆنەکان:

لـە یـاد و بۆنـەکان بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان چەندیـن بابــەت و ژمــارەی تایبەتــی بڵاوکردووتــەوە، لەوانــە بۆنــەی نــەورۆز، دامەزراندنــی پارتــی، شۆڕشــی گــوڵان و وەفاتــی مســتەفا بارزانــی، لــەو یادانــەدا تیشــکخراوەتە ســەر ڕووداوە تایبەتــەکان. بــۆ نموونــە لــە (ئــاداری ١٩٨٣)، ژمارەیەکـی تایبـەت بەبۆنـەی چوارەمیـن ساڵیادی کۆچـی دوایـی مسـتەفا بارزانـی دەرچـووە[١]، لـە ژمـارەی (١١١)دا بـە مانشـێتێکی گـەورە لــە لاپــەڕەی یەکــەم نــووسراوە: "یــادی (٣٨)ەمیــن ســاڵگەردی کۆمــاری دیموکراتــی مهابــاد"[٢]، لەژمــارەی (١١٣) یــادی نــەورۆز کراوەتــەوە، بەمانشــێتێکی گــەورە نــووسراوە "کەرکــووک و ڕاپەڕینــی نــەورۆز"[٣]، هەروەهـا لـە ژمـارە (١١٧) یـادی شۆڕشـی گـوڵان کراوەتـەوە، کـە تێیـدا وتـاری سـەرۆک مەسـعود بارزانـی بڵاوبووەتـەوە[٤]، لەژمـارەی (١٢٠) بـە مانشـێتێکی گـەورە لـە لاپـەڕەی یەکـەم نـووسراوە" بیـرەوەری پڕشـانازی دامەزراندنــی پارتیــمان"[٥].

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٥)

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١١)، کۆتایی کانوونی دووەم، ١٩٨٤.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٣)، ئاداری ١٩٨٤، ل١.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٥ حوزەیرانی ١٩٨٤، ل١-٢.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٠)، ئابی ١٩٨٤، ل١.

**هەشتەم:** تاوانەكانی حزبی بەعس:

لـە چوارچێـوەی بابەتەكانـی نـاو بڵاوكراوەكـە، سیاسـەت و تاوانەكانـی حكومەتـی بەعـس یاداشـت و بەڵگەنامانـە لەسـەر دوژمـن خراونەتـەڕوو، هەروەهـا ئاراسـتەی نەتـەوە یەكگرتـووەكان كـراون، بـۆ نموونـە لـە ژمـارە (١٨٢) چەنـد بەڵگەنامەیـەك بڵاوكراونەتـەوە، تاوانەكانـی ڕژێمـی بەعـس بەرامبـە بـە گەلـی كـورد تێـدا ڕوونكراوەتـەوە، ئامانجـی بڵاوكراوەكـە ئەوەبـوو ڕۆشـنایی بخاتـە سـەر تاوانەكانـی حكومەتـی بەعس عێـراق، ئـەو دڕندەییانـەی ڕژێمـی بەعـس بەرامبـەر بـە دانیشـتوانی كـورد ئەنجامـی داوە، وەك یاداشـت و بەڵگەنامـەی جۆراوجـۆری پێشـكەش بـە نەتـەوە یەكگرتـووەكان كـردووە[1].

لـەم گۆشـەیەدا سیاسـەت و كـردەوە توندوتیژییەكانـی حزبـی بەعـس ڕوونكراوەتـەوە، لەوانـە: ڕاگواسـتن، بـە عەرەبكـردن، تێكدانـی گونـدەكان، دەسـتگیركردنی كەسـوكاری پێشـمەرگە، گرتـن و لـە سـێدارەدان، بـۆ نموونـە لـە ژمـارەی (١٢٩)دا بـە مانشـێتێكی گـەورە لـە لاپـەڕەدا (٥) نـووسراوە: "لەتاوانـی عەفلەقییـەكان و چڵكاو خۆرەكانیـان" لـەو ژمارەیـەدا پەیامنێـری لقـی چـواری پارتـی زانیارییەكـەی گواسـتووەتەوە و ئامـاژە كـراوە بـە لـە سـێدارەدانی (١١٤) هاووڵاتـی، لەهەمـان ژمـارەدا پەیامنێـری لیژنـەی ناوچـەی ئاكـرێ، ئـەو زانیارییـەی بڵاوكردووەتـەوە كـە لـە شـاری موسـڵ ڕژێـم (١٠٠) هاووڵاتـی كـوردی گرتـووە، بـە بیانـووی بەشـداریكردنیان لـە بۆنـەی نـەورۆز. تەنانـەت ڕژێـم سـزای هـەر هاووڵاتییەكـی دەدا كـە ڕیشـی هەبوایـە یـان جلەكانـی ڕەش بوایـە، بیانـووی گرتـن زۆربـوو، بـۆ نموونـە لـە

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (پاشكۆی ژمارە٢٦).

هەمان ژمارە ئاماژە بەوەکراوە ڕژێم هاووڵاتییەکیان لە شاری سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە گرتووە، بەبیانووی ئەوەی ڕادیۆی بەکارهێناوە و گوێی لە ئێستگەی دەنگی کوردستان گرتووە[١]. هەروەها لە ژمارەی (١٣٧) ڕژێمی عیراق هەڵمەتی پشکنینی شارەکانی ئەنجام داوە، بەتایبەت لە دهۆک و موسڵ، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری تۆمەتی پاڵپشتی پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە و گەڕان و گرتنی ئەوانەی نایانەوێت بەشداری جەنگی عێراق ئێران بکەن. لەو هەڵمەتەدا هەموو قوتابخانە و دەزگا حکومییەکانی ناو شاری دهۆک, زاخۆ و موسڵ داخرابوون[٢].

**نۆیەم:** مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەری:

ئەو گۆشەیە تایبەت کراوە بە بە ناڕەزایی و خۆپیشاندان دژی دامودەزگاکانی ڕژێم، وەک لە ژمارەی (١١٥) باس لە ناڕەزایی و خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەددین کراوە، کە ئامادەی ناونووس کردن نەبوون لە هەڵمەتی بوون بە (جەیش شەعبی) هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە سەرانی ڕژێم بە قوتابیانیان ووتووە: "ئەو قوتابیانەی داواکە ڕەتدەکەنەوە ئامادەنین بچن بۆ مەشق ئەوا لە زانکۆ دەردەکرێن" تەنانەت لە ڕۆژی دواتر قوتابیانی زانکۆ بڕیاریاندا مان بگرن و نەچنە زانکۆ، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی سەلاحەددین بڕیاری دەرکردنی (٢٠٠) قوتابی دا[٣]. لە ژمارەکانی (١١٦، ١١٧)ی بڵاوکراوەکە، زۆربەی بابەتەکان

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٩)، کۆتایی ئاداری ١٩٨٥، ل١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل٣.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٧).

لەسـەر خۆپیشـاندان و مانگرتنـە دژی سیاسـەت و کردەوەکانـی ڕژێـم[١].

**دەیەم:** تۆمارگەی شەهیدان:

لـەم گۆشـەیدا نـاوی شـەهید و ڕێکـەوت و شـوێنی شـەهیدبوونی پێشـمەرگەی بـڵاو کردووەتـەوە، هـەروەک لەژمـارەی (١٢٨-١٢٩) نـاوی چەندیـن شـەهیدی بڵاوکراوەتـەوە، لەژمـارەی عەرەبییەکەشـدا بەنـاوی (سـجل الشـهداء) هاتـووە[٢] لـە ژمـارەی (١٨٢) نـاوی ژمارەیـەک شـەهیدی بـڵاو کردووەتـەوە[٣].

**یازدەهەم:** چالاکی هاوبەشی پێشمەرگە:

لـەم گۆشـەیەدا چالاکـی هاوبەشـی هێزەکانـی پێشـمەرگە بڵاودەکرایەوە، بەتایبـەت بـەرەی جـوود، لەزۆربـەی ژمـارەکان ئـەم گۆشـەیە بوونـی هەیـە، زۆرجـار بـە چالاکـی هاوبـەش یـان چالاکـی بەرەیـی دێـت، بـەرەی جـود پێـک هاتبـوو لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، حزبـی سۆسیالیسـت دیموکراتـی کوردسـتان، پاسـۆک، حزبـی شـیوعی عێـراق، لـە (٢٨تشرینـی دووەمـی ١٩٨٠) دامـەزراوە، زۆربـەی جـار پێشـمەرگەکانی ئـەم حیزبانـە چالاکـی بەرەییانـەی دژی حکومەتـی بەعـس ئەنجـام داوە. بـۆ نموونـە ژمـارەی (١٢) اخبارکردسـتان بەناونیشـیانی (العمليـاة لشـهري كانـون الثـاني وشـباط العـام) ئامـاژە بەچالاکییەکـی بەرەیـی پارتـی و سۆسیالیسـت لـە

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤/ ئایار ١٩٨٤، ل١-٧.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٨)، کۆتایی شوباتی ١٩٨٥، ل٣؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٩)، کۆتایی مارت، ١٩٨٥، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٥) )، ١٩٨٤/٤/٣٠.

گونـدی (ڕیشـێن) لەسـەید سـادق کـراوە[١]. زۆرجاریـش چالاکییـە بەرەییـە هاوبەشـەکان بـە ئامـار دوومانـگ جارێـک یـان سـێ مانـگ جارێـک بـڵاو دەکرایـەوە هـەروەک لەژمـارەی (٣٠) اخبارکردسـتان هاتـووە بەناونیشـانی (احصائیـة للعملیـاة العسـکریة للجیـش الثـوري الکردسـتاني لـە (١ی ئـادار تاوەکـو ١ی ئەیلوولـی ١٩٨١) (١٨) چالاکـی هاوبەشـی ئەنجـام داوە[٢]. لـە ژمارکانـی (١١٧- ١١٨) بـە مانشـێتێکی گـەورە لـە لاپـەڕە (٤) نـووسراوە "چەنـد چالاکییەکـی قارەمانانـەی پێشـمەرگەکانی بـەرەی نیشـتیمانی دیموکراتـی جـود" کـە لـە سـاڵی ١٩٨٤ چالاکییەکانـی پێشـمەرگەی لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان بڵاوکردووەتـەوە[٣].

(١) اخبارکردستان العدد(١٢) ١٩٨١/٢/٢، ص٣.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٨).
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٧)، حوزەیرانی ١٩٨٤، ل٤.

## باسی سێیەم : ئامانجەكانی دەنگوباسی كوردستان

**یەكەم:** خەبات بۆ سەربەخۆیی:

دەنگوباسی كوردستان بە شێوەیەكی بەرفراوان بابەت هەواڵەكانی خزمەت بە خەباتی بەردەوامی گەلی كوردستان دانان بە مافەكانی كورد دەكرد. ڕاپۆرتەكان تیشكیان خستە سەر هەوڵەكانی خۆڕاگری و خەباتی چەكداری هێزەكانی پێشمەرگە بەرامبەر سوپای عێراق، لەژمارەكانی ئەو هەواڵ و زانیاریانە تۆماركراون، ئەمەش بەڵگەیەكی مێژووی خەباتی چەكداری هێزەكانی پێشمەرگەیە بە مەبەستی بە دەستهێنانی ئازادی و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان[1].

**دووەم:** بڵاوكردنەوەی تاوانەكانی حكومەتی عێراق دژ بە گەلی كورد:

بڵاوكراوەكە ڕێوشوێنە سەركوتگەرییەكانی ڕژێمی بەعسی بەڵگەكردووە، لەوانە ئاوارەبوونی زۆرەملێ، شاڵاوەكانی بەعەرەبكردن و سەركوتكردنی سەربازی كە دانیشتوانی كورد دەكەنە ئامانج. بە گێڕانەوەی ورد ڕۆشنایی خستووەتە سەر ئەو دڕندەییانەی لە كاتی شاڵاوی ئەنفالدا ئەنجامدراون، لەوانەش كیمیاباران و كوشتنی بەكۆمەڵ. بۆ نموونە لە ژمارەی (١٠)ی بڵاوكراوەكەدا بە مانشێك نووسراوە "ڕژێمی بەعس ڕۆژ لە دوای ڕۆژ كاری ناڕەوا و دڕاندانە بەرامبەر گەلەكەمان زیاتر دەبێت" تیشكی خستووەتە سەر سیاسەتی حكومەتی عێراق بەرامبەر خێزانی شۆڕشگێران و

(١) دیدار لەگەڵ تۆفیق سەلیم ئاكرەیی، ٢٠٢٤/٨/١٦، ئاكرێ.

ئازایخـــوازان لـــە عێـــراق، کـــە هەڵمەتـــی گرتـــن و لـــە ســـێدارەدەنی دەســـت پـــێ کـــردووە[١]، لـــە ژمـــارەی (٣٥)ی بڵاوکراوەکـــە بـــاس لـــە هەڵمەتەکانـــی بەعەرەبکـــردن و بـــە بەعســـی کـــردن کـــراوە[٢]، لـــە ژمـــارە (١٣٧)ی بڵاوکراوەکـــە تیشـــکی خســـتووەتە ســـەر هەڵمەتـــی وێرانکردنـــی گونـــدەکان و تێکدانیـــان[٣]، هەروەهـــا لـــە ژمـــارەی (١٧٨) بـــە زمانـــی عەرەبـــی دەرچـــووە بـــە مانشـــێتێك نـــووسراوە (عملیـــات أنفـــال) کـــە تێیـــدا ڕۆشـــنایی خســـتووەتە ســـەر هەوڵەکانـــی ســـوپای عێـــراق بـــۆ درێـــژەدان بـــە هەڵمەتـــی جینۆســـاید و لـــە ناوبردنـــی نەتـــەوەی کـــورد[٤]. پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان لـــە(١١/٤/ ١٩٨٤) بانگەوازێکـــی ئاراســـتەی ســـەرۆکی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان کـــردووە، لـــە نیـــازی عێـــراق ســـەبارەت بەکارهێنانـــی چەکـــی کیمیایـــی، چونکـــە لەســـەنگەرێکی هێزەکانـــی پێشـــمەرگە کەلوپەلـــی خۆپارێزییـــان لـــە چەکـــی کیمیایـــی لـــە بنکەیەکـــی ئامێـــدی دۆزیوەتـــەوە[٥]، لەژمـــارەی (١٢٥) بڵاوکراوەکـــە لـــە لاپـــەڕەی یەکەمـــدا بـــە مانشـــێتێکی گـــەورە نـــووسراوە، ڕێکخـــراوی لێبوردنـــی نێودەوڵەتـــی لـــە ڕاپۆرتێکـــی ســـاڵانەیدا (٣٠٠) حاڵەتـــی پێشـــێلکاری مافـــی مرۆڤـــی لـــە عێـــراق خســـتووەتەڕوو[٦]

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٢٩).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٥)، ١٩٨١/١٠/٢٦، ل٥.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٧)، تشرینی دووەم/ ١٩٨٥، ل٢.

(٤) أخبارکردستان، العدد(١٧٨) ١٦-١٩٨٨/٥/٣١، ص ١١.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٦)، ٥/ ١٢/ ١٩٨٤، ل١.

(٦) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٥)، ٣٠/تشرینی دووەمی ١٩٨٤، ل١.

لەژمـارەی (١١٠) ڕاپۆرتـە هەواڵێكـی لەبـارەی بارمتەگرتنـی پسـۆڕە فەڕەنسـییەكان كـە لـە لایـەن پێشـمەرگەكانی پارتـی لـە دهـۆك بەدیـل گیرابـوون، لەڕاگەیاندنەكانـی ئەوروپـا دەنگدانەوەیەكـی زۆری هەبـوو، هەروەهـا مەرجەكانـی پارتیـش بـۆ بەردانـی ئـەم گیراوانـە خراونەتـەڕوو [١].

**سێیەم:** جەنگی ئێران و عێراق:

دەنگوباسـی كوردسـتان راپـۆرت و هەواڵەكانـی سـەبارەت بـە كاریگەرییەكانـی شـەڕی ئێـران و عێـراق لەسـەر باشـووری كوردسـتان خسـتووەتەڕوو، بـەو پێیـەی ناوچەكـە ببـووە گۆڕەپانـی شـەڕی نێـوان هـەردوو وڵاتـی دراوسـێ. بـۆ نموونـە لـە ژمـارەی (١١)ی بڵاوكراوەكـەدا لەپێشـەكی بـاس لـە هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق ئێـران دەكات، هـۆكاری ئـەو جەنگـە بـۆ عێـراق دەگەڕێنێتـەوە[٢]، لەڕۆژنامـەی گاردیانـی بەریتانـی بڵاوكراوەتـەوە، بـە مانشـێتیكی گـەورە نـووسراوە "بەرهەڵسـیكارانی عێـراق ناچنـە ڕیـزی ڕژێـم" حكومەتـی عێـراق لێبوردنێكـی گشـتی دەركردبـوو بـۆ هێـزە ئۆپۆزیسـیۆنەكان، مەبەسـتی عێـراق لـە دەركردنـی ئـەم لێبوردنـە بـۆ بەرزكردنـەوەی ورەی سـەربازان و ڕاكێشـانی هێـزە ئۆپۆزیسـیۆنە عێراقییـەكان و پاڵپشـتییان بـۆ عێـراق دژی ئێـران بـوو[٣].

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١٠)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٣، ل٣.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (پاشكۆی ژمارە ٣٠).
(٣) دەنگوباسی كوردستان ژمارە (١٢٨) ساڵی ٦، كۆتایی شوباتی ١٩٨٥، دوا لاپەڕە.

**چوارەم:** ململانێی ناوخۆیی و دروست کردنی بەرەی هاوبەش:

دەنگوباسی کوردستان بەدەرنەبوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دەربارەی ململانێی ناوخۆیی، بۆیە لە چوارچێوەی ئۆرگانەکانی پارتی ململانێی پارتی و هێزەکانی دیکەی بڵاوکردووەتەوە بە تایبەتی، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەم دۆخەشدا عێراق ڕۆڵی خراپی بینیوە لە قوڵکردنەوەی ململانێیەکان، زۆرجار یارمەتی هێزێکی کوردی داوە لە دژی هێزەکانی دیکە، بۆ نموونە لەژمارە (٣١) بڵاوکراوەکە، بروسکەیەکی وەزیری بەرگری عێراق بڵاوکراوەتەوە، کە فەرمانی بە سوپای عێراق کردووە، یارمەتی ماددی و مەعنەوی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی بدەن بۆ لێدانی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان[١].

لەلایەکی دیکەوە هەوڵێك هەبوو لەلایەن هێزە کوردییەکانە بۆ دروست کردنی بەرەیەکی هاوبەش و یەکخستنی خەباتی چەکداری دژی حکومەتی عێراق، لەم چوارچێوەیەدا بڵاوکراوەکە چەندین وتار و هەواڵی دەربارەی ڕێککەوتنی لایەنە کوردییەکان خستووتەڕوو، وێرای ململانێی و چەکداری حزبە کوردییەکان، لە ئاستی سیاسی هەوڵدراوە خەباتی سیاسی و چەکدارییان یەکبخەن دژی حکومەتی بەعس، هەروەك لە ڕاپۆرتە هەواڵییەکانی دەنگوباسی کوردستان هاتووە، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی و دانوستان لەسەر ئاگربەست و چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکانی ناوخۆیی، دروست کردنی بەرەیەکی یەکگرتوو دژی ڕژێمی عێراق لەو دۆخەدا چەند بەرەیەکی سیاسی دژ بەیەك دامەزرا، بەرەی جود و بەرەی جوقد[٢].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣١)، ١٩٨١/٩/٨، ل٤.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سروە قادر سمایل، ئەزمونی کاری بەرەیی لە کوردستانی

**پێنجەم:** سیاسەتی هەرێمی و کاریگەری لەسەر پرسی کورد:

بڵاوکـــراوەی دەنگوباســـی کوردســـتان زانیـــاری دەربـــارەی ڕۆڵـــی ئەکتـــەرە ناوچەیـــی و نێودەوڵەتییەکانـــی لـــە چوارچێـــوەی بڵاوکراوەکـــەدا حســـتووەتەڕوو. لـــەوان ئێـــران، تورکیـــا و ســـوریا، زلهێزەکانـــی ڕۆژئـــاوا، لـــە چوارچێـــوەی بابـــەت و هەواڵەکانـــی خســـتووەتەڕوو، بـــۆ نموونـــە لـــە ژمـــارە (٢٧)ی بڵاوکراوەکـــەدا بـــە مانشـــێتێك لـــە لاپـــەڕەی یەکەمـــدا نـــووسراوە "بـــار و زروفـــی گەلـــی کـــورد لـــە کوردســـتانی تورکیـــا، لـــە ژێرســـایەی ڕژێمـــی فاشســـتی تورکیـــا" لـــەو ژمارەیـــەدا تیشـــك خراوەتـــە ســـەر سیاســـەتی تورکیـــا بەرامبـــەر نەتـــەوەی کـــورد[1].

**شەشەم:** داکۆکیکردن لە مافەکانی کورد و کۆمەککردن و هاوپشتی:

دەنگوباســـی کوردســـتان وەک بڵاوکراوەیەکـــی بەهێـــز لەســـاڵانی هەشـــتاکان، بـــۆ داکۆکیکـــردن لـــە مافەکانـــی کـــورد، لەوانـــە مافـــی چـــارەی خۆنووسـین، دانپێدانانـی کولتووری، نوێنەرایەتـی سیاسـی، کاری کـــرد. بڵاوکراوەکـــە لـــە ڕێگـــەی بابـــەت و ســـەردێڕ و ڕاپۆرتەکانییـــەوە تیشـــکی خستووەتەســـەر ئـــەو نادادپەروەرییـــە سیســـتماتیکیانەی کـــە ڕووبـــەڕووی گەلـــی کـــورد بوونەتـــەوە و داوای هاودەنگـــی و پشـــتیوانی نێودەوڵەتـــی کـــردووە، کۆکردنـــەوەی پشـــتیوانی بـــۆ دۆزی کـــورد بـــۆ ڕای گشـــتی جیهانـــی و عەرەبـــی، پەرەپێدانـــی هاودەنگـــی لـــە نێـــوان کـــورددا، ئامانجێکـــی دیکـــەی بڵاوکراوەکـــە بـــوو، لـــە ژمـــارەی (٤٠)ی

عێـراق، ١٩٨٠-١٩٩١، توێژینەوەیەکـی مێژویـی سیاسـییە، نامـەی ماسـتەر بڵاونەکـراوە، کۆلێـژی زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان، زانکـۆی کۆیـە.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٧)، ١١/ئەیلول/١٩٨١، ل٢.

بڵاوکراوەکـە هاتـووە "ڕای گشـتی جیهانـی عەرەبـی بانـگ دەکەیـن، پشـــتگیری خەباتـــی گەلەکەمـــان بکـــەن" لـــەم ژمارەیـــەدا تیشـــك خراوەتـــە ســـەر گواســـتنەوەی زانکـــۆی ســـلێمانی بـــۆ هەولێـــر و ئاشـکراکردنی پلانـی گواسـتنەوەی دەیـان هـەزار خێزانـی کـورد لـە شـــارەکانی هەولێـــر، ســـلێمانی، کەرکـــوك و دهـــۆك بـــۆ شـــارەکانی خـواروی عێـراق[1]، لـە لایەکـی دیکـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری نێودەوڵەتـی سـەبارەت بـە دۆخـی نالەبـاری گەلـی کـورد، کۆکردنـەوەی پشـتیوانی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ مافەکانـی کـورد، خودموختـاری و چـارەی خۆنووسـین. لەوانەیـە هەوڵـی دروسـتکردنی هاوپەیمانـی لەگـەڵ حکومەتـە هاوسـۆزەکان و ڕێکخـراوە ناحکوومییـەکان و ڕێکخراوەکانـی مافـی مرۆڤـدا دابێـت. بـۆ نموونـە لەژمـارە (١٧٨) لـە أخبارکردسـتان، نامەیەکـی هێـزە سیاسـییە کوردییـەکان بڵاوکراوەتـەوە، کـە ئاراسـتەی ویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریـــکا کـــراوە و تێیـــدا سیاســـەتی ڕەگەزپەرســـتانەی حکومەتـــی عێراقـــی تێـــدا ڕوونکراوەتـــەوە[2].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٠) ١٩٨١/١٢/٢، ل١.

(٢) أخبارکردستان، العدد (١٧٨)، ١٦-١٩٨٨/٥/٣٠.

**حەوتەم:** ڕۆشنبیری و هۆشیاری:

بڵاوکردنـــەوەی دەنگوباســـی کوردســـتان، ئامانجـــی هۆشـــیارکردنەوەی خەڵـــک بـــوو، کـــە ڕەنگدانـــەوەی خواســـت و نیگەرانییەکانـــی کۆمەڵگـــەی کـــوردی بـــوو، لەســـاڵانی هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابـــردوو، لـــەو ماوەیـــەدا وەک ســـەکۆیەک بـــۆ بڵاوکردنـــەوەی شـــیعر و ئەدەبیاتـــی بەرگـــری و زانیـــاری و داکۆکیکـــردن لـــە مافەکانـــی کـــورد، مەبەســـتی بڵاوکراوەکـــە پەروەردەکردنـــی هەســـتی نەتـــەوەی و شـــوناس پاراســـتنی کولتـــوری کـــوردی و ســـرودە نەتەوەییـــەکان هـــەروەك لەژمـــارەی (٨٣) بڵاوکراوەکـــە، چەندیـــن ناونیشـــان سرودی نەتەوەیـــی و حزبـــی کـــە لەلایـــەن کۆمەڵـــەی خوێندکارانـــی کـــورد ئەوروپـــا بڵاوکراوەتـــەوە[1]، بـــۆ نموونـــە لـــە ژمـــارەی (١٠٣) بڵاوکراوەکـــە بـــاس لەدەرچوونـــی خولێکـــی ڕۆشـــەنبیری دەکات کـــە لەلایـــەن لقـــی دووی پارتـــی ئەنجـــام دراوە، کـــە ئامانجـــی پـــێ گەیاندنـــی کادیربـــوو[2]، هەروەهـــا لـــە ژمـــارەی (١٩٣) لـــە (ئایـــاری ١٩٩٢) لـــە دوا لاپـــەڕەی شـــیعرێکی عەبدوڵـــڵا پەشـــێو بڵاوکراوەتـــەوە[3].

تانیوەی ڕێگا ها تـــــــــــوویـــن

بیر لە چی دەکەنەوە ؟

تازە بۆ کوێ؟

بۆ دواوە؟

(١) بۆ زنیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣١)

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٣)، ٤/ مایسی ١٩٨٣، ل٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩٣) ئایاری ١٩٩٢، دوالاپەڕە.

دە تەماشای دواوەکـەن.

چ شورەیەکی بڵند

بە کاژەڵە و پەراسووی شەهیدان

هەڵچنراوە!

فە رموون لە گولە بپرسن:

لە دوای ئەوەی ئاگر دەدڕێ

گەڕانەوەی دێ بە بیرا؟

فە رموون لە ووشە بپرسن:

کە لانوی دوم هە ڵدەفڕێ

گەڕانەوەی دی بە بیـــــــــرا ؟

فە رموون لە جۆگە بپرسن:

کە بۆ چەم ملی ڕێ دەگـــــــرێ

گەڕانەوەی دێ بە بیـرا.

**هەشتەم:** بە دیكۆمێنت كردنی ڕووداوە مێژووییەكان:

لە نێو ئەو دۆخە سیاسی و چەكدارییە دژوارەدا، دەنگوباسی كوردستان لە ڕاپۆرت و هەواڵەكانیدا هەوڵی بەبەڵگەنامەكردنی ڕووداوە مێژووییەكان و نووسراو و بەڵگە فەرمییەكانی حكومەت، ئاشكراكردن و ناساندنی ئەو بەڵگەنامە و نووسراوانەی دامودەزگاكانی ڕژێمی عێراقە، كە دزەیان دەكرد لە بڵاوكراوەكە بڵاودەكرایەوە، ئەمەش سودێكی زۆری بۆ هێزەكانی پیشمەرگە هەبوو، كە ئاشنای سیاسەت و جموجۆڵی حكومەت ببوون، جگە لەوەش سودی بۆ توێژەران هەیە، دەتوانن سود لەو بەڵگەنامانە وەربگرن، بۆ نموونە لەژمارەی (٩٤)ی بڵاوكراوەكەدا لە ئەیلوولی ١٩٨٢ نووسراوێكی پارێزگای سلێمانی بڵاوكردووەتەوە، كە ئاراستەی قائمقامییەت و دەزگاكانی پارێزگا كراوە، سەبارەت بە دزە پێكردنی نووسراو بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بڵاوكردنەوەی ئەو نووسراوانە لە ئێزگەو ڕۆژنامەكانیان، بۆیە پارێزگار داوای توندكردنی ڕێوشوێنەكان لیكۆڵینەوە لەو هاووڵاتیانەی سەردانی دامودەزگاكانی میری دەكەن[1]، لە ژمارەیەكی دیكەی بڵاوكراوەكە كە لەلایەن پارێزگای دهۆك دەركراوە، ئاماژە بە توندكردنی بازگاكانی دەروەی شار دەكات[2].

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٣٢).
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٣٣).

# تـەوەرەی سـێیەم: سـەركردایەتی كاتـی پارتـی و سـەرهەڵدانەوەی شۆڕشـی گـوڵان

## باسی یەكەم: سەركردایەتی كاتی پارتی

دوای كشـانەوەی سـەركردایەتی شـۆڕش بـۆ ئێـران لـە (١٩ی ئـاداری ١٩٧٥)، زۆرێـك لـە كادر و تێكۆشـەرانی پێشـمەرگەی پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان پەنایـان بـۆ ئێـران بـرد و هەندێكـی دیكـەش ڕوویـان لـە ئەوروپـا كـرد. [1]. لـە نێـو ئەوانـەی لەسـەر سـنووری عێـراق و توركیـا مانـەوە، بەتایبەتـی لـە ناوچەكانـی وەك بـەرواری، نێـروە و هەركـی، پێشـمەرگە هەبـوون ڕەتیانكـردەوە خۆیـان ڕادەسـتی حكومەتـی بەعـس بكەنـەوە. دواتـر ئـەو پێشـمەرگانە دوای تەواوبوونـی مانـەوەی ڕێگەپێدراویـان لـە ئێـران، گەڕێنرانـەوە عێـراق. لەبـەردەم پاشەكشـە، بەشـێك لەو پێشـمەرگەیە لـە سـوریا نیشـتەجێ كران[2]،هـەر ئـەم دەسـتە چەكدارانـە بـوون كـە بناغـەی پێكهێنانـی مەفـرەزە سـەرەتاییەكانی (س.ك/ پ.د.ك) بـوون، دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی مـەلا مستەفا بـارزانی هەریـەك لـە مەسعود بـارزانی و ئیدریـس بـارزانی، بـە مەبەسـتی ڕێكخسـتنەوەی حـزب و كۆكردنـەوەی كادیـر و پێشـمەرگەكان، ئامـادەكاری ناردنەوەیـان بـۆ كوردسـتان، چەنـد كۆبوونەوەیەكیـان ئەنجامـدا[3]، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یەكـەم كۆبوونـەوە لـە

---

(١) ح.د.ك، ق.م، استسلام البشمركة الى ایران، ١٩٧٨/٩/٥؛ هاشم رمضان (ابوعنتر)، م.س، ص٤٤؛ فواد صدیق، گەردەلولی سیاسەت، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤٧.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەكەم، ل٣٣؛ سامی شورش، م.س، ص١٤٢.

(٣) ڕێكخستنەكانی دەرەوەی پارتی لە دەستپێكی شۆڕشی گوڵان دا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٣٦٩٥)، ٢٠٠٢/٥/٢٦، ل٤.

(١٥ی نیسانی ١٩٧٥) لە کانیاوێکی دەرەوەی شاری نەغەدە (حەوت کانی) بە بەشداریی مەسعود بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری و محەمەد ڕەزا ئەنجام درا، لەو کۆبوونەوەیەدا چەند بڕیارێک درا لەوانە: مەسعود بارزانی ئەرکی سەرپەرشتیاری حزبی پێ سپێردرا، ئەرکەکانی ناوەوەی وڵات بە جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگالی، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور، کەمال کەرکووکی و عەبدولعەزیز شێرکۆ سپێردرا، هەروەها سەرپەرشتیاری کاروباری دەرەوەش بە سامی عەبدولڕەحمان و محەمەد ڕەزا سپێردرا[١]، لە ئەنجامی زنجیرەیەك کۆبوونەوە لە ڕۆژانی (١٢-١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥) (س.ک/ پ.د.ک) ڕاگەیەندرا، دەستەی دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە: ئیدریس بارزانی، مەسعود بارزانی، عەلی عەبدوڵلا (١٩٢٦-٢٠١٧)، نووری شاوەیس (١٩٢٢-١٩٨٣)، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، محەمەد ڕەزا، ئازاد بەرواری، عارف تەیفوور و کەریم شنگالی، بەم جۆرە ڕێکخستنەکانی حزب لە هەلومەرجێکی نا ئاسایی و بە شێوازێکی نوێ دامەزران[٢]. و ژمارەیەکی زۆر کادیری پابەند و ئیرادە، لەگەڵ پێشمەرگەی دڵسۆز، بڕیاریان دا بۆ نوێکردنەوەی شۆڕش و درێژەدان بە بەرخۆدان و لە خەباتی چەکداری بەردەوام بن[٣]، لەژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەدا مەسعود بارزانی دەنووسێت: "بە ماوەیەکی کەم دوای نسکۆی

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٢٣.

(٢) لە کۆتایی کۆبوونەوەی (تشرینی دووەمی ١٩٧٥)، (س.ک) کارنامە و بنەمای کارکردنی داهاتوویان لەپێناو هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بە (١٦) خاڵ ڕاگەیاندبوو. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل٥٠-٥٢.

(٣) سامی عەبدولڕەحمان، دوای ساڵێک شۆڕشی گوڵان هێشتا هیچ لایەنێک بۆنی باروت لە تفەنگییەوە نەهاتبوو، گۆڤاری گوڵان، ژ(٢٢٧)، ١٩٩٩/٥/٢٩، ل١٣.

١٩٧٥، توانیـمان بنەمایەکـی نـوێ و پلانێکـی کار بـۆ دەرکردنـی هەنـدێ بڕیـاری گرنـگ، پەیوەسـت بـە خەباتـی چەکداریـی بدەیـن، لەسـەر ئـەم بنەمایـە مەفـرەزەی چەکـداری لـە پێشـمەرگە کۆنـەکان پێکهـات کـە لـە شـەڕەکانی پێشـوودا نەبـەرد بـوون"[١].

یەکەمیـن بەیاننامـەی حـزب لـە (١٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٥) لەژێـر ناونیشـانی "کوردسـتان مەیدانـی ڕاسـتەقینەی خەباتـە، ئـەی جەمـاوەر خەبـات بکـەن، واقیعـی نەکسـە لا بـدەن" ڕاگەیەنـدرا، لـە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختـی لەسـەر پێویسـتی بەردەوامبـوون لـە خەباتـی چەکـداری و شـەڕی پارتیزانـی بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەم دیموکراسـی بـۆ عێـراق و هـەم ئۆتۆنۆمـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان کـردەوە[٢]، دواتـر لـە (٢٥ی ئایـاری ١٩٧٦)، دا سـەرکردایەتی کاتـی بەیاننامەیەکـی دیکـەی بڵاوکـردەوە و تیایـدا وردتـر باسـی ئامانجەکانـی خەباتـی چەکـداری کـردەوە[٣]. بـەم جـۆرە (س.ک/ پ.د.ک) درێـژەی بـە چالاکییەکانـی لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات دا، یەکـەم کۆنفرانسـی لـە ڕۆژانـی (١١-١٥ی ئابـی ١٩٧٦) لـە بەرلینـی خۆرئـاوا بەڕێوەچـوو[٤]، ئەندامانـی (س.ک/ پ.د.ک) بـە شـێوەیەکی فەرمـی پەسـەندکران[٥]. لـەو کۆنفرانسـەدا بڕیـاردرا پێداچوونـەوە بـە

(١) جەمال فەتحوڵڵا تەیب، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان١٩٧٥-١٩٨٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، (٢٠١٢)، س.پ، ل١٠٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٤).

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٥).

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کۆنفڕانسی بەرلین, بڕوانە: بلاغ الختامي للحزب الديمقراطي الكردستاني، (١٥ ايلول ١٩٧٦)؛ نوري شاويس، من مذكراتي، منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، د.م، ١٩٨٥، ص٩٠-٩١.

(٥) دەیڤد ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چ٣، ناوەندی ئاوێر،

سیاسەتی پێشووی (پ.د.ک) بکرێت، هەروەها لەو کۆنفرانسەدا بڕیار درا (س.ك/ پ.د.ك) دەسەڵاتی سەرکردایەتی هەیە تا بەستنی کۆنگره[١]. لە کۆنفرانسی بەرلین، عەبدولڕەحمان پێداوی، کەمال کەرکووکی، ئازاد خەفاف، وریا سەعاتی، دڵشاد میرانی وەک ئەندامی حزب دەستنیشانکران، بەو مەرجەی بگەڕێنەوە باشووری کوردستان و درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن. هەر لەو کۆنفرانسەدا مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی حزب، سامی عەبدولڕەحمانیش وەک سکرتێری حزب هەڵبژێردرا[٢]. بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات و چالاکیی حزبی و چەکداری، چەند ڕێکار و بەرنامەیەک دانران لەوانە: گرنگیدان بە پەنابەران و جێبەجێ کردنی داواکارییەکانیان[٣].

دوای دەستگیرکردنی محەمەد ڕەزا و عارف تەیفوور لە لایەن دەزگای ساواک، جەوهەر نامیق سالم و کەریم شنگالی، توانیان بە نهێنی

---

هەولێر، ٢٠١٩، ل٥٣٦.

(١) فەلەکەدین کاکەیی، هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان مۆمێک داگیرسا پەردەی تاریکی دادڕی، گۆڤاری گوڵان، ژ(٧٥)، ١٩٩٦/٦/١، ل١٠.

(٢) دیدار لەگەڵ عەبدولڕەحمان پێداوی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢. ناوبراو لە ساڵی (١٩٤٦) لە گوندی (پێداو)ی سەر بە ناحیەی زاوێتە لە دایکبووە، لە (١٩٧٠) لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە (١٩٧٢) بە پلەی مولازمی دووەم کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە، لە هەمان ساڵ لە فەوجی (٣) ی سوپای عێراق لە هەولێر دامەزراوە، لە (١٩٧٢) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و بووەتە سەر لقی بەتالیۆنی (١). دواتر لە هێزی کەرکووک بووەتە ئامیر بەتالیۆن، دوای نسکۆ چووەتە ئێران و دواتریش چووەتە هۆڵەندا. لە (١٩٧٧) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان و بووەتە فەرماندەی هەرێمی دووی بادینان تا (١٩٧٩)، دوای کۆنگرەی (٩) چووەتەوە هۆڵەندا.

(٣) حامید گەوهەری، قیادە موەقەت، ستۆکهۆڵم، ٢٠٢٠، ل٥٠.

ڕوو بکەنە سنوورەکانی تورکیا[١]، بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانی پەیوەندی بە محەمەد خالید بۆسەلی و عەبدولڕەحمان ساڵح دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە هەوڵ بدەن پەیوەندییان پێوە بکەن، ئامادەکاری بکەن بۆ ناردنەوەی دەستەی چەکداری بۆ باشووری کوردستان[٢]، لە بارەی هاوکاری کوردەکانی تورکیا مەسعود بارزانی دەڵێت: "بۆ مێژوو دەیڵێم ئەگەر کۆمەک و هاوکاری کوردەکانی باکووری کوردستان نەبووایە، زەحمەت بوو دووبارە ڕێکخستن بکرێتەوە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول"[٣]. لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری پڕ بوو لە تەحەددا. بەڵام بە پشتیوانی جەماوەر و پاڵپشتی ڕێکخراوە حزبیەکان و ڕەوانەکردنی دەستە چەکدارەکان بۆ باشووری کوردستان، (س.ك/ پ.د.ك) توانرا پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و چەکداری دابمەزرێنرێت[٤]. سەرکردایەتی شۆڕش ڕێنمایی هەندێک هێزی پێشمەرگەی کرد کە خۆیان ڕادەستی حکومەتی بەعس نەکەن و لەبری ئەوە بەدرێژایی سنووری عێراق و تورکیا جێگیر بمێننەوە. بە تایبەت لە ناوچەکانی نێروە، دۆسکی ژوورو، بەرواری باڵا و هەرکی بنەجێ، بناغەی یەکەمین دەستەی چەکدارییان پێکهێنا[٥]. ناردنەوەی دەستەی

(١) کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و هێوای سەربەخۆیی، و: ئەکرەمی میهرداد، چاپخانەی تەما، ب.ش، ٢٠٠٢، ل٤٢؛ عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٧٥.

(٢) شوان حسێن شینک باڵەکی، جەوهەر نامق سالم ژیان و بەرهەم ڕۆڵی سیاسی ١٩٤٦-٢٠١١، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سۆران، ٢٠١٦، ل٥٥.

(٣) پ.د.ک، ڕاپۆرتی سیاسی و عەسکەری تەنزیمی سەرۆکی پارتی هەڤاڵ مسعود بارزانی بۆ کۆنگرەی نۆ، ب.س.

(٤) ح.د.ك، ق.م، بمناسبة الذكري الثلاثون لميلاد الحزب، ١٦ اب ١٩٧٦.

(٥) سامي شورش، م.س، ص١٤٢.

چەکـداری بـۆ باشـووری کوردسـتان لـە (٢٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٥) هەنگاوێکـی بـاش بـوو بـۆ دامەزراندنـی مەفـرەزەی پارتیـزان لـە ناوچـە جیاجیـاکان، دەسـتە چەکـدارەکان[1]. بـە نهێنـی بـە سـنووری کوردسـتانی باکووردا بەڕێدەکـران، دەگەیشـتنە شـوێنی دیاریکـراوی خۆیـان، ئـەم پلانـە نزیکـەی (٣) مانگـی خایانـد[2]. لـە هەوڵـە سـەرەتاییەکانی سـەرکردایەتی کاتـی (پ.د.ك)، سـەرەڕای چاودێریـی تونـدی سـنوورەکانی عێـراق و ئێـران، دەسـتپێکردنەوەی خەباتـی چەکـداری لـە پێشـینەی کارەکانیدابـوو. باشـووری کوردسـتان بـۆ دوو هەرێـم دەسـت نیشـان کـرا، هەرێمـی (١) بادینـان، هەرێمـی (٢) سـۆران.

(١) ح.د.ک، ق.م، تحیة الی ثورة ایار الوطنیة التقدمیة في ذکرها الاولی، ٢٦ ایار ١٩٧٧.

(٢) کەریم شنگالی، س.پ، ل٣؛ محەمەد مەلا قادر، ساڵێک لە شێخ وەسانان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٠٧.

## باسی دووەم: سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان

لە چوارچێوەی ئامادەكارییەكان بۆ دەست پێكردنەوەی شۆڕش لە (پاییزی ١٩٧٥)، مستەفا بارزانی لە ڕێگەی فەڕەنسۆ هەریرییەوە، ئاگاداری (عەلی كۆ)، و (سەید عەبدوڵڵا) دەكات، ئەگەر بۆیان دەكرێت، تا سەرەتای بەهار بتوانن چەند دەستەیەكی چەكداری پارتیزانی دروست بكەن[1]، لەم بارەیەوە فەڕەنسۆ هەریری دەڵێت: "منیش یەكسەر بە شوێن (مینەكوپە)م نارد، ئەو لە پیرانشەهر (خانە) بوو درێژەی قسەكانی بارزانیم بۆ سەید عەبدوڵڵا نارد، داوام لێ كرد ئەگەر ئەم كارە بكات، هەرچی پێویست بوو بۆیان دابین دەكەین، دوای ماوەیەك مینە كوپە هاتەوە، گوتی: "سەید عەبدوڵڵا ڕەزامەندی دەربڕیوە، وتویەتی فەرمانی بارزانی لەسەر سەرمان، دەمێك بوو چاوەڕوانی ئەو تەكلیفە بووین، ئیتر لەمەبەدوا ئەو مەفرەزەیە لە ڕێگای تەتەری تایبەتییەوە نامەیان بۆ ئیدریس بارزانی دەنارد"[2]. هەر لەم بارەیەوە عەلی نەبی (عەلی كۆ) دەڵێت: "لەبەر چاودێری دەزگاكانی ئەمنی ئێران، چاودێرییەكی زۆر توند لەسەر هەردوولامان هەبوو، تەتەری تایبەتیمان هەبوو لەوانە: مینە كوپە، حوسێن فەتاح و حاجی سلێمان ماوە ماوە نامە و یارمەتی بۆ دەناردین، پشتگیری و سەرپەرشتی بۆ دووپات دەكردینەوە"[3].

(١) فەڕەنسۆ هەریری، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٣)، ٢٣ی ئایاری ١٩٩٣، ل٣.

(٢) فەڕەنسۆ هەریری، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٣)، ٢٣ی ئایاری ١٩٩٣، ل٣.

(٣) كاروان جوهر محمد، ئیدریس بارزانی ١٩٤٤-١٩٨٧، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٤٢.

دەتوانین بڵێین یەکەمین چالاکی پێشمەرگە دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ لە شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦)، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لە نێوان سوپای عێراق و دەستەکی پێشمەرگە، کە ژمارەیان (٢٢) کەس بوون ڕوویدا[١]. شێم حەمەد یەکێکە لە بەشداربووانی چالاکییەکە لەم بارەیەوە دەڵێت: "شەوی (٢٥-٢٦ی ئایاری ١٩٧٦) لە ناوچەیەک بە ناوی (دۆڵە زەوی) دەکەوێتە بەرانبەر گوندی (شیوە ڕەش)، تەنیا (٢) کم لە سنووری ئێرانەوە دووربوو کەوتینە ناو کەمینێکی عەسکەری"[٢]. دوای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەستە چەکدارە لەگەڵ سوپای عێراق، سەرباری شەهیدبوونی (١) پێشمەرگە و برینداربوونی (٢)ی دیکە. بە هۆی ناهاوسەنگی هێز و نەبوونی چەک و تەقەمەنی، پێشمەرگەکان کشانەوە سنووری ئێران[٣]. لە بەرامبەردا

(١) ئەم مەفرەزەیەك پێك هاتبوون لە (٢٢) پێشمەرگە بریتی بوون لە : (ئەحمەد نەبی مەحموود، شێخە عەبدوڵڵا (شێخ بنزیری)، عەلی نەبی مەحموود (عەلی کۆ)، عەبدوڵڵا محەمەد عەلی (سەید عەبدوڵڵا)، عەلی شێم حەمەد (عەلی کوردە)، حەمە برایم مەحموود، عەبدوڵڵا شێم حەمەد موراد، عەبدوڵڵا شێخە عەبدوڵڵا، نەبی شێم حەمەد موراد، حاجی سلێمان نەبی، قادر ئەحمەد نەبی، کەریم ئەحمەد نەبی، عەبدولڕەحمان عەلی شێم حەمەد، نەبی نەبی مەحموود، برایم برایم، بارزان عەلی نەبی، عەلی مەلا برایم، محەمەد شێخە عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا، مستەفا ڕەسوڵ مستەفا، مینە خدر حەمەد و مەلا شێم حەمەد موراد). مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، سەرەتای شۆڕشی نوێی ساڵی ١٩٧٦ چۆن دەستی پێکردووە، پێداچوونەوە: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٣، ل٦٤؛ عەلی کۆ، بەردەوام بوون یان سەرهەڵدانەوەی شۆڕش، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٦٥٣)، ١٩٩٣/٥/٢٤، ل٣.

(٢) مەلا شێم حەمەدی حاجی ئۆمەرانی، س.پ، ل٢٨.

(٣) الاتحاد الوطني الكردستاني، فلنحبط حملات التشريد والتهجير والقمع الوحشية، ١٩٧٦/٦/٩.

زیانەکانـی سـوپای عێـراق کوژرانـی (٨) سـەرباز و برینداربوونـی (١٢)ی دیکـە بـووە[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە هاشـم ڕەمـەزان پێـی وایـە: "یەکـەم گوللـەی دەسـت پێکردنـەوەی خەباتـی چەکداریـی لـە ڕۆژی (٢٦ی ئایـاری ١٩٧٦) بـوو، کاتێـک هێزەکانیـان بـە سـەرکردایەتیی ئەبـوو نـەوال، هێـرش دەکەنـە سـەر ڕەبییەکـی دوژمـن، لـە ناوچـەی کشـان لـە زاخـۆ، ئەمـەش لـە لایـەن سـەرکردایەتیی کاتییـەوە بـە ڕۆژی دەسـت پێکردنـەوە ی شـۆڕش دانـرا"[٢]. ئـەم چالاکییـە دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بـەدوای خۆیـدا هێنـا، بـۆ ئـەم مەبەسـتە کۆنفرانسـی ڕۆژنامەوانـی لەبـارەی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لـە لەنـدەن سـازکرا، جەخـت لەسـەر پابەندبوونـی سـەرکردایەتی پارتـی بـە خەباتـی چەکـداری، ئـەو دۆخـەی کـە دروسـت بـووە قبوڵکـراو نیـە[٣].

(١) بلاغ العسكري الرقم (١)، اواسط تموز ١٩٧٦

(٢) هاشم رمضان (ابوعنتر)، المحترقون الكورد، مطبعة الحاج هاشم، اربيل، ٢٠٠٥، ص٦٥.

(٣) سامی عبدولرحمان، شۆڕشی گوڵان وەرەی خەڵکی بەرزکردەوە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٧٥)، ١٩٩٦/٦/١٠، ل٨.

# بەشی دووەم

# ڕەنگدانـەوەی ڕووداوە سیاســی و ســەربازییەکان لـە بڵاوکـراوەی دەنگوباســی کوردســتان

**تەوەرەری یەکەم: سیاسەتی حکومەتی بەعس بەرامبەر کوردستان**

**تەوەرەی دووەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و شاڵاوی ئەنفال**

## تەوەرەی یەکەم: سیاسەتی حکومەتی بەعس

دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی دوای نسکۆی ١٩٧٥، کارێکی ئاسان نەبوو. لەبەرئەوەی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥، دۆخەکەی لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلایی کردەوە. لەو ئاکامەدا سەرۆک کۆماری عێراق (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) گوتویەتی: خەباتی چەکداریی کورد "بۆ هەتاهەتا یە کۆتایی هات"[١]. دوای نسکۆ بۆشاییەکی گەورە لە کوردستان دروست ببوو، ئەمەش دەرفەتی بە حکومەتی عێراقدا، بۆ جێبەجێ کردنی خواست و ویستەکانی بۆ لەناوبردنی دۆزی نەتەوەیی کورد و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان[٢]، لەم بارەیەوە چەند سیاسەتی بە ئاراستەی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی عەرەبیدا نا، وەك:

### باسی یەکەم: ڕاگواستن و بە عەرەبکردن

دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا بۆ حکومەتی بەعس بۆ جێبەجێکردنی پلانە ستراتیژییەکانی، بۆ ئەم مەبەستە کەوتە جێبەجێکردنی نەخشە و پلانەکانی، ئەویش بە تێکدانی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی، حکومەتی بەعس سەرەتا بە گوندە سنوورییەکان دەستی پێکرد[٣]، هەروەك سەددام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ ڕایگەیاند: "نیازی ڕاگواستنی

(١) مەسعوود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩٠ شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی رۆکسانا، ب.ش، هەوێر، ٢٠٢١، ل١٩.

(٢) سامي شورش، كردستان والاكراد/ الحركة القومية والزعامة السياسية (ادريس بارزاني نموذجا)، مؤسسة اراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص١٣٧.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، دوالاپەڕە.

کوردەکانی سەر سنووری ئێران و تورکیای هەیە[١]". سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی هۆکارێک بوو بۆئەوەی حکومەت پەلە بکات لە ڕاگواستنی ناوچە سنوورییەکان، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە لەبارن بۆ شەڕی پارتیزانی، بۆیە حکومەت ناچار دەبوو ڕێژەیەکی زۆر لە سوپاکەی تەرخان بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە، بۆیە لە دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بە قووڵایی (٣٠)کم گوندە سنوورییەکانی ئێران، تورکیا و سووریا چۆڵکردن[٢]. بەقوڵایی (٢٥ بۆ٣٠) کم ناوچەکەی خاڵی کرد لە ئاوەدانی[٣]. تەنیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٦)، زیاتر لە (١٢٢٦) گوند وێران کران، دانیشتوانەکەی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق ئاوارە و دەربەدەرکران، هەزارانیش بێ سەروشوێن کران[٤]. لەسەرەتای شۆڕشی گوڵان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە توندی ئیدانەی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعسی کرد، بەتایبەتی دژی گواستنەوە و بەعەرەبکردن و لکاندنی شار و شارۆچکە کوردییەکان بە پارێزگاکانی دیکەی عێراق. لە ڕێگەی وتار و بڵاوکراوە و بەیاننامەی حزبییەوە ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی شەرمەزار کرد و دەنگی گەلی کوردی بۆ ڕۆژنامە و دەزگا و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە سەرانسەری جیهاندا گەیاند. هەروەها داوای لە لایەنە پێشکەوتنخوازەکان و وڵاتە ئەوروپییەکان و دەوڵەتە عەرەبییەکان کرد, کە دژایەتی سیاسەتی ڕاگواستن و

(١) فەرید ئەسەسەرد، کوردستان و مەسەلەی ئەمنی قەومی، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٤.

(٢) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، دوالاپەڕە.

(٤) اخبارکردستان، العدد (١٥٧)، أيار١٩٨٧، الصحفه الاخيرة.

بەعەرەبکردنـی ڕژێـم بکـەن. ڕژێـم (٣٠٠) هـەزار هاووڵاتیی کـوردی خەڵکی کەرکـووک، خانەقیـن، شـەنگال، شـێخان و زومـماری بـە زۆر بـۆ شـارەکانی وەک دیوانیـە و ناسریـە و ڕومـادی ڕاگواسـتبوو. ئامانجـی ئـەم هەڵمەتـە تێکدانـی جوگرافیـا و کۆمەڵـگای کـوردی بـوو[١]. جگـە لـە سـەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانـی کـورد، ڕژێمـی سـەدام سیاسـەتی پاکتـاوی ڕەگـەزی و عەرەبکردنـی لـەو ناوچانـەدا جێبەجـێ کـرد کـە ژمارەیەکـی بەرچـاوی دانیشـتوانی کوردیـان تێدابـوو. ئەمـە بریتـی بـوو لـە بـەزۆر ئاوارەکردنـی کـوردەکان و دەستبەسـەرکردنی زەوییەکانیـان و نیشـتەجێکردنی خێزانـە عەرەبـەکان لـەو ناوچانـەی کـە زۆرینەیـان کـوردن بـۆ کەمکردنـەوەی ڕێـژەی کـورد لـە کوردسـتان[٢]. لـە سـایەی ئـەم سیاسـەتەدا زۆر خێزانـی کـوردی لـە ناوچەکانـی کەرکـووک، شـنگال، خانەقیـن و شـێخان بۆ خـوارووی عێـراق ڕاگواسـت، سـەدان گونـدی کـورد چـۆڵ کـران و عەرەبـی تێـدا نیشتەجێ کـران، بیانـووی حکومـەت بـۆ چۆڵکـردن و تێکـدانی ئـەو گوندانـە و جێگیرکردنـی سـوپا تیایانـدا، هەژمارکردنیـان بـووە بـە ناوچـەی ئەمنـی و سـتراتیژی[٣]، بـەڵام ڕاسـتییەکەی بـۆ ئـەوە بـوو کـە قووڵایـی پشـتگیری بـۆ پێشـمەرگە نەهێڵێـت و سـەرچاوەی ژیـان و خواردنیـان لـێ ببڕێـت. هەروەهـا بـۆ دابڕینـی ئـەم بەشـەی کوردسـتان بـوو لـە پارچەکانـی دیکـە.

---

(١) مذكرات الحزب الديمقراطي الكردستاني الي الحزب والقوي التقدمية العربية حول تهجير الاكراد وتغير الواقع القومي في كردستان, ١٠ حزيران ١٩٧٦.

(٢) سنوور سەباح سدیق، مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوک ١٩٦٣-١٩٩١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠١؛ گۆران ئیبراهیم ساڵح، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق دا ١٩٧٥-١٩٩٠، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٧.

(٣) جەلال ئیڵنجاغی، لە شارەوە بۆ شاخ، ب١، ب.ش، ٢٠٠٦، ل٣٣.

هەرچـی سـەبارەت بـە بەعەرەبکـردن، حکومـەتی عێـراق بـە مەبەسـتی سـڕینەوەی مۆرکـی کـوردی، لـە ناوچـە کوردییەکانـدا کەوتـە جێبەجێکـردنی گۆڕینـی نـاوە کوردییـەکان بـۆ نـاوی عـەرەبی[١]، بەپێـی مەرسـومێکی کۆمـاری ژمـارە (٤١) نـاوی پارێـزگای کەرکـوك بـۆ (التأميـم) گـۆڕا، ئامانجـی حکومـەت لـەم سیاسـەتەی ئەوەبـوو ڕوخسـارێکی عەرەبـی بـەو ناوچانـە ببەخشـێت کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کـوردن، تەنانـەت بـە عەرەبکـردن گوندەکانـی دەوروبـەری کەرکوکـی گرتـەوە بـە پێـی بڕیـاری ژمـارە (١١٩٤٤) ی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووك، نـاوی گوندەکانـی سـەر بەناحیـەی (قەرەحەسـەن) بـۆ نـاوی عەرەبـی گـۆڕان[٢]، بۆکەمکردنـەوەی ڕێـژەی کـورد لـە پارێـزگای کەرکـوك بەپێـی مەرسـومێکی کۆمـاری ژمـارە (٦٠٨) لـە (١٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٧٥)، قەزاکانـی کـەلار و چەمچەمـاڵ، لـە پارێـزگای کەرکـووک جیاکرانـەوە خرانـە سـەر پارێـزگای سـلێمانی، بەپێی هەمان مەرسـوم قـەزای کفـری لـە پارێـزگای کەرکـووک جیـا کرایـەوە و خرایـە سـەر پارێـزگای دیالـە[٣]. لەلایەکـی دیکـەوە نـاوی شـەقامە گشـتییەکان لـە کەرکـووک، خانەقیـن، شـنگال، ئاکـرێ، تەلەعفـەر و خانەقیـن گـۆڕان بـۆ نـاوی عەرەبـی، لە چوارچێـوەی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن و سـڕینەوەی ناسـنامەی کوردسـتانیبوون حکومەتـی بەعـس ئـەو ناوچانـەی لـە شـارەکانی هەولێـر، سـلێمانی و دهـۆک لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی جیاکرانـەوە. سیاسـەتی بەعەرەبکـردن کاری کـردە سـەر

---

(١) نەجم سەنگاوی، باشووری کوردستان ڕووداو و دەستکەوتەکان لە ١٩٠٠ تا ٢٠١٦، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤١٥.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی گوندەکان، بڕوانە: سنوور سەباح سدیق، س.پ، ل١٠٥و١٠٨.

(٣) مرسوم جمهوريه، رقم (٦٠٦)، الوقائع العراقية، العدد (٢٥٠٣)، ١٩٧٥/١٢/١٥، ص١٩.

دۆخ و گوزەرانی هاووڵاتییانی کورد لە کەرکووک، حکومەت ڕێژەیەکی زۆر لە کرێکارانی عەرەبی لە کەرکووک نیشتەجێ کرد، لە بەرامبەردا کرێکار و فەرمانبەرانی کوردی لە شارەکە دەرکرد[١]. لە ڕاپۆرتێکی ئێزگەی دەنگی کوردستاندا هاتووە: "بەعەرەبکردن لە کەرکوك خولیای حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقە، بۆیە ڕژێمی ئەمڕۆی بەغدا لە جیاتی هەموویان نەخشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە ئەنجام گەیاندووە. ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی کوردەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەکارهێنانی ئامرزای ترس و تۆقاندن و بەزۆر فرۆشتنی موڵك و ماڵی کورد، لکاندنی قەزاو ناحییەکانی کەرکوك بە شارە عەرەبییەکانەوە"[٢]. مەبەستێکی دیکەی حکومەت لە هێنانی عەرەب بۆ کوردستان، دەرکردن و دوورخستنەوەی بەشێکی زۆری دانیشتووانی کوردستان بۆ خوارووی عێراق، بۆ ئەوە بوو تاکو کورد بکاتە کەمینە لەسەر خاکی خۆی[٣]. تەنانەت بە عەرەبکردن بوارەکانی ڕۆشنبیری و خوێندنی گرتبووەوە، زمانی عەرەبی زاڵ کرد، لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بەرنامەی خوێندن خرابووە ژێر چاودێری، جگە لە چەند وانەیەکی بەشی کوردی ئەویش بە کوردی نەبوون. وانەی (الثقافة القومية)، لە هەندێک قۆناغەکانی خوێندندا بریتی بوو لە ڕاپۆرتی حزبی بەعس، لەگەڵ بۆچوون

---

(١) خليل اسماعيل محمد، القضية الكوردية بين مطرقة دول الجوار وسندان الحكومات العراقية، مؤسسة موكريان، اربيل، ٢٠١٢، ص٤٩.

(٢) لە هەڵبژاردنەکانی ئێزگە- کەرکوکیان چۆن تەعریب کرد؟ ڕاپۆرتێکی ئێزگەی دەنگی کوردستان،١٩٨٥/٢/٠٢٥.

(٣) خليل اسماعيل محمد، مؤشرات التعريب والتهجير في اقليم الكردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين- اربيل، ٢٠٠١، ص ٤٢؛ شرى لەيزەر، کوردستانی بەرئاگرباران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٥٥.

و ڕوانینەکانی بەعسییەکان یەکانگیربوو، بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردە تەنیا ئەو کتێب و پرۆگرامەی خوێندنیان چاپ دەکرد کە عەرەبی بوون[١]. بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد حکومەتی بەعس لە (تەمووزی ١٩٨١) پەیکەری حاجی قادر لە کۆیە و قەڵای شەمام لەشاری ڕەواندز ڕوخاندووە، ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ لە ناوبردنی شوێنەوار و کەلەپوری کوردی[٢]، هەروەها ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری کوردی ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوامی پیلانەکانی حکومەتی بەعس بووەوە. ڕژێمی بەعسی نووسەران و کەسایەتییە دیارەکانی کوردی دەستگیردەکرد، بەتایبەت ئەوانەی ملکەچی بڕیارەکانی نەدەبوون. ڕێگەی نەدەدا ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان بە ئازادی گوزارشت لە ڕاوبۆچوومی خۆیان بکەن، مەگەر بەشان و باڵی سەدام حسێن و ڕژێمەکەیدا هەڵبدەن، ئەمەش برەودان بوو بە سیاسەتی بەعەرەبکردن[٣]

تاکتیکی دەرکردن و چاودێری و تۆقاندن پەرەی سەند و بوو بە ڕفاندن، وەک لە دۆسیەی دارا تۆفیق دا دەرکەوت. هەروەها هەر مامۆستا و قوتابیابیەکی ناڕازیی لە دەسەڵات و سیستەمی خوێندن، فەرمانی گواستنەوەی بۆ دەردەکرد بۆ زانکۆکانی خوارووی عێراق[٤]. سەبارەت بەلایەنی

(١) نەژاد عزیز سورمێ، درەختی بنکۆڵ (پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری کولتووری کوردی، کوردستان)، نیسانی ١٩٩٥، ل١٢.

(٢) ئارەزوو حەسەن، ئارەزوو حەسەن، ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٥-١٩٩١) (پ.ك.ع)، (پ.د.ك)، ی.ن.ك) وەك نموونە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١٥ل٨٨.

(٣) فەرەیدون عەبدولڕەحیم، بارودۆخی سیاسی کوردستان- عێراق لە ١١ی مارتی ١٩٧٠ ١١ی مارتی ١٩٧٤، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٤٣.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٧)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٤، ل٩.

ڕۆشنبیری و خوێندنی کوردی تا نزمترین ئاست کەمکراوەتەوە، ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردییش بەلاوەکی دانراوە وەک ئەوەی هەر نەبووبێت[١]. شیاوی ئاماژەیە حکومەتی بەعس مەبەستی بوو بەعەرەبکردن قوڵایی کوردستان بگرێتەوە، تەنانەت شارە گەورەکانی وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش لەم هەڵمەتە بەدەر نەبوو، بۆ نموونە دوای گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێر و گۆڕینی ناوی زانکۆ بە زانکۆی سەڵاحەدین، ڕژێم بەنیازبوو ئەو زانکۆیە بگوازێتەوە بۆ شاری تکریت، هەروەها پیلانی هەبوو بۆ گواستنەوەی هەزاران خێزانی کورد لەشارەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر بۆ باشووری عێراق[٢].

حکومەتی بەعس لەسەر سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن بەردەوام بوو، لە ژێر هەلومەرجی جەنگی عێراق_ئێران، دەیتوانی باشتر بەردەوامی بەم سیاسەتەی بدات، لە سەرەتای دەست پێکردنی جەنگەوە دەستی کرد بە پرۆژەی نیشتەجێکردنی دانیشتووانی عەرەب لە ناوچە کوردنشینەکان، بە مەبەستی گۆڕینی مۆرکی ناوچە کوردییەکان کردبوو. لە هەوڵێکی حکومەتدا، (٢٠) هەزار خێزانی عەرەب لە کەرکووک نیشتەجێ کران. لە پارێزگای دهۆک ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای پارێزگاکە بەر هەڵمەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن کەوت، عەرەبێکی زۆر تێیدا نیشتەجێکران، لە ناحیەی قەراج کوردەکان بەرەو شاری هەولێر ڕاگوێزران، عەرەبی تێدا نیشتەجێ کرا[٣]. دەتوانین بڵێین ئەو ناوچانەی بە هۆی جەنگی عێراق- ئێران بەر ڕاگوستن کەوتن، ناوچە

(١) دەنگوباسی کوردستان ژمارە (٤٠)، ٢/ ١٢/ ١٩٨١، ل١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٠)، ٢/ ١٢/ ١٩٨١، ل١.

(٣) السلطة تنفذ عمليات تعريب وتبعيث وتهجير جديدة في كردستان، اخبار كردستان، العدد (٣٥)، ١٩٨١/١٠/٢٦، ص٤.

سنوورییەکان بوون، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی: ناوچەکانی (پێنجوێن، بیارە و سیوەیل، باسنێ، ناڵپارێز) بەر ئەو ڕاگواستنە کەوتن، کە (٦٦) گوند بوون، لە پارێزگای هەولێریش (قەزای چۆمان) بەر ڕاگواستن کەوت، کە (٣٥) گوند بوون. لە ئاکامدا ژمارەی ئەو خێزانانەی بە هۆی جەنگی عێراق- ئێران ڕاگوازراون بریتی بوون لە (١٧٩٠٤) خێزان[١].

لە ماوەی سالانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، حکومەتی بەعس بە چڕی دەستی کردبوو بە پڕۆسەی ڕاگواستن، هەر لەو ماوەیەدا نزیکەی (٣٠) هەزار لە کوردی فەیلی بەرهەڵمەتی ڕاگواستن کەوتن، ڕەوانەی ئێران کراون[٢]، لە ساڵی١٩٨٣ حکومەتی بەعس ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان لە پیرو گەنج و منداڵ بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و حوارووی عێراق ڕاگواست[٣]، ڕژێم (٣) هەزار کوردی شەبەکی ڕاگواست و دەستی گرت بەسەر ماڵ و مۆڵکیان. لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان نیشتەجێیکردن، حکومەت ئەوناوچانەی چۆڵدەکرد لە ئاوەدانی دواتر بە ناوچەی قەدەغەکراو هەژماری دەکرد[٤]، هەروەك لە نووسراوێکی حکومەتی بەعس دا ئاماژە بەوە کراوە کە هەر کەسێک یان ئاژەڵێک لەو ناوچانە ببینرێت پێویستە بکوژرێت. ئەم فەرمانانە بە مەبەستی کردنە ئامانجی دانیشتووان و بۆردومانکردنیان بە تۆپ

(١) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، (٢٠١٢)، ل١٩٢-١٩٣.

(٢) ئارەزوو حەسەن، س.پ، ل٩٢.

(٣) فاشیزمەکان تاوانێکی دڕندانە دەرهەق بەبارزانی یەکان ئەنجام دەدەن، خەبات، ژمارە (٥٤٩)، کانوونی دووەم ١٩٨٤، ل١٠.

(٤) تهجير اعدامات وارهاب سلطات الفاشية للمهجرين والعائدين بعد العف، أخبار كردستان، العدد (١٨٧)، ١٦-٣١تموز ١٩٨٨، ص٦-٧-٨.

و فرۆکـە و لەسـێدارەدانی ئەوانـە بـوو کـە تەمەنیـان لـە نێـوان(١٥ بـۆ ٧٠) سـاڵیدایە[١]. بڵاوکـراوە و ڕۆژنامەکانـی پارتـی بـە بەردەوامـی ئـەو بەڵگـە و زانیاریانەیـان بڵاودەکـردەوە و ڕۆشـنایی دەخسـتە سـەر سیاسـەتی ڕاگواسـتن و بەعەرەبکردنـی ڕژێـم. ئـەم زانیاریانـە دەتوانـن بەنـرخ بـن بـۆ زیاتـر تێگەیشـتن لـەم سیاسـەتانە. هـەروەك لەژمـارەی (٤٦) بڵاوکراوەکـەدا هاتـووە" لـەم ماوەیـەی دواییـدا هەڤاڵانـی پارتیـمان توانیـان زیاتـر لـە (٢٠٠) دانـە لـە ڕۆژنامـەی الوقائـع العرقیـة ژمـارە (٢٨٥٦) کـە باسـی بـە عـەرەب کـردن بـە زۆر چووڵکردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان دەکات. دووبـارە چاپکەنـەوە لـە شـارەکانی کەرکـووک هەولێـر شـەقڵاوە بـڵاوی بکـەن[٢].

لـە مـاوەی سـاڵانی (١٩٨٦-١٩٨٨) هەڵمەتـی ڕاگواسـتن لـە ژێـر نـاوی بـاری نـا ئارامـی شـەڕ پـەرەی سـەندووە، هـەروەك لـە نووسراوێکـی فەرمـی پارێـزگای هەولێـردا ژمـارە (٦٤٩٣) لـە (٢ی شـوباتی ١٩٨٦) ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایەتـی تۆمـاری زەوی هەولێـر کـراوە، ئامـاژە بـە پێکهێنانـی لیژنەیـەك کـراوە، بـۆ ناحییەکانـی دیانـا، تەقتـەق و گوێـر، بەهەمـوو دێهاتەکانیانـەوە ڕاگواسـتنیان بـۆ ئـۆردوگا زۆرەملێـکان[٣]. سیاسـەتی بەعەرەبکـرن و ڕاگواسـتن لـە کوردسـتان حکومەتـی بەعـس خواسـتێکی لـە مێژینـەی بـەدی هێنـا، ئەویـش گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی ڕەهابـوو بـۆ ناوچەکانی کوردسـتان. گۆڕینـی دیمۆگرافیـای کوردسـتان و تێکدانـی ناسـنامەو کولتـوری کـوردی. بەپێـی ئامارێـك نزیکـەی ملیۆنێـک و چوارسـەد هـەزار کـەس لـە

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٦).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٦)، ٤/ ١/ ١٩٨٢، ل١٠.

(٣) ڕژێمی فاشی کوردستانێکی بێ کوردی دەوێ، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی یەکەم و دووەم، ١٩٨٧، ل٩.

کوردســتان ڕاگــوازراون، (٤٥٠٠) گونــدی کوردســتان تەختــی زەوی کــران، دانیشــتوانەکەی بــۆ ئــۆردوگا زۆرە ملێــکان گوازراونەتــەوە[1].

(١) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەمین پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢-١٢/ ١٩٨٩ل٢٧.

## باسی دووەم: تێکدانی گوندەکان

حکومەتــی بەعســی دوای نســکۆی شۆڕشــی ١٩٧٥ گونــدە ســنوورییەکانی باشــووری کوردســتان بــە قوڵایــی (٣٠)کــم ڕاگواســت ئەمــەش چەنــد ئامانجــی هەبــوو لەوانــە:

١. دابڕینــی هێــزی پێشــمەرگە لــەو ناوچانــە، چونکــە شــوێنێکی ســتراتیژی گرنــگ و لەباربــوو بــۆ شــەڕی پارتیزانــی، بــە ئامانجــی گەمارۆدانــی هێزەکانــی پێشــمەرگە حکومــەت گونــدە ســنوورییەکانی تێکــداو دانیشــتوانی ڕاگواســت بــۆ قوڵایــی شــارەکان.

٢. گواســتنەوەی دانیشــتوان بــۆ کۆمەڵــگا زۆرەملێــکان، ئەمــەش لــە ژێــر کۆنترۆڵــی حکومەتــدا بــوون، بــۆ ئــەوەی لــە هێزەکانــی پێشــمەرگە دایــان ببڕێــت.

٣. بڕینــی هــاوکاری و لۆجســتی هێزەکانــی پێشــمەرگە، چونکــە گونــدەکان هــاوکاری هێزەکانــی پێشــمەرگە بــوون لــە ڕووی لۆجســتی و پێداوســتییەکانیان. حکومەتــی بەعــس بەپێــی لیســتێک ئــەو گوندانــەی دیــاری کردبــوو، کــە دەبێــت بڕوخێنرێــت، دانیشــتوانەکەی چۆڵــی بکــەن. بــە پێــی پیلانێکــی داڕێــژراو هەرجــارە و چەنــد گوندێــک تەختــی زەوی دەکــران[1].

لــە (ســەرەتای ئەیلوولــی ١٩٨١)، ڕژێــم بڕیــاری دابــوو نزیکــەی (٨) هــەزار خانــوو لــە شــاری سلێمانی تێــک بــدات، ئــەم وێرانکارییــە بەشــێکی زۆری لــە گەڕەکەکانــی ( خەبــات هــەوارە بــەرزە چــوار بــاخ دەرگەزێــن

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل٢.

سەر شەقام کانیسکان) دەگرتەوە. ئەم وێرانکارییە بە بە دەیاها هەزار دانیشتووانی شار سەرگەردان و ماڵ وێران دەکرد، بەڵام بەهۆی جەنگی عێراق ئێران ڕژێم ئەم پیلانەی دوای خست. لە کاتێکدا کە ناو شار پڕببوو لە پەناهەندەکانی شارەکانی پێنجوێن و هەڵەبجە و سەید سادق، لە ئەنجامی جەنگی عێراق ئێران پەنایان هێناوبووە بۆ ناو شاری سلێمانی، ئەم کردەوەیەی بەعس مەبەستی بوو، جێگا بە هاووڵاتییانی کورد لێژ بکات و دەردەسەریان بۆ دروست بکات[١].

لەشاری کەرکووکیش بە عەرەبکردن درێژەی هەبوو، حکومەتی بەعس خێزانی کوردەکانی نیشتەجێی شاری کەرکووکی ئاگادارکردبووەوە کە شارەکە بەجێبهێڵن. بە بیانووی ئەوەی کەسوکاری پێشمەرگەن، لە نەخشەی ساڵانەی ڕژێمدا نزیکەی (٢٠) هەزار کەس لە خێڵەکانی عەرەبی هێنابووە ناو شاری کەرکووک، لە گەڕەکە کوردنشینەکان نیشتەجێ دەکران و خانوویان بۆ دروست دەکرا[٢].

سەبارەت بە شاری هەولێر حکومەت زۆربەی گوندەکانی قەزای چۆمانی ڕاگواستبوو، بەشێک لە دانیشتوانەکانی بۆ ئۆردوگای (مەلا ئۆمەر)، ڕاگواستبوو[٣]. لە (ناوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٨١)، حکومەتی بەعس عەرەبێکی زۆری لەشوێنی ماڵە کوردەکان لە قەراج نیشتەجێ کرد. هەروەها لە ناحییەی شێروان مەزن، ڕژێم دەستی کردبوو بە چۆڵکردنی دانیشتوانی ناحییەکە و گواستنەوەیان بۆ دەوروبەری هەولێر، ئەوەی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٠)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٣، ل٤.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٠)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٣، ل٤.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٠)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٣، ل٤.

جێـگای باسـە ڕژێـم هەمـوو خانووەکانـی بە بلـدۆزەر تەختـی زەوی کردووە، دای بڕیـبـوو لـە ئاوەدانـی. هەرچـی تایبەت بوو بە دهـۆک ڕژێمی بەعس (٢) هـەزار خانـووی لـە خـواروی ڕۆژهەڵاتـی شـاری دهـۆک نزیک سـەربازگەی دهـۆک دروسـت کـردووە، بـۆ نیشـتەجێ کردنـی خێزانـی سـەر ئەندامانـی دەزگای ئاسـایش، هەروەهـا نزیکـەی بیسـت بینـای چوار نهۆمی لـە ناوچەی جەمعیـە بەرامبـەر دائیـرەی هەیئـەی زراعـی دهـۆک دروسـت کـردووە، بـۆ نیشـتەجێکردنی خێزانـی ئەندامانی دەزگای ئاسـایش و ڕێکخراوەکانی بەعس لـە شـاری دهـۆک و هێنانـی عـەرەب بـۆ نـاو شـارەکە. ڕژێـم مەبەسـتی لـە نیشـتەجێکردنی عـەرەب لـە جێی ئەو هاونیشـتیمانییە کوردانە و سـڕینەوەی ناسـنامە و کولتـوری کـوردی بـوو لـە کوردسـتان[١]. لـە (٢٦ی شـوباتی ١٩٨٢) هێزێکـی زۆری حکومـەت پێکهاتبـوو لـە جـاش و سـوپا لەگـەڵ (١٦) هەلیکۆپتەر، هێرشـیان بردە سـەر گوندەکانی (کافیا، سـەراینی و بیرکەکۆری) لـە ناوچـەی نەهلە، ویسـتیان دانیشـتوانی ئـەو گوندانە ڕابگوێزن بـۆ ئۆردوگا زۆرەملێـکان، بـەڵام لـە لایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگە و دانیشـتوانی ناوچەکە بەرەنگارییـان بوونـەوە، ڕێگرییـان لـێ کـرا[٢].

ئەوەی جێگای سەرنجە حکومەت بڕی (١٩) هەزار دینار و خانوویەکی بۆ هەر ماڵە عەرەبێک لە شارەکانی باشووری عێراق تەرخان کردبوو، کە شوێنی خۆیان جێبهێڵن و لە شارەکانی باشووری کوردستان نیشتەجێ بن[٣].

لە ساڵی ١٩٨٥ حکومەت بە شێوەیەکی فراوانتر هەڵمەتی ڕاگواستن و تێکدانی

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٥)، ٢٦/ ١٠/ ١٩٨١، ل٥-٦؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٠/ ١/ ١٩٨٢، ل٦؛ اخبارکردستان، العدد (١٤٦)، تموز١٩٨٦، ص٢.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦٢)، ١٤/ ٣/ ١٩٨٢، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

گوندەکانـی دەسـت پێکـردەوە بـە تایبـەت ئـەو گوندانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگەدا بـوون، هەروەهـا ئـەو گوندانـەی لەسـەر ڕێـگا سـەرەکییەکانی نێوان شـارەکان دا بـوون و گونجـاو بـوون بـۆ بۆسـەنانەوە و شـەڕی گونـدەکان، هەربۆیە زۆربـەی گوندەکانـی سـەر ڕێـگا سـەرەکییەکانی ڕانیـە، دۆکان، سـلێمانی، کۆیـە و هەولێـر تێکـدران[1]. حکومـەت بەچـڕی کەوتـە جێبەجێکردنـی ئـەم پیلانـە. بۆ نموونـە (٤٣) گونـدی لـە پارێزگاکانـی سـلێمانی، هەولێـر، کەرکـووک وێـران کـرد، بـە بیانـووی ئەوەی ناوچـەی قەدەغەکـراون[2]. دوای ئـەوەی حکومەتی بەعـس بـە نیـازی وێرانکردنـی گونـدی قـەسرۆکان بـوو، دانیشـتووانەکەی بـۆ ڕێگـری لـەم هەڵمەتـە، بەهاوبەشـی لەگـەڵ هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە (٢٢ی ئابـی ١٩٨٥)، هێرشـیان بـردە سـەر ڕەبییەکانـی سـوپای عێـراق لـە دەوروبـەری دهـۆک. بەهـاوەن و ڕەشـاش و قازیفـە بنکـەی سـەدی گەلـی دهـۆک و بنکەکانـی ڕژێمیـان بۆردومـان کـرد. زیانێکـی زۆری گیانـی و مـاددی بـە هێزەکانـی ڕژێـم کـەوت[3].

سـەبارەت بـە بۆردومانکردنـی گوندەکانی باشـووری کوردسـتان بە چەکی کیمیایـی، لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە جیهانییـەکان، ڕۆژنامەیەکـی بەلجیکـی لـە ژمـارەی شـوباتی خۆیـدا وێنـەی وێرانکارییەکانـی ناوچـە کوردسـتانییەکانی کوردسـتانی عێـراق لەلایـەن حکومەتـی بەعـس بڵاوکردووەتـەوە و تێیـدا هاتـووە: "لـە ئەنجامـی بۆردومانـی چەندیـن گونـد بـە چەکـی کیمیایـی لـە لایـەن عێـراق، بـە تـەواوی وێـران بـوون، بەرپرسـیارێتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی زۆر گەورەیـە بـۆ ڕێگریکـردن لـە سیاسـەتی وێرانـکاری لـە

(١) ئەمین قادر مینە، س.پ، ل١٩٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٣)، تەموزی ١٩٨٥، دوا لاپەرە.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٤)، ئابی ١٩٨٥، ل٢

ناوبردنـی گونـدەكان، بەڵگـەكان ئامـاژە بـەوە دەكـەن كـە ڕژێمـی عێـراق لـە بەكارهێنانـی چەكـی كیمیایـی بەردەوامـە"[١].

ڕژێـم بـەردەوام بـوو لـە بۆردومانكردنـی دێهاتەكانـی كوردسـتان، لـە (ناوەڕاسـتی ئەیلوولـی ١٩٨٥)، دێهاتەكانـی سـەنگاو قەرەداغـی بۆردومانكـرد كـە بریتـی بـوو لـە گوندەكانـی (كچـان، ژاڵـە، هەزاركانـی، كیلەبـەرزە، كوشـان، ئەسـتیل، تەكیـە و بەلكەجـار). دێهاتەكانـی ناوچەكانـی گەرمیانیـش سـنووری چەمچەمـاڵ بریتـی بـوون لـە: (تەوركـەڵ، قوڵـە، عەسـكەر. لـە ناوچـەی شـارەزوریش گونـدی (قەرەگـول)، سـوتێنرا)[٢].

حكومـەت لـە سـوتاندن و بۆردومانكردنـی گوندەكانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە بـەردەوام بـوو، ڕۆژانـە فڕۆكـە جەنگییەكانـی سـوپا، بـە هەرەمەكـی لـە بۆردومانـی گوندەكانـی كوردسـتان بـەردەوام بـوو، بـێ گوێدانـە زیانـی مرۆیـی و مـاددی هاووڵاتیـان. ئەمـەش وایكردبـوو ترسـێكی زۆری لای دانیشـتوانی گونـدەكان دروسـت كردبـوو[٣]. بـۆ ناچاركردنـی جووتیـاران و خـاوەن زەویـەكان بـۆ جێهێشـتنی ناوچەكانیـان و گواسـتنەوە بـۆ شـار و ئـۆردوگا زۆرەملێـكان، ڕژێمـی بەعـس درێـژەی بـە هەڵمەتـی وێرانـكاری گونـدەكان دا. ڕژێـم بـە چاوسـاغی جاشـەكان هێرشـی بـۆ سـەر گونـدە كوردنشـینەكان ئەنجـام دەدا، جگـە لـەوەش، بـۆ ترسـاندنی دانیشـتووان و چۆڵكردنـی گونـدەكان بـە فڕۆكـە و تۆپخانـە بۆردومـان كـران. لـە (سـەرەتای كانوونـی یەكەمـی ١٩٨٦)، سـوپای عێـراق لەگـەڵ چەنـد

(١) اخباركردستان، العدد (١٧٢)، ١٦-٢٩شباط١٩٨٨، ص٥.
(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، دوالاپەڕە.
(٣) اخباركردستان، العدد (١٣٩)، كانوون الثاني، ص٢.

فەوجێکـی جـاش هێرشـێکی بەرفراوانیـان کـردە سـەر گوندەکانـی هەولێـر ناوچـەی شـەقڵاوە و سـماقوڵی و سـەروچاوەیان کـردە ئامانـج و دواتـر سـووتێنران. لـە (٦ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٦)، دا گونـدی قەرەتەمـور لـە ناوچـەی چەمچەمـاڵ لەلایـەن ڕژێمـەوە بـە تـەواوی ڕووخێـنرا[١].

لـە (شـوباتی ١٩٨٦) حکومەتـی بەعـس ئـاگاداری سـەرجەم گوندەکانـی ناحیـەی تەقتـەق و کەندێنـاوە لـە پاێـزگای هەولێـری کـردەوە، کـە دەبێـت گوندەکانیـان چۆڵبکـەن و بگوازرێنـەوە بـۆ کۆمەڵـگا زۆرەملێـکان، بیانـووی حکومـەت ئەوەبـوو، ئـەو گوندانـە دەکەونـە ناوچـە قەدەغەکـراوەکان، حکومـەت پلانـی بـوو خەڵکـی لـە دێهاتەکانـەوە ڕووبکەنـە شـارەکان، چونکـە کۆنترۆڵکردنیـان لەشـارەکان ئاسـان دەبێـت، ئەمـەش قەیرانێکـی دیکـەی بـەدوای خۆیـدا هێنـا. بەپێـی ئامارێـك دەرکەوتـووە کـە نزیکـەی ٧٣٪ی کـۆی دانیشـتوانی پارێـزگای هەولێـر دەکەونـە نـاو ناوەندەکانـی پارێزگاکـەوە. ڕوونـە ئەمـە کێشـە و قەیـران بـۆ هاووڵاتیـان لـە هەمـوو چین و توێژەکانـی ژیانـدا دروسـت دەکات. بێجگـە لـە چڕبوونـەوەی دانیشـتوان لـە چەقـی شـارەکان، بـێ بـەش بـوون لـە خزمەتگوزارییـە سـەرەکییەکان، حکومـەت لـە ڕێگـەی داخسـتنی قوتابخانـەکان لـە گونـدەکان هاووڵاتیانـی ناچـار دەکـرد بـۆ شـارەکان بگوازنـەوە، هـەر لـە مـاوەی جەنگـی عێـراق ئێرانـدا حکومـەت(٧٤٨) قوتابخانـەی لـە گوندەکانـی کوردسـتان داخسـتووە، بێجگـە لـە بێبەشـکردنیان لـە حزمەتگـوزاری تەندروسـتی[٢].

لـە (٢٩ ئـاداری ١٩٨٧) عەلـی حەسـەن مەجیـدی کـرد بـە سـکرتێری

(١) تدمير خمس قرى، صدى كردستان، العدد (٢٢)، أواخر شباط ١٩٨٦، ص٥.
(٢) اخباركردستان، العدد (١٥١)، كانون الاول ١٩٨٦، ص٨.

مەکتەبی ڕێکخستنی باکووری حزبی بەعس و دەسەڵاتی ڕەهای پێدرا[١]. بڕیار و ڕاسپاردەکانی ناوبراو دەبوو بە پەلە و بە وردی جێبەجێ بکرێت. دوای دەستبەکاربوونی ناوبراو، تێکدانی گوندەکان و فشار خستنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، بە شێوەیەکی چڕ کاری لەسەر کرا، بۆ ئەو مەبەستە پرۆسەکە بە دوو قۆناغ جێبەجێ کرا، قۆناغی یەکەم لە (١٢ی نیسان تاکو ٢١ی ئایاری ١٩٨٧) بەردەوام بوو، قۆناغی دووەم لە (٢١ی ئایار تاکو ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨٧) بەردەوام بوو. هەروەها کۆمیتەیەک پێکهێنرا بۆ چاودێری و جێبەجێکردنی تێکدانی گوندەکان، عەلی حەسەن مەجید کە بە وردی چاودێری ئەو پرۆسەیەی کردووە ڕایگەیاندووە: "نابێت یەک خانوو بەپێوە بمێنێت"[٢]. بە گوێرەی پلانەکە دەبوو پرۆسەی ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان لە یەک کاتدا بن، ڕێگا بە گوندنشینەکان بدرێت خانووەکانیان چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی نەبێتە پەناگەیەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی تێکدانی گوندەکان لە قۆناغی یەکەم سەرەتا لەو گوندانەوە دەستی پێکرد[٣]، کە لە شارەکان و ڕێگا سەرەکییەکانەوە نزیکن، لەبەرئەوەی حکومەت بە مەترسی لەسەر ئاسایشی شارەکانی هەژماردەکرد. هەروەها وێرانکردنی گوندەکانی نزیک شارەکان پێویستی بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی

(١) شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠٠٣).ل٢١٤-٢١٥.

(٢) میدڵ ئیست ووچ، جینۆساید لەعێراق دا (پەلاماری ئەنفال بۆ سەر گەلی کورد)، و: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی،٢٠٠٤، ل١٠٦-١٠٨.

(٣) منظومة استخبارت العسكرية العراقية، ع (١٥٥٧٧)، ١٩٨٧/٥/٢١.

گـەورە نەبـوو، چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگەی تیایـدا کەمـە، لـە قۆناغـی دووەم ئـەو گوندانـەی لـە شـارەکان دوورن بوونەتـە پەناگـەی پێشـمەرگە لـە ناوچـە شـاخاوییەکان، لـە قۆناغـی سـێیەم ئـەو گوندانـەی دەکەوتنـە ناوچـە شـاخاوییە سـەختەکان، زۆرجـار بـە فڕۆکـە بۆردومـان دەکـران[١].

لـە (ناوەڕاسـتی نیسـانی ١٩٨٧)، ڕژێـم (٩٨٣) گونـدی تەختـی زەوی کـرد و دانیشـتوانەکەی ناچـار کـرد لـە کۆمەڵـگا زۆرە ملێـکان نیشـتەجێ بـبن[٢].

وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا لـەم دواییانـەدا ڕاپۆرتێکـی سـەبارەت بـە مافەکانـی مـرۆڤ لـە عێـراق بڵاوکـردەوە، کـە زانیاریـی لەبـارەی شـەڕەکانی سـوپای عێـراق لەگـەڵ پێشـمەرگە لـە ١٩٨٧ لەخۆگرتبـوو، لەڕاپۆرتەکـەدا هاتـووە: "ڕژێـم بەمەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـەوەی کوردسـتان هەڵمەتـی وێرانکاریـی و تەختکردنـی گونـدە کوردییەکانـی دەسـت پێکـرد، دانیشـتوانەکەیان ئـاوارە کـرد بـۆ ناوچەکانـی تـری حـوارووی عێـراق[٣]". ئالـن کۆیلـەن پەیامنێـری دەزگای ڕاگەیاندنـی نیویـۆرک تایمـز (New York Times) لـە (٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٨٧) لـە ڕاپۆرتێکـدا سـەبارەت بـە دۆخـی کوردسـتان نووسـیبووی: "نزیکـەی نیـو ملیـۆن کـورد لـە گوندەکانیـان دەرکـراون، لـە مـاوەی (٦) مانگـی ڕابـردوو، بـە لایەنـی کەمـەوە (٥٠٠) گونـد وێـران کـراون بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە نەتوانێـت پەنایـان بـۆ ببـات"[٤]. بەپێـی بەڵگـە فەرمییـەکان کـە حکومـەت ناوچـەی قەدەغەکـراوی ڕاگەیاندبـوو، ڕێگـەی نـەدەدا کـەس لـەو ناوچانـە نزیـک

(١) اخبارکردستان، العدد(١٥٥)، نیسان١٩٨٧، ص٣.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٥٩)، تموز١٩٨٦، ص١٣.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٧٢)، ١٦-٢٩شباط١٩٨٨، ص١١

(٤) اخبار کردستان، العدد (١٦٦)، ١٥ کانون الاول١٩٨٧، ص٦.

بێتــەوە هەرکەســێک لــەو ناوچانــە ببینرایــە ڕاســتەخۆ لەســێدارە دەدرا. ڕووبــەری ئــەم ناوچــە قەدەغەکــراوان زیاتــر لــە (٦٠) هــەزار کیلۆمەتــر چوارگۆشــەبوو. بــە پێــی نووسراوێکــی ڕێکخســتنی باکــوور ژمــارە (٢٨/٢٦٥٠ لــە ١٩٨٧/٢/٦)، بــاس لــە توندکردنــەوە گەمــارۆی ئابــووری بــۆ ســەر ناوچــە قەدەغەکــراوەکان دەکات، کوشــتنی هــەر مرۆڤێــک یــان ئاژەڵێــک کــە لــەو ناوچەیــە بوونــی هەبێــت، بەپێــی ئــەو فەرمانــە جینۆســایدی هەمەلایەنــەی نەژادپەرســتیی حکومەتــی بەعــس بــوو بەرامبــەر کــورد[1]. لــە ســاڵی ١٩٨٨ حکومەتــی عێــراق بڕیــاری تێکدانــی هەمــوو گونــدە کوردییەکانــی دەرکــرد، بەپێــی نووسراوێــك ئاراســتەی جێگــری فەرمانــدەی گشــتی هێــزە چەکــدارەکان و وەزیــری بەرگــری کــراوە، بــاس لــە چۆنیەتــی لێکۆڵینــەوە و نەخشــەکانی ســوپا و چاکســازی ناوچــەکان دەکات، هەروەهــا جەخــت لــە تێکدانــی هەمــوو گونــدەکان و نەهێشــتنی هیــچ خانوویــەک دەکاتــەوە، تەنانــەت بــۆ گــەڕان بــە ســەر گونــدە ڕووخــاوەکان ســوود لــە فڕۆکــە وەرگیــراوە بــۆ ئــەوەی دڵنیــا ببنــەوە کــە پرۆســەکە بــە تــەواوی جێبەجێکــراوە[2]. بــە پێــی بروســکەیەکی نهێنیــی لێژنــەی ئەمنیــی شــەقڵاوە لــە (١٧ی کانوونــی دووەمــی ١٩٨٨)، کــە ئاراســتەی قایمقامــی قــەزای شــەقڵاوە و دەزگا ئەمنییــەکان کــراوە، تێیــدا هاتــووە: "ئاگادارکردنــەوەی دانیشــتووانی گونــدی سیســاوە بــۆ چۆڵکردنــی گوندەکەیــان لــە مــاوەی ســێ ڕۆژدا و گواســتنەوەی دانیشــتووانەکەی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٦).

(٢) نەخشەی قەڵاچۆکردنی کورد درێژەی هەیە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژمارە (١٠)، (تشرینی یەکەمی ١٩٨٨)، ل٢.

بـۆ ئـۆردوگا زۆرەملێـکان"[١]. لـە (نیسـانی ١٩٨٨) حکومەتـی بەعـس لـە هـەردوو پارێـزگای کەرکـووك و سـلێمانی نزیکـەی (٥٨٠) گونـدی سـوتاندووە، (١٦) هـەزار هاووڵاتـی مەدەنـی دەسـتگیرکراوە و شـوێن بزرکـراون، نزیکـەی (١٥) هـەزار ئافـرەت و منـداڵ زیندانـی کـراون[٢].

لەبەیاننامەیەکـدا پارتـی هێرشـەکانی ڕژێمـی بەعـس بـۆ سـەر ناوچـە ئازادکراوەکانـی دهـۆک و نەینـەوا شـەرمەزار دەکات. لـە بەیاننامەکـەدا تیشـک خراوەتـە سـەر هێرشـی سـوپای عێـراق لـە (٢٥ی ئابـی ١٩٨٨)، تاوەکـو (کۆتایـی ئەیلوولـی ١٩٨٨)، بەدەسـتی ڕژێـم (٤٥٠)، گونـد ڕوخێـنران و دانیشـتوانەکەی ئـاوارەی تورکیـا و ئێـران بـوون[٣].

---

(١) لجنة شقلاوة الأمنية، برقية سرية وفورية، رقم المنشئ (ل.م)، ١٩٨٨/١/١٧.

(٢) عام أستنثنائي في تأريخ كردستان, خەبات, العدد (٥٨٧), كانون االثاني ١٩٨٩, ص٤.

(٣) ٢٥ی ئابـی خوێنـاوی- بەیاننامـەی مەکتەبـی سیاسـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ٢٢/ئابـی ١٩٨٨ .

## باسی سێیەم: زیندانیکردن و لە سێدارەدان

لە سێدارەدان و چەوسانەوەی کورد لەلایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە بەشێک بوو لە هەڵمەتێکی فراوان بە ئامانجی ئەوەی ترس لەنێو دانیشتوانی کوردستان دروست بکات و ڕێگری لە شۆڕش و خەباتی چەکداری کوردی بکات، لە سێدارەدان و چەوسانەوەی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، بە تێکەڵەیەک لە پاڵنەری سیاسی، نەژادی و ستراتیژی بەڕێوەچوو. ئەم کردەوانە پێشێلکارییەکی گەورەی مافەکانی مرۆڤ بوون و ئەنجامی نەرێنییان هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب. هەڵمەتی دەستگیرکردن و لە سێدارەدان دوای دەست بەکاربوونی سەددام حوسێن وەك سەرۆك کۆماری عێراق برەوی پێدرا، وەك کارتێکی گوشار دژی نەیارانی بەکاری دەهێنا، وەك لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردونی نێودەوڵەتی هاتووە: "تەنها لە ساڵی ١٩٧٩ نزیکەی (١٠) هەزار هاونیشتیمانی عێراقی بە تۆمەتی سیاسیی گیراون" بارودۆخی ئەو زیندانیانە لەوپەڕی خراپی دابوو، ئەشکەنجەی جەستەیی و مەعنەوی دەدران، بەوپەڕی دڕاندانە هەڕەشەی ئابڕوبردنیان لێ دەکرا، لە بەرچاوییان تەعەدای ناموسیان لێ دەکرا[١]. دوای بێ هیوا بوونی دەزگا ئەمنییەکان لە دان پێدانانی دەستگیرکراوە سیاسییەکان ئاشکراکردنی ڕێکخستنە حزبییەکان و شوێنی پێشمەرگە، دەسەڵاتدارانی بەعس توندترین شێوە لە ناوی دەبردن، وەك ژەهرخوارد کردن، ئازاردنی جەستەیی و بڕینی ئەندامانی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠) ١٩٨١/١/١، ل٨.

جەستەی[١]، بۆ نموونە هێزەکانی ڕژێم لە شاری چەمچەماڵ ئافرەتێکیان دەستگیر کرد، تا بنکەی پۆلیس بە قۆناغە تفەنگ لەو ئافرەتەیان دەدا نەگەیشتە بنکەی پۆلیس ئافرەتەکە گیانی لەدەست دا[٢].

بەپێی ئامارێک لە لەلایەن لیژنەیەکی فەرەنسی بڵاوکراوەتەوە لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (لیژنەی تیرۆر)، ژمارەی ئەو زیندانییە سیاسیانەی لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید کراون تەنیا لەساڵی ١٩٨٢ نزیکەی (٧٩٨) کەسن[٣]، بۆ گوشارکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، حکومەتی بەعس زیندانەکانی پڕکردبوو لە کەسوکار و خێزانی پێشمەرگە، حکومەتی بەعس هەزاران ئافرەتی خێزانی پێشمەرگە دایک و خوشکی بە دیل گرتبوو کە لەبارودۆخێکی سەختدا دەژیان، بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی شوێن و پێگەی پێشمەرگە، مامەڵەیەکی توندی لەگەڵ دەکردن، بەڵام هیچی دەست نەدەکەوت، تەنانەت ژەهری دەخستە ناو خواردنەکانیانەوە، زۆرجار وەک نارەزایی لە خواردن و خواردنەوە مانیان دەگرت[٤]. بە پێی هەواڵێك لە لقی یەکی پارتی لە دهۆك بڵاوکراوەتەوە، خێزان و منداڵەکانی پێشمەرگە لەگرتوخانەی مەفرەقی زاخۆ دهۆك مانیان لەخواردن و خواردنەوە گرتبوو، ئەمەش وەك گوشارێك بۆ دەزگا ئەمنییەکانی بەعس و بەردانیان، وێرای هەوڵی بەرپرسانی بەندینخانە بۆ شکاندنی مانگرتوان، خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە سوربوون لەسەر داواکانیان و بەردانیان،

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٣)، ١٩٨١/٨/١، ٦.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٣)، تەمووز ١٩٨٥، ل١-٢.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦٩)، ٣٠/ ٣/ ١٩٨٢، ل٨.
(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦١)، ١/ ٣/ ١٩٨٢، ل٥.

ئەمــەش پارێــزگاری دهۆکــی ناچارکــرد ســەردانی بەندیخانەکــە بــکات، گیــراوان بەرامبــەر پارێــزگار وتافیــان "بــۆ ســەرکەوتن بــۆ شۆڕشــی کــورد" دەوتــەوە[1]. هەروەهــا لقــی یەکــی پارتــی لــە ڕاپۆرتێکــدا بــڵاوی کرۆتــەوە لــە (١١ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٨١) ڕژێــم زیندانییەکانــی ژەهــر خــوارد کــردووە، کــە تووشــی ژانــە ســک و ئازاربــوون، زۆربەیــان کەســوکاری پێشــمەرگەبوون، بــەو هۆیــەوە هاووڵاتییــەک شــەهیدبوو کــە باوکــی پێشــمەرگەیەک بــوو[2]. حکومەتــی بەعــس توندتریــن ســزای زیندانیانــی دەدا، هــەر لــە ئەشــکەنجەی دەرونییــەوە تــا ئەشــکەنجەی جەســتەیی، تەنانــەت منداڵانــی ســاواش لــەم هەڵمەتــە بێبــەش نەکــراوە، بــۆ نموونــە لــە زیندانییەکــی بەغــدا لــە (١٨ی حوزەیرانــی ١٩٨١) منداڵێکــی ســاوا لــە پێــش چــاوی باوکــی ســوتێندراوە، لــە لایەکــی دیکــەوە ئــازاری جەســتەیی زیندانییــەکان دەدرا، وەک بڕینــی دەســت و قــاچ دەرهێنانــی چــاو هتــد[3]، ڕژێمــی بەعــس بــێ گوێدانــە مافەکانــی مــرۆڤ ڕەشــبگیری کەوتبــووە گرتنــی هاووڵاتییــان و لەســێدارەدانیان، تەنانــەت ئەوانــەی نەخۆشــی دەرونییــان هەبــوو واتــە (شــێت) بــوون، حکومــەت دەســتگیری دەکــردن، بــۆ نموونــە لــە گونــدی (هیزانکــی) ناوچــەی نەهلــە لــە زاخــۆ حکومــەت هاووڵاتییەکــی دەســتگیر کــرد و دواتــر لەسێدارەی دا، ئــەم هاووڵاتییــە نەخۆشــی دەروونــی هەبــوو، تاوانــی تەنیــا بریتــی بــوو لــەوەی کــە جنێــوی بــە ڕژێــم داوە[4].

بــۆ کۆنترۆڵکردنــی پارێزگاکانی باشــووری کوردســتان، دەســەڵاتێکی زۆری بە

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩)، ١٩٨١/٦/١، ل٦

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٢)، ١٣/ ١٢/ ١٩٨١، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٧)، ٢٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٨)، ١ی تشرینی یەکەم ١٩٨٣/ ل٣.

بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنیی پارێـزگاکان دابوو[1]، پارێزگار هیچ دەسـەڵاتێکی نەبووە بـە سـەریاندا، بەڵکو ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی (ئەمنی عامـة) بوون، بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـي پارێـزگاکان زۆر بـە تونـدی هـەر بەرهەڵسـتکارێکیان سـەرکوت دەکـرد، بـێ ئـەوەی کـەس دەسـەڵاتی لێپێچینـەوەی هەبێـت[2]. بۆیە بـە بیانـووی جیاجیـا دەزگا ئەمنییەکان هەڵیان دەکوتایە سـەر ماڵـی هاووڵاتییان و دەیـان پشـکنی، گومانیـان لە هەر کەسـێک بکردابا کە پاڵپشـتی پێشـمەرگەیە یـان کەسـێکی نزیکـی لەنـاو شـۆڕش دایـە، لەلایەن هێـزە ئەمنییەکان دەسـتگیر دەکـرا، حکومەتـی بەعـس بەندیخانـەی بـۆ گیـراوە سیاسـییەکان و کەسـوکاری پێشـمەرگە لە شارەکانی هەولێر، سـلێمانی، دهۆک، کەرکووک و مووسڵ دروست کردبـوو و بـە بیانـووی جۆراوجۆر خەڵکی دەسـتگیر دەکـرد، چاودێری ئەمنی لـە شـار و تەنانـەت گوندەکانیـش دانابـوو، بـۆ نموونـە لـە گونـدی (خیـزاوە) ی سـەربەناحییەی باتوفـە دانیشـتوانی گونـد دەرچووبـوون بـۆ کۆکردنـەوەی دار بـۆ سـوتاندن، چونکـە نـەوت نەبـوو، دوای گەڕانەوەیـان، پۆلیسـی دەزگا ئەمنییـەکان دانیشـتوانی گوندەکەیـان بەتۆمەتـی هاوکاریکردنـی

---

(١) دیـدار لەگـەڵ شـێخەڵڵا ئیبراهیـم، هەولێـر، ٢٠٢٢/٧/٦. ناوبـراو لـە سـاڵی (١٩٤٧) لـە گونـدی جاسـتان لـە ناحیـەی دیبەگـە لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی (١٩٦٣) بووەتـە پێشـمەرگە، لـە (١٩٧٥) دوورخراوەتـەوە بـۆ باشـووری عێـراق، لـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دانەبـڕاوە و بـە نهێنـی سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی پارتـی لـە شـاری هەولێـر و دەوروبـەری کـردووە، لـە سـاڵی (١٩٨٠) ئاشـکرا بـووە و چووەتـە شـاخ، چەندیـن پۆسـتی حیزبـی و حکومـی وەرگرتـووە، ئێسـتا پەرلەمانتـاری خانەنشـینە.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕامی، ئێران، ٢٠١٩)، بەرگی یەکەم، ل١٣٢

پێشـمەرگە دەسـتگیرکرد، تەنیا چوار کەسـیان ئازادکـران[١]. تەنانـەت ئازادییە تاکەکەسـییەکانیش ڕێگـە پـێ نەدراوبـوو، بـۆ نموونـە هاووڵاتییـەک لـە سـلێمانی لـە گەڕەکـی گۆیـژە گیـراوە لەبەرئـەوەی تاوانـی ئـەو هاووڵاتییـە ئەوەبـووە کـە بیـنراوە گوێی لـە ڕادیۆ گرتـووە، چونکە ڕژێم پێـی وابووە گوێ لـە ئێزگـەی پێشـمەرگە گرتـووە[٢].

زیندانەکانی بەعس پڕ کرابوون لە کەسـوکاری پێشـمەرگە، بۆنموونە لە سـاڵی ١٩٨١، کەسـوکاری پێشـمەرگە لـە شـارەکانی هەولێـر، زاخـۆ، دهـۆک، سـلێمانی و هەڵەبجە، دەستگیرکراون و بۆ گرتووخانەکانی باشوور گواستراونەتەوە[٣]. نزیکەی (٦٠٠) ئافـرەت و منـداڵ لەگرتووخانـەی فەزیلە بەندکـراون و لە بارودۆخێکی سـەخت دابـوون، جگە لـە بەندینخانەکانـی هەولێر، سـلێمانی و کەرکووک[٤].

بارودۆخی زیندانییەکانی کورد زۆر سەخت بوو، ئەوانەی لەسەر کوردبوون و هاوکاری پیشمەرگە دەستگیر دەکران، بە ئەستەم ڕزگارییان دەبوو، بە تۆمەتی بێ بنەما لە سێدارە دەدران، بۆ نموونە لە لە (٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠) ڕژێمی سەددام حوسێن، (١٩) هاووڵاتیی کورد لە زیندانییەکانی مووسڵ لە سێدارە داوە[٥]، کەسوکاری پێشمەرگە ئامانجی سەرەکی ڕژێم بوون لە دەستگیرکردن و ڕاپێچ کردنیان بۆزیندان، بێ گوێدانە مافەکانی مرۆڤ ڕەچاوکردنی تەمەن، بەپێی ئامارێك نزیکەی (٦٠٠) ئافرەت

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٧)، ٢٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٩)، کۆتایی مارتی ١٩٨٥، ل٦.

(٣) ئێزگەی دەنگی کوردستان، وتار: ڕژێمی تاوانباری صەدام ڕۆژ لە دوا ڕۆژ تاوانی گەورەتر و زیاتر دەکا، ١٩٨١/٧/١٥.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٢)، ١٣/ ١٢/ ١٩٨١، ل١.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨٠، ل٢٣.

و منداڵ، خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە لەبنکەی پۆلیسی (فەزیلیە) لە بەغدا دەستگیرکراون و لە بارودۆخێکی ناهەمواردابوون[١]. بۆ نموونە: خێزانی پێشمەرگەیەك لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە دەستگیر کرابوو، لە زیندان منداڵی دەبێت، بەهۆی خراپی دۆخی نالەباری زیندان منداڵەکە دەمرێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕژێم ڕێگە نادەن منداڵەکە بنێژرێت، دوای سێ ڕۆژ مانەوەی تەرمی منداڵەکە ڕێگەیان بەناشتنی دا[٢]. تەنانەت تەرمی ئەو کەسانەی لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لە سێدارە درابوون ڕادەستی کەسوکاریان نەدەکرایەوە[٣]، لەهەمبەر سیاسەتی توندی حکومەتی عێراق توندی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەڵکی کوردستان، کوردانی سوریا و تورکیا ئێران لە ستۆکهۆڵم، وەك دەربڕینی ناڕەزایەتییەك مانیان لە خواردن گرت، بەرامبەر ئەو سیاسەت توندەی حکومەت لە هەمبەر خەڵکی باشووری کوردستان وەك گرتن و لە سێدارەدانی بێ شومار[٤]. سزای بەندکرن و لە سێدارەدان تەنیا هاووڵاتی کوردی نەگرتبووەوە، بەڵکو ئاشووری و تورکمان و کەمە نەتەوەکان و ئاینییەکانی دیکەش لەم هەڵمەتەی حکومەتی بەعس بەدەر نەبوون، بۆ نموونە لە (١٨-١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٨٢)، دەسەڵاتدارانی عێراق زیاتر لە (١٠٠) هاووڵاتی ئاشووری گرتووە، بەتاوانی چالاکی سیاسیی ئەم هاووڵاتیانە لەموسڵ و بەغداو هەولێر بەندکراون[٥]، هەروەك لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٣)، ١٩٨١/٨/١٩، ل٥.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٨)، ٢٨/ ئایار/١٩٨١، ل٤.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩)، ١٩٨١/٦/١، ل٧.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٢)، ١٩٨١/٨/٨، ل٨.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٨)، ٢٨ کانوونی یەکەم ١٩٨٢، ٩.

خۆیدا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ساڵی ١٩٨٣، ئاماری (١١٧) دەوڵەت وەرگیراوە، لە نێویاندا عێراق یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی کە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بووەتە شتێکی ئاسایی، (٣٠٠)، پێشێل کردن لەمافەکانی مرۆڤ لە عێراق تۆمارکردووە، پێمان وایە زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە[١].

حکومەتـی عێـراق بـەردەوام بـوو لەسـەر سـزای لـە سـێدارەدان، تەنانـەت ئەوانـەی ئامـادە نەبـوون بەشـداری شـەڕی دۆڕاوی (قادسـییە) جەنگی عێـراق ئێـران بکـەن، هـەر لـە مانگـی (شـوباتی ١٩٨٤)، حکومـەت زیاتـر لـە (١٠٠)، سـەربازی هەڵاتـووی جەنگـی لـە سـێدارەدا[٢]. تەنانـەت بەشـێك لەبەندکراوانـی نـاردووە بـۆ بەرەکانـی جەنـگ[٣]. ڕژێمـی بەعـس تەنیـا بـۆ مانـەوەی خـۆی ئامـادە بـوو، بـە ملیـۆن کـورد لـە سـێدارە بـدەن[٤] بـۆ نموونـە تەنیـا لـە مانگـی (تەمـوزی ١٩٨٤)، حکومەتـی بەعـس لـە زیندانـی ئەبوغرێـب (١٣٥)، هاووڵاتـی کـوردی لـە سـێدارە داوە[٥] .

حکومەتی بەعس لە (حوزەیران و تەموزی ١٩٨٥)، شاڵاوێکی گرتن و دەستگیر کردنی کەسوکاری پێشمەرگەی لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان دەست پێکرد، منداڵ و پیر و ئافرەت، کەسانی گەنجی دەستگیر دەکرد و ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی دەکرد، حکومەت ڕێگربوو لەبردنی کەلوپەل پێداویستی خێزانەکان لەگەڵ خۆیان، بەمشێوەیە دەیان خێزانی کوردیان، بە ئیڤای سەربازی بەزۆرەملێ گواستەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٨٤، ل١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٤)، ٢/ ٤/ ١٩٨٤، ل١٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧٧)، ٢٥/ نیسان/١٩٨٢، ل٣.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٥)، ٣٠/ ٤/ ١٩٨٤، ل٤.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٩)، ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٤، ل٤.

پێشمەرگە. ژمارەی ئەو خێزانانەی بەر ئەو هەڵمەتە کەوتبوون نزیکەی (٩٠٠) خێزان بوون. مەبەستی ڕژێم ئەوەبوو کاربکاتە سەر ورەی پێشمەرگە و دروست کردنی گیروگرفت بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە[١].

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەڕاپۆرتێکیدا لە (کۆتایی مانگی ئەیلوولی ١٩٨٥ تا ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥)، حکومەتی بەعس لە شاری سلێمانی نزیکەی (٣٠٠) منداڵی لە نێوان تەمەنی (١٠ بۆ ١٤) ساڵان دەستگیر کردووە، هۆکاری دەستگیرکردنی ئەم منداڵانە ئەوە بوو کە کەسوکاریی پێشمەرگەن، لە تۆڵەی چالاکییە سیاسییەکان یان ئەندامانی خێزانەکانیان دەستگیرکراون، بۆ گوشارخستنە سەر کەسوکاریان ناچاریان بکەن، خۆیان ڕادەستی دەسەڵات بکەن، بۆئەوەی زانیاری لەسەر جموجۆڵی کەسوکارەکانیان بدەنە دەزگا ئەمنییەکان[٢].

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکردەوە، ئەم ڕاپۆرتە سیاسەتی حکومەت بەعس و پێشێلکارییەکانی بەرامبەر زیندانە سیاسەکانی عێراق خستووەتەڕوو، لەوانە ئەو ئەشکەنجەی دەروونی، بڕینی دەست و قاچ و هەڕەشەکردن، لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ ..هتد، ئەوانەی لە سێدارە دەدران ڕێگە بە کەسوکاریان نەدەدرا پرسەیان بۆ دابنرێت، تەنانەت بە شێك لە سێدارەدروان تەرمەکانیان ڕادەستی خێزانەکانیان نەدەکرایەوەوە شوێن بزرکراون[٣].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٣)، تەمووز ١٩٨٥، ل١-٢؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٤)، ئاب ١٩٨٥، ل٧.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٣٩)، کانون الثاني١٩٨٧، ص١٠؛ اخبارکردستان، العدد (١٥٢)، کانوون الثاني١٩٨٧، ص١و٨.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٥٢)، کانوون الثاني١٩٨٧، ص١و٨.-

## تەوەرەی دووەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال

### باسی یەکەم: بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

حکومەتی عێراق بە بیانووی ڕێگە گرتن لە هێرشەکانی ئێران، چەکی کیمیایی بەکارهێنا، چەندین دامودەزگای گەورەی هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی تەرخان کرد، لە ساڵی (١٩٨٢)، عێراق هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کیمیاوی داوە، بەتایبەتی (گازی خەردەل) ی کووشندە، یەکەمین وڵات ئەو چەکە قەدەغەکراوەی فرۆشتبێ بەعێراق وڵاتی (سۆڤێت)ی جارانبووە، دواتر (ئیسپانیا)بوو!، پاشان وڵاتی (میسر)ی عەرەبی.

ئەو چەکە مەترسیدارە لەکارگەیەکی شارۆچکەی (سامەڕا) لەپارێزگای (تکریت) پڕ دەکران، هەروەها لەکارگەیەکی تریش لە ناوچەی (شەڕگات) نزیک (ڕووتبە)ی سەرسنووری (ئوردن).

دواتر چەندین کۆمپانیای جیاجیا لەووڵاتانی وەکو (ئەڵەمانیا و بەلژیکیا و دانیمارک و تەنانەت لوبنان)ی عەرەبیش چەکی کیمیاویان دەفرۆشت بەعێراق زۆر بەنهێنی و تایبەت بەکارهێنانی دژی نەیارەکانی کاتێک کاردانەوەی جیهانی بەرانبەر بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لاوازبوو[١]. ئەمەش دەستی حکومەتی واڵا کرد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بۆ یەکەم جار حکومەتی عێراق لە (تەمووز و ئابی ١٩٨٣) چەکی کیمیایی بەکارهێنا، وەک کاردانەوەیەک بۆ ڕێگری هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران[٢]، بەپێی

(١) الحرب العراقية-الايرانية، بيير رازو، ترجمة فلاح حسن الأسدي، بغداد، ٢٠٢٣، ص٣٧٥
(٢) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٥٣.

نووسراوێکی نهێنیی لە کەرتی زاخۆ (قاطع زاخو) داوای (٤٠٠٠) دەمامکی دژە گاز کراوە، بە مەبەستی پاراستنی هێزەکانی سوپای عێراق لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە[(١)]، هەروەک لە بانگەوازێکی پارتی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نیازی بەغدای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هاووڵاتییانی مەدەنی ڕونکردووەتەوە، چونکە پێشمەرگە کەرستەیەکی زۆری خۆپارێزی لە چەکی کیمیایی لە ناوچەی ئامێدی دەست بەسەردا گرتووە، دۆزینەوەی ئەم کەرستانەش بەڵگەیە لەسەر نیازی حکومەتی بەعس لە بەکارهێنانی غازی کیمیایی دژی نەیارەکانی[(٢)]. لە (١٥ی نیسانی ١٩٨٧) حکومەتی بەعس چەکی کیمیایی بەکارهێنا، بۆردومانی بارەگاکانی (ی.ن.ک) ی لەقەرەداغ گوندەکانی دەوروبەری، بارەگاکانی (پ.د.ك) لە بادینان کرد کە بووە هۆی شەهید و برینداربوونی ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنی[(٣)]. دواتر لە (١٦ی نیسانی ١٩٨٧) گوندەکانی یاخسەمەر، هەڵەدن، بەرگەڵو، سەرگەڵو و شێخ وەسان و بالیسان بە بۆمبی کیمیایی بۆردومان کران، بووە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە (١٣٠) هاووڵاتیی مەدەنی و برینداربوونی (٢٨١) کەس[(٤)].

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕژێمی سەدامی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕدا ئیدانە کرد، ئەمەش دوای دۆزینەوەی کۆمەڵێک پاشماوەی بەکارهێنانی ئەو چەکە لەبەرەکانی جەنگ، چەندین لیژنەی پسپۆڕ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی

(١) امر قاطع زاخو، سري وفوري، رقم المنشئ (٤١٨١)، ١٩٨٧/٦/٢٨. وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٥)، کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل١٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٧).

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٥٧)، ايار١٩٨٧، ص٢.

(٤) بيان الاحزاب الكردية، حول قصف كردستان بالأساحلة الكيمياوية، . ١٩٨٧/٤/١٨.

بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە شەڕدا پێکهێنراون.

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە چوار ئەندام پێکهاتبوون، سەردانی بەرەی جەنگیان کرد لە هەردوو لایەنی ئێران و عێراق، هەروەها سەردانی ئەو نەخۆشخانەیان کرد کە ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو چەکانە برینداربوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە ڕاپۆرتێکدا پێشکەش بەنەتەوە یەکگرتووەکان کران. کە عێراق گازی (DDL) و گازی دەمار و فۆجینی بەکارهێناوە نەک تەنیا دژی شەڕ، بەڵکو دژی هاووڵاتیانی مەدەنیشن، بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایش بەیاننامەیەکی دژی ڕژێمی سەدام بڵاوکردەوە، بەکارهێنانی چەکی کیمایی لە لایەن حکومەتی عێراق ئیدانەکرد، چونکە بەپێی پرۆتۆکۆڵی جنێڤ ساڵی ١٩٢٥، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەشەڕدا قەدەغەکراوە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە عێراق و ئێران کردووە، پابەندبن بە بڕگەکانی پرۆتۆکۆلەکە، بەڵام سەرەڕای ئەم ئیدانە ڕوونە، ڕژێمی عێراق بەبێ ئەوەی هیچ گوێ بەبنەماو پڕەنسیبە نێودەوڵەتییەکان بدات، درێژەی بە بەکاهێنانی ئەم چەکەداوە. دژ بە هێزەکانی پێشمەرگە و پاسدارانی ئێران[1]. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە بەیاننامەیەکدا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی بەعس لە نزیک شاری سەردەشت لە (٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧) پشتڕاست کردەوە کە بووە هۆی گیانلەدەستدانی دەیان کەس و بریندابوونی زیاتر لە (٦٥٨) [2].

جێگای ئاماژەیە لە ڕاگەیاندنەکانی بەریتانیا، وێنە و بەڵگەفیلمی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە ٣٨).
(٢) اخبارکردستان، العدد (١٥٩)، تموز١٩٨٧، ص٢.

قوربانیانــی بۆردومانــی گونــدە کوردنشــینەکانی کوردســتان بڵاوکــردەوە، نیشــانەکانی گازی ژەهــراوی و ســووتانی تونــد و پەڵــەی گــەورەی زەرد لەســەر پێســتی منــداڵان و بەســاڵاچووان دەرکەوتووبــوو، هەروەهــا بەرکەوتووانــی چەکــی کیمیایــی بــۆ ڕێگــری لــەو چەکــە پارچــە قوماشــیان لەســەر دەموچاویــان دادەنــا، فیلمەکــە چەنــد خولەکێکــی خایانــد کــە سیاســەت و وێرانکارییەکانــی بــە دیکۆمێنــت و بەڵگــە فیلمــی ڤیدیۆیــی نیشــانی ئامادەبــووان درا[١].

لــە ســاڵی ١٩٨٨، حکومەتــی بەعــس بــە مەبەســتی کۆتاییهێنــان بەخەباتــی چەکــداری کــوردی بــە شــێوەیەکی فراوانــتر چەکــی کیمیایــی بەکارهێنــا، لــە (١٦ی ئــاداری ١٩٨٨) لەشــاری هەڵەبجــە نزیکــەی (٥) هــەزار هاووڵاتــی مەدەنــی بەهــۆی چەکــی کیمایــی شــەهیدکران، زیاتــر لــە (١٠) هــەزار کــەس بریننــدار بــوون[٢]. ئەمــەش لــە میدیــا جیهانییەکانــەوە دەنگدانەوەیەکــی زۆری بــەدوا خۆیــدا هێنــا، چونکــە وێنــە و ڤیدیــۆی قوربانییــەکان بــە دیکۆمێنــت کرابــوون. ئەمــەش بــووە هــۆی لابردنــی ئــەو ماســکەی کــە عێــراق بــەردەوام هەواڵــی بــە کارهێنــای چەکــی کیمیایــی لەلایــەن هێزەکانــی هەواڵــی هەڵبەســتراوی پیلانــی ئێرانــی دادەنــا بــۆ لەکەدارکردنــی عێــراق. بــەڵام کاتێــك ئــەم ڕووداونــە بــە دیکۆمێنــت کــران و پێشــانی جیهــان دران، ڕووی ڕاســتەقینەی حکومەتــی بەعــس بــۆ جیهــان ئاشــکرابوو، بۆیــە لایەنــی نێودەوڵەتــی بێدەنگــی شــکاند و پرســی کــوردی بــووە

(١) اخبارکردستان، العدد (١٧٢)، ١٦-٢٩شباط١٩٨٨، ص٥.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٧٩)، ١-١٥حزیران١٩٨٨، ص٧؛ ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەمین پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢-١٢/ ١٩٨٩ل١٥.

بابەتــی نیگەرانــی نێودەوڵەتــی، ڕۆژنامــەی گاردیانــی بەریتانــی لــە (١٥ی ئەیلوولــی ١٩٨٨)، بابەتێکــی بڵاوکردووەتــەوە تێــدا هاتــووە: ڕۆژنامەوانــی بەریتانیــا ڕەخنــە لــە بێدەنگــی وڵاتانــی ڕۆژئــاوا دەگرێــت، حکومەتــی بەعــس گازی لــە دژی دەیــان کــەس لــە کوردســتان بەکارهێنــاوە، داوا لــە نەتــەوە یەکگرتــووەکان دەکات بــە خێرایــی دەســتوەردان بــکات، بــۆ ڕێگــری لــە بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی[1]. لەلایەکــی دیکــەوە ســوپای عێــراق لــە گونــدی بــازی کــە دەکەوێتــە باکــووری چیــای مەتیــن لــە قــەزای ئامێــدی، (٢٩٨٠)، هاووڵاتــی مەدەنــی کــە لــە نێویانــدا منــداڵ و ژن و پیــاو هەبــوون بــە هــۆی بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی شــەهیدکرد[2]. لــە ( ٤ و ٥ی ئایــاری ١٩٨٨)، هێزەکانــی ڕژێــم گوندەکانــی گۆپتــە و عەســکەر، سوشــکە، شــێخان و چەمــی ڕێــزان، بــە چەکــی کیمیایــی بۆردومــان کــردووە. ئــەم بۆردومانانــە بــووە هــۆی شــەهیدبوونی (١٠٠) هاووڵاتــی مەدەنــی و برینداربوونــی زیاتــر لــە (١٠٠) کەســی دیکــە. ســەرەڕای ئــەوەی بڕیارنامــەی ئەنجومەنــی ئاسایشــی نەتــەوە یەکگرتــووەکان کــە بەکارهێنانــی چەکــی کیمیاویــی شــەرمەزار کــرد، بــەڵام ڕژێمــی بەعــس بــە بەکارهێنانــی ئــەو چــەک قەدەغەکراوانــە بــەردەوام بــوو لــە هێرشــەکانی[3].

جێــگای ئاماژەیــە لــە کۆنفرانســی پاریس بــۆ قەدەغەکردنــی بەکارهێنانی چەکــی کیمیایــی، نوێنــەری (١٤٥) وڵات بەشــداربوون، کــە تێیــدا قڕکردنــی گەلــی کوردیــان بــە چەکــی کیمیایــی لەلایــەن حکومەتــی بەعــس

(١) اخبارکردستان، العدد (١٨٦)، ١٦-٣٠/ ٩/ ١٩٨٨، ص٤.

(٢) گەلی بازی، حلبجە اخر في كردستان، أخبار كردستان، العدد (١٨٥)، ١-١٥ أيلول١٩٨٨، ص٩.

(٣) السلاح الكيمياوي مرة أوخري، أخبار كردستان، العدد (١٨٣) ١-١٥أيلول ١٩٨٨، ص٢.

ئیدانەکـرد، هەورەهـا فلمـی دیکۆمێنتـاری دەربـارەی کیمیابارانکردنـی هەڵەبجـە و تێکدانـی گونـدەکان نمایـش کـرا. هەمـووان گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی کـە بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی لـە لایـەن ڕژێمـی عێراقـەوە مەترسـیە بـۆ دووبـارە بەکارهێنانـەوەی ئـەم چەکـە، بۆیـە دەبێـت ڕێگـری لـێ بکرێـت عێـراق لـەم چەکـە دابماڵرێـت[١].

تەکتیکـی حکومـەت لـە بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی دژی هێزەکانـی پێشـمەرگە، ئەوەبـوو کـە سـەرەتا بـە بۆردومانکـردنی پێشـمەرگە دەسـتی بەهێـرش دەکـرد، تاوەکـو پەنـا ببنـە بـەر حەشـارگەکانیان، دواتـر بـە کیمیایـی لـە پێشـمەرگە بـدەن بۆئـەوەی زۆرتریـن زیانیـان پـێ بگەیەنـن، بـەڵام هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە کاتـی بۆردومـان بـە چەکـی کیمیایـی بـە قـەد پاڵـی شـاخەکان دەمانـەوە[٢]. حکومەتـی بەعـس بـۆ دوو مەبەسـت چەکـی کیمیایـی بەکارهێنـا، یەکەمیـان بـۆ تێکشـکاندنی ورەی خەڵـک و پێشـمەرگە. دووەمیـان بـۆ ئـەوەی زۆر بـە خێرایـی بـە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە زاڵ بێـت و سـەرکەوتن مسـۆگەر بـکات. بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی کاریگـەری لـە هێرشـەکان دەرکـەوت و سـەنگەری بـە پێشـمەرگە چـۆڵ کـرد[٣]، چونکـە هێـزەکانی پێشـمەرگە هیـچ ئامرازێکـی خۆپاراسـتنیان لـە چەکـی کیمیـاوی نەبـوو. حکومـەتی بەعـس خاڵـی لاوازی پێشـمەرگەی دەزانی، کـە ناتوانـن بەرانبـەر چەکـی کیمیایـی خۆیـان بپارێـزن[٤]. بەکارهێنانـی

(١) اخبارکردستان، العدد (١٩١)، کانوونی ٢ ١٩٨٩، الصحفه الاخیرة.

(٢) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٢٩٣.

(٣) عادل سدیق، کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران عێراقدا هەڵەبجە بە نموونە، نامەی ماستەری بڵاو نەکراوە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل٥٦-٥٧.

(٤) عومـەر محەمـەد، پەلامـارە سـەربازییەکانی ئەنفـال، چاپخانـەی کەمـال، سـلێمانی،

چەکی کیمیاوی عێراق هەڵەیەک بوو کە سەددام ئەنجامیدا، چونکە ناوبانگی عێراقی لەکەدارکرد و پرسی کوردی کردە بابەتی نیگەرانی نێودەوڵەتی. ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی نووسیویەتی: بەریتانیا ڕەخنە لە بێدەنگی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەگرێت حکومەتی بەعس گازی لە دژی دەیان کەس لە کوردستان بەکارهێناوە، بۆ قوربانیانی تاوانەکانی سەدام داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بە خێرایی دەستوەردان بکات. بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی[1].

٢٠١٣، ل٩١-٩٢.

(١) اخبارکردستان، العدد (١٨٦)، ١٦-٣٠/ ٩/ ١٩٨٨، ص٤.

## باسی دووەم: ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال

حکومەتی بەعس لە ماوەی نێوان (٢٣ی شوبات تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨) ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی دەست پێکرد، دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستانی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق گواستەوە و زۆربەیانی زیندەبەچاڵکرد(١). ئەنفالی یەک: ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی گرتووەتەوە، لە (٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ تا ١٩ی ئاداری ١٩٨٨)ی خایاند(٢). ئەنفالی دوو: لە ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان دەستی پێکرد، لە (٢٢ی ئاداری ١٩٨٨ تا ١ی نیسانی ١٩٨٨) خایاند(٣)، ئەنفالی سێ: ناوچەکانی گەرمیان لە (٧ی نیسانی ١٩٨٨ تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨) خایاند(٤)، ئەنفالی چوار: کورتترین شاڵاوی ئەنفال بوو کە دۆڵەکانی زێی بچووکی گرتەوە لە (٣-٨ی ئایاری ١٩٨٨) خایاند(٥)، ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت:ئەم سێ قۆناغە پێکەوە دەستی پێکرد، مەبەست لە پەلامارەکان تێکشکاندنی ورەی هێزی پێشمەرگە بوو، ناوچەکانی سەفین و خۆشناوەتی، هەندرێن و قەڵاتۆکان، دۆڵ و چیاکانی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، بڕوانە: زوزان ناسر مستەفا، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ لکوردستانی دەرئەنجام کاردانەڤە ٢٣ی شوبات ١٩٨٨ تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

(2) Micheal J. Kelly: Ghosts of Halabja (Saddam Hussein and The Kudish Genocide) PSl publishers, London, 2008, p24.

(٣) ئەبوبەکر محمد حاجی شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان ئەنفالی چوار، چاپخانەی کارۆخ، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٢٠.

(٤) شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (٢٠٠٣).ل٩٨-١٠١.

(٥) ئیدریس ئۆمەر گۆمبەتی، ئەنفالی زێی بچوک، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢،ل١٧-١٨.

شـەقڵاوە و ڕەوانـدزی گرتـەوە مـاوەی (١٥-٢٦ی ئایـاری ١٩٨٨) خایانـد(١)، لـە (٧ی ئابـی ١٩٨٨) عەلـی حەسـەن مەجیـد لـە کۆبونەوەیەکـدا لەگـەڵ دەسـتەی ئـەرکان و بەڕێوەبەرایەتـی جموجۆڵـی سـەربازیی و هێـزی ئاسـمانی بڕیاریـان دا کۆتایـی بـە هێزەکانـی پێشـمەرگە بهێنـن(٢). دوای ئـەوەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بڕیـاری ڕاگرتنـی شـەڕی دا لـە (٨ی ئـابی ١٩٨٨)، ئـەو بڕیـارە بـۆ هێزەکانـی عێـراق سـەرکەوتنێکی گـەورە بـوو، بـووە هـۆی دابەزینـی وەرەی هێزەکانـی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق لـە (٢٥ی ئابـی ١٩٨٨) دوا سـەنگەری بەرگـری پێشـمەرگەی لـە خۆشـناوەتی و باڵەکایەتـی گـرت، ڕۆژی دواتـر سـەرکردایەتیی گشـتی هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق کۆتایـی کـردەکانی ئەنفالـی حەوتـی ڕاگەیانـد(٣).

ئەنفالـی هەشـت: لـە ناوچەکانـی بادینـان بەڕێوەچـوو مـاوەی (٢٥ی ئـاب-٦ی ئەیلـوولی ١٩٨٨) خایانـد[٤]. حکومەتـی بەعـس لـە لـە (٢٥ی ئابـی ١٩٨٨)، بـە چەکـی کیمیایـی هێرشـی بـۆ سـەر ناوچەکانـی بادینـان و سنووری ژێـر دەسـەڵاتی (پ.د.ک) دەسـت پێکـردووە، لـەو ئۆپەراسـیۆنەدا هـەزاران سـەرباز لـە هێزەکانی سـوپا و جاش بەشـدار بـوون، هەرچی گوند و ئاوەدانـی هەبـوو لەگـەڵ خاک یەکسـان کران. لـەم ئۆپەراسـیۆنەدا هێزەکانی پێشـمەرگە لـە هەوڵـی ڕزگارکردنـی جەماوەری ناوچـە ئازادکراوەکانـدا بوون،

---

(١) ئەسعەد جەباری، ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا (١٩٨٨/٣/٢- ١٩٨٨/٤/٧) مانشێتەکانی ڕۆژنامەی الثورة وەک نموونە، ب.ش، ٢٠١٥، ل٥٤.

(٢) یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوەیەکە لە پارێزگای هەولێردا، چاپی یەکەم، هەولێر،(٢٠٠١)، ل١٣٧.

(٣) شۆڕش حاجی، س.پ، ل١١٤.

(٤) عومەر محەمەد، س.پ، ل١٨١-١٨٥.

بۆ ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێران، بەڵام کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ڕێگا سەرەکییەکان گیرابوون[١]. نزیکەی (٤٤٨)، گوندی سووتاند و وێران کرد، دانیشتوانەکەی دەربەدەرکران هەزاران منداڵ و ژن و پیاو لەلایەن ڕژێمی عێراق دەست بەسەرکران[٢]، نزیکەی (١٢٠) هەزار کورد ئاوارەی تورکیابوون، بارودۆخیان لە خراپی دابوو، دابەشی چەندین کەمپ کرابوون، تورکیا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە توانای وەرگرتنی ئەو پەنابەرانەی نییە، بۆیە دۆخی ژیانیان لەمەترسی ڕادەست کردنەوەدابوو بە عێراق[٣]. ئەگەرچی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، هێزەکانی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بۆونەوە، بەڵام سەرەنجام سوپای عێراق توانی دوا گوندی کوردستان خاپوور بکات و دانیشتووانی ڕابگوازێت بۆ خوارووی عێراق، نزیکەی (١٨٠) هەزار کەس ئەنفال کران[٤]. لە هەموو قۆناغەکاندا بەکارهێنانی تەکتیکی گازی کیمیایی بە زۆری پێشمەرگەی دەکردە ئامانج، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی خەڵکی مەدەنی دەکوژران، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ؛ لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکی گوندەکان ناچار دەکران لە زێدی خۆیان هەڵبکەنرێن[٥]. دەتوانین بڵێین شاڵاوی ئەنفال زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددی بە کوردستان گەیاند، لەوانە:

١. کوشتنی بە کۆمەڵ و بێ سەر و شوێن کردنی دەیان هەزار هاووڵاتی.

---

(١) جرائم مروعة في محافظات دهوك نينوى واربيل، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٨٥)، (١-١٩٨٨/٩/١٥)، ص٦.

(٢) اخباركردستان، العدد (١٨٥)، ١-٩/١٥/ ١٩٨٨، ص١.

(٣) اخباركردستان، العدد (١٨٧)، ١-١٥ تشرين الأول ١٩٨٨، ص٧.

(٤) عومەر محەمەد، س.پ، ل٢٠-٢١.

(٥) یوست هێڵتەرمان، س.پ، ل٣٦٨.

٢. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناویاندا گازی سوتێنەر و خنکێنەری خەردەل و سیانید.

٣. وێرانکردن و سووتاندنی زیاتر لە (٢٠٠٠) گوند و دەیان شارۆچکە و یەکەی ئیداری[١].

٤. کوشتن و بەتالان بردنی هەموو سەروەت و سامانی ئەنفال کراوان لە لایەن جاشەکان و سوپای عێراق.

٥. دەستگیرکردنی دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و ڕاپێچ کردنیان بۆ خوارووی عێراق.

٦. لەناوبردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و تێکدانی زەوی کشتوکاڵی و بەتالان بردنی ماڵ و سامانی خەڵکی[٢].

ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال زیاتر لە (٦) مانگی خایاند، ڕاگواستن و ئاوارە بوونی زیاتر لە (١,٥٠٠,٠٠٠) خەڵک کاولبوونی (١١) شار و شارۆچکە و قەزا خاپوورکردنی زیاتر لە (٣٠٠٠) گوندی لێکەوتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی بەتەواوی لەو شاڵاوانە لە ناوبران لە نێوان (١٨٠-١٨٢) هەزارکەس دەبوون[٣]. حکومەتی بەعس لە ڕێگای ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالەوە هەڵمەتی کۆکوژی و قەڵاچۆکردنی گوندەکانی کوردستانی دەست پێکرد، زۆربەی گوند و ناحیە و قەزاکانی پارێزگاکانی کەرکووك، هەولێر، دهۆک و سلێمانی وێران کران.

(١) دلێر ئەحمەد حەمەد، س.پ، ل٢٥٦.

(٢) مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٤، ل٢٥٩.

(٣) گۆران ئیبراهیم ساڵح، دۆزی کورد لەپەیوەندییەکانی ئەمەریکاو عێراقدا ٦ی ئازاری ١٩٧٥- ٢ئابی ١٩٩٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٨١.

## باسی سێیەم: سیاسەتی هەرێمی تورکیا، سوریا و ئێران

زۆربـەی هێـزە هەرێمییـەکان دوای سـەرهەڵدانەوەی خەباتـی چەکداریـی، بـەردەوام بـوون لـە دژایەتـی کـورد و پشـتیوانییان بـۆ حکومەتـی بەعـس و لەم ڕووەوە چەنديـن ڕێککەوتننامەيـان واژۆ کـردووە، بۆيـە تورکيـا کەمتەرخـەم نەبـووە و بـەردەوام بـووە لـە دژايەتـی کـردنی کـورد، چونکـە تورکيـا مەترسـی هەبـوو لەسـەرکەوتنی جووڵانـەوەی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان و پەلهاويشـتنی بـۆ تورکيـا، عێـراق و تورکيـا هـەردوولا هاوئاهەنـگ بـوون بـۆ لێدانـی بزوتنـەوەی ئازاديخـوازی کـوردی، هـەردوولا کۆکبـوون لەسـەر هـاوکاری هەماهەنگـی بـۆ دژايەتـی بزاڤـی ڕزگاريخـوازی کـوردی لەهـەدوو وڵات. لـە سـاڵی ١٩٧٨ەوە عێـراق و تورکيـا ڕێککەوتنێکيـان هەبـووە کـە بەپێـی ئـەو ڕێککەوتنـە هێزەکانـی تورکيـا تـا قووڵايـی (١٥) کـم - ٩ ميـل دێتـە نـاو خاکـی عێـراق، لـەم بارەيـەوە (دەيڤيـد بـارگارد) پەيامنێـری ڕۆژنامـەی گارديانـی بەريتانـی، بابەتێکـی نووسـيوە کـە پشتڕاسـتی کـردەوە عێـراق داوای يارمەتـی لـە تورکيـای کـردووە بۆئـەوەی يارمەتـی بـدات لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە[1]. چونکـە ئەمـە يارمەتـی عێـراق دەدات بەرەيەکـی شـەڕ بـەڕووی هێزەکانـی پێشـمەرگە بکاتـەوە. ئـەو پەيامنێـرە لـە کۆتايـی وتارەکەيـدا دەڵێـت ئەمەريـکا و پەيمانـی ناتـۆ پێگەی خـۆی لـە تورکيـا بەهێزکـردووە، هێزەکانـی خـۆی لـە تورکيـا جێگيـر کـردووە بـە نـاوی هێزەکانـی پەلاماردانـی لـە نـاکاو بـۆ پشـتگيری بەرژەوەندييەکانـی

(١) الغزو التركي لكردستاني العراق، قسم الاعلام في مكت السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، مطبعة خبات، ص١٢.

لـە ناوچەکـەدا[١]. دوای ڕاگەیاندنـی پەیمانـی فەرمـی نێـوان عێـراق و توکیـا، عیـراق ڕێگـەی بـە سـوپای تورکیـا دا بێتـە نـاو خاکـی باشـووری کوردسـتان، کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران هەڵوێسـتی تونـدی هەبـوو، دژی بەکارهێنانـی هێـزی تورکیـا بـوو لەناوچەکـە. مسـعود بارزانـی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "ئێمـە هیـچ کاتێـک نامانەوێـت لەگـەڵ تورکیـا توشـی کێشـە بیـن، بـەڵام ئەگـەر پیلانەکـەی لـە چوارچێـوەی بەرنامەکەیـدا، ئەمەریـکا نەخشـەی بـۆ کێشـاوە، تورکیـاش بـۆ هـاوکاری سـەددام بەهانەبێت لێـمان، ئێمـە ئامادەین بمریـن. ئێمـە نامانەوێـت دەسـت لەکاروبـاری ناوخـۆی تورکیـا وەربدەیـن، چونکـە شـەڕی ئێمـە لەگـەڵ سـەددامە هیـچ کارێکـمان بـەوان نییـە. بـەڵام بـۆ فشـاری تورکیـا ملکـەچ ناکەیـن"[٢]. لـە لایەکـی دیکـەوە بـۆڕی نـەوتی عێـراق بـە خاکـی تورکیـادا هەنـاردە دەکـرا، بـۆ پاراسـتن و چاودێـری بۆڕییـە نەوتییـەکان حکومـەتی عێـراق ڕەبییـەی سـەربازی لـە دەوروبەی بۆڕییـەکان بە دووری چەنـد سـەد مەترێـک دانابـوو، لـە لایەکـی دیکـەوە تورکیاش مەبەسـتی بـوو ئـەم هەناردەکردنـە بـەردەوام بێـت[٣]، بۆیـە تەهـا یاسـین ڕەمـەزان لـە ١٩٨٢ سـەردانی ئەنقـەرەی کـردووە، ڕێککەوتنـی نهێنیـی لەگـەڵ تورکیـا واژۆکـرد، کـە گرنگتریـن خاڵەکانـی ڕێککەوتنەکـە بریتـی بـوو لـە: ئاڵوگۆڕکردنی زانیـاری هەواڵگریـی و ڕادەسـت کردنـەوەی گیـراوەکان، هێـزی هـەر دوولا بۆیـان هەیـە بچنـە نـاو خاکـی یەکـتر بـە مەبەسـتی شـەڕی پێشـمەرگە[٤].

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٥)، ٢٦/ ١٠/ ١٩٨١، ل٥.

(٢) موقابەلەی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی لەگەڵ نوینەرانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە (١٨/ ٥/ ١٩٨٥، چاپخانەی خەبات، ل٣٧.

(٣) ئیدگار ئۆ باڵانس، کرۆنۆلۆگیای شۆڕش و خەباتی کورد لە سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤، و: دڵشاد میران، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، (٢٠٢٢)، ل٣٠٦.

(٤) جرجیس حسن، ترکیا في الاستراتیجیة الأمریکیة بعد سقوط شا، ب.م، ١٩٩٠، ص٦٦.

تورکیا بە هەماهەنگیی عێراق لە ساڵانی (١٩٨٣، ١٩٨٤و ١٩٨٧)، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی هێزەکانی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان ئەنجام داوە، لە هەر ئۆپەراسیۆنێکی چەکداری دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، تورکیا هێزەکانی لەسنوورەکانی تورکیا و عێراق کۆکردبووەوە، هاتبووە ناو خاکی باشووری کوردستان، بەرەی جود بەیاننامەیەکی دەرکرد ئەم کردەوەیەی تورکیا شەرمەزار دەکات و داوای کشانەوەی دەست بەجێی ئەو هێزە دەکات، هەروەها مسعود بارزانی بەیاننامەیەکی دەرکردووە ئاراستەی هەموو هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهانی کردووە، داوای کردووە دژی ئەم تاوانە ڕابوەستن. هەڵبەتە تورکیا بەمەبەستی لێدانی بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە ئەو هێزە زۆرەی کۆکردبووەوە، هەروەک لە ڕۆژنامەی (لۆمانیتی) فەڕەنسی ئاشکرای کردووە کە ئەو هێزە زۆرەی تورکیا مەبەستی لێدانی بنکەو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە[1].

دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوخۆی عێراق و بێ دەنگ بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؛ وای کرد تورکیا دەست کراوە بێت لە بۆردومانکردنی ڕەبیەکانی پێشمەرگە و لاوازکردنیان، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە و خەریکبوونیان بە شەڕی تورکیا، ئابڵوقەدان پێشمەرگە لە نێوان دوو هێزی عێراق و تورکیا[2].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٤)، ١٥ حوزەیران ١٩٨٣، ل١-٢و٤.

(٢) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ عومەر شێخموس، سوید، ٢٠٢٢/٨/١. ناوبراو لە (١٩٥٨) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لە (١٩٧٥) یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی (ی.ن.ک)، لە (١٩٧٨) هاتووەتەوە باشووری کوردستان، نوێنەری (ی.ن.ک) بووە لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، لە (١٩٨٦) وازی لە (ی.ن.ک) هێناوە، ئێستا لە سوێد دەژی.

دەتوانین بڵێین ئەم شاڵاوانەی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، ئەمەش لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا، دژی هەژموونی سۆڤییەت. هەربۆیە تورکیا ئەو مافەی پێ درا سنووری عێراق ببەزێنێت، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدات(١)، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێی وابوو سەرکەوتنی ئێران لەبەرەکانی جەنگ بە هەڕەشەی لەسەر بەژەوەندییەکانی خۆی دەزانی، بۆیە پشتگیری عێراقی دەکرد، وڵاتانی ئەوروپا لە جەنگی عێراق ئێراندا چەکیان بۆ عێراق دابین دەکرد، بەتایبەت فەڕەنسا وەک ڕۆژنامەی لۆپۆنتی فەرەنسی هاتووە: حکومەتی فەرەنسا پاڵپشتی ڕژێمی سەددامی کردووە، چونکە فەڕەنسا ڕۆڵێکی گرنگی ئابووری و بازرگانی و سیاسی لە عێراقدا هەیە و هەربۆیە هەمیشە بە چەکی مۆدێرن پشتگیری حکومەتی بەعسی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(٢).

لە (٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤)، سەعدون شاکر وەزیری ناوخۆی عێراق سەردانی تورکییای کردووە، عێراق و تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان، توندو تۆڵکردنی چەندین ڕێککەوتنی ئەمنییان واژوو کردووە، ئەمەش دوای ئەوە دێت حکومەتی تورکیا (٢٥) کیلۆمەتر هاتە ناوخاکی باشووری کوردستان، هێرشی کردبووە سەر بارەگاکانی پێشمەرگە، هەڵبەتە ئەمەش بەئاگایی ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق

(١) هەستیار کەمال کوردی، پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤییەت- عێراق و کاریگەری لەسەر باشووری کوردستان، ١٩٧٢-١٩٩١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٤٠.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩١)، ١٥/ اب/ ١٩٩٢/ ل٢-٣.

بووە[١]، بەپێی ڕێککەوتنی تورکیاو عێراق تورکیا دەتوانێت بە قوڵایی (٤٠) کیلۆمەتر بێتە ناو خاکی عێراق، پێشتر (١٧) کم بوو. ئەمەش بەمەبەستی لاوازکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و گەمارۆدانیان بوو[٢]. ڕۆژنامەی سەفیری لوبنانی لە وتارێکدا بڵاوی کردووەتەوە، کە تورکیا داوا لە عێراق کردووە خاکی خۆی بۆ تەرخانبکات بە مەبەستی هاتنە ناوەوەی سوپاکەی بۆ لێدانی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد، هەروەها ئەو ڕۆژنامە لوبنانییە بڵاوی کردووەتەوە، ئەم هەماهەنگییەی عێراق و تورکیا بۆ لێدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردییە[٣].

ڕۆژنامەی تیعلاتی ئێران لە ژمارەکەیدا لە سەرەتای ئەم مانگەدا بڵاوکرایەوە، پارتی سۆسیال دیموکراتی تورکیا بە سەرۆکایەتیی ئەردیل ئینۆنو دەستدرێژیی حکومەتی تورکیای بۆ سەر کوردستانی عێراق ئیدانە کردووە و بە ناتەبایی لەگەڵ دەستووری تورکیا زانیوە[٤].

لە نووسراوێکی نهێنی دا ئاراستەی سوپای عێراق کرابوو کە تەقە لە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا نەکەن، چونکە هاوپەیمانن بە مەبەستی زانیاری هەواڵگری و هاوکاری عێراق لە ناوچەکەدان[٥].

شیاوی گوتنە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، پەیوەندییەکانی ئێران بەرانبەر باشووری کوردستانی گۆڕانی بەسەرداهات، بووە هۆی کردنەوەی سنوورەکان بەرانبەر حزبەکانی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١١)، کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل١١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٩)، ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٤، ل٤.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٧)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٤، دوالاپەڕە.

(٤) اخبارکردستان، العدد (١٤٨)، ایلول١٩٨٦، ص٢.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٣٩).

باشووری کوردستان و پێدانی چەک و تەقەمەنی بە هێزی پێشمەرگە[١]، مەبەستی ئێران لە هاوکاریکردنی پێشمەرگەکانی (پ.د.ک)، (حسک) بەکارهێنانی پێشمەرگە بوو وەک کارتێکی فشار بەرانبەر عێراق، لە لایەکی دیکەوە مەبەستی تێکدانی پەیوەندی نێوان هێزەکانی باشووری کوردستان و ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو[٢]، هەردوو دەوڵەت لە ماوەی جەنگی عێراق - ئێران هەوڵیان دا سوود لە حزبە کوردییەکان وەربگرن، لە ڕووی سەربازییەوە وەک کارتێکی فشار دژی یەکتر بەکاریان بهێنن، ئەمەش بیانووی دایە دەست هەر دوو دەوڵەت دەست لە کاروباری ناوخۆی حزبە کوردییەکان وەربدەن[٣]. لە لایەکی دیکەوە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە، بیانووی دایە دەست عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کورد و ناوچەکانی باشووری کوردستان، بۆ نموونە گرتنی حاجی ئۆمەران لەلایەن ئێران لە ساڵی ١٩٨٣، بیانووی دایە دەست حکومەتی بەعس بۆ ڕاگواستن و ئەنفالکردنی (٨) هەزار بارزانی[٤].

(١) دیدار لەگەڵ شەوکەت سەعید محەمەد ئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢/٨/٢١. لە ساڵی (١٩٥٤) لە گوندی ئەرگوش لە دایکبووە، لە (١٩٦٩) پەیوەندی کردووە بە (پ.د.ک)، لە ناو یەکێتی قوتابیان کاری کردووە، لە ساڵی (١٩٧١) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووە، لە (١٩٧٩) بەرپرسی ڕێکخراوی تارانی (پ.د.ک) بووە، دواتر بەرپرسی لێژنەی ناوچەی تاران و ئەندامی لقی (٨)ی (پ.د.ك) و بەرپرسی پەیوەندییەکان بووە. ئێستا ئەندامی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی (پ.د.ک)ە.

(٢) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی ئێران بەرامبەرجولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشوری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێی نوێ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٠٠-٢٠١.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان...، ل٢٤٩.

(٤) فاروق محەمەد محەمەدئەمین، سیاسەتی...،س.پ، ل٢٣٤-٢٣٥.

وێـڕای هاوكارییەكانـی ئێـران بـۆ پێشـمەرگە و ئەنجامدانـی ئۆپەراسـیۆنی هاوبـەش، بـەڵام ڕێگـر بـوو لـەوەی هێـزی پێشـمەرگە ببێتـە خاوەنـی چەكـی قـورس[1]. ئامانجـی ئێـران لـە ئۆپەراسـیۆنە هاوبەشـەكانی لەگـەڵ پێشـمەرگە لـە باشـووری كوردسـتان، كردنـەوەی بەرەیەكـی شـەڕ بـوو لـە باكـوور، بـۆ ئـەوەی توانـای سـەربازیی عێـراق لـە باشـوور كـەم بكاتــەوە، ئەمــەش بەغـدای ناچـار كـرد هێـز بنێرێتـە كوردسـتان[2]، بـە بیانـووی بـوونی هێزەكانـی ئێـران لـە كوردسـتان، حكومەتـی بەعـس دەسـتی كـرد بـە تێكدانـی گونـدەكان و ئەنفالكردنـی كـورد. هەرچەنـدە حكومەتـی بەعـس پێشـتر پلانـی ئەنفـال و وێرانكردنـی گوندەكانـی دانابـوو[3]. بەتایبـەت دوای وەسـتانی شـەڕی عێراق-ئێـران، سـوپای عێـراق بـە تـەواوی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هێزەكانـی پێشـمەرگە تەرخانكـران[4]، كشـانەوەی هێزەكانـی ئێـران لەسـەر سـنوور بـە شـێوەیەكی كتوپـڕ، بەبـێ ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگەی لـێ ئـاگادار بكرێتـەوە، یاخـود ئـەو ناوچانـە ڕادەسـتی هێزەكانـی پێشـمەرگە بكرێـت. ئەمـەش كاریگـەری هەبوو لەسـەر دابەزینـی ورەی پێشــمەرگە و جەمــاوەر[5].

دەتوانیـن بڵێیـن هاوكارییـەكانی ئێران بـۆ حزبـە كوردییـەكان گرنـگ بوو، چونكـە لـەو سـەردەمەدا هەمـوو دەرگاكانی پەیوەنـدی بـە ڕووی كـورددا

(١) سابیر كۆكۆیی، ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو، ب١، ب.ش، ٢٠٠١، ل٢٢٢.

(٢) ویست هێڵتەرمان، س.پ، ل٣١٨.

(٣) نەوشێروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕووداوەكانی كوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چاپی سێیەم، بەرلین، ١٩٩٩، ل١٤١.

(٤) جریدة خبات النضال، العدد (٥٨٢)، اواسط اب ١٩٨٨، ص١.

(٥) كریس كۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەی كوردو هیوای سەربەخۆیی، چاپخانەی تەما، ب.ش، ب.س، ل٨٩.

داخرابــوو، بــۆ بــەردەوام بــوونی خەبــاتی چەکداریــی، حزبــە کوردییــەکان بــە دوای دەرچەیەکــی پەیوەنــدی دەگــەڕان، چونکــە هیــچ شۆڕشــێک بەبــێ پشــتیوانی دەرەکــی ســەرکەوتوو نابێــت، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا نزیکبوونــەوەی ئێــران لــە حزبــە کوردییــەکان و بەکارهێنانیــان بــۆ مەبەســت و ویســتەکانی، زیــانی زۆری لــەو ئامانجــە نەتەوەییــەدا کــە حزبــە کوردییــەکان خەباتیــان بــۆ دەکــرد.

ســووریا لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانەوەی خەباتــی چەکداریــی، لــە ڕووی چــەک و دارایــی یارمەتــی حزبــە کوردییەکانــی داوە، ئەویــش لەبەرئــەوەی کێشــەی لەگــەڵ حزبــی بەعســی عێراقــی هەبــووە. دەتوانیــن بڵێیــن وڵاتانــی هەرێمــی هیــچ کات لەگــەڵ ئــەوە نەبــوون کــورد بەهێــز بێــت. تەنانــەت ئەگــەر یارمەتییەکیــش درابێــت، چەکــی ســووک بــووە نــەک چەکــی قــورس و پێشــکەوتوو، چونکــە مەبەســتیان نەبــووە ئــەو خەباتــە چەکدارییــە لــە باشــووری کوردســتان ســەربکەوێت[١].

وڵاتانــی کەنــداو لــە جەنگــی عێــراق ئێــران پشــتگیری عێراقیــان دەکــرد، لــە ڕووی مــاددی و مەعنەوییــەوە بــە پێدانــی قەرزێکــی زۆر، چونکــە پێیــان وابــوو ســەرکەوتنی ئێــران لــەم شــەڕە ئاسایشــی کەنــداو دەکەوێتــە مەترســییەوە[٢]. دەتوانیــن بڵێیــن وڵاتانــی هەرێمــی بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی خەباتــی سیاســی و چەکــداری کــورد هــاو هەڵوێســت بــوون، لــەم ڕووەوە کەمتــەر خــەم نەبــوون.

(١) پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ عومەر شێخموس، سوێد، ٢٠٢٢/٨/١.
(٢) دەنگوباسی کوردستان ژمارە (٨١)، ١١/ ئایار/ ١٩٨٢، ل٤.

# بەشی سێیەم
# خەباتی چەکداری هێزی پێشمەرگە بەرامبەر حکومەتی عێراق (١٩٧٦-١٩٨٨)

**تەوەرەی یەکەم: چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان**

**تەوەری دووەم: چالاکی سیاسی لە ناوشارەکان**

## تەوەرەی یەکەم: چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان

### باسی یەکەم: چالاکیی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی (١٩٧٦-١٩٧٩)

دوای سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری لە ١٩٧٦، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق هێزەکانی پێشمەرگە پەنایان بۆ شەڕی پارتیزانی برد، چونکە سروشت و جوگرافیای کوردستان بۆ شەڕی پارتیزان لەبارە، شەڕی پارتیزانی یەکێکە لە بناغەکانی خەباتی شۆڕشگێڕیی گەلان لەپێناو ئازادی، فەلسەفەی ئەو شەڕانە زیاتر هەڵمەت بردنی دەستەی چەکداریی بچووک بچووکە بۆ سەر مۆڵگە و بنکەکانی هێزی بەرانبەر، بە تایبەت لە دێهات و ناوچە دوورە دەستەکان. لە هەمان کاتدا پێویستە هێزی پارتیزانەکان پەیوەندییان بە جەماوەر و بەرگری میلییەوە هەبێت[1]. شەڕی پارتیزانی کرایە بنەمایەک بۆ دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە، تاکە شێوەی جەنگە بۆ درێژەدان بە خەبات و هێزی بەرانبەر هیلاک دەکات. شەڕی پارتیزانی بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات[2].

(١) بەرگری میلی: لە سەرەتای دەست پێ کردنەوەی خەباتی چەکداری بوونی هەبووە، سەرەتا پشت بەستراوە بە ڕۆڵی بەرگری میللی بۆ پێشخستنی شەڕی پارتیزانی و شەڕی میللی فراوان، هەروەها گواستنەوەی بۆ هەموو شار و گوندەکان، بەرگری میللی لە چینی جووتیار و توێژی قوتابیان و لاوان و کرێکاران پێکهاتبوو، وەک هێزێکی پاڵپشتیی پێشمەرگە بوون، ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای عێراق بینیوە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: بەرگری میللی هاوسەنگەری هەمیشەیی (ل.ش.ک)، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٨-٥٥٩)، ١٩٨٦، ل٨؛ یونس ڕۆژبەیانی، سەرەتاکانی شەڕی پارتیزانی لە کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر،٢٠٠٠، ل٦-٧؛ دارەوان حەسەن، شەڕی پارتیزانی لە ناوچە شاخاوییەکان، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٤)، (١٩٩٨)، ل٤.

(٢) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩. لە دایکبووی (١٩٤٥) لە (١٩٦٠) بووەتە ئەندامی (پ.د.ک)، لە (١٩٧٦) پەیوەندی بە سەرکردایەتیی کاتی کردووە. دوای

**قۆناغی یەکەم:** نانەوەی بۆسە (کمین)[١] و هێرش بردنە سەر هێزی بەرانبەر بێ ئەوەی پارتیزانەکان زیانیان بەر بکەوێت[٢].

**قۆناغی دووەم:** توانای دەرکەوتن و جووڵانەوەیان لەناو خەڵک ئاسانتر دەبێت، لەو قۆناغەدا پشتگیری جەماوەر بۆ پارتیزانەکان زیاتر دەبێت.

**قۆناغی سێیەم:** پارتیزانەکان شەڕی بەرەیی دەکەن و بەرگری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان دەکەن[٣]. دوای دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی، دەستە چەکدارییە سەرەتاییەکان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بوونیان هەبوو، بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر، قەرەداخ، قەندیل، گارە، مەتین و خواکورک، حکومەتی بەعس بە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکداریی کورد زۆر سەغڵەت بوو، هەموو توانای سەربازی خستنەکار بۆ پەلاماردان و لەناوبردنی هێزی پێشمەرگە، بەڵام

---

کۆنگرەی نۆیەم بووەتە سکرتێری سەرۆکی پارتی، لە (١٩٨٥-١٩٨٦) کارگێڕی لقی یەک بووە، دواتر بووەتە بەرپرسی لقی ناوبراو، دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی حوکمی و حیزبی وەرگرتوو.

(١) بۆسە: بنەمایەکی تایبەتی سەربازییە، جۆرێکە لە خۆشاردنەوە و دەست وەشاندنێکی خێرا، بێ ئەوەی هێزی بەرانبەر زانیاری لەسەر هەبێت، ئەمەش بە پلانێکی ئامادەکراو ئەنجام دەدرێت، بۆسە (٢) جۆری هەیە یەکەم- بۆسەی خێرا، ئەم بۆسەیە بە هۆی دەست کەوتنی زانیاری هەنووکەیی، جووڵاندنی هێزی بەرانبەر یان کشانەوە ئەنجام دەدرێت. دووەم- بۆسەی پلان بۆ داڕێژراو، دوای ئامادەکردنی پلانێکی تۆکمە ئەنجام دەدرێت، کە پشت دەبەستێت بە بنەمای زانیاریی ورد لەسەر هێزی بەرامبەر، جۆری چەک و ژمارەی هێزی بەرامبەر، لەسەر ئەو بنەمایە بۆسەکە دادەنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: خدر هەمزە، بۆسە دانان، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٣)، شوباتی ١٩٩٨، ل٣١.

(٢) ئاراس حەسۆ میرخان، مەسەلەی سەربازی و ستراتیژی شەڕ، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٢)، تشرینی دووەم ١٩٩٧، ل٣٣.

(٣) محمد حاجی محمود، شۆڕش و پێشمەرگایەتی ١٩٧٦-١٩٨٣، چاپی دووەم، ڕاگەیاندنی حزبی سسیالیستی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩١، ل١٤-١٥.

ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێـزی پێشـمەرگە، کـە پەیـڕەوی شـەڕی پارتیزانی دەکـرد سـەخت بـوو[١]. چونکـە ژمـارەی پێشـمەرگە پارتیزانـەکان کـەم بـوو هـەر دەسـتەیەک لە (٢-٣) پێشـمەرگە پێکهاتبـوو، پێشـمەرگە بەگوێرەی ئەو یاسـایە "لـە هەمـوو شـوێنێک هەبـوون، لـە هیـچ شـوێنێکیش نەبـوون"، واتە بـە جۆرێـک هەڵسـوکەوتیان دەکـرد، سـەر لـە هێـزی بەرانبـەر بشـێوێنن، لـە ئەگـەری هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا، بـە کەمتریـن زیـان دەربازبـن.

دەسـتە چەکـدارەکان سـەرەتا ڕووبەڕووبوونەوەیـان لەگـەڵ بنکـە و بـارەگاکانی سـوپای عێـراق، بـە ئامانجـی دەستخسـتنی چـەک و کەلوپـەلی سـەربازیی، هەروەهـا گەیاندنی پەیامی سـەرهەڵدانەوەی خەبـاتی چەکداریی، پەیـڕەوی شـەڕی پارتیزانییـان دەکـرد، کـە زیـان گەیانـدن بـوو بـە هێـزی عێـراق، بـەڵام دوای زیادبـوونی ژمـارەی پێشـمەرگە چالاکییـەکان زیاتـر بوون، حکومـەتی عێـراق کەوتـە خـۆ بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی پێشـمەرگە[٢]. بەپێـی بەلاغێکـی عەسـکەری لەلایـەن سـەرکردایەتی کاتـی پارتـی بڵاوکراوەتـەوە لـە (ناوەڕاسـتی ئابـی ١٩٧٦) بڵاوکراوەتـەوە، هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە (ئایـار و حوزەیرانـی ١٩٧٦) چەندیـن چالاکـی لـە ناوچـە جیـا جیاکانـی باشـووری کوردسـتان ئەنجـام داوە، کـە تێیـدا زیانـی زۆریـان لـە هێزەکانـی عێـراق داوە[٣]. هاوهەنـگاو لـە زاخـۆ دەسـتەیەکی چەکـداری پێشـمەرگە، لـە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگـەڵ سـوپای عێـراق کوژرانـی (٩) سـەربازیی

---

(١) شۆڕش حاجی ڕەسول، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق، چ٢، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٥.

(٢) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٤٠).

عێراقـی و برینداربوونـی سـەربازێکی لێکەوتـەوە[١]. لـە (تەمـووزی ١٩٧٦)، لـە دهـۆک، خانەقیـن، ڕانیـە و پێنجوێـن، چەنـدان شـەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوە ڕوویـان دا، هێزەکانـی پێشـمەرگەی (س.ک/ پ.د.ک) توانیویانـە گـورزی کاریگـەر لـە سـوپای عێـراق بوەشـێنن و دووچـاری زیانێکـی زۆری مـاددی و مرۆیـی بکەنـەوە، دوابـەدوای چەندیـن سـەرکەوتنی شـەڕی پارتیـزانی، هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە (١١ی ئـابی ١٩٧٦) هێرشـیان کـردە سـەر بنکـەی هەواڵگریـی سـوپای عێـراق لـە ناحیـەی بنگـرد، هێـزەکانی پێشـمەرگە دەسـتیان بەسـەر بنکـە و بـارەگاکانی سـوپای عێراقـدا گـرت، زیانـەکانی پێشـمەرگە (٣) بریندار بـوو[٢]. لـە لایەکـی دیکـەوە لـە (١٨ی ئابـی ١٩٧٦) لەسـەر ڕێـگای نێـوان شـەڕانەش و دەشـت، لـە ناوچـەی سـندی، هێزێکـی سـوپای عێـراق کەوتـە بۆسـەی هێزەکانـی پێشـمەرگەوە، دوای شـەڕێکی سـەخت (١٢) سـەرباز کـوژران، چەندیـن چـەک لـە جـۆری کلاشـینکۆف کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە[٣]. لـە زنجیـرە هێرشـێکی دیکـەی هێـزەکانی پێشـمەرگە لـە (٢٤ی ئـابی ١٩٧٦)، بـۆ سـەر بنکـە و بـارەگاکانی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەکانی زاوێتـە، کـوژرانی (٨) سـەرباز و برینداربـوونی (٥)ی دیکـەی لێکەوتـەوە[٤]. بـۆ قەرەبـوو کردنـەوەی شکستەکانی، سـوپای عێـراق لـە (ئەیلوولـی ١٩٧٦)، هێرشـی بـۆ سـەر بنکـە و بارەگاکانـی پێشـمەرگە لـە ناوچەکانـی بادینـان، کشـان، قـەسرۆک دەسـتپێکرد. هێزەکانـی پێشـمەرگە

---

(١) ح.د.ك. ق.م، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٢)، اواسط تموز ١٩٧٦، ص١٣.

(٢) نامق هەورامی، س.پ، ل٦.

(٣) ح.د.ك، ق.م، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٤)، ١ ايلول ١٩٧٦، ص ١٦-١٧؛ مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥١.

(٤) من نشاطات بيشمركتنا الابطال، جريدة خبات، العدد (٥٢٨)، ٢٠ ايلول ١٩٧٦، ص٤.

دوای چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای عێراق توانییان، سوپای عێراق تێك بشکێن[١]. هاوهەنگاو هێزەکانی پێشمەرگە لە (٢١-٢٢ی ئەیلوولی ١٩٧٦) هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی سوپای عێراق لە هاوینە هەواری بلکێف لە ناحیەی ئەتروش قەزای شێخان، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا (٥) پۆلیس کوژران و (٧)ی دیکەش برینداربوون[٢].

زیانەکانی پێشمەرگە لەم شەڕانەدا زیانێکی ئەوتۆ نەبوون، چونکە پەیڕەوی شەڕی پارتیزانییان کردبوو. هەروەها تاڕادەیەک سەختی جوگرافیای ناوچەکە، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە. لە لایەکی تر نەشارەزایی سوپای عێراق، لە جوگرافیای ناوچەکە هۆکاربوو بۆ زۆری زیانەکانی سوپای عێراق لە زۆربەی شەڕەکاندا، سەرباری خراپی ڕێگای هاتووچۆ و سەختیی گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بۆ ناوچە هێرش بۆ کراوەکان[٣].

لە (٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦) لە چالاکییەکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر کاروانێکی سوپای عێراق، لە کاتی گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی بۆ یەکێک لە بنکە سەربازییەکانی ڕێگای ماوەت، دووچاری بۆسەی هێزەکانی پێشمەرگە بوونەوە، دوای ئاڵۆزی و تەقە، بووە هۆی سەرلێشێواندنی سەربازەکان و هەڵاتنی بەشێکیان، هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان گرت

(١) ح.د.ك، ق.م، لجنة علاقات خارجية، بلاغ عسكري رقم (٥)، ١٨ تشرين الاول ١٩٧٦، ص ص٢٢-٢٦.

(٢) ح.د.ك، ق.م،، فرع اوروبا، بلاغ عسكري رقم (٦)، ٣٠ تشرين الثاني ١٩٧٦، ص٢٧.

(٣) دارەوان حەسەن، سروشتی ناوچە شاخاوییەکان کاریگەرییان لەسەر بزاوتی سەربازی، گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، ژمارە (٨)، ٣٠ ئابی ١٩٩٨، ل٤٠.

بـە سـەر چەند پارچـە چەکێـک و ئۆتۆمبێلـە بەجێماوەکانیـان[١]. ئەنجامدانی ئـەم چالاکییانـە بـۆ پێشـمەرگە گرنـگ بـوون، چونکـە سـەرچاوەیەك بـوو بـۆ پەیداکردنـی چـەک و تەقەمەنی، هەربۆیە لـە (٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦) هێزەکانـی پێشـمەرگە، هێـرش دەکەنـە سـەر بنکەیەکـی سـوپای عێـراق لـە گونـدی دری ناوچـەی نێروەیـی، زیانەکانـی سـوپای عێـراق بریتیبـوو لە (١٥) کـوژرا و ژمارەیـەک برینـدار[٢]. لـە ئەنجامـی بەرفراوانبوونـی چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق بـۆ ڕێگـری و تۆڵەکردنـەوە، هێرشـی کـردە سـەر پێشـمەرگەکانی (س.ک/ پ.د.ک) لـە (٢٦ی کانوونـی یەکـەم ١٩٧٦) لـە گوندی شارسـتێن سـەر بەقەزای دوکان[٣]، بە سـوود وەرگرتن لە کەشـوهەوای ناوچەکـە، کـە تەمێکی زۆر ناوچەکەی گرتبووەوە، دوو فەوجی سـوپای عێراق بـە پشـتیوانی (١١) هەلیکۆپتـەر بـەرەو گوندەکانی سـێ دەرە و شارسـتێن لە جووڵـەدا بـوون[٤]، هێزەکانـی پێشـمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە، سـەرەڕای نا بەرانبەری هێزی پێشـمەرگە بەرانبەر سـوپای عێراق، پێشـمەرگە لەو شـەڕەدا سـەرکەوتوو بـوون[٥]، زیانەکانـی پێشـمەرگە بریتـی بـوو: لـە (٧) شـەهید و برینداربوونـی (٤)ی دیکـە[٦]. سـەبارەت بە زیانەکانی سـوپای عێـراق کوژرانی

(١) ح.د.ک، ق.م، لجنة العلاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (٧)، ١٩٧٦/١٢/٢٣، ص٣٣.
(٢) من نشاطات بيشمركتنا الابطال، خبات، العدد (٥٣١)، ١٩٧٦/١٢/٢٠، ص١٠.
(٣) ح.د.ك، ق.م، حزبنا يوصل القضية الكردية الى الامم المتحدة، جريدة صدى خبات، العدد (٣)، أيلول ١٩٧٧، ص٩.
(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥٢؛ ح.د.ک، ق.م. لجنة علاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (٨)، ١٩٧٦/١/٢٤، ص٣٩.
(٥) زاهیر ڕۆژبەیانی، س.پ، ل٢.
(٦) محەمەد عەلی ئیسماعیل، بیرەوەرییەکانم حەفتا ساڵ تەمەن زیاتر لە نیوسەدە خەبات، چاپی یەکەم، ب.ش، ٢٠١٩، ل١٥٥-١٥٦.

نزیکـەی (١٦٣) سـەرباز و ئەفسـەر بـوو، هەروەهـا (٣) هەلیکۆپتەر خراوەتە خـوارەوە[١]. دوابـەدوای ئـەم شـەڕە حکومەتی عێـراق، هەڵمەتێکـی گەڕان و پشـکنینی لـە گوندەکـە دەسـت پێکـرد، ژمارەیەک کەسـی لێ دەسـتگیرکردن. لـە ئەنجامـی ئـەم هەڵمەتـەدا (٩) هاووڵاتـی مەدەنـی شـەهیدبوون، (٣٢) کەسـی دیکـە برینداربـوون[٢]. لـە بەرانبـەر ئـەو کردەوەیـەی حکومەتـی بەعس(س.ک/ پ.د.ک) نامەیەکـی ئاراسـتەی سـکرتێری گشـتیی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـرد، تێیدا ژمـارەی قوربانیان و بریندارانـی گوندەکە خرابووە ڕوو[٣]. بـە مەبەسـتی کۆتایهێنـان بـە خەبـاتی چەکداریـی کـورد، لـە (بەهـاری ١٩٧٧) سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەرفـراوانی کـردە سـەر ناوچـە جیاجیـاکانی باشـووری کوردسـتان[٤]، زیاتـر لـە (٦) فیرقـەی سـوپای عێـراق نزیکـەی (٤٥) هـەزار سـەرباز و فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەری جەنگـی، تانـک و چەکـی قـورس لـەم هێرشـەدا بـەکار هێنرابـوون. هەروەهـا بەکارهێنانـی چەندیـن سـتراتیژی سـەربازی لەوانـە: جەنگـی لەناوبردنـی پارتیـزان، جەنگـی نـاو چیا، بەگەڕخسـتنی ژمارەیەکـی زۆر لە هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی شـەڕەکە لە (نیسـانی ١٩٧٧) دەسـتی پێکـرد. لـەو هێرشـەدا دوو ناوچەی سـەرەکی کرایە ئامانـج؛ ناوچـەی یەکەم: مەرگە، سـەرگەڵو، مـاوەت، دۆکان و چوارتا. ناوچەی دووەم: دۆڵی شـەهیدان، زارگەلی، وێڵزی، ڕانیە، چۆمان و زنجیرە شـاخەکانی قەندیـل، ئامانـج لەو هێرشـە بریتی بوو لـە گەمارۆدانی پێشـمەرگە لە زنجیرە شـاخاکانی قەندیل و کۆتایهێنان بە چالاکیی پێشـمەرگە لەو ناوچانە. سـوپای

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥٢؛ زاهیر ڕۆژبەیانی، س.پ، ل٢.

(٢) ح.د.ک، ق.م، لجنة علاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (٩)، ١٩٧٧/٢/٢٨، ص ص٤١-٥٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤١).

(٤) القضية الكردية في الصحافة العالمية، جريدة صدى خبات، العدد (٣)، أيلول ١٩٧٧، ص٦.

عێـراق بـە پشـتیوانی هەلیکۆپتەر و تـۆپ بۆردومانی هێزەکانی پێشـمەرگەی دەسـت پێکـرد، بـۆ دەربازبـوون لەو دۆخـە، هێزەکانی پێشـمەرگە کشـانەوە، ئەمـەش جۆرێـک بوو لە تەکتیک، دواتر هێرشـی پێچەوانەیان دەسـت پێکرد، سـوپای عێراقیـان ناچـار بـە کشـانەوە کـرد. وێـرای کـوژران و برینداربوونـی نزیکـەی (٥٠٠) سـەرباز و ئەفسـەر، هەروەهـا (١٣) پێشـمەرگە شـەهید و (١٣) ی دیکـەش برینـدار بـوون[1].

لـە درێـژەی چالاکییەکانـی هێزەکانی (س.ک/ پ.د.ک) لە (١١ی نیسـانی ١٩٧٧)، لـە گونـدی (ئەفلهی) لە نزیک ناوچەی سـندیان، ڕووبەڕووی سـوپای عێـراق بوونـەوە، کـە ناوچەیەکـی چۆڵ کـراو بوو[2]، لـە ئەنجامدا بـووە هۆی کـوژران و برینداربـوونی ژمارەیـەك سـەرباز[3]. لـە (٥ی ئایاری ١٩٧٧) سـوپای عێـراق هێرشـێکی بەربـڵاوی کردە هێزەکانی پێشـمەرگە لە دۆڵـی (هرور)، لە ناوچـەی بـەرواری باڵا، لە ئەنجامی ئەو شـەڕەدا نزیکەی (٧٥) سـەرباز کوژرا، هەروەهـا چەندیـن کەلوپەلـی سـەربازی لـە لایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەردا گیرا[4]. بە مەبەسـتی قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە سوپای عێـراق، لـە (٢٥ی ئایـاری ١٩٧٧) لـە بێلمبێـری لـە ڕۆژئـاوای بـەرواری باڵا، بە هێزێکـی (٥٠٠) سـەربازی و بـە پشـتیوانی (٩) هەلیکۆپتـەر، لـە سـێ قۆڵەوە هێرشـی کردە سـەر هێزەکانی پێشمەرگە، شەڕێکی سـەخت لە نێوان هەردوو لادا ڕوویـدا، لـە ئەنجامـدا بووە هۆی کوژرانـی (٤٥) سـەرباز و برینداربوونی

(١) ح.د.ك، ق.م، لجنة العلاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (١٠)، ١٩٧٧/٤/٢٥، ص٦٢-٦٣.
(٢) ثوارنا يسجلون اروع انتصارات في كردستان، جريدة خبات النضال، العدد (٥٣٥)، اواسط ايار ١٩٧٧، ص٦.
(٣) ح.د.ك، ق.م، لجنة علاقات الخارجية، بلاغ عسكري رقم (١١)، ص٧١-٧٢.
(٤) هاشم رمضان (ابوعنتر)، م.س، ص٦٦.

(٣)ی دیكە، لە هێزەكانی پێشمەرگە (١٤) شەهید هەبوو[١]. لە (٣١ی كانوونی یەكەمی ١٩٧٧)، دەستەیەک پێشمەرگە لە بۆسەیەكدا لەسەر ڕێگای دهۆک- مووسڵ، هێرشیان كردە سەر (٦) ئۆتۆمبێلی سەربازی، لە ئەنجامدا بووە هۆی كوژرانی (٣٥) سەربازی سوپای عێراق و بریندار بوونی سەربازێک[٢]. لە چالاكییەكی دیكەی پێشمەرگەكانی (س.ک/ پ.د.ک)، لە (٢٣ی نیسانی ١٩٧٨)، دەستەیەک پێشمەرگە لە بۆسەیەكدا لە ناوچەی داری نێرگز لە نێوان بلێ و بارزان، (٣) ئۆتۆمبێلی سوپایان كردبووە ئامانج، لە ئاكامی چالاكییەكەدا چەندین كوژراو و برینداری سوپای لێكەوتەوە. سوپای عێراق لە هەر چالاكییەكدا كە شكستی خواردبێت دووبارە هێرشی كردۆتەوە سەر ناوچەكە، لە هەمان كاتدا هێرشی سوپا بە پشتیوانی (١٣) هەلیكۆپتەر ناوچەكانی مێرگەسۆری بۆردومان كرد، بەڵام هێزەكانی پێشمەرگە شارەزای ناوچەكە بوون، بۆیە كەمترین زیانیان بەركەوت، لە بەرانبەردا سوپا (٨٢) كوژراو و (١٠٠) برینداریان هەبوو[٣].

لە درێژەی چالاكییەكانی هێزەكانی پێشمەرگە، لە (ئایاری ١٩٧٨)، دەستەیەكی چەكداری لێژنەی ناوچەی (ئاكرێ) لە گوندی (دۆستەكا)، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەكدا لەگەڵ سوپای عێراق، نزیكەی (٧) كاتژمێری خایاند، لە ئەنجامدا بووە هۆی كوژرانی (٥٠) سەرباز و بریندار بوونی نزیكەی (٨٠)ی دیكە، زیانەكانی پێشمەرگە شەهیدێک و بریندار بوونی (٣)ی دیكە بوو[٤]. لە لایەكی دیكەوە لە (١٥ی

(١) مەسعوود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٥٢.

(٢) ح.د.ک، ق.م، لجنة اعلام، بلاغ عسكري رقم (١٥)، كردستان، ١٩٧٨/٢/٨.

(٣) . بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٤٢).

(٤) هاشم رمضان (أبوعنتر)، م.س، ص٦٩.

حوزەیرانی ١٩٧٨) سوپای عێراق هەڵمەتێکی فراوانی کردە سەر گوندەکانی ناحیەی (شێروان)ی قەزای مێرگەسۆر، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەوە، لە ناوچەکانی هەرکی و باسیا لە ئەنجامدا سوپای عێراق زیانێکی زۆریان بەرکەوت، کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەر، تێکشکانی فڕۆکەیەکی جەنگی بوو[١]. لە (١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) سوپای عێراق، هەڵمەتێکی گەڕان و پشکنین لە گوندی (نهیل) لە ئامێدی دەست پێکرد، بە تۆمەتی هەبوونی پێشمەرگە و هاوکاریکردنی لە لایەن گوندنشینانی دەڤەرەکە[٢]. دوای پشکنینی گوندەکە و گەڕانەوەی هێزەکە بۆ ناوەندی ناحیەی دێرەلوک، لە (١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨) هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکە لە بۆسەیەکدا، ڕووبەڕوویان بوونەوە. دوای شەڕێکی نیو کاتژمێری (٨٣) سەرباز کوژران و (٣٤)ی دیکە برینداربوون[٣]. لە (٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨) سوپای عێراق هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچەکانی هەورامان، بیارە، لە لایەن هێزەکانی سەرکردایەتیی کاتی پارتی بەرپەرچدرایەوە، سوپای عێراق زیانێکی زۆری بەرکەوت، کە بریتی بوو لە: کوژرانی (٣٩) سەرباز و برینداربوونی (٨٠)ی دیکە، هەروەها کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی جەنگی. بنکەی پۆلیسی تەوێڵە بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر لە لایەن پێشمەرگە دەستی بەسەردا گیرا[٤].

---

(١) ح.د.ك، ق.م، حملة التهجير جديدة خطيرة من الخطة العنصرية الشاملة، ١٢تموز ١٩٧٨.

(٢) ح.د.ک، ق.م لجنه اعلام، بلاغ عسكري رقم (٢٠)، ٣٠/ايار ١٩٧٩.

(٣) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆك، ٢٠٢٢/٩/٩.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٣).

لـە درێـژەی هەڵمەتـە سـەربازییەكانی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر پێشـمەرگەكانی (س.ك/ پ.د.ك) لـە (١٧ كانـوونی یەكەمـی ١٩٧٨)، هێزێكـی تایبـەت بـە (١١) زیـل و (٩) جێبـی سـەربازی بـەرەو ناوچـەكانی (نهێـل) پێشـڕەوییان كـرد، ڕۆژی دواتـر بەشـێكی دیكـەی سـوپا چوونـە نـاو گونـدی بـاشرو، برجیـا، دابەشـبوونی هێزەكـە بـووە هـۆی بـێ ئاگایـی و پچـڕانی پەیوەنـدی، دواتـر كەوتنـە بۆسـەیەكی پێشـمەرگەوە، لـە ئەنجامـدا بـووە هـۆی كـوژرانی (٨٢) سـەرباز و برینداربـوونی (٢٤)ی دیكـە. لـە ئاكامـی ئـەم هەڵمەتـەدا چەندیـن چەكـی قـورس و سـووك كەوتـە دەسـت هێـزەكانی پێشـمەرگە[1]. لـە (نیسـانی ١٩٧٩) پێشـمەرگەكانی (س.ك/ پ.د.ك)، لـە ناوچەكانـی خورمـاڵ، تەوێڵـە و هەورامـان و خانەقیـن چەندیـن چالاكیـی پارتیزانیـان ئەنجـام داوە، زیانێكـی سـەربازییان لـە سـوپای عێـراق داوە، زیانەكانیـش بریتـی بـوون لـە: (٢٧) كـوژراو، (١٨) برینـدار[2]. لـە ئەنجامـی شكسـتە یـەك لـە دوای یەكەكانـی سـوپای عێراق، لـە (١٨ی ئایـاری ١٩٧٩) هێزێكـی زۆری سـوپا بـە پاڵپشـتی فڕۆكـەی جەنگـی هێرشـی كردۆتـە سـەر هێزەكانـی پێشـمەرگە لـە گونـدی (دەری) ناحیـەی شـێروان، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەكـی سـەخت پێشـمەرگە توانـی پێشـڕەوییەكانی سـوپای عێـراق ڕابگرێـت، كـە بـووە هـۆی كوژرانـی (٢٠) سـەرباز[3]. دوابـەدوای ئـەو شـەڕە، بـە مەبەسـتی دەركردنـی هێزەكانـی پێشـمەرگە لـە ناوچەكـە، سـوپای عێـراق بـە پشـتیوانی هەلیكۆپتـەری جەنگـی لـە (٢٠ی ئایـاری ١٩٧٩)، هێرشـی كـردە سـەرناوچەكانی سـەربە قـەزای مێرگەسـۆر، لـە

---

(١) ح.د.ک، ق.م لجنة اعلام، بلاغ عسكري رقم (٢٠)، ٣٠/ایار/١٩٧٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٤٤).

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٤٥).

ئەنجامی بۆردومانکردنی ناوچەکە، زیانی گیانی و ماددی لە ناوچەکە کەوت. (٤) ئەندازیار لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستبەسەر بوون، زیانەکانی سوپای عێراق لە کوژراو و بریندار بریتی بوو لە (١٣٠) سەرباز و ئەفسەر. بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە لە بۆردومانی سوپای عێراق هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد[١].

لە درێژەی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە، لە (٢٦ی ئایاری ١٩٧٩) هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیسی (تۆتمان) لە قەزای پێنجوێن، دوای بە هاناوە هاتنی هێزێکی زۆری سوپای عێراق، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و سوپا ڕوویدا، بووە هۆی کوژران و برینداربوونی (٥٠) پلەدار و سەربازی عێراقی، برینداربوونی (٤) پێشمەرگە[٢].

سەبارەت بە بەرەی شەڕی زاخۆ و گوندەکانی دەوروبەری، شەڕ لە (٢٥ی ئایار تا ٢٩ی ئایاری ١٩٧٩) بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا هێزەکانی پێشمەرگە توانییان پاشەکشە بە هێزەکانی عێراق بکەن و زیانێکی گەورەی گیانی و ماددی لە سوپای عێراق بدەن، کە بووە هۆی کوژرانی (١٠٠) سەرباز و تێکشکانی (٢) فڕۆکەی جەنگی، هەروەها چەندین پارچە چەکی قورس و سووک کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[٣].

---

(١) ح.د.ك.ق.م، لجنة علاقات الخارجية، قوات الحكومة العراقية تقتل ٤ مهندسين، ٣١/ أيار/١٩٧٩.

(٢) ح.د.ك، ق.م، لجنة الاعلام، تصريح صحفي، فشل الحملة الربيعة للنظام العراقي علي مواقع البيشمرگە، ١٩٧٩/٦/١.

(٣) ح.د.ك، ق.م، لجنة الاعلام، م.ن.

## باسی دووەم: چالاکی پێشمەرگە (١٩٨٠-١٩٨٨)

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و گۆڕانی سیستەمی سیاسیی لەو وڵاتەدا، بارودۆخی هێزی پێشمەرگەی بەرەو باشتر برد. هەروەها دوای کۆنگرەی (٩)ی ساڵی ١٩٧٩ (پ.د.ک) لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بە ڕێکخستنەکانی داچووەوە[١]. چالاکییەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە سنووری زاخۆ تا خانەقین بەردەوامی هەبوو، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق بەوپەڕی توند و تیژییەوە هەوڵی وەستاندنی چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەدا[٢]. بەپێی ئامارێکی لەشکری (پ.د.ک) لە (تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تا تەمووزی ١٩٨٠)، لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان چەندین چالاکی ئەنجام دراوە، سەبارەت بە ژمارەی چالاکی و کوژرا و بریندار بەم شێوەیە بووە:

(١) دیدار لەگەڵ شێخەڵڵا ئیبراهیم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦.

(٢) من بطولات البیشمرکة، اخبار کردستان، العدد (١)، ١٩٨٠/٣/٨، ص١؛ من بطولات البیشمرکة، اخبار کردستان، العدد (٢)، ١٩٨٠/٣/١٥، ص١.

خشتەی ژمارە ١ چالاکییە چەکدارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی هێزەکانی عێراق[1]

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| تشرینی دووەمی ١٩٧٩ تا تەمووزی ١٩٨٠ | ١٠٨ | ٨٥١ | ٣٨ | ٢٠٦٥ | ٢٨ | --- | --- |

سەرەڕای بوونی زیانی ماددی و لەناوچوونی ژمارەیەک ئۆتۆمبێل و ئامێری سەربازیی سوپای عێراق، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان دەست بگرن بەسەر چەندان چەک و کەلوپەلی سەربازیی. هەڵبەتە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەو وڵاتە، دەروازەیەکی باش بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە ئێران دەرگای بەڕووی حزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان کردەوە. لەڕووی چەک و پێداویستی پزیشکی هاوکاری حزبە کوردستانییەکانی کردووە. ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگە لە دوای نسکۆ بێ پشتیوانی مابوونەوە تا لەو ڕێگەیەوە پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن. ئەگەر سەرنج بدەین سوپای عێراق زیانەکانی لە هێزەکانی پێشمەرگە زۆر زیاتر بوو، چونکە لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداریی، هێزەکانی پێشمەرگە چالاکییەکانیان پارتیزانی دەست

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ژمارەی چالاکی لقەکانی (١-٢-٣-٤) پ.د.ک، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٩٠-٩٢؛ أحصائية نهاية للنشاطات العسكرية للفصائل الانصار التابعة لحزبنا الديمقراطي الكردستاني، اخبار كردستان، العدد (٦)، اب١٩٨٠، ص ص٣٧، ٤٠.

وەشـاندن بـوو، لـە هێـزی بەرانبـەر، دەربازبـوون بـە کەمترین زیـان بـوو، بـەڵام بـە هەڵگیرسـانی جەنگـی عێـراق - ئێـران ئـەو دەرفەتـەی بـە هێـزی پێشـمەرگەدا کـە چالاکـی گـەورە ئەنجـام بـدەن لەوانـە: شـەڕی حاجـی ئۆمـەران، لـە درێـژەی چالاکیـی هێزەکانـی (پ.د.ک)، لـە (١٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٠) لـە حاجـی ئۆمـەران هێـرشی بـردە سـەر سـوپای عێـراق[1]، هەرچەنـدە تۆپخانـەکانی ئێـران تۆپبـارانی سـوپای عێراقیـان کـرد، بـەڵام تۆپـەکان ئامانجەکانیـان نەدەپێـکا[2]، سـەرەتا شـەڕەکە لـە بەرژەوەندیـی پێشـمەرگەدا بـوو، چەندیـن شـوێنی سـتراتیژی کەوتـە دەسـت هێزەکانـی پێشـمەرگە، سـوپای عێـراق دووچـاری زیانێکـی زۆری مـاددی و مرۆیـی بـووەوە. زیانەکانـی سـوپا لـە کـوژراو و برینـدار نزیکـەی (٥٠٠) سـەرباز و ئەفسـەر بـوو. هەرچـی زیانەکانـی پێشـمەرگە بـوو ئـەوا (١٤) شـەهید و (٢٦) برینـدار بـوو، شـەڕەکە نزیکـەی (٤٨) کاتژمێـری خایانـد، لـە کۆتاییـدا بـە هـۆی سـەختی کـەش و هـەوای ناوچەکـە و بارینـی بەفرێکـی زۆر، هێزەکانـی پێشـمەرگە کشـانەوە، چونکـە سـوپای عێـراق بـە مەبەسـتی هێرشـکردن لـە دیانـا ئامـادەکاری کردبـوو[3].

لـە (٢ی ئەیلوولـی ١٩٨١) سـوپای عێـراق هێرشـی کـردە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە ناوچـەی سەرسـەنگ، لـە کاتیکـدا ژمـارەی پێشـمەرگەکان

(١) سـالار شـەهید کاکـۆ، سـی بەهـاری ژیـان و پێشـمەرگایەتیم، چاپخانـەی دانیشـفەڕ، هەولێـر، ٢٠٢٢، ل٣٦٨.

(٢) دیـدار لەگـەڵ عومـەر عوسـمان، پیرمـام، ٢٠٢٢/٩/٢٦. لـە دایکبـووی (١٩٤٨)، لـە (١٩٦٤) بووەتـە پێشـمەرگە، لـە نسـکۆی (١٩٧٥) چووەتـە ئێران، لـە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە باشـووری کوردسـتان، جێگـری فەرمانـدەی بـارزان بـووە، بەرپرسـی ناوچـەی مێرگەسـۆر بـووە. ئێسـتا فەرمانـدەی هێزەکانـی خەباتـە.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٦).

کـەم بـوو، بـەڵام ڕووبـەڕووی هیزەکانـی دوژمـن بوونـەوە، بەمەبەسـتی گەمارۆدانـی پێشـمەرگە سـوپا ئابلۆقـەی هێزەکانـی پێشـمەرگەی دا دوای ئـەوەی هێزێکـی زۆری بـە پەرەشـوت دابەزانـد، هێزەکانـی پێشـمەرگە توانیـان خۆیـان ڕابگـرن ڕوبـەرووی سـوپای عێـراق ببنـەوە، دوای بـێ ئومێدبوونـی سـوپای عێـراق لـە کۆنترۆڵکردنـی ناوچەکـە، هەوڵـی دا لەڕێگـەی هاونیشـتیمانییەکی مەدەنییـەوە هێزەکانـی پێشـمەرگە خۆیـان ڕادەسـت بکـەن، بـەڵام ئـەم هەوڵەیـان شکسـتیهێنا، بـە زیانێکـی زۆرەوە دوچاری شکست بـوون (٣٠) کـوژراو لـە ئەفسـەرو سـەرباز لـە هێزەکانـی پێشـمەرگەش (٤) پێشـمەرگە شـەهیدبوون[١] . لـە (٢٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨١) هێزێکـی زۆری ڕژێـم بـەرەو ناحییـەی دەرکار لـە پێشـڕەوی دابـوون، هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە گونـدی (تیرکـۆ) و (کەپـرۆک) ڕێگایـان لـێ گرتـن ڕووبەڕوویـان بوونـەوە. لـە ئاکامـدا (٢٠) کـەس لەسـەرباز و جەیشـی شـەعبی کـوژران و ژمارەیەکـی دیکـەش برینـدار بـوون[٢]، بـۆ دوورخسـتنەوەی مەترسـی سـوپا پێشـمەرگە لـە (١ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨١) هێرشـیان بـردە سـەر سـوپای عێـراق لـە ئەسـپیندارۆک باگۆلانـک لـە زاخـۆ، شـەرەکە بـۆ مـاوەی چەندیـن کاتژمێـر بـەردەوام بـوو، وێـرای زۆری ژمـارەی سـەربازانی سـوپای عێـراق کـە پێکهاتبـوو لـە لیـوای باتوفـە، فەوجەکانـی دیمـگا و پیگۆڤیـا، هێـزی جـاش و چەندیـن زرێپـۆش، هێزەکانـی پێشـمەرگە گەمـارۆی دان، سـوپا لـە شـکان دابـوو بۆیـە داوای هێـزی پاڵپشـتیان کـرد، هێزێکـی پاڵپشـتی لـە زاخـۆ شـەڕانس لـە گـەڵ چـوار فڕۆکـە و هەلیکۆپتـەر بـەرەو مەیدانـی شـەڕەکە هاتـن، هێزەکانـی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٨)، ١٤ ئەیلول ١٩٨١، ل١.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٠)، ٢/ ١٢/ ١٩٨١، ل٢.

پێشـمەرگە توانیـان زیانێکـی زۆر لەسـوپا بـدەن و (٦٠) سـەرباز کـوژران و زیاتـر لـە (٧٠) سـەرباز و ئەفسـەر برینداربـوون. زیانەکانـی پێشـمەرگە (١) شـەهید (٢) هاونیشـتیمانی مەدەنـی شـەهیدبوون، برینداانیـش (٤) پێشـمەرگە و (٣) هاونیشـتیمانی بـوون. دەتوانیـن بڵێیـن ڕژێـم جیـاوازی لـە نێـوان هاووڵاتییانـی مەدەنـی و سـەربازی نەدەکـرد. لـە زۆربـەی هێرشـەکانی هاووڵاتییانـی مەدەنـی دەبوونـە قوربانـی، ئەمـەش دووره لـە هەمـوو بنەماکانـی سـەربازی لـە جەنگـدا[1]. چالاکییەکانـی پێشـمەرگە لـە سـنووری لقـی یەکـی پارتـی پەرەسـەندندا بـوو، لـە بروسـکەیەیدا مسـعود بارازانـی بـۆ لقـی یەکـی پارتـی ڕایگەیاندبـوو: "پەرەسـەندنی خەباتـی ڕامیـاری و چەکدارانـەی ئێـوە هەمـوو لێژنـە و ناوچەکانتـان دژی دەزگاکانـی ڕژێـم لـەم دوییـەدا جێـگای ئومیـدو خۆشـحاڵیمانە"[2].

ڕژێـم لـە هەرچالاکییـەک کـە توشـی شکسـت دەبـوو تۆڵـەی ئـەو شکسـتەی لـە هاونیشـتیمانیانی مەدەنـی دەکـردەوە، بـۆ نموونـە دوای ئـەوەی هێزەکانـی پارتـی لـە چالاکییـەک لـە (٢٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٢) لـە زاخـۆ بۆسـەیان بـۆ سـوپای عێـراق نایـەوە لـە گونـدی (بیزییـە) و (بیتـاس)، لـەو ئاکامـەدا (١٨) سـەرباز کـوژران، (٥)ی دیکـەش برینداربـوون، زرێپۆشـێک و ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری ئیڤا تێکشـکێندران، دوای ئـەو ڕووداوە، ڕژێـم هێزیکـی زۆری نـارد بـۆ ناوچەکـە، دەسـتیان کـرد بـە ئـازاردان و گرتنـی هاووڵاتیانـی گونـدی بیزیـە و بیتـاس[3]. لـە چالاکییەکـی دیکـەی پێشـمەرگەکانی لقـی یەکـی پارتـی لـە (٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٢)،

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤١)، ٩/ ١٢/ ١٩٨١، ل٣.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٤٧).

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٧)، ١٠/ ١/ ١٩٨٢، ل٥.

بۆسەیەکیان بۆ وەفدێکی سیاسیی و سەربازی حکومەتی بەعس دانا، کە بریتی بوون لە قائیمقام و قائد فرقە و کاربەدەستانی هەواڵگری بەعس، جێگای باسە یەکێک لە بۆسەکان لە گوندی (ئۆرمەداودە) دانرا. ئەوی تریان لە دەشتی خیراتی، وەفدەکە لە کاتژمێر یەک و نیوی دوای نیوەڕۆ لە بۆسەی یەکەم دەرچوون و کەوتنە ناو بۆسەی دووەمەوە، لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەست ڕێژی گولەیان لێ کرا. بۆیە هێزی بەرامبەر سەریان لێ شێواو شپرەزەبوون، ناچار داوای هێزی پاڵپشتیان کرد، بۆیە هێزێکی لیوای بیگۆڤیا بۆ پشتیوانی وەفدەکە بەرەو شوێنی شەڕەکە هاتن، هەوڵی ڕزگارکردنی هێزە گەمارۆدراوەکەیاندا، دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند و زیانێکی زۆر لە کوژراو بریندار، توانیان کورتە ڕێگایەك بکەنەوە، بەشێك لە هێزە گەمارۆدراوەکە دەرباز بکەن، لەهێزەکانی پێشمەرگە (٢) شەهید و (٥) بریندار هەبوون[1].

لە (٣٠/ کانوونی دووەمی / ١٩٨٢) هێزی پێشمەرگە بە پێی پلانێکی پێش وەختە هێرشێکی لە ناکاویان بردە سەر ڕەبییەیەکی سوپای عێراق لە گوندی (زریزە)ی سەربە ناحییەی باتوفە لەقەزای زاخۆ، دوای ئەوەی سوپا سەرەتا هەوڵی بەرگریدا، بەڵام لە هێرشی کتوپڕی پێشمەرکە سەریان لێ شێواو، هیچ ئامادەکاریان بۆ ئەو هێرشە لە ناکاوە نەکردبوو، ناچاربوون خۆیان بشارنەوە، بۆیە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە داوایان لێ کرا خۆیان ڕادەست بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، بۆیە پێشمەرگە بۆردومانی ڕەبییەکان کرد خانووەکانی سرییەکانی سوپا وێران کران، لەو ئاکامەشدا

(١) دەنگوباسی کوردستان ژمارە (٤٩)، ١٧/ ١/ ١٩٨٢، ل١-٢.

(١٠) سـەرباز کـوژران و (٦)ی دیکـەش برینداربـوون، ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری مارسـیدس تێکشـکێندرا. هەروەهـا ژمارەیەکـی زۆر لەچـەک و کەلوپەکـی سـەربازی کەوتـە دەسـت هێزەکانـی پێشـمەرگە[1].

لـە (٦ی شـوباتی ١٩٨٢) دوای زنجیرەیـەک هێرشـی پـلان بـۆ داڕێـژراوی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر هێـزی پێشـمەرگە، لـە گوندەکانـی (بابوخکـی، شـەوریکی، نەفـدەرە و بانـە سـورەیان) لـە ناوچـەی مانگـش، هەرچەنـدە هەلیکۆپتـەرەکان چاودێـری شـەڕەکەیان دەکـرد، بـەڵام بەهـۆی نزیکیـی هێزەکانیـان لـە پێشـمەرگەوە نەیانتوانـی بۆردومـان بکـەن. لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی سـوپا، پێشـمەرگە تەقـەی کـرد و زیانێکـی بەرچـاوی مرۆیـی و ماددیـان لـە سـوپادا (١٠) سـەرباز کـوژران و (١٥) سـەربازی دیکـەش برینـدار بـوون. لـە شـپرزەیی سـوپای عێـراق تەرمەکانیـان بەجێهێشـت، کـە دواتـر لەلایـەن پێشـمەرگەوە بەخـاک سـپێردران. جگـە لـەوەش پێشـمەرگە لـە کاتـی شـەڕەکەدا هەلیکۆپتەرێکـی سـوپایان خسـتووەتە خـوارەوە[2].

لـە تۆڵـەی ئـەو شکسـتەی سـوپای عێـراق لـە (٣١ی ئابـی ١٩٨٢) بـە بەکارهێنانـی چـوار کۆپتـەر هێرشـێکی ئاسـمانی بـۆ سـەر بنکەکانـی پێشـمەرگە لـە ناوچـەی سـیدەکان دەسـت پێکـرد. هێزەکانـی پێشـمەرگە بەشـێوەیەکی کاریگـەر تۆڵەیـان کـردەوە و هەلیکۆپتەرێکـی جـۆری M1-8 کـە نـۆ سـەربازی هەڵگرتبـوو خسـتە خـوارەوە[3].

جێـگای باسـە لـە (٩ی ئەیلوولـی ١٩٨٢) مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمار (٥٣)، ١٠/ ٢/ ١٩٨٢، ل٤.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٩)، ٢ ئاب ١٩٨٢، ل٢.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٣)، ١/ایلول/١٩٨٢، ل١.

لـە گونـدی (گورگـە چیـا)ی نزیـک شـاری هەڵەبجـە ماونەتـەوە، دوای ئـەوەی شـوێنی مانـەوەی ئـەو هێـزە دەگاتـە دەزگای هەواڵگـری لەلایـەن کەسـانی بەکرێگیـراو ئـەم زانیارییـە دزەی کردبـوو، هەربۆیـە ئـەو هێـزە لەلایـەن ژمارەیەکـی زۆر لـە سـوپا و جـاش گەمـارۆ دەدرێـت، دوای ڕووبەڕووبوونـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق، بـە شـەهیدبوونی (٢) پێشـمەرگە مەفرەزەکـە توانیـان دەربازبـن[١]. سـەرکەوتنەکانی پێشـمەرگە و زیادبوونـی چالاکییەکانـی وای کردبـوو دوژمـن جیـاکاری لـە نێـوان هاووڵاتـی مەدەنـی و چەکـدار نەکـردووە، هەرکەسێک نزیـک لەسـەنگەرانی بووایـەوە دەسـتڕێژی گولـەی لـێ دەکرد، بـۆ نمونـە منداڵێکـی تەمـەن (٨) سـاڵان لـە (٤ی شـوباتی ١٩٨٣)، خەڵکـی گونـدی ساردکێ لەشـیلادزێ بەسـواری گوێدرێـژ بـوو دەیویسـت لـە ئـاو بپەڕێتـەوە، بـەڵام سـوپای عێـراق بـێ گوێدانـە هیـچ یاسـاییەک دەسـتڕێژی گولەیـان لـەو منداڵەکـرد لـە نـاو ئـاوی زێیەکـە شـەهیدیان کـرد[٢]. بـۆ دوورخسـتەوەی هەڕەشـەکانی سـوپای هێزەکانـی پێشـمەرگە بنکەکانـی سـوپای عێراقیـان کـردە ئامانـج، بـە تایبـەت ئـەو بنکانـەی کـە مەترسـییان بۆسـەر هێـزی پێشـمەرگە و دانیشـتوانی مەدەنـی هەیـە، زۆرجـار سـوپا بـارەگا و بنکـەی لـە نزیـك ئاوەدانـی ڕێـی گشـتی خەڵکـی دادەنـا کـە ببوونـە هـۆی بێزارکردنـی خەڵکـی، بـۆ نموونـە (١٢ی شـوباتی ١٩٨٣)، مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە لـە سـەرای سـوبحان ئاغـا، بـارەگای لیـوای (١٦)ی سـوپای عێراقیـان بـە چەکـی ئاربیجـی بۆردومـان کـرد. نزیکـەی (٢) کاتژمێـر شـەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوە بـەردەوام بـوو. زیانەکانەکانـی ئـەم شـەڕەش

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٥)، ٢/تشرینی یەکەم ١٩٨٢، ل٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠١)، ٢٨ شوبات/١٩٨٣، ل٥.

بریتـی بـوو لـە کوژرانـی (٥)سـەرباز و برینداربوونـی (٧)ی دیکـە. ڕوخانـی (٢) سـەنگەری سـوپا. لـە هێزەکانـی پێشـمەرگە (١) بریـندار هەبـوو[1].

حکومەتـی بەعـس بـەردەوام بـوو لـە سیاسـەتی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای کوردسـتان، لـە زۆربـەی گونـدەکان جوتیـارە کوردەکانیـان دەرکـردووە لـە شـوێنییان جوتیـاری عـەرەب نیشـتەجێ کـراون، لـە ناوچـە (سـلیڤانە) لەقـەزای زاخـۆ یەکێـک بـووە لـەو ناوچانـەی کەوتبـووە بـەر سیاسـەتی تەعریـب، هێزەکانـی پێشـمەرگە بـەردەوام جـاش و سـەربازانی سـوپای عێراقیـان ئـاگادار کردووەتـەوە، دەسـت لـەم سیاسـەتە هەڵبگـرن. بـەڵام جاش و سـوپا بـێ گوێدانـە ئاگادارکردنەوەکانی پێشـمەرگە بـەردەوام بوون، لـە دەرکردنـی جوتیارانـی کـورد لـە زێـدی خۆیـان. هەربۆیـە هێزەکانـی پیشـمەرگە لـە (٢ی شـوباتی ١٩٨٣)، لـە دەشـتی سـلیڤانی هێرشـییان بـردە سـەر سـوپاو جـاش بۆمـاوەی چەنـد کاتژمێرێـک رووبەڕوویـان بوونـەوە، لـە ئەنجامـدا سـوپا و جاش تێکدەشـکێن کوژرانـی (١٥) سـەرباز و برینداربوونی (٢٥)ی دیکـە. لـە جاشـەکانیش (٤) کـوژراو (٢) بریـندار هەبـوو[2].

حکومـەتی بەعـس لـە هەوڵـی بەردەوامـدا بـوو بـۆ ئـەوەی سـنوورێک بـۆ چالاکییـەکانی پێشـمەرگە دابنێـت، لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی دووربخاتـەوە و گەمارۆیـان بـدات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەگـەڵ تورکیـا لەسـەر هەماهەنگـی و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی پێشـمەرگە ڕێککەوتـن، هەربۆیـە لـە (٢٦ی ئایـاری ١٩٨٣)، هێزێکـی تورکیـا هێرشـی بـۆ سـەر ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان و سـنووری لقـی یەکـی (پ.د.ک) ئەنجام

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠١)، ٢٨شوباتی ١٩٨٣، ل٦.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠١)، ٢٨شوباتی ١٩٨٣، ل٨.

دا[١]، هێزەکانی (پ.د.ک) ڕووبەڕووی هێزە تورکییەکە بوونەوە[٢]، سوپای عێراق پاڵپشتی تورکیای کرد و بە هەلیکۆپتەر بۆردومانی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە، لەم هێرشەدا زیانی مرۆیی و ماددی بە ناوچەکە گەیشت، تورکیا ڕایگەیاندبوو لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگەی بەدیل گرتووە، بەڵام مەسعود بارزانی بۆ ڕۆژنامەی (سەفیر) قسەی کردووە گوتوویەتی: "ئامانجی هێرشی تورکیا لێدانی بنکە و بارەگای پارتییە لە ناوچەکانی بادینان، کە ڕزگارمان کردووە، کەس لە ئێمە نەگیراوە"[٣].

بەمەبەستی تۆڵەکردنە لە خەڵکی مەدەنی هێزێکی زۆر ڕژێم کە پێکهاتبوو لە چوار سرییەی موغاویری لە فەیلەقی یەک لە (١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٣) بەرەو گوندەکانی (بانسورا و زیوکا عەبو) سەربە ناحییەی مانگیش لە جوڵەدابوون، هێزی ڕژێم دانیشتوانی هەردوو گوندەکەی کۆکردەوە بە دڕندانەترین شێوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن و ئازاری دەرونی دەدان، بە بیانووی هەبوونی پێشمەرگە ماڵ بەماڵیان دەبشکنی و کەلوپەلیان تێکدەدا. بۆیە دانیشتوانی گوند ئەم سوکایەتییان پێ قبوڵ نەکرا و ڕووبەڕووی هێزەکە بوونەوە، لەهەمان کاتدا هێزەکانی پێشمەرگە بە دەنگ دانیشتوانی گوندەوە هاتن،

(١) حزب العمل الاشتراكي العربي - العراق، حول الغزو التركي للاراضي العراقية، اوائل حزيران ١٩٨٣؛ ئێزگەی دەنگی کوردستان، هێرشی تورکیا بۆ سەر خاکمان بەشێکە لە نەخشەیەکی بەربڵاوی ئیمپریالیزم، حوزیرانی ١٩٨٣.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، دهۆک ٢٠٢٢/٦/١٣.

(٣) ڕۆژنامەگەری جیهانی هێرشی تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٨)، ئابی ١٩٨٣، ل٧و٩.

دانیشتوانی گوندیش دەستیان دایە چەک شانبەشانی پێشمەرگە بۆ ماوەی (٦) کاتژمێر ڕووبەڕووی ئەو هێزە زۆرەی سوپای عێراق بوونەوە، سوپا سەری لێ شێوابوو بە دوای دەرچەیەک دەگەڕا لەو گەمارۆیە دەرچێت. بۆیە هێزێکی زۆری ڕژێم بە پشتیوانی چوار هەلیکۆپتەر بۆ ڕزگارکردنی هێزە موغاویرییەکە و شکاندنی گەمارۆکە بەرەو شوێنی ڕووداوەکە چوون. کوێرانە کەوتنە بۆردومانکردنی ناوچەکە وەک ئەوەی" شەڵم کوێرم دەست ناپەرێزم" هەرچی دەغڵ و دانی هاووڵاتییان بوو لە ئەنجامی بۆردومانەکە ئاگری تێبەربوو و سوتا، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە و دانیشتوانی گوند بەرگرییان کرد، کە زیانێکی زۆری ماددی مرۆییان لە هێزی ڕژێم دا (٥٣) سەرباز کوژران و (٨) ی دیکەش بەدیل گیران. دوو هاووڵاتی مەدەنی برینداربوون. چەندین کەلوپەلی سەربازی کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە[١].

دەتوانین بڵێین چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە مانگەکانی (ئابی ١٩٨٠ تا ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣)، پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، چەندین چالاکی جۆراو جۆریان دژی حکومەتی عێراق ئەنجام داوە، بەم شێوەیە بووە:

(١) . دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٤)، ١٥ حوزەیران١٩٨٤، ل١١.

**خشـتەی ژمـارە ٢ چالاکییـە چەکدارییـەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانـی عێـراق (١٩٨٠-١٩٨٣)**

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| ئاب و ئەیلوولی ١٩٨٠[1] | ٦٥ | ٣٥٨ | ١٠ | ١٠١ | ٦ | | --- |
| تشرینی یەکەمی ١٩٨٠ تا کانوونی یەکەمی ١٩٨٠[2] | ٧٧ | ١٢١٠ | ٢٧ | --- | ٣٥ | ١٠ | --- |
| کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨١[3] | ٤٩ | ٢٨٠ | ٦ | | ٥ | --- | ٢ |
| ئاداری ١٩٨١ تا ئەیلوولی ١٩٨١[4] | ٢٣٨ | ١,٢٥١ | ٤٨ | --- | --- | --- | --- |
| تەمووزی ١٩٨١ تا تشرینی یەکەمی ١٩٨١[5] | ١٩٢ | ٧٣٧ | ٤٨ | --- | ٤١ | -- | --- |
| ٢٢ی حوزەیـرانی ١٩٨٢ تـا ٢٣ی حوزەیـرانی ١٩٨٣[6] | ٦٠٨ | ٢,١٢٢ | ١٠٧ | ٩٩٢ | ٨٨ | ١١٤ | --- |
| کۆی گشتی | ١٢٢٩ | ٥٩٥٨ | ٢٣٦ | ١٠٩٣ | ١٧٥ | ١٢٤ | ٢ |

(١) العمليات التي نفذتها فصائل بيشمركة حزبنا الديمقراطي الكردستاني خلال شهر اب، جريدة اخبار كردستان، العدد (٧)، ايلول ١٩٨٠، ص٧و١٧؛ عمليات الفدائية التى نفذت خلال شهر ايلول _ احصائية عامة، جريده اخبار كردستان، العدد (٨)، تشرين الاول ١٩٨٠، ص ص١٥،٤

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستان ڕاپۆرت، خولاسەی چالاکی یەکانی لەشکری شۆڕش گێڕی کوردستان لە چوار مانگی دوایی ساڵی ١٩٨٠، ١٩٨٠/١٢/٢٨.

(٣) احصائية بعمليات البيشمركة خلال شهر كانون الثاني و شباط، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٣)، ١٨ آذار ١٩٨١، ص١-٢.

(٤) جريدة اخبار كردستان، العدد (١٤)، ١٢ نيسان ١٩٨١، ص ص٢-٨؛ احصائية للفعليات العسكرية للجيش للثوري الكردستاني، جريدة اخبار كردستان، العدد (٣٠)، ١٩٨١/٩/٢١، ص٢-٣.

(٥) ئێزگەی دەنگی کوردستان، سەرژمێرێک دەربارەی چالاکی پێشمەرگەکانمان لە کۆتایی گەلاوێژەوە تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١، ١٩٨١/١١/١٩.

(٦) جريدة اخبار كردستان، العدد (٥٠)، ١٩٨٢/١/٢٤، ص٣-٤؛ جريدة اخبار كردستان، العدد (٧٩)، ٥ ايار ١٩٨٢، ص٢.

سەرەڕای بوونی زیانی ماددیی لە سوپای عێراق و لەناوچوونی چەندین زرێپۆش و دەست بەسەرداگرتنی چەندین چەك و كەلوپەلی سەربازیی، لەم قۆناغەشدا ئەوەی جێی سەرنجە، زیانەكانی پێشمەرگە بەراورد بە زیانەكانی سوپای عێراق زۆر كەمترن، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو كە چالاكییەكان زیاتر پارتیزانی بووە، هەروەها بەشێكی زۆری سوپای عێراق تەرخان كرابوو بۆ جەنگی عێراق- ئێران، ئەوەی هەبوو سوپای میللی و مەفرەزە تایبەتەكان بوون، ئەوانیش نەیاندەتوانی بەرانبەر پێشمەرگە خۆیان ڕابگرن، ئەمەش دەرفەتێكی باش بووە بۆ هێزەكانی پێشمەرگە، كە چالاكییەكانیان زیاد بكەن و بە كەمترین زیان لە شەڕەكان دەرباز بن[١].

لە (٧ی ئەیلوولی ١٩٨٣) هێزێكی زۆری ڕژێم هێنرابوونە زاخۆ، بەمەستی گەڕان و پشكنینی گوندەكانی دەوروبەری لە گوندی (دحلكی و نورلدین) سەربازانی ڕژێم كەوتنە سوكایەتی بە هاووڵاتییان و لێدانیان، ئەم هەواڵە گەیشتە هێزەكانی پێشمەرگە مەفرەزەیەكی پێشمەرگە هێرشیان كردە سەر هێزەكەی ڕژێم، هاووڵاتییانی گوندیش وەك هێزێكی پاڵپشتی ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و خواردەمەنی و پیداویستییان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەكرد، لەو ئاكامەدا و زیانێكی زۆر بەرسوپا كەوت (٣٣) سەرباز و جاش كوژران (٤٢)ی دیكە برینداربوون[٢]. لە زنجیرە هێرشێكی سوپای عێراق لە (٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٣)، بۆسەر هێزەكانی پێشمەرگە لە گوندی (ئەحمەدئاوا) بەرزاییەكانی دەوروبەری، لە لایەن پێشمەرگەكانی لیژنەی ناوچەی

(١) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣.

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٠٧)،١/تشرینی یەكەم ١٩٨٣، ل٦.

هەڵەبجـە، بەرپەرچـی هێرشـەکە درایـەوە، و سـوپا نەیتوانـی پێشـڕەوی بـکات، لـە ئەنجامـدا (٢) جـاش کـوژران و (٢)ی دیکـە برینـدار بـوون[١]. هەروەهـا لـە (١٦ی ئەیلوولـی ١٩٨٣)، مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە لەسـەر ڕێـگای نێـوان زاوێتـە و گونـدی بەربەهـار بۆسـەیەکیان بـۆ هێزێکـی سـوپای عێـراق دانـا، کـە پێکهاتبـوو لـە زرێپۆشـێک و جێـب قیادەیـەک، پێشـمەرگەکان لــە نـاکاو بەسـەر هێزەکەیانـدادا و زیانێکـی زۆریـان لێـدان. لـە ئاکامـدا بـووە هـۆی کوژرانـی (١٩) سـەرباز برینداربوونـی (٢)ی دیکـە، بەدیـل گیرانـی (٢) سـەرباز، هـەر لـە هەمـان ڕۆژ مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە هێرشـییان بـردە سـەر بـارەگای سرییـەی (بانـی بـادی، بـەری بەهـار و بابلـۆ) زیانێکـی زۆرییـان لـە سـەنگەرەکانی سـوپای عێـراق دا، بنکـە و بارەگاکانییـان تەختـی زەوی کـرد، هەرچـی کەلوپەلـی سـەربازی فیشـەک و کڵاشـینکۆف کەوتـە دەسـت هێزەکانـی پێشـمەرگە، ڕژێمـی عێـراق بـۆ شـاردنەوەی شکسـتەکەی هێزێکـی گـەورەی نـارد کـە بریتـی بـوون لـە (٤٠) ئۆتۆمبێلـی پـڕ لـە سـەربازی جەیشـی شـەعبی، هێرشـییان بـردە سـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە نزیـک گونـدی (بـەری بەهـار)، بۆیـە هێزەکانـی پیشـمەرگە خۆیـان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەم هێـزە ئامادەکردبـوو، ئابڵوقـەی هێزەکەیانـدا و ژمارەیەکـی زۆریـان لـێ کـوژرا، هێزێکـی دیکـەی ڕژێـم بـۆ ڕزگارکردنـی ئابڵۆقـە دراوەکان بـەرەو شـوێنی شـەرەکە هاتـن، بـەڵام نەیانتوانـی سـەرکەوتووبن، لـە شـکاندنی ئابڵوقەکـە بۆیـە دووچـاری شکسـت بوونـەوە و ژمارەیەکـی زۆریـان لـێ کـوژران[٢].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٨)، ١/تشرینی یەکەم ١٩٨٣، ل٩.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٨)، ١/تشرینی یەکەم ١٩٨٣/ ل١٠.

لە ساڵی ١٩٨٣، سوپای عێراق لە جەنگی بەرامبەر ئێران لەشكست دابوو، ئەمەش دەرفەتێك بوو بۆ هێزەكانی پێشمەرگە، چالاكییەكانیان زیاد بكەن، بۆ نموونە ئاماری (٦) مانگی چالاكییەكانی پێشمەرگە لە (حوزەیرانی ١٩٨٣ تا كانوونی یەكەمی ١٩٨٣)، دەردەكەوێت، كە (٢٣٣)، چالاكی ئەنجام بدەن، (٦٨٣) كەس لە دەزگا ئەمنییەكانی ڕژێم كوژراون، (٤٤٥) برینداربوون[١]. هەرچەندە حكومەتی بەعس زۆر گرنگی بەشەڕی پێشمەرگە نەداوە، لەسەرەتای جەنگی بەرامبەر ئێران تەوای هێزی سەربازی بۆ جەنگی ئێران تەرخانكردبوو، ئەو هێزەی لە جاش و جەیش شەعبی بۆ شەڕی پێشمەرگە دروست كردبوو، ورەی ئەو هێزەش لاوازبوو، چونكە جەیش شەعبی بە سەربازی زۆرە ملێ دروست كرابوون، زۆر جار خۆیان لەشەڕی پێشمەرگە لاداوە، بۆ قەرەبووكردنەوەی ئەو شكستە سەربازییانەی سوپای عێراق لە هەردوو بەرەی شەڕی بەرامبەر ئێران و پێشمەرگە لە (نیسانی ١٩٨٤)، سوپای عێراق بەسێ قۆناغی جیا هێرشێكی بەرفراوانی بردە سەر هێزەكانی پێشمەرگە لەسنووری هەولێر، دهۆك و سلێمانی[٢]. لە (٣٠ی نیسانی ١٩٨٤)، حكومەتی بەعس ژمارەیەكی زۆری جاشی نزیكەی (٥٠٠) جاش دەبوون، لە فڕۆكەخانەی بامەڕنێ كۆكردبووەوە، بە نیازی هێرش كردنە سەر هێزەكانی پیشمەرگە لە سنووری لقی یەك. دوای ئەوەی هێزەكانی پێشمەرگە لە ڕێگەی ڕێكخستنە ناوخۆییەكان ئاگاداری ئەو پیلانەی ڕژێم كرانەوە، بەرلەوەی ئەو فەوجە جاشەی كە حكومەت ئامادەی كردبوون بۆ هێرش كردنە سەر هێزەكانی پێشمەرگە، ئەوان

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١٠)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٣، ل١٠.

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٧٨)، ٣/ ئایار ١٩٨٢، ل١-٢.

دەستی خۆیان بوەشێنن، بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە نەخشەیەکیان بۆ لێدانی فڕۆکە و لە (١ی ئایاری ١٩٨٤)، دەستیان کرد بە بۆردومان کردنی فڕۆکەخانە کە زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددییان لێدان، لە ڕێگەی بڵندگۆکانەوە پێشمەرگەکان، بانگەوازییان کرد کە جاشەکان لەماوەی (٢٤) کاتژمێر شوێنەکە جێ بهێڵن، ئەگەرنا ژیانییان پارێزراو نابێت[١].

بەهۆی زیادبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە سوپای عێراق هەراسان ببوو، هەربۆیە سوپاهەوڵی دا سنوورێك بۆ چالاکییەکانی پێشمەرگە دابنێت، لە زنجیرە هێرشێکی لە (ئایاری ١٩٨٤) بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکان، بەڵام لە زۆربەی هێرشەکان دووچاری شکست بوون[٢]. بۆ نموونە لە (١٥-١٦ی ئایاری ١٩٨٤)، هیزێکی زۆری جاش نزیکەی (١٠٠٠)، جاش دەبوون هێرشییان کردە سەر گوندەکانی (بێتاس، دۆلا ئەرمشتی، دەبانگی و بێهزی)، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و بەرگری میللی بەرپەرچی ئەم هێرشە درایەوە، دوای شەرێکی توند جاشەکان شکان و زیانێکی زۆریان پێگەیشت (٢) کوژرا و چەندین برینداریان هەبوو، بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو شکستەیان، ڕۆژی دواتر دوژمن هیزێکی زۆری ناردە شوێنی شەرەکە، شەڕ و ڕووبەڕوونەوەیەکی توند ڕوویدا، بۆ جاری دووەم شکستیان خوارد[٣]. بە مەبەستی پشکنینی گوندەکانی دەشتی سمێل دەوروبەری و گەڕان بە دوای پێشمەرگە لە (١٩ی ئایاری ١٩٨٤)، بە هێزێکی زۆری جاش پڕۆسەکەیان دەست پێ کرد. بەڵام لە لایەن

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤/ ئایار/ ١٩٨٤، ل١٠.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٦ی حوزەیرانی ١٩٨٤، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٤، ل٣.

هێزەكانی پیشمەرگەوە بۆسەیان بۆ دانرا شكستییان بە پیلانەكانیان هێنرا و زیانێكی زۆریان بەركەوت[١].

هەڵكشانی چالاكییەكانی پێشمەرگە وایكرد حكومەتی بەعس بۆ كردنەوەی بەرەیەكی شەڕ بەرانبەر پێشمەرگە لەگەڵ حكومەتی توركیا لە (٦ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٤) ڕێكبكەوێت، هەربۆیە (پ.د.ک) لە بانگەوازێكی بۆ ڕای گشتیی جیهانی ڕایگەیاندبوو: حكومەتی بەعس و توركیا ڕێككەوتوون بۆ هەماهەنگی و لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی، پەرلەمانی توركیا لە (١٧ی تشرینی یەكەمی ١٩٨٤) پلانی دەستتێوەردانی سوپای توركیا لە كاروباری ناوخۆی عێراق و هێرشكردنە سەر پێشمەرگەی پەسەند كرد[٢]، لە (١٩-٢٠ تشرینی یەكەمی ١٩٨٤) فڕۆكە جەنگییەكانی توركیا سنووری باشووری كوردستانیان بەزاند و ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیان بۆردومان كرد، هەروەها سوپای عێراق بەردەوام بوون لە بۆردومان كردنی هێزی پێشمەرگە بەڵام هێزەكانی توركیا نەیانتوانی ئامانجەكانیان بپێكن، هەرچەندە ئەو هێرشانەی توركیا بە پشتیوانی حكومەتی بەعس بۆ سنووردارکردنی چالاكییەكانی پێشمەرگە بوو، بەڵام هێزەكانی پێشمەرگە بەردەوام بوون لە چالاكییەكانیان، بەپێی ئامارێک چالاكیی لەشكری (پ.د.ک) لە (٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا ١ی كانوونی یەكەمی ١٩٨٥)، بەم شێوەیە بووە:

---

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٥/ حوزەیرانی ١٩٨٤، ل٣.

(٢) م.س، ح.د.ك، نداء الى الرأي العام العالمي، ١٩٨٤/١٠/١٧.

## خشتەی ژمارە ٣ چالاکییە چەکدارییەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانی عێراق (١٩٨٣-١٩٨٥)

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تا ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤[١] | ٢٣٣ | ٦٨٣ | ١١٩ | ٤٤٥ | ٥٣ | ٦٥ | --- |
| ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ تا ٢٩ شوباتی ١٩٨٤[٢] | ٧٨ | ٢٤٤ | ١٢ | ١٢٢ | ١٣ | --- | --- |
| ١ی ئاداری ١٩٨٤ تا ١ی ئایاری ١٩٨٤[٣] | ١٣٠ | ٢٨١ | ٧ | ١١٤ | ٢٢ | --- | --- |
| ١ی ئایاری ١٩٨٤ تا تشرینی یەکەمی ١٩٨٤[٤] | ٢٨١ | ٦٧٣ | ٣٥ | ٦٤٩ | ٣١ | --- | --- |
| تشرینی یەکەی ١٩٨٤ تا کانوونی یەکەمی ١٩٨٤[٥] | ١٤٠ | ٢٩٤ | ٦ | ١٩٨ | ١٦ | ٢١ | |
| کانوونی دووەم و تا شوباتی ١٩٨٥[٦] | ٥٦ | ١١٢ | ٤ | ٨٩ | --- | ٣ | |
| ئادار و نیسانی ١٩٨٥[٧] | ١٠٤ | ١٥٧ | ٦ | ١٧٤ | --- | ٢٦ | |

(١) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣.

(٢) فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال، العدد (٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٤.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥١) کۆتایی نیسان ١٩٨٤، ل٣.

(٤) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٢)، ١٩٨٤/١١/٢١، ل٣.

(٥) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٣)، ١٩٨٤/١١/٢١، ل٣.

(٦) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٤-٥٥٥)، کانوونی دووەم وشوباتی ١٩٨٥، ل٣.

(٧) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٥٥٦-٥٥٧) مارت و نیسانی ١٩٨٥، ل٣.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەواوای ساڵی ١٩٨٥[(١)] | ٤١٣ | ٧٦٠ | ٦٥ | ٦٤٥ | ٧٩ | ٩٨ | --- |
| کۆی گشتی | ١٤٣٥ | ٣,٢٠٤ | ٢٥٤ | ٢,٤٣٦ | ٢١٤ | ٢١٣ | |

پاڵپشــت بــەو خشــتەیە چالاکییەکانــی پێشــمەرگە لــە هەڵکشــاندا بــووە، ئەمــەش بــە هــۆی تونــد بوونــی جەنگــی عێراق-ئێــران، هەروەهــا ســەرکەوتنەکانی ئێــران لــە بەرەکانــی جەنگ، وایکــرد هێزەکانی پێشــمەرگە ئەو دۆخــە بقۆزنــەوە بــۆ زیادکردنــی چالاکییــەکان، جــۆری چالاکییەکانیــش بریتــی بــووە لــە: بۆســە دانــان بــۆ کاروانــی ئۆتۆمبێلەکانــی ســوپای عێــراق، هەروەهــا لێدانــی بنکــە و بارەگاکانــی ســوپای عێــراق، لە ئەنجامــی ئەو چالاکییانە ســوپای عێــراق زیانێکــی گیانــی و مــاددی زۆری بەرکەوتــووە، ژمارەیەکــی زۆر ئۆتۆمبێــل و کەرەســتەی ســەربازیی لەدەســت داوە.

لــە هەوڵێکــدا بــۆ کۆنترۆڵکردنــی ڕێــگای ســتراتیژی موســڵ- دهــۆک کــە وەک ڕێگایەکــی چارەنووســاز ســتراتیژ بــوو لــە نێــوان تورکیــا و عێراقــدا، مەفرەزێکــی پێشــمەرگە لــە (٢٩ی تەممــوزی ١٩٨٥) لەبۆســەیەکدا بەســەر ســوپای عێراقیــان دا و ســەرکەوتووانە دەســتیان بەســەر ئــەم ڕێگایــە گرنگەدا گــرت[(٢)]، وابــەدوای ئــەم ســەرکەوتنە بەرچــاوە، لــە (٩ی ئەیلوولــی ١٩٨٥) کۆمەڵێــک پێشــمەرگە لــە کۆمیتــەی ناوچــەی ئامێــدی، هێرشــێکی بەهێزیــان کــردە ســەر بــارەگای کەتیبــەی کانــی ماســی و ناوچەکانــی دەوروبــەری. بــە کەڵــک وەرگرتــن لــە تۆپخانــە، زیانێکــی زۆریــان بــە هێزەکانــی ســوپای عێــراق گەیانــد[(٣)]. لــە هێرشــێکی دیکــەدا هێزەکانــی پێشــمەرگە لــە (١١ی

(١) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل٣.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٣)، تەموزی ١٩٨٥، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، ل٧.

تشرینی دووەمی ١٩٨٥) هێرشیان کردە سەر بارەگای کەتیبەی باگیرا و بە بەکارهێنانی ٥٧ تۆپ بۆ لێدانی ئامانجەکانیان بە وردی. ئەم هێرشە زیانێکی بەرفراوانی بە هێزەکانی سوپای عێراق گەیاند و لە ئەنجامدا پێگەی سەرەکی گرت[١]. سەبارەت ئامارگشتی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٨٥ تا کانوونی دووەمی ١٩٨٦)، بریتی بوو لە ئەنجامدانی (٤١٣) چالاکی بۆسەر موڵگەو بنکەکانی سوپای عێراق، هەروەها (٩٤) چالاکی لە ناو شارەکان (٣٣) چالاکی بەهاوبەشی هیزەکانی جود، زیانەکانی سوپا بریتی بوو لە کوژرانی (٧٦٠) لەسەرباز و ئەفسەر[٢]. ئەوچالاکییانەی پێشمەرگە لە (کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ تا سەرەتای نیسانی هەمان ساڵ) (٥٧) چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە. زیانێکی زۆری مرۆیی و مادییان لەدەزگا ئەمنییکانی حکومەتی بەعس داوە. زیانەکانیش بریتین لە: (١٢٥) کوژراو (٣١) بریندار (٢٢) دیل[٣].

لە (٨ی ئایاری ١٩٨٦) هێزەکانی ڕژێم هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی دهۆک دەستپێکرد. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا لیوای (١١٩)، فەوجی زرێپۆشی سەنحەریب،جەیش شەعبی و چەندانی دیکە بەشداربوون، هێزەکانی پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە و زیانێکی بەرچاوی مرۆیی و مادديیان بە سوپای عێراق گەیاند[٤].

لە ساڵی ١٩٨٦، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە کە بە ناوچەی "ئازادکراو" ناسراون، بە شێوەیەکی بەرچاو فراوانتر بوون، بەتایبەتی لە

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل١.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٨).

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٤٩).

(٤) اخبارکردستان، العدد (١٤٣-١٤٤)، ٥-٦ ايار ١٩٨٦، ص١و٨.

پەراوێزی شارەکان و لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و عێراق. ئە م فراوانبوونە بە هۆی بوونی بۆری نە وتی عێراقە وە هە ڕە شە ی لە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییە کانی عێراق و تورکیا دروست کردبوو. لە ئەنجامدا لە (٢٧ی نیسانی ١٩٨٦)، حکومەتی بەعس هێزێکی نزیکەی (١٠) هەزار سەربازی بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکان و مووشەکی قورس و تۆپخانە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر سنوورەکان جێگیر کرد. ئامانجی حکومەت گرتنی ناوچە ستراتیژییەکان و گۆشەگیرکردنی هێزی پێشمەرگە بوو. بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتووانە بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە و لە ئەنجامدا نزیکەی (١٢٠) سەربازی عێراقی کوژران و برینداربوون (٢٠) سەربازیش بە دیل گیران[١].

لە سەرەتای (ئایاری ساڵی ١٩٨٦) حکومەتی بەعس ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دیکەی لە بادینان دەستپێکرد بۆ جیاکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی. لەو ماوەیەدا پێشمەرگە ستراتیجی جەنگی خۆی لە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و بۆسەدانەوە گۆڕی بۆ گرتنەوەی شارۆچکە و گوندەکان[٢]، بۆ نموونە لە (١٤ی ئایاری ١٩٨٦) هێزەکانی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر قەزای مانگیش و بەشێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵیان کرد سوپا زیانێکی زۆری بەرکەوت، کە بە کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەری پلەدار و بەدیلگیرانی (٤٠)ی دیکەیان. ئەم سەرکەوتنە سەرنجی میدیا جیهانییەکانی ڕاکێشا. لە بەرامبەردا سوپای عێراق هەوڵی بۆردومانی

(١) دیدار لەگەڵ حەمید ئەفەندی، هەولێر، ٢٠٢٢/٥/١١.
(٢) دیدار لەگەڵ حەمید ئەفەندی، هەولێر، ٢٠٢٢/٥/١١.

ناوچەکەی دا، بۆ ڕێگریکردن لە زیانی گیانی و زیانی زیاتری هاووڵاتیانی مەدەنی، هێزەکانی پێشمەرگە شارۆچکەکەیان چۆڵ کرد[١].دوای ئەوەی حکومەتی بەعس بێ ئومێد بوو لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، جارێکی دیکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا لە (١٥-١٦ی ئابی ١٩٨٦) فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی باشووری کوردستانیان کردەوە و زیانی ماددی بە ناوچەکە گەیاند[٢]، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لە بەردەم کەمبوونەوەی چالاکییەکان. هەربۆیە لە (١٢ی تشرینی یەکەمی١٩٨٦)، هێزێکی زۆری سوپای عێرراق نزیکەی (١٠) هەزار سەرباز هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی بادینان و دەوروبەری، بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە تونیا بەپێی پلانێکی تۆکمەی سەربازی درز بخەنە نیو هێزەکانی سوپای عێراق، چەند هێرشێکی کتوپری لە ناکاو ئەو هێزەی ماندووکرد وای کرد یەکەکانی سوپا لەیەک دابڕان و سوپا ناچار بە پاشەکشەبکەن، دوای ئەوەی زیانێکی زۆری بەرکەوت و ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار هەبوو[٣].

لە (٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦) هێزێکی گەورەی ڕژێم بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی زرێپۆش بەرەو گوندی تەرپەسپیان پێشڕەوییان کرد، هێزی پێشمەرگە بە پێشبینی هێرشەکە، پێشتر خەڵکی گوندەکەیان ئاگادار کردبووەوە کە لە پێناو سەلامەتی خۆیان چۆڵ بکەن. پێش ئەوەی سوپا بگاتە گوندەکە، هێزەکانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانیانەوە هێرشێکی لەناکاویان دەستپێکرد و لە ئەنجامدا شەڕێکی توندی لێکەوتەوە. هێرشە چاوەڕواننەکراوەکەی پێشمەرگە

(١) مانگيش في قبضة الثوار، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٤٥)، حزيران ١٩٨٦، ص١و ٥.
(٢) مسعود البارزاني، تصريح صحفي، ١٩٨٦/٨/١٦.
(٣) اخبار كردستان، العدد(١٤٩)، تشرين الاول ١٩٨٦، ص١-٦.

بـووە هـۆی سەرلێشـێواوییەکی بەرچـاو لەنـاو ڕیزەکانـی سـوپادا و بـووە هـۆی ئـەوەی تەرمـی سـەربازە کەوتووەکانیـان بەجێبهێڵـن. سـەرەڕای هەوڵـدان بـۆ گەمارۆدانـی پێشـمەرگە و ئەنجامدانـی هێرشـی پێچەوانـە، سـوپا شکسـتی هێنـا و زیانێکـی زۆری بەرکـەوت. زیاتـر لـە (٢٠) تـەرم لـە گوندەکـەدا بەجێهێڵـراون. سـەرەڕای ئـەوەش (٢) هێلیکۆپتـەر خرانـە خـوارەوە- یەکێکیـان لـە نزیـک عەیـن کاوە و ئـەوی دیکەیـان لـە نزیـک بەرەکانـی شـەڕ. هەروەهـا پێشـمەرگە تانـک و زرێپۆشـێکی لەکارخسـتووە. لـەو شـەڕەدا (٢) پێشـمەرگە شـەهید بـوون [1].

بـە ئامانجـی کۆنترۆڵکردنـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە حکومەتـی بەعس بەهاوبەشـی لەگـەل تورکیـا لـە (١٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٦)، لـە پینـج میحـوەرەوە هێرشـی بۆسـەر ناوچـە ئازادکراوەکانـی دهـۆک و زاخـۆ گەمارۆدانـی پێشـمەرگە دەسـتپێکرد، سـەرەتای هێرشـەکە بـە بۆردومانـی ئاسـمانی و تۆپخانـە بەرفـراوان و بـێ جیـاوازی بـۆ سـەر گوندەکانـی ناوچەکـە بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک بەردەوامـی هەبـوو، بـەڵام ئـەم هێرشـە وەک هیرشـەکانی دیکـەی سـوپا شکسـتیان هێنـا[2]. دوای ئاشـتبوونەوەی گشـتی (پ.دک) و (ی.ن.ك) لە سـاڵی (١٩٨٦) بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیـان ڕێگایـان بـە هێـزەکانی یەکـتری دەدا لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی یەکـتری چالاکـی دژی حکومـەتی عێـراق ئەنجـام بـدەن[3]. چالاکییـەکان گـەورە بـوون دەسـت بەسـەرداگرتنی شـارۆچکە و مانـەوە تێیـدا.

(١) اخبار كردستان، العدد (١٥)، تشرين الثاني١٩٨٦، ص٥.

(٢) اخبار كردستان، العدد (١٥١)، كانوون الأول ١٩٨٦، ص١و٩.

(٣) جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥١)، كانون الاول ١٩٨٦، ص٤؛ جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥٢)، كانون الثانى ١٩٨٧، ص١و١٠.

بە تایبەتی لە ١٩٨٧ بە ساڵێکی پڕ لە جموجۆڵی چەکداریی دادەنرێت، دوای ئەوەی عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١-٢٠١٠)، لە (٢٩ی ئاداری ١٩٨٧) بوو بە بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور. ناوبراو هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ لەناوبردنی بزاڤی چەکداری کورد[١]. هەرچەندە ڕێکارەکانی عەلی حەسەن مەجید، بەرانبەر پێشمەرگە توند بوو، بەڵام نەبووە هۆی وەستاندنی چالاکییەکانی پێشمەرگە، بۆ نموونە لە (٢٧-٢٨ی تەمووزی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی لقی (٣، ٤)ی (پ.د.ک) توانیان دەست بەسەر فەوجی (باسەڕە) لە ڕێگای چەمچەماڵ- سەنگاو و (٩) ڕەبیەی دەوروبەریدا بگرن، ئەو چالاکییەدا بووە هۆی کوژرانی (١٥٠) سەرباز و ئەفسەری عێراقی، بەدیل گیرانی (٧٠) سەرباز، زیانەکانی پێشمەرگە (٤) کوژراو و (٧) بریندار بووە[٢]. چالاکی پێشمەرگە بە درێژایی ساڵی ١٩٨٧ بەردەوامی هەبوو بوو، لە (٤ی ئابی ١٩٨٧)، پێشمەرگەکانی لقی (٤)ی پارتی هێرشیان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق لە ئەحمەدئاوای هەڵەبجە، فەوجی (٣٦) ی سوپای عێراقیان کردە ئامانج، زیانی زۆریان بە بارەگای فەوج و سەنگەرەکانی دەوروبەری گەیاند. لە تۆڵەسەندنەوەدا، سوپای عێراق لە (٧-٨ی ئابی ١٩٨٧) زنجیرەیەک هێرشی دەستپێکرد، بەڵام هەموو ئەو هێرشانە شکستیان هێنا و لە ئەنجامدا زیانێکی زۆری مرۆیی و ماددی بۆ هێزە عێراقییەکان لێکەوتەوە. نزیکەی (٣٠٠) سەرباز کوژراون یان بریندار بوون (٤٢) سەربازیش بە دیل گیراون. جگە لەوەش (٧٠) بنکەی سەربازی لە ناوچەکەدا وێران بوون[٣]. لە

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٤٢٧.

(٢) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣؛ جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥٩)، تموز ١٩٨٧، ص١.

(٣) اخباركردستان، العدد (١٦٠)، اوسط اب١٩٨٧، ص٦.

یادی دامەزراندنی (٤١) ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە (١٦ی ئابی ١٩٨٧)، پێشمەرگە هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر سەنگەرەکانی سوپای عێراق لە دامێنی چیای سەفین، ئەم هێرشە زیانێکی بەرچاوی بە بنکەکانی عێراق گەیاند و لە ئەنجامدا (٧٤) کەس کوژراون و (١١) بنکە و بارەگاش وێران بوون. بەڵام لەو شەڕەدا (٦) پێشمەرگە شەهید بوون[١].

لە درێژەی چالاکییە سەربازییەکاندا، پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٣-١٤ی ئەیلوولی ١٩٨٧)، هێرشێکی گەورەی ڕێکخست، پێشمەرگەکانی لقی یەک هێرشیان کردە سەر فەوجەکانی سوپای عێراق لە کانی ماسی و بیگۆڤیا پێگە سەرەکییەکانیی سوپای عێراق (٧٠) ڕەبییەیان گرت، بەدرێژایی (٣٠) کیلۆمەتر[٢]، ئەمە وێڕای هەبوونی زیانێکی زۆر لە هێزەکانی سوپای عێراق کە کوژرانی (٥٠٠) سەرباز و بەدیل گیرانی (٦٠٠) سەرباز و جاش بووە[٣]، لە هێزەکانی پێشمەرگەش (٧) کوژراو و (٢) بەرگری میللی هەبوون، دوابەدوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی کانی ماسی مەسعود بارزانی بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی گشت پێشمەرگەکان کردووە[٤]. گرتنی کانی ماسی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە گرنگ بوو، چونکە بۆڕی نەوتی هەناردەکردن بۆ تورکیا بە ناوچەکەدا تێپەڕ دەبوو، مەترسی دروست کردبوو لەسەر هەناردەکردنی نەوت، بۆیە حکومەت هێرشی پێچەوانەی دەست پێکرد، دواتر هێزەکانی (پ.د.ک)

(١) اخبارکردستان، العدد (١٦١)، اواخر اب١٩٨٧، ص١و٤و٥.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تاهیر ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم، دهۆک، ٢٠٢٢/٦/١٣.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: كاني ماسي في قبضة الثورة طوال اسبوع، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٦٣)، ايلول ١٩٨٧، ص١و١١.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٧١-٧٣.

لـە ناوچەکـە کشـانەوە[١]. بـەم جـۆرە چالاکییـەکان ١٩٨٧ لـە هەڵکشـاندا بـووە، بـۆ بەپێـی ئامارێک چالاکی پێشـمەرگە لە سـنووری لقـی (٢)ی پارتی لـە پارێـزگای هەولێـر و دەوروبـەری لـە (٩ی ئایـاری ١٩٨٧ تـا ٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٧)، (٧١) چالاکـی جۆراوجـۆری ئەنجـام داوە. کـە تێیـدا (٩) چالاکـی بـە هاوبەشـی بـووە لەگـەڵ هێزەکانـی جـوود. لـەم چالاکییانـەدا زیانێکـی زۆری مرۆیـی و ماددیـان بـەدام دەزگاکانـی حکومەتـی بەعـس داوە. (٣١٠) سـەرباز کـوژراون، (٢٣٦)، سـەرباز برینداربـوون. (٧٤) دیـل. لـە هێزەکانـی پێشـمەرگەش (٢٣) شـەهید و (٤٢) برینـدار هەبـوون[٢]. چالاکـی و گورزەکانـی پێشـمەرگە سـوپای عێراقـی مانـدو کردبـوو هەربۆیە حکومەتی بەعس سـتراتیژیەتی شـەڕی بەرانبەر پێشـمەرگە گۆڕی، تەنانەت چەکـی قەدەغەکـراوی بەکارهێنـا[٣]، بـەڵام پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) لـە چالاکییەکانیـان نەوەسـتان، بـۆ نموونـە: لـە (١٠-١٥ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٨)، پێشـمەرگەکانی لقـی سـێی (پ.د.ک)، لـە ماوەیەکی کەمـدا توانیان دەسـت بەسـەر بـارەگای فەوجـی (مەندیلـە)ی نزیـک چەمچەمـاڵ و (٧) ڕەبیـەی دەوروبەریـدا بگـرن[٤]، لـەم شـەڕەدا نزیکـەی (١٤٠)، سـەرباز و جـاش کـوژران، (٥٢) کـەس بـە دیـل گیـران، هەروەهـا هێزەکانی پێشـمەرگە (٥) کوژراویـان هەبـوو[٥].

(١) ئێدگار ئۆ باڵانس، س.پ، ل٣٢٥.

(٢) أخبارکردستان، العدد (١٦٥)، تشرینی الثاني١٩٨٧، ص٤.

(٣) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦.

(٤) دیدار لەگەڵ سەعدوڵلا حەبیب مەحموود، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢٣. ناسراو بە بێکەس لە (١٩٦٨) لە دایکبووە، لە (١٩٨٤) بووەتە پێشمەرگە لە لێژنەی ناوچەی کەرکووک، ناوبراو بەشداربووە لە شەڕی مەندیلە، ئێستا کارگێڕی لێژنەی ناوچەی کەرکوکە.

(٥) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: چالاکی مەندیلە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٥)، کانوونی

زیادبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە و کۆنترۆڵکردنی چەندین شارۆچکە و گوند، تەنانەت پێشمەرگە پلانی کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکانیشی هەبوو، بۆیە حکومەت پلانی کۆتایی هێنان دوورخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی دانابوو، بۆ ئەم مەبەستە لە (١٩ تەمووز تا ٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردە سەر باشووری کوردستان و بەتایبەتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)، لە ناوچەکانی سیدەکان، مێرگەسۆر و خواکورک[١]. هێزەکانی بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش و لقەکانی (١، ٢، ٣، ٤) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی (حشع) لەو شەڕەدا بەشداربوون. هەروەها لە سوپای عێراق فەیلەقی (١)، فەیلەقی (٥) و زیاتر لە (٣٠) فەوجی جاش، کەتیبەی تۆپخانە، کەتیبەی تانک، چەند سریەیەکی هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی بەشداربوون[٢]، ئەو شەڕە نزیکەی دوو مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا سوپای عێراق چەندین هێرشی کردووەتە سەر پێگەکانی پێشمەرگە، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە خۆڕاگربن لەبەردەم هێرشەکانی سوپای عێراق[٣]، هەموو هێرشەکان تێکبشکێنن، عەلی عوسمان بەشداربوویەکی شەڕەکە دەڵێت: "داستانی خواکورک بە چەند قۆناغێک دەستی پێکرد...، شەڕێکی قورس و نابەرامبەر بوو، ئێمە بە هاوەن لە سوپای عێراقمان دەدا، هەندێک جاریش پیادە بووین و لە نزیکەوە لەگەڵ سوپای عێراق

دووەمی ١٩٨٨، ل١٧.

(١) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦؛ اخبارکردستان، العدد (١٨٣)، ١-١٥ اب١٩٨٨، ص١؛ اخبارکردستان، العدد ( ١٨٥)، ١-١٥/ ٩/ ١٩٨٨.

(٢) خواکوڕک داستانی قارەمانان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٨٣)، سەرەتای ئەیلولی ١٩٨٨، ل٥ و١٣؛ سەفەر کەریم هاواری، خواکورک سیمبولی داستانەکانی پێشمەرگە، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٧ بەدواوە.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥٠).

دەجەنگاین"[١]. بە هۆی سەرمایەکی زۆر و نەبوونی پێداویستی خواردن و نا بەرانبەری هێزەکان، لە (٥ی ئەیلوولی ١٩٨٨)دا، بە فەرمانی مەسعود بارزانی هێزەکانی پێشمەرگە بڕیاری کشانەوەیان دا[٢]. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا، سوپا لە ڕووی ماددی و مرۆییەوە زیانێکی زۆری بەر کەوت، کە ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای عێراق گەیشتە نزیکەی هەزار سەرباز، لەناو کوژراوەکانیشدا چەندین ئەفسەر و پلەدار هەبوون، وێڕای بە دیل گیرانی ژمارەیەکی زۆری دیکەیان[٣]. لە بەرانبەردا، (٢٨) کوژراو (١٠٤) بریندار لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا هەبوو[٤]. سەبارەت بە شەڕی خواکورک مەسعود بارزانی دەڵێت: "لە خواکورک پێشمەرگە ئەرکی پیرۆزی خۆی بەجێ گەیاند ئەفسانەی هێزی ڕژێمی تێکشاند، ڕێی نەدا هێزەکانی ڕژێم بگەنە سێکوچکەی سنوور و ڕێی خەڵکەکە بگرن، ئەو خەڵکەی بە نیاز بوون بگەنە ئێران، هەموویان دەربازبوون و گورزێکی گەورە لە هێزەکانی ڕژێم درا. دوای هاتنی وەرزی زستانیش مانەوە لەو بەرزییانە ئەستەم بوو، بۆیە بڕیارماندا کۆتایی بە شەڕ بهێنین"[٥].

---

(١) دیدار لەگەڵ عەلی عوسمان عومەر، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣. ناوبراو بە عەلی عوسمان مێرگەسۆری ناسراوە، لە (١٩٥٠) لە دایکبووە، لە (١٩٦٨) بووەتە پێشمەرگە، لە بارەگای بارزانی بەرپرسی تۆپخانە بووە، لە دوای نسکۆی (١٩٧٥) ئاوارەی ئێران بووە، لە (١٩٧٩) گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە شەڕی خواکورک بەشدار بووە و بەرپرسی ڕێکخراوی برووسکی سەر بەهێزی بارزان بووە، ئێستا ئەندامی فەرماندەیی هێزەکانی خەباتە.

(٢) دیدار لەگەڵ مولازم یوونس ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ل٢٤٣-٢٤٤.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥١).

(٥) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەر گی چوارەم، بەشی دووەم، ل٢٢٩.

سـەبارەت بـە ئامـاری شـەڕو پێکدادانـەکانی پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) و سـوپای عێـراق لەخشـتەی ژمـارە (٤) خـوارەوە دەخەینـە ڕوو:

**خشـتەی ژمـارە ٤ چالاکییـە چەکدارییـەکانی (پ.د.ک) دژی هێزەکانـی عێـراق (١٩٨٦-١٩٨٨)**

| بەرواری چالاکی | چالاکی | کوژراو | | بریندار | | دیل | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە | سوپا | پێشمەرگە |
| تـەواوی سـاڵی ١٩٨٦[١] | ٢٣٤ | ٧٦٦ | ٣٢ | ٥٨٥ | ٥ | ١٠٢ | --- |
| تـەواوی سـاڵی ١٩٨٧[٢] | ٦٦٥ | ٢٤٧٥ | ١٢٠ | ٣٢٨١ | ٢٨٦ | ١٥٦٠ | --- |
| شـوبات تاکـو نیسـانی ١٩٨٨[٣] | ٨٦ | ٣٠٥ | ٣١ | ٢١٥ | --- | ٣٤٩ | --- |
| کۆی گشتی | ٩٨٥ | ٣٥٤٦ | ١٨٣ | ٤٠٨١ | ٢٩١ | ٢٠١١ | --- |

(١) عمليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال، العدد (٥٦٠-٥٦١)، لشهر شباط و اذار١٩٨٦، ص٣؛ چالاکی لەشکری شۆڕش گێڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٢-٥٦٣)، نیسان و ئایاری ١٩٨٦، ل٣؛ عمليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خەبات النضال العدد (٥٦٤-٥٦٥)، حزيران و تموز١٩٨٦، ص٣؛ چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٩)، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، ل٣و١١.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ئاماری چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٠)، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٢-٥٧٣)، تشرینی دووەمی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٤) کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٥)، کانوونی دووەم، ١٩٨٨، ل٣.

(٣) چالاکییەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ژمارە (٥٧٦)، شوبات ١٩٨٨، ل٣؛جريدة اخبار كردستان، العدد (١٧٢) شباط ١٩٨٨، ص٤؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٧-٥٧٨)، ئادار و نیسانی ١٩٨٨، ل٣.

شـیاوی باسـە دوای ئاشـتبوونەوەی گشـتی، چالاکیـی پێشـمەرگە لـە ڕووی چەندیەتـی و چۆنیەتییـەوە گۆڕانێکـی گـەورەی بەسـەردا هاتبـوو، بـووە هـۆی زیادبوونـی چالاکییـە بەرەییـەکان، بـۆ نموونـە: لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو زیـادی کـرد. سـتراتیژییەتی شـەڕی پێشـمەرگە لە شـەڕی پارتیزانـی بچـووک بـۆ شـەڕی بەرەیـی گـەورە گـۆڕا، دەسـت بـە سـەر داگرتنـی چەندیـن شـار و ناحیـە ڕاسـتی ئـەم بۆ چوونە پشـت ڕاسـت دەکاتـەوە، ئەمەش گۆڕانێکـی گـەورە بـوو لـە ڕووی جـۆری چالاکییـەکان و دسـتکەوت و زیانـەکان.

## باسی سێیەم: چالاکی بەرەیی هاوبەش

قۆناغـی خەباتـی بەرەیـی کاریگەرییەکـی بەرچـاوی لەسـەر بەرخۆدانـی چەکـداری کـورد هەبوو. لـە ( ١٥ی ئایـاری ١٩٨١)، گۆڤـاری (Sunday Times)ی لەنـدەن بڵاویکـردەوە: "لـە مـاوەی چەند مانگی ڕابـردوودا چالاکی شۆڕشـگێڕانە بـۆ ئۆتۆنۆمـی لـە عێـراق لـە ناوچـە کوردسـتانییەکاندا زیـادی کـردووە"[١]. بەپێـی چەنـدان ئامـاژە و بەڵگـەی مێژوویـی، چالاکیـی هاوبەشـی بەرەیـی لـەو ماوەیـەدا دژی حکومەتـی بەعـس لـە زیادبوونـدا بـووە، هـەر بـۆ نموونـە لـە (٩ی شـوباتی ١٩٨١) لـە چالاکییەکـی هاوبەشـی (پ.د.ک) و (حسـک)، لـە گونـدی ڕێشـین لـە سـەید سـادق، پێشـمەرگە ڕووبـەڕووی هێزێکی زۆری سـوپا و مەفـرەزە تایبەتـەکان بوونەتـەوە، لـە ئاکامـدا بووەتـە هـۆی کوژرانـی (٢٠) سـەرباز و برینداربوونـی (٣٠)ی دیکـە[٢].

لـە چوارچێـوەی چالاکیـی هاوبەش لە (١٧ی نیسـانی ١٩٨١) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی (حشـع) لەلایـەن سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی ئـالان حاسـڵ لـە ناوچـەی شـارەزوور گەمـارۆ درابـوون، پێشـمەرگەکانی هەرێمـی یەکـی (حسـک) لەگـەڵ پێشـمەرگەکانی پاسـۆک، وەک هێـزی پاڵپشـتی بەهانـای هێـزە گەمارۆدراوەکـە چوونە[٣]،دوابـەدوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی چـڕ، هێـزی پێشـمەرگە زیانـی گیانـی و زیانـی مـاددی زۆری بـە سـوپای عێراقـدا گەیانـد. لـە پێکدادانەکانـدا (٦٤) سـەرباز و ئەفسـەری عێراقـی کـوژران،

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بروانە: بزوتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژنامەکانی جیهانی و ناوچەیی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٧)، ئەیلولی ١٩٨١، ل٩.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: العمليات لشهري كانون الثاني وشباط عام ١٩٨١، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٢)، ١٩٨١/٢/٢، ص٣.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦.

لەگــەڵ دەستبەســەرداگرتنی کەرەســتەی ســەربازیی بەرچــاو. ســەرەڕای ســەرکەوتنەکانیان، پێشــمەرگە زیانــی بەرکــەوت و (٩) شــەهید و (١٢) ی دیکــەش برینــدار بــوون. ســەرەڕای ئــەوەش، ململانێــکان بــووە هــۆی شــەهیدبوونی (٢) هاووڵاتــی مەدەنــی و برینداربوونــی (٦) کەســی دیکــە بەهــۆی بۆردومانەکانــەوە[١].

جێگای ســەرنجە پێشــمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشع)، لە (١٩-٢٠ نیسانی ١٩٨١)، هێرشـێکی هەماهەنگیـان بـۆ سـەر بنکەیەکـی سـوپای عێـراق لـە ناوچـەی دەرکار لـە قـەزای زاخـۆ دەسـتپێکرد. شـەڕەکە زیاتر لـە کاتژمێرێکی خایانـد، لـەو ماوەیـەدا هێزەکانی پێشـمەرگە سـەرکەوتوانە دەسـتیان بەسـەر بنکـە و بارەگاکانـی سـوپایان گـرت و زیانێکـی زۆری مرۆیـی و ماددییـان بـە سـوپای عێراقـدا گەیانـد[٢]. دوابـەدوای ئـەو چالاکییـە لـە چالاکییەکـی دیکـەی پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) و (حشـع) لـە (٢٠ی ئەیلوولـی ١٩٨١)، بـۆ سـەر بنکـە و بـارەگاکانی سـوپای عێـراق لـە دهـۆك، زیانێکـی زۆری مرۆیـی و مادییـان لـە بـارەگاو دەزگا ئەمنییـەکان دا، ئـەم چالاکییـە یـەک لـەدوای یەکانـەی پێشـمەرگە جەختیـان لـە پەرەسـەندنی چڕی و کاریگـەری خەباتی چەکـداری کـورد لـە دژی حکومەتـی بەعـس کـردەوە[٣]. بەپێـی ئامارێـک لـە (١ی ئـاداری١٩٨١ تـا ١ی ئەیلوولـی ١٩٨١)، بـەرەی (جـود) (١٨) چالاکیـی هاوبەشـی ئەنجـام داوە، زیانەکانـی سـوپای عێـراق لـەو ماوەیـەدا بریتـی

(١) حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، مەکتەبی ڕاگەیاندن، داستانێکی قارەمانێتی حزبمان و هێزە نیشتیمانییەکانی شۆڕش لە ناوچەی شارەزوردا، ١٩٨١/٤/٢٧.
(٢) احتلال ربیة دەرکار زاخو، جریدة اخبار کردستان، العدد (١٥)، ٢٣ نیسان ١٩٨١، ص٢.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣١)، ٨/ ٩/ ١٩٨١، ل٢.

بـووە لـە کوژرانـی (٣٨٩) سـەرباز و برینداربوونی (٢١٧)ی دیکـە[١]. لە (١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١) هێزێکی هاوبەشـی پارتی و سۆسیالیسـت و پاسـۆک لـە شـارەزوور ڕووبـەڕووی هێزیکی زۆری سـوپای عیراق و جـاش بوونەوە، لە ئەنجامـدا سـوپا دووچـاری شکسـتێکی زۆر بووەو (١٠) جاش کـوژران و (١٣) ی دیکـە برینـدار بـوون، (٦) سـەربازیش کـوژران (٨) دیکەش برینـدار بوون، زیانـی پێشـمەرگە بریتـی بـوو لـە (٢) شـە هیـد و (٢١) برینـدار[٢]. هەروەها لـە چالاکییەکـی دیکـەدا هێزێکـی هاوبەشـی بەرەی جـود لـە (١٩ی تشرینی دوورمـی ١٩٨١)، جەولەیەکیـان بـۆ گوندەکانـی ناوچـەی شـارەزوور کـرد، بـە ئامانجـی کۆکردنەوەی پشـتیوانی و ئاگادارکردنـەوەی خەڵک لە دۆزی خۆیان کـە چالاکیـی و ئامانجەکانـی بـەرەی جودیـان بۆ هاووڵاتیـان ڕوونکـردەوە[٣].

سـەرەڕای دابەزینـی چالاکییەکانی بەرەیی بەهۆی ململانـێ ناوخۆییەکان و دەرکردنـی پێشـمەرگەکانی پاسـۆک لـە شـارەزوور، خۆڕاگـری لـە ژێـر سـەرکردایەتی جیـاوازدا بـەردەوام بـوو(٤)، هـەروەک لـە نووسراوێکـی

(١) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە ٥٢)؛ چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٧)، ئەیلولی ١٩٨١، ل١٠.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٤)، ١٨/ ٩/ ١٩٨١، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان ژمارە (٣٨)، ٢٦، تشرینی دووەم ١٩٨١، ل٢.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ مولازم شوان، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٦. عەبدولهیلال محەمەد ئەمین، ناسراو بە مولازم شوان، لە (١٩٥٠) لە شارەدێی شوان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، دوای ڕێککەوتننامەی (١١ی ئاداری١٩٧٠) لەسەر پشکی کورد لە کۆلێژی سەربازی وەرگیراوە، لە (١٩٧٤) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆ پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پاسۆک) کردووە، دوای دروستبوونی دەستە چەکدارەکانی پاسۆک لە (١٩٧٧) چووەتە شاخ، بووەتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری پاسۆک، لە یەکەمین کۆنگرەی پاسۆک لە (١٩٩١) بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

هاوبەشی (حشع) و (حسک) ئاراستەی (پ.د.ک) و (پاسۆک) کراوە، داوای پێکهێنانی هێزێکیان کردووە کە لە (١٠٠-١٥٠) چەکدار پێکهاتبێت. ئامانجیان دەستپێکردنی هێرش بوو بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی سوپای عێراق لە دەڤەری شارەزوور، نیشاندانی پابەندبوونی بەردەوام بە خەباتی چەکداری و دوورخستنەوەی مەترسی سوپای عێراق لە ناوچەکە(١). لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بەرەی جود لە (٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥)، بڕیاردرا هێزی تایبەت هەڵبژێرێت، ئامانجەکانی بەرەی جود بخاتەڕوو، هۆشیاری گشتی بەرز بکاتەوە، ڕێکخراوەکانی ئێستا بەهێز بکات و هەوڵە هاوبەشەکان بەرەوپێش ببات(٢).

دەتوانین بڵێین ڕاستە ململانێی ناوخۆیی کاری کردووەتە سەر کاری بەرەیی، لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندییەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ئەندامانی بەرەی (جود) بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت، چەندین پێکدادانی چەکداری لە نێوانیان ڕوویدا[٣]. شەڕی ناوخۆیی کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر خەباتی چەکداری، هەڵبەتە دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا بۆ حزبە کوردییەکان، کە لە بەرەیەکی یەکگرتوو درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن، بەڵام بە هۆی ململانێی ناوخۆیی لەسەر هەژموون و گومرگ، بووە هۆی بەفیڕۆدانی وزە و توانایەکی زۆری مرۆیی

(١) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دەقی نامەکە، بڕوانە: محمد حاجی محمود، ڕۆژ ژمێری.،ب٢، ل٥١٢

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٨)، ٢٨ کانوونی یەکەم ١٩٨٢، ل٦.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی شەڕی ناوخۆ، بڕوانە: شیلان حاجی شەریف، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٢، چ٢، ب.ش، ٢٠٢١؛ سەڵاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆ بۆچی سەری هەڵدا چۆن گەشەی کرد سەرەنجام، ناوەندی ڕۆشەنبیری ئەدیبان، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٩٤ بەدواوە.

لە شەڕی ناوخۆییدا. لە لایەکی دیکە سەرقاڵبوونی حزبە کوردییەکان بە شەڕی ناوخۆیی، کاری حکومەتی عێراقی ئاسان کرد بوو، چونکە لە بری بەکارهێنانی هێز بۆ لاوازکردنی حزبە کوردییەکان، شەڕ و ململانێی ناوخۆیی حزبەکان باشتر خزمەتی ئامانجەکانی حکومەت دەکرد.

لیژنەی باڵای (جود) لە پارێزگای دهۆک موسڵ لە (١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢) کۆبووەوە، تایبەت بە بارودۆخی سیاسی و سەربازی پارێزگاکاکانی دهۆك و موسڵ، لە کۆبوونەوەکەدا چەند بڕیارێکی سیاسی و سەربازی درا بۆ بەهێزکردنی خەبات و تێکۆشانی هاوبەشی بەرەی نیشتمانی لە بادینان[١]. لیژنەی بەرە لە بانگەوازێکدا لە (٥ی نیسانی ١٩٨٢)، داوا لە جاش و جەیش شەعبی ئەوانەی لەلایەن حکومەتی بەعس هەڵخەڵەتێنراون پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕش بکەن، ئەمە لە کاتێکدا بوو حکومەتی بەعس ژمارەیەك فەوجی بۆ سەرۆك خێل و هۆزەکان کردبووەوە، کە بۆ شەڕی پێشمەرگە بەکاری دەهێنان، لەو بانگەوازە داوا کرابوو بە چەکەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی پێشمەرگەوە بکەن، چونکە حکومەت فەوجەکانی پڕچەك کردبوو[٢].

هاوکات شەوی (١٠-١١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢) هێزێکی هاوبەش لە بەرەی جودەوە چوونە ناو شاری بامەڕنی و لە بنکەیەکی جەیش شەعبییان دا، سەربازانی بنکەکەیان چەککرد و دەستیان گرت بە (١٠) کڵاشینکۆف و (٢٤) شاجۆری کڵاشینکۆف و هەزار فیشەک، هەروەها چاپەمەنییەکانی بەرەی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٦)، ٣/ ١/ ١٩٨٢، ل١٠.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥٣).

جودیـان بڵاوکـردەوە[1]. لـە شـاری سـلێمانی، ڕێکخـراوە نهێنییەکانـی لقـی (٤)ی پارتـی بڵاوکراوەکانـی حزبیـان بڵاوکـردەوە، ڕژێـم دەسـتی کـرد بـە پشـکنینی ئـەو کۆڵانانـەی چاپەمەنیەکانـی تێـدا بڵاوکراوەتـەوە، جگـە لـەوەش لـە ئامادەیـی سـلێمانی کچـان ئەفسـەرێکی ڕەگەزپەرسـت بـە نـاوی مـلازم (موحسـین) سـوکایەتی بـە قوتابیـان کـرد و گرژییەکانـی ناوچەکـەی زیاتـر کـرد[2]. لـە (٢٤ی ئایـاری ١٩٨٢) هێزێکـی هاوبەشـی پارتـی و حزبـی شـیوعی هێرشـیان کـردە سـەر بنکەیەکـی سـوپای عێـراق لـە ناحییـەی دەرکار. بۆردومانـی بنکەکەیـان کـرد لەئاکامـەدا (٨) سـەرباز کـوژراون و بارەگاکـەش خاپورکـران. لەوکاتـەدا هێزێکـی زۆری لیـوای باتوفـە بـۆ پشـتیوانی سرییـەی دەرکار بـەرەو شـەڕەکە هاتـن، هێزەکانـی پێشـمەرگە لێیـان هاتنـە دەسـت و دەسـتیان کـرد بـە گوللـە بارانکـردن بـە گشـتی (٢٧) سـەرباز کـوژراون و (١٨) ی دیکـەش برینداربـوون و چەندیـن ئۆتۆمبێلـی سـوپای عێراقیـش تێکشـکێندران[3].

لـە ( ٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٢)، هێزێکـی هاوبەشـی پارتـی و پاسـۆک پەلامـاری کاروانێکـی سـوپای عێراقیـان لەسـەربازگەی (ولیـاوە) دا، شـەڕەکە نزیکـەی (٣) کاتژمێـری خایانـد، سـوپای عێـراق زیانێکـی زۆری بەرکـەوت، دوای ئـەوەی هێزێکـی دیکـە بەهانـای ئـەم هێـزەوە هاتـن، شـەڕەکە لەبەرژوەنـدی پشـمەرگە کۆتایـی هـات[4].

لـە (٢٦ی شـوباتی ١٩٨٣)، هێزێکـی هاوبەشـی پارتـی و حزبـی شـیوعی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٢)، ١/ ٢/ ١٩٨٢، ل٦.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٢)، ١/ ٢/ ١٩٨٢، ل٧.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٥)، ٢٢ حوزەیران ١٩٨٢، ل٣.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٧)، ٢٩/ تشرینی دووەم ١٩٨٢، ل١٠.

هێرشیان کردە سەر بنکەکانی سوپای عێراق لە دەوروبەری دهۆک. ئەم شەڕە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بە قازانجی پێشمەرگە کۆتایی هات و توانییان دەست بگرن بەسەر سەنگەرەکانی سوپا لە ڕۆژئاوای (ماسیکی) لە ئەنجامدا (٢٨) سەربازی عێراقی کوژران و سەربازێکیش بریندار بوو. هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە دەستیان بەسەر چەند پارچە کەرەستەی سەربازیدا گرتووە[١]. لە (١٤ی نیسانی ١٩٨٣)، سوپای عێراق هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە بێستانە. لە بەرامبەردا هێزێکی هاوبەشی پارتی و سۆسیالیست ڕووبەڕوویان بوونەتەوە. شەڕەکە (٤) کاتژمێری خایاند و لە ئەنجامدا (٢) پێشمەرگە برینداربوون، زیانی سوپا (٨) کوژرا و (٥) برینداربوو[٢]. لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣)، هێزێکی گەورەی ڕژێم لە (گوندەکانی ئەحمەد بەرتا، قلیجە و حەسیل )لە شارەزوور هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە. سەرەڕای بۆردومانی قورس، هێزەکانی پێشمەرگە توانیان هێرشەکە بەرپەرچ بدەنەوە و هەلیکۆپتەرێکی ڕژێم بخەنە خوارەوە. ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و ئەفسەر کوژران و بریندار بوون. دوابەدوای ئەو شکستە، ڕژێم هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی دەدا، هێرشی کردە سەر هزەکانی پێشمەرگە لە گوندی (شیرە مەڕ)، کە سوپا کوێرانە بۆردومانی گوندەی کرد، لە ئەنجامدا (٥) پێشمەرگە شەهیدبوون، لەسوپای عێراق (٣٠) بریندار و (٤)، کوژراوییان هەبوو[٣].

لە ئامارێکدا چالاکییەکانی بەرەی جود لە (حوزەیرانی ١٩٨٢ تاوەکو

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠١)، ٢٨ شوبات ١٩٨٣، ل١٠.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٣)، ١٤ مایس ١٩٨٣، ل٥.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٩)، کۆتایی تشرینی دوورم ١٩٨٣، ل٥.

٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٣)، هێزەکانی بەرەی جود (٢٤)، چالاکیان ئەنجامداوە زیانی ماددی و مرۆیی بەرچاویان بە سوپای عێراق گەیاندووە[١]. هەروەها لە( ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٨٣ تاوەکو ٢٩ی شوباتی ١٩٨٤)، هێزەکانی جود (١٨) چالاکی هاوبەشیان ئەنجامداوە[٢]. لە (شوباتی ١٩٨٤) سوپای عێراق بە پاڵپشتی کەتیبەی جاش گوندەکانی( ماوان، سرێشمەو دۆڵی رۆست) یان لە ناوچەی باڵەکیان بۆردومان کرد و زیانی گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی لێکەوتەوە. هێزەکانی بەرەی جود هێرشی پێچەوانەیان دەستپێکرد و سوپا ناچار پاشەکشەی کرد[٣]. لە (ئایاری ١٩٨٤)، چالاکییە هاوبەشەکانی بەرەی جود لە سەرانسەری شار و شارۆچکە جیاجیاکان چڕتر بووەوە و زیانێکی بەرچاوی سوپای عێراقی لێکەوتەوە[٤]. بۆ نموونە لە (١٦ی ئایاری ١٩٨٤)، هێزێکی هاوبەشی پارتی و حزبی شیوعی هێرشیان کردە سەر سەربازگەی (چنارا) سوپای عێراق لە نزیک دەربەندیخان زیانێکی زۆریان لەسەربازگەکە دا و پێشمەرگەکانی بەرەی جود لە ڕێگای گەڕانەوەیان کەوتنیە ناو بۆسەی سوپا، بەو هۆیەوە بەهۆی مینەوە (٤) پێشمەرگە شەهیدبوون[٥]. لە (١٩-٢٠ی ئابی ١٩٨٤)، هێزێکی هاوبەشی حسک و پارتی و حشع هێرشیان کردە سەر بارەگای کەتیبەیەکی سەربازی، ڕێکخراوی پارتی بەعس و بنکەکانی دەوروبەری لە بامەڕنێ و زیانێکی

(١) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٨)، ئاب ١٩٨٣، ل٣.
(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣؛ فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خبات النضال، العدد (٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٣.
(٣) دوو نەبەردی لە ناوچەی باڵەک، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٢٢)، ئاداری ١٩٨٤، دوالاپەڕە.
(٤) دەنگوباسێ کوردستان، ژمارە (١١٨)، تەموزی ١٩٨٤، ل٦.
(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٨٤، ل٤.

زۆریان لێکەوتەوە. (٨) سەرباز کوژراون و (٧) دیکەش برینداربوون[1]. لە تۆڵەسەندنەوەدا سوپای عێراق بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکان و زرێپۆشەکان و میلیشیای جاش لە (٢٨ی ئابی ١٩٨٤)، هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ناحییەی مانگێش. هێزەکانی پێشمەرگە لە پارتی و حشع و حسک ڕووبەڕوویان بوونەوە شەڕێکی توند هەڵگیرسا لەئەنجامدا (٤٥) سەربازی کوژران. زیانی پێشمەرگە (٤) شەهید و (٥) برینداربوو[2]. ئەم چالاکییانە نیشانەی خۆڕاگری و کاریگەریی ستراتیژیی هێزە کوردییەکان بوو لەم ماوەیەدا، سەرەڕای ئەوەی ڕووبەڕووی ئاستەنگی ڕژێمی عێراق بوونەتەوە لە (٢٨ی ئابی ١٩٨٤ تا ٢ی ئەیلوولی ١٩٨٤)، هێزێکی زۆری ڕژێم بە پاڵپشتی فڕۆکە و زرێپۆش هێرشی کردە سێ میحوەری پێشمەرگە، لەناوچە ڕزگارکراوەکانی دهۆک زاخۆ بەڵام هێزەکانی جود و بەرگری میللی ڕووبەڕوویان بوونەوە، شەڕێکی سەخت ڕوویدا بۆ ماوەی (٥) ڕۆژ بەردەوام بوو، زیانێکی زۆر بەر هێزەکانی ڕژێم کەوت. (١٤٢) سەرباز و جاش کوژران و (١٨٢)ی دیکە برینداربوون، بۆ شاردنەوەی زیانەکانیان فڕۆکەکانی ڕژێم بۆردومانی کوێرانەی ناوچەکەیان کرد کە ڕەزوباخێکی زۆری دانیشتوان زیانی پێ گەیشت، بۆ ڕۆژی دواتر (٣١ی ئابی ١٩٨٤)، ڕژێم هێرشی کردەوە سەر هەمان ناوچە بەزیانێکی زۆرەوە لەو شەڕە دەربازبوون کە (٨١) کوژرا و (١٤) بریندار بوو[3]. لەچالاکییەکی دیکەدا (٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٤) مەفرەزیەکی هاوبەشی پارتی و حشع هێرشیان بردە سەر بنکە و بارەگای سەربازی سوپای عێراق لە

---

(١) چالاکی بەرەیی، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٢٦)، ئابی ١٩٨٤، دوالاپەڕە

(٢) جريدة كفاح الجبهة، العدد (٣)، ايلول ١٩٨٤، ص١و٧.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣١)، ١٩ ایلول ١٩٨٤، ل٣..

ناوچەکانـی (دحلکـی، بزنـار، خوربـی بلەنگسـەر)، پێشـمەرگەکان سـەرەتا هەوڵـی کۆنترۆلکردنـی میحـوەری سـەرەکی ( خوربـی بلەنگسـەریان)دا، چونکـە بـە کۆنترۆڵکردنـی ئـەم بارەگایـە گرتنـی بارەگاکانـی دیکـە ئاسـان دەبێـت. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکـی تونـد پێشـمەرگە بـارەگا سـەرکییەی کۆنترۆڵکـرد، بنکەکانـی دیکەیـان ڕوخانـد[١].

بـە درێژایـی سـاڵی (١٩٨٤)، هێزەکانـی جـود،( ٤٦)، چالاکییـان لـە سەرانسـەری ناوچـە جیاوازەکانـی باشـووری کوردسـتان ئەنجامـداوە، ئەمـەش نیشـانەی زیادبوونـی توانـای ئۆپەراسـیۆنی خۆیـان بـوو [٢].

لـە سـاڵی (١٩٨٥) هێزەکانـی (جـود) بـەردەوام بـوون لـە چالاکـی چەکداریـی بەرەیـی دژی حکومەتـی عێـراق، هـەروەک لـە کۆبوونەوەیەکـی ئاسـایی لێژنـەی بـاڵای بـەرەی جـود (کۆتایـی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٥) ئەنجـام دراوە، لـە بەرنامـە و چالاکـی چەکـداری بەرەیـی کۆڵیوەتـەوە، کـەوا هێزەکانـی پێشـمەرگە توانیویانـە چەندیـن چالاکـی بەرەیـی دژی حکومەتـی بەعـس ئەنجـام بـدەن[٣]. دەتوانیـن بڵێیـن ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی بـەرەی (جـود) لـە سـنووری سـووریا تـا سـنووری ئێـران لـە ژێـر دەسـەڵاتیاندا بـوو، لـە هەندێـک شـوێن دەگەیشـتە دەیـان کیلۆمەتـر، مەترسـییەکی گەورەیـان لەسـەر حکومەتـی بەعـس دروسـت کردبـوو[٤].

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٧)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٤، ل٤.

(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٤-٥٥٥)، کانوونی دووەم و شوبات ١٩٨٥، ل٣.

(٣) بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی عێراق جود، کۆبوونەوەی سکرتارییەتی لێژنەی باڵا، کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٥.

(٤) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی...، ل٣٧٣.

لە ڕادیۆی لەندەن و ڕۆژنامە بەریتانییەکان بڵاوکراوەتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی سەرەکی کوردە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەشکرێکی (١٠) هەزار پێشمەرگەی هەیە. (٢٠) هەزار کەسیش پشتیوانی لە مەدەنی و جوتیار پاڵپشتی دەکەن، لە ماوەی دووساڵی ڕابرووددا پارتی دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنووری ژوورووی عێراقدا بە قوڵایی(٢٠ تا٣٠)، لەسنوورەکانی ئێران و سوریاو تورکیادا هەیە[١].

بەپێی ئامارێک چالاکییەکانی بەرەی (جود) لە ساڵی ١٩٨٥ لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان گەیشتووەتە (٣٣) چالاکی چەکداری[٢]. حکومەتی بەعس بە بیانووی پشتگیریکردنی پێشمەرگە، هێرشەکانی بۆ سەر گوندەکانی کوردستان چڕ کردەوە، بۆ نموونە لە (١٢ی ئاداری ١٩٨٦)، هێزێکی زۆری سوپای عێراق بە پاڵپشتیی فەوجەکانی جاش، هێرشیان کردووەتە سەر گوندی (ئازیکەند)ی سەر بە قەزای مەخموور، لە هەمان کاتدا دەستەیەک چەکدار لە هێزەکانی (جود) لەو ناوچەیەدا دەبن، بەر لەوەی سوپا هێرش بکاتە سەر گوندەکە، هێزەکانی پێشمەرگە لە دەشتی قەراج ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و پاشەکشەیان بە سوپا و جاشەکان کردووە، زیانیان لێداون و بووەتە هۆی کوژرانی (٧) سەرباز و جاش لەگەڵ بریندارێکی زۆر[٣]. لە (ئابی ١٩٨٦) ڕژێم هێرشێکی گەورەی لە ناوچەی دەشت و شێخان دەستپێکرد.

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥٤).

(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٦، ل٣.

(٣) پێشمەرگە هێزێکی گەورەی دوژمن تێک دەشکێنن، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، ئایاری ١٩٨٦، ل١-٥.

هێزەکانی پارتی و حشع رووبەڕوویان بوونەوە. نەیانهیشت سوپا زیاتر پێشڕەوی بکات، زیانێکی زۆریان لێدان، سوپا جگە لە پاشەکشە هیچ بژاردەیەکیان نەما[١]. چالاکییە هاوبەشەکانی هێزی پێشمەرگە، دوای ئاشتبوونەوەی گشتی زیاتر کاریگەر بوون. لە (٢٦-٢٧ی ئەیلوولی ١٩٨٦) هێزێکی هاوبەشی (حسک) و (پاسۆک) و (ی.ن.ک)، هێرشیان کردە سەر بەرزاییەکانی قەیوان، لە ماوەی (٥) کاتژمێردا دەستیان بەسەر ڕەبییەکانی سوپای عێراقدا گرت[٢]،

لە (سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٨٦)، ڕێککەوتنێک لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کرا لەسەر خەباتێکی هاوبەش دژی حکومەتی بەعس، ڕێککەوتنەکە لەڕووی سەربازی و ڕاگەیاندنەوە کاریگەری باشی هەبوو، چونکە بەپێی ڕێککەوتنەکە هەردوولا ڕێگەیان بەهێزەکانی یەکتر دا، لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر چالاکی ئەنجام بدەن[٣].

لە (٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦) هێزێکی زۆری حکومەت بە پاڵپشتی زیاد لە (١٠٠) ئۆتۆمبێلی سەربازی و (١٠) تانك و (٥٠) زرێپۆش بە مەبەستی گەڕان و پشکنین بەرەو گوندەکانی دەشتی هەولێر لە پێشڕەوی دابوون، دوای گەڕان و پشکنین لە گوندی ترپەسپیان لە لایەن هێزێکی هاوبەشی (پ.د.ك) و(حزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ)[٤]، ڕووبەڕووبوونەوە، هێزەکانی

(١) اخبار کردستان، العدد (١٤٧)، اب ١٩٨٦، ص٣و٧.

(٢) حسك، بەلاغی عەسکەری ژ(٨٣)، سەرەتای تشرینی یەکەمی ١٩٨٦.

(٣) اخبار کردستان، العدد (١٥٠) تشرين الثاني ١٩٨٦، ص١و٦.

(٤) ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر: بەهۆی جیابوونەوەی باڵی قادر عەزیز لە (حسك)

پێشـمەرگە توانیـان سـوپای عێـراق تێـك بشـکێنن و زیانێکـی زۆری مرۆیـی و مادییـان لـێ بـدەن، کـە بریتـی بـوو لـە: کوژرانـی (١٧٠) سـەرباز و جـاش لەگـەڵ برینـدار بوونـی (١١٠)ی دیکـە، خسـتنە خـوارەوەی (٢) کۆپتـەری جەنگـی، لـە هێزەکانـی پێشـمەرگەش (٢) شـەهید (٤) برینـدار هەبـوو[1]، لـە سـۆنگەی پەرەسـەندنی چالاکییەکانـدا چاودێـری حکومـەت و زانیاریـی هەواڵگریـی لەسـەر هێزەکانـی پێشـمەرگە چڕتـر بـووەوە، حکومـەت زانیـاری لەســەر جــۆری چەکەکانــی پێشــمەرگە و ژمارەیــان کۆدەکــردەوە، دواتــر هێزەکانـی سـوپا و فەوجەکانـی جـاش ئـاگادار دەکرانـەوە بـۆ ڕێگـری لـە چالاکیـی پێشـمەرگە. بـۆ نموونـە لـە دوای ئـەوەی هێزێکـی هاوبەشـی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (حشـع) ئامـادەکاری تەواویـان کردبـوو بـۆ هێرشـکردنە سـەر فەوجەکانـی پاسـەوانی نـەوت لـە دیبەگـە و دووبـز. دەزگا ئەمنییـەکان ئـاگادار کراونەتـەوە، ڕێوشـوێنی تونـدی ئەمنـی بگرنەبـەر[2]، هـەروەک لـە بروسـکەیەکی نهێنیـی دەزگا ئەمنییەکانـی حکومەتـی عێـراق، لـە (تشرینـی دووەمـی ١٩٨٦)دا هاتــووە: "دەســتەیەک چەکــداری (حســک) و (ی.ن.ک) هاتوونەتـە گونـدی کـەردز سـەر بەناحیـەی قوشـتەپە، دەیانەوێـت شـەو

---

لە (١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥)، لە ژێر ناوی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان-عێراق/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر، درێژەیان بە خەباتی سیاسی و چەکداری خۆیاندا. کاوە تەیب جەلال، کەرتبوون لە نێوان پارتە سیاسیەکانی باشوری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٣٨.

(١) حیزبی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتیجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، بەلاغی عەسکەری تایبەت، ١/ ١١/ ١٩٨٦؛ داستانێکی قارەمانانە، گۆڤاری سەفین، ژ (٤١-٤٢)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٦، ل١٣؛ جەمال مورتکە، چیا خۆی دەنوسێتەوە نوسینەوەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات ١٩٨٦، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل٩٩-١١٠.

(٢) آمر قاطع اربیل، سریة فوریة، رقم المنشئ (ا.س١٠٩٨٦/٣).

هێرش بکەنە سەر قوشتەپە"[١]، بەڵام لە لایەن مەفرەزەیەکی جاش لە گوندی (کەردز) ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و ڕێگرییان لێ کراوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکە[٢]. لە (زستانی ١٩٨٦)، حکومەتی بەعس لە سێ قۆڵەوە هێرشی بردووەتە سەر دۆڵی سماقولی، پێشمەرگەکانی (حسک) و (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و (حشع) بە فەرماندەیی کۆسرەت ڕەسووڵ، ڕووبەڕوویان بوونەتەوە[٣]، شەڕەکە سەرەتا لە بەرژەوەندیی سوپای عێراق بووە، چونکە بەردەوام بە پاڵپشتیی هەلیکۆپتەر بۆردومانی پێشمەرگەی کردووە، بەڵام دواتر هێزەکانی سوپای عێراق پاشەکشەیان کرد، بە هۆی ئەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە بادینان هێرشیان کردبووە سەر فەوجێکی سوپای عێراق، حکومەت بۆ نەهێشتنی مەترسییەکانی سەر سوپاکەی لە بادینان، ئەو هێزەی سماقولی، وەک هێزێکی

(١) مديرية امن محافظ اربيل، برقية سرية فورية، الي الدفاع الوطني (٥)، اربيل منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، معلومات، رقم المنشي (ش/٦٤/٧٤٦٦)، ١٩٨٦/١١/٢٧.

(٢) نامەی ئەلیکترۆنی مام غەفوور، سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/٢٠. ناسراو بە مامە غەفە لە ساڵی (١٩٤٠) لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٣) پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کردووە، لەو ساڵەدا بووەتە پێشمەرگە، لە (١٩٧٩) پەیوەندی کردووە بە (حسک)، بووەتە فەرماندەی هەرێمی حەوتی قەرەچووغ، لە ساڵی (١٩٨٤) پەیوەندی بە (ی.ن.ک) کردووە ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێیە.

(٣) دیدار لەگەڵ سەید کاکە، هەولێر، ٢٠٢٢/٦/٢١. سەید ئیسماعیل سەید عومەر ناسراو بە سەید کاکە لە (١٩٣٢) لە گوندی مورتکەی گەورە لە ناحیەی قوشتەپە لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٥٣) بەشداریی بزووتنەوەی جووتیارانی دەشتی هەولێری کردووە، لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی (١٩٦١) بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی شەڕەکانی کردووە، لە شۆڕش پلەی ئامر بەتالیۆن بووە، دوای نسکۆی شۆڕش لە (١٩٧٥) چووەتە ئێران، دواتر لە (٨ی ئابی ١٩٧٦) لە قەندیل یەکەمین دەستەی چەکداریی بزووتنەوەی سۆسیالیست پێکهێناوە، دوای ڕاپەڕین پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پ.د.ک)ەوە کردووە، چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتووە، ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

پاڵپشتی، گواستووەتەوە بۆ بادینان. هەربۆیە شەڕەکەی دۆڵی سماقولی لە بەرژەوەندیی هێزەکانی پێشمەرگە کۆتایی هاتووە[١].

لە (سەرەتای ١٩٨٧)، سوپای عێراق، بە مەبەستی گرتنی بارەگاکانی هێزە کوردستانییەکان، هێرشێکی فراوانی کردە سەر ناوچە ئازادکراوەکان لە بناری قەندیل، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (حسک) و (حشع) و (ی.ن.ک) ڕووبەڕوویان بوونەوە و زیانێکی زۆریان بە سوپای عێراق گەیاندووە[٢]، ئەمەش پێشمەرگەی ڕژدتر کرد لەسەر باوەڕەکانیان بە خەباتی هاوبەشی بەرەیی، بۆیە لە چالاکییەکی هاوبەشدا لە (١٩-٢٠ی نیسان ١٩٨٧) هێزەکانی (پ.د.ک)، (ی.ن.ک)، (حشع) و (حسک)، لە دوو تەوەرەوە هێرشیان کردە سەر ناحیەی قەرەداخ و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر شارۆچکەکەدا گرت[٣]. زیانەکانی سوپای عێراق لەم شەڕەدا بریتی بووە لە کوژرانی (١٠٠) سەرباز و ئەفسەر و بە دیل گیرانی (١١٠)ی دیکە[٤].

لە (ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٧)، چالاکی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە

---

(١) دیدار لەگەڵ بەکرحەمە، هەولێر، ٢٠٢٢/٤/٣.

(٢) عمليات جبهوية، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥٣)، شباط١٩٨٧، ص٥؛ سەرکەوتوو بێت هێزی هاوبەشی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٤٥)، شوبات و ئاداری ١٩٨٧، ل٦.

(٣) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی مەحموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣. ناسراو بە تاهیر ڕەباتی، لە (١٩٥١) لەدایکبووە، لە (١٩٦٧) بووەتە پێشمەرگە، دوای نسکۆی (١٩٧٥) لە شاری سلێمانی لە ڕێکخستنەکانی (س.ک/ پ.د.ک) کاری کردووە، جێگری ڕێکخراوی خەبات بووە لە شارباژێڕ، دواتر لە (١٩٨٠) پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، چەندین جار بریندار بووە، ئێستا جێگری فەرماندەی هێزەکانی خەباتە.

(٤) ڕزگارکردنی قەرەداغ، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٠)، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٣و١٦؛ جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥٤)، آذار ١٩٨٧، ص١.

لـە ناوچـە جیاجیاکانـی کوردسـتان بریتـی بـوو لـە (١٠) چالاکـی[١]. لـە (٢٢ی ئەیلوولـی ١٩٨٧) هێزێکـی هاوبەشـی جـود چوونـە نـاو شـاری هەولێـر بـۆ مـاوەی چـوار کاتژمێـر دەسـتیان گـرت بەسـەر گەڕەکانـی (حـی صـدام و حـی عسـکری)، چـوار کەسـیان لـە هێـزە ئەمنیـەکان بەدیـل گـرت، دواتـر گەڕانـەوە ناوچـە ئـازاد کـراوەکان[٢].

حکومەتـی بەعـس بـۆ گرتنـەوەی قـەرەداخ لـە (٢٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٧) هێرشـی کـردەوە سـەر قـەرەداخ، بـەڵام لەلایـەن پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (حسـک) بەرپەرچـی هێرشـەکە درایـەوە[٣]. لـە لایەکـی دیکـەوە لـە (٢٩ی تەمـووزی ١٩٨٧)، دەسـتەیەک پێشـمەرگەی (حسـک) و (ی.ن.ک) لەسـەر ڕێـگای (دوز- نەوجـول)، بۆسـەیەکیان بـۆ سـوپا و جـاش نایـەوە، دوای پەلامـاردان و ڕووبەڕووبوونـەوە، کوژرانـی (١٠) سـەرباز و جاشـی لێکەوتـەوە[٤].

حکومەتـی بەعـس لـە پەرەسـەندنی چالاکیـی هاوبەشـی پێشـمەرگە هەراسـان ببـوو، لـە (٢٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٧)، سـوپای عێـراق لـە سێ قۆڵـەوە هێرشـی فراوانـی کـردە سـەر دەڤـەری قـەرەداغ، لـە لایـەن پێشـمەرگانی (پ.د.ک)، (حسـک) و (ی.ن.ک)، هێرشـەکە تێـک شـکێنرا و زیانـی مرۆیـی و ماددییـان لـە سـوپای عێـراق دا، پێشـمەرگە لـەو

(١) اخبار کردستان، العدد (١٥٨)، حزیزران ١٩٨٧، ص٤.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٦٢)، ایلول ١٩٨٧، ص١و٩.

(٣) تێکشکانێکی دیکەی ڕژێم بەرامبەر هێزی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٥٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٧، ل١و٨.

(٤) چالاکی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٤٨)، ساڵی حەوتەم، ئابی ١٩٨٧، ل٧.

ڕووبەڕووبوونەوەیەدا (٣) شەهیدیان هەبووە[١]. چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە زیادبووندا بووە، ئەمەش بەهۆی ئاشتبوونەوەی گشتی حزبە کوردییەکان و ڕێگەدان بە هێزی پێشمەرگەی یەکتری، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان چالاکی چەکداری ئەنجام بدەن[٢]، هێزەکانی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا (١١٠) چالاکیی هاوبەشیان ئەنجام داوە، زیانێکی زۆریان بە سوپای عێراق گەیاندووە[٣].

لە بەرامبەر پەرەسەندنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٨٨ لە ژێر دروشمی ڕاماڵینی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، هێرشی بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان چڕترکردەوە. حزب و لایەنە سیاسییەکان بە دانانی بە پێویستی یەکڕیزی لە (٢ی ئایاری ١٩٨٨)، بەرەی کوردستانیان دامەزراند، بۆ چەسپاندنی هەوڵەکانیان دژی حکومەتی بەعس، وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ یەکخستنی سەرجەم هێزەکانی کورد بوو، لەپێناو بەرپەرچدانەوەی حکومەتی عێراق[٤]. لە ژێر کاریگەری ئەو دۆخە ناهەموارەی باشووری کوردستانی گرتبووەوە، بەرەی کوردستانی هاتە کایەوە، دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە کاتێکی دەرەنگ وەختدا بوو، کە لەو کاتەدا حکومەتی عێراقی بە چەکی کیمیایی هێرشی

(١) تێکشکانی دیکەی هێرشی ڕژێم لە بەرامبەر هێزی هاوبەشی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٥٠)، تشرینی یەکەم ١٩٨٧، ل١و٨.

(٢) دیدار لەگەڵ محەمەدی حاجی مەحموود، گوڵەخانە، ٢٠٢٢/٩/٤.

(٣) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٥)، کانوونی دووەم ١٩٨٨، ل٣.

(٤) ح.د.ک، بيان حول انبثاق الجبهة الكردستانية العراقية، ٢/ ايار/ ١٩٨٨.

کردبـــووه ســـەر ناوچـــە جیاجیـــاکان و ورەی پێشـــمەرگە دابەزیبـــوو[١]. نزیکبوونـــەوەی حزبـــە کوردســـتانییەکان حکومەتـــی عێراقـــی نیگـــەران کردبـــوو، بۆیـــە لـــە بروســـکەیەکی نهێنیـــی دەزگا ئەمنییەکانـــی شـــەقڵاوە، ئامـــاژە بـــە نزیکبوونـــەوەی (پ.د.ک) (ی.ن.ک)، لەبەرەیەکـــی یەکگرتـــوودا کـــراوە، ئەمـــەش مەترســـییە بـــۆ ســـەر هێزەکانـــی حکومـــەت[٢]. هەربۆیـــە هێرشـــەکانی بـــۆ ســـەر بنکـــە و بارەگاکانـــی هێـــزە کوردســـتانییەکان چـــڕ کـــردەوە، بـــە چەکـــی کیمیایـــی هێرشـــی بـــۆ ســـەر ناوچەکانـــی چۆخـــماخ، یاخســـەمەر، هەڵـــەدان، چـــاڵاوە، ســـەرگەڵوو و بەرگەڵـــوو دەســـت پێکـــرد، هێزەکانـــی (ی.ن.ک)، (پ.د.ک)، (حســـک) و (حشـــع)، بـــۆ مـــاوەی ســـێ هەفتـــە بەرانبـــەر ئـــەو هێرشـــە گەورەیـــەی ســـوپای عێـــراق بەرگرییـــان کـــرد، بـــەڵام بـــە هـــۆی ناهاوســـەنگیی هێـــز، لـــە هەمـــوو ڕوویەکـــەوە، هێزەکانـــی پێشـــمەرگە نەیانتوانـــی بەرگـــری لـــەو ناوچانـــە بکـــەن، بۆیـــە بەشـــێکی زۆر لـــە دانیشـــتووانی ناوچەکـــە بـــۆ ســـنووری ئێـــران و ناوچـــە ئازادکـــراوەکان گوازرانـــەوە[٣]. لەگـــەڵ زۆربوونـــی گوشـــارەکانی حکومـــەت بـــۆ ســـەر ناوچەکانـــی ژێـــر دەســـەڵاتی پێشـــمەرگە و گیرانـــی بارەگاکانـــی (ی.ن.ک)، لەناوچەکانـــی قـــەرەداغ مەترســـی لای هێـــزە چەکـــدارەکان دروســـتبوو، کـــە حکومـــەت ناوچـــەی زیاتـــر داگیربـــکات و دواجاریـــش ببێتـــە هـــۆی لاوازکردنـــی خەباتـــی چەکداریـــی کـــورد. لەبۆیـــە (١٥ی ئـــاداری ١٩٨٨) هێزێکـــی هاوبەشـــی (حســـک)، (ی.ن.ک) و (بزووتنـــەوەی

(١) دیدار لەگەڵ مەحموود عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/١٩.

(٢) مدیر امن شقلاوة، برقیة سریة، العدد (ش٣/١١٢٥٥)، ١٩٨٧/١٢/٢٨.

(٣) عەلی تەتەر، سیاسەتی حکومەت...، ب٢، ل١١٤؛ داستانێکی نوێی بەرەیی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٧٩-٥٨٠)، ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٨، ل٣و١٤.

ئیسلامی)، بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی ئێران، توانیان سوپای حکومەتی بەعس لە هەڵەبجە دەربکەن، ڕۆژی دواتر حکومەتی بەعس بە کیمیایی هێرشی کردە سەر هەڵەبجە و بووە هۆی شەهیدبوونی نزیکەی (٥) هەزار هاووڵاتیی مەدەنی[١].

هەر لە درێژەی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچە کوردییەکان، لە (٧ی نیسانی ١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردە سەر گوندەکانی قەرەوەیس، کوڵەبان لە ناوچەی جەباری، بەڵام لە لایەن پێشمەرگەکانی (حسک)، (پ.د.ک) و (حشع)، توانراوە هێرشەکە تێکبشکێندرێت. بۆ ڕۆژی دواتر سوپای عێراق بە مەبەستی گرتنەوەی ناوچەکە هێرشی کردەوە سەر هەمان ناوچە، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویەتی هەموو هێرشەکان تێک بشکێنێت[٢]. بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی لە (٢٤ی ئایاری ١٩٨٨) هێرشێکی فراوانی کردووەتە سەر ناوچەکانی باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، وەرتێ و ڕەواندز، پێشمەرگەکانی (حسک)، (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەتەوە، بەڵام بە هۆی هێرشی کیمیایی نەتوانراوە شەڕی جێگیر بکەن، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە زیانێکی زۆر لە سوپای عێراق و فەوجی جاشەکان بدەن، لە ئاکامدا (١٢) پێشمەرگە شەهیدبوون[٣].

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤-١٩٨٨، چ٣، بەرلین، ١٩٩٩، ل١٤٤-١٤٦.

(٢) چالاکییەکانی پێشمەرگە، ڕۆژنامەی ڕێگای ئازادی، ژمارە (٥٣)، حوزەیرانی ١٩٨٨، ل٤.

(٣) اخبار کردستان، العدد (١٧٩)، ١-١٥حزیزران١٩٨٨، ص٨.

وێـڕای ئـەوەی هێـزی پێشـمەرگە لـە (٢٦ی تەمـووز ١٩٨٨) بڕیـاری بەرگرییـان دابـوو، هەروەهـا بڕیـار درابـوو ئەوانـەی ناتوانـن بەرگـری بکـەن لەگـەڵ خێـزان و منداڵەکانیـان بـەرەو سـنوورەکانی ئێـران و ناوچـە پارێـزراوەکان بچـن[1]، بـەڵام حکومـەت بـەو پلانـەی زانیبـوو، بۆیـە ناوچەکانـی (باليسـان، مەلـەکان، هیـران، سـماقولی، خەتـێ و دەراس)ی بـە چەکـی کیمیایـی بۆردومـان کـرد، لـە ئەنجامـدا کـوژراو و برینـداری زۆری لـێ کەوتـەوە[2].

دەتوانیـن بڵێیـن دوای دامەزراندنـی بـەرەی (جوقـد) و (جـود)، هێـزە کوردسـتانییەکانی زیاتـر لـە یەکـدی دابـڕی، بـە تایبـەت (ی.ن.ك) ڕێگـر بـوو لـە ئەنـدام بوونـی (پ.د.ك) لـە بـەرەی (جوقـد)، ئەمـەش وایکـرد (پ.د.ك) بـۆ هاوسـەنگی هێـز لەگـەڵ چەنـد حزبێکـی دیکـە بـەرەی جـود دابمەزرێنـن، ئەمـەش ململانـێ و شـەڕی ناوخۆیـی بـە دوای خۆیـدا هێنـا، کەبـووە هـۆی بـە فیڕۆدانـی توانایەکـی زۆری مرۆیـی لـە شـەڕی ناوخۆیـی و شـەکەتبوونی هێزەکانـی پێشـمەرگە، بـەڵام دوای ئاشـتبوونەوەی گشـتی لـە سـاڵی ١٩٨٦، دواجـار دامەزراندنـی بـەرەی کوردسـتانی لـە سـاڵی ١٩٨٨ بـووە هـۆی هەماهەنگـی و یەکخسـتنی خەباتـی چەکـداری، تـا ڕادەیـەک توانیویانـە بەرامبـەر سـوپای عێـراق بەرگری بکـەن، بـەڵام بـە هـۆی چڕبوونـەوەی هێرشـەکانی حکومـەت و بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایی، بڕیـاری کشـانەوەی هێـزەکان بـۆ ئـەو دیـو سـنوورەکان دراوە.

---

(١) زۆزان ناسر، س.پ، ل١٣٤.

(٢) استشهاد العشرات بالقنابل الكيمياوية والفسفورية، اخبار كردستان، العدد (١٨٢)، ١١-١٢ تموز ١٩٨٨، ص٢و١٤.

## باسی چوارەم: چالاکی پێشمەرگە لە ناو شارەکان:

**یەکەم:** چالاکی چەکداری پێشمەرگە لە ناو شارەکان:

چالاکی پێشمەرگە لەناو شارەکان لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی حکومەتی بەعس لە هەوڵی بەردەوامدا بووە، بۆ پاراستنی ئاسایشی شارەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە دەربارەی پێشمەرگە، هەروەها لەدەوروبەری شارەکان ئۆردوگای زۆرەملێی دروست کردبوو، کە بەهۆی ڕاگواستنەوە دروست کرابوون، لە ژێر چاودێری حکومەتدا بوو، هەرچەندە دۆخی شارەکان لە ژێر چاودێری ئەمنی توندا بوو، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە دزەبکەنە ناوشارەکان و چالاکی ئەنجام بدەن[1]، چالاکی بەردەوامی پێشمەرگە لە ناو شارەکان، حکومەتی عێراقی ناچار کرد بە قەدەغەکردنی هاتووچۆ بە شەوان لە ناوشارەکان، بەڵام هێزەکانی بە شەوان دزەیان دەکردە ناوشارەکان و گورزیان لە هێزە ئەمنییەکانی ڕژێم دابوو، هەربۆیە حکومەتی بەعس بۆ ڕێگری لە چالاکی پێشمەرگە لە نێو شارەکان، چەند ڕێوشوێنی ئەمنیی گرتبووە بەر، قەدەغەکردنی هاتوچۆ[2]. چەندین جۆری هێزی ئەمنیی لە شارەکان بڵاوە پێ کرد بوو، لەوانە: (ئەمن)، هەواڵگریی (استخبارات)، پۆلیسی نهێنیی، جەیشی شعبی، جاش، لەلایەکی دیکە حکومەت بە بیانووی جۆراوجۆر بازگەی پشکنینی لە ڕێگا گشتییەکان دانابوو، داوای ناسنامەیان لە هاووڵاتییان دەکرد، زۆرجار ئەوانەی لە بازگەکان نە دەوەستان ڕاستەوخۆ لە لایەن هێزە ئەمنییەکان

(١) ئارەزوو یوسف حەسەن،س. پ، ل٧٦.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩)، ١٩٨١/٦/١، ل٦.

تەقـەی لـێ دەکـرا[١]. بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی زانیاریـی و ڕێگـری لـە چالاکـی پێشـمەرگە لەنێـو شـارەکان، هەروەهـا لیژنـەی لەناوبردنـی چالاکییـە دوژمنکارییـەکان (لجنـة مكافحـة نشـاط المعـادي) دروسـت کـرد[٢]. لـە زۆربەی شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان، حکومـەت لـە کاتژمێـر (٧)ی ئێـوارە هاتووچۆکردنـی قەدەغەکردبـوو، بـە تایبـەت لـەو شـوێنانەی دام دەزگانـی بەعسـی تێدایـە، شـەوان مەفرەزەیەکـی زۆر لـە هێـزە ئەمنییـەکان بەنـاو شـاردا جەولەیـان دەکـرد[٣]. دەسـەڵاتێکی زۆری بـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنیـی پارێـزگاکان دابـوو، پارێـزگار هیـچ دەسـەڵاتێکی نەبـووە بـە سـەریاندا، بەڵکـو ڕاسـتەوخۆ سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی (ئەمنـی عامـة) بـوون، بەڕێوەبەرایەتـی ئەمني پارێـزگاكان زۆر بـە تونـدی هـەر بەرهەڵسـتکارێکیان سـەرکوت دەکـرد، بـێ ئـەوەی کـەس دەسـەڵاتی لێپێچینـەوەی هەبێـت[٤]. هەربۆیـە بـە بیانـووی جیاجیـا دەزگا ئەمنییـەکان هەڵیـان دەکوتایـە سـەر ماڵـی هاووڵاتییـان و دەیانپشـکنی، هەرکەسـێک گومانـی لـێ بکرایـە کـە پاڵپشـتی پێشـمەرگە یـان کەسـێکی نزیکـی لەنـاو شـۆڕش بوایە، لـە لایەن هێـزە ئەمنییەکانەوە دەسـتگیر دەکـرا، ئەمـەش بەهـۆی ئەنجامدانـی چەندیـن چالاکـی گـەورە لەلایـەن هێـزەکان پێشـمەرگە لـە شـارەکان، هێزەکانـی ڕژێمـی شـپرزەکردبوو، ڕۆژانـە مەفرەزەکانیـان لەنـاو شـاردا لـە جەولـەی بـەردەوام دابـوون. پشـکنینی گەڕەکەکانیـان ئەنجـام دەدا. حکومـەت لـە بەرپرسـانی ناوشـار کەوتبـووە گومانـەوە، هەربۆیـە بەشـێك لـەو بەرپرسـانەی کـە جێـگای گومـان بـوون،

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

(٢) دیدار لەگەڵ شێخەڵڵا برایم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

(٤) عەلی تەتەر، سیاسەتی...، ب١، ل١٣٢

لـە پۆسـتەکانیان لادەبـران، کەسـانی دیکـە جێگەیـان دەگرتـەوە، زۆرجـار بەهـۆی ئەنجامدانـی چالاکییەکـی پێشـمەرگە چەندیـن بەرپرسـی ئەمنـی ئیـداری لـە پۆسـتەکانیان دووردەخرانـەوە، زۆرجـار هێزەکانـی پێشـمەرگە چالاکیـان لەسـەر ڕێـگا سـەرەکییەکانی دەرەوەی شـار ئەنجـام دەدا، ئەمـەش لـە پێنـاو چەنـد ئامانجێـک بـوو:

١. سـوپای عێـراق چاوترسـێن بکـەن کـە بەئـارەزووی خۆیـان هاتووچـۆ نەکـەن، وا نیشـان بـدەن هێـزی پێشـمەرگە بوونـی مـاوە.

٢. دەسـتکەوتی ئابـووری پێداویسـتییەکان وەک خواردەمەنـی و کەلولوپەلـی سـەربازی، هێزەکانـی پێشـمەرگە هێرشـیان دەکـردە سـەر ئۆتۆمبێلـە سـەربازییەکان کـە کەلولوپـەل و پێداویسـتی سـەربازی دەگواسـتەوە بـۆ سـوپای عێـراق.

٣. خەریککردنـی سـوپا بـە جەنگـی ناوشـارەکان، چونکـە توانـای ڕووبەڕووبوونـەوەی لەنـاو شـاردا سـنووورداربوو.

شـەڕی ئێـران و عێـراق ئـەو دەرفەتـەی بـە هێـزی پێشـمەرگەداوە، دزە بکەنـە نـاو شـارەکان، چەندیـن چالاکـی گەورەیـان ئەنجامـداوە، ئـەو شـوێنانە بـە ئامانـج دەگیـران، کـە دامـودەزگای بەعـس و دەزگا ئەمنییەکانـی تێدایـە، بـۆ نموونـە لـە (٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٠) پێشـمەرگەکانی سـەر بـە ڕێکخسـتنیی ناوخـۆی لقـی (١) بە نارنجۆک هێرشـیان کـردە سـەر بنکـەی پۆلیسـی سـمێڵ لـە پارێـزگای دهـۆک و توانیـان (٣) پۆلیـس بکـوژن و (٥)ی دیکـەش برینـدار بکـەن[1]. لـە زنجیـرەی چالاکییەکانی سـنووری

(١) اهم فعليات الجيش الثوري الكوردستاني، جريدة اخبار كردستان، العدد (١١)، ١٩٨١/٢/٦، ص٤-٥.

لقەکانی (١، ٢، ٣، ٤) لە (کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨١)، (١٤) چالاکییان لە شارەکانی، هەولێر، سلێمانی، مووسڵ، دهۆک، مێرگەسۆر، خورماڵ، سیروان، چەند شوێنی دیکە هێرشیان کردووەتە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی حزبی بەعس، هەروەها بەیاننامەیان لە شەقامە گشتییەکان بڵاو کردووەتەوە[1]، لە (١٤-١٥ی شوباتی ١٩٨١) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی سورێنی لقی (٤) چوونە ناو خورماڵ لە قەزای هەڵەبجە، لە ڕەبییەیەکی سوپای عێراقییان دا، بووە هۆی کوژرانی (٣) سەرباز، هەروەها برینداربوونی (٢)ی دیکە، پێشمەرگەکان بێ زیان گەڕانەوە[2]. لە (١٧ی ئابی١٩٨١) دەستەیەک پێشمەرگەی (پ.د.ک) چوونە نێو شاری هەولێر، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی لە هەولێر بوو، بۆمبێکیان خستە ناو ئۆتۆمبێلێک، بووە هۆی کوژرانی (٢) کەس و برینداربوونی (٥)ی دیکە، هەروەها (٥) ئۆتۆمبێلی لە جۆری مارسیدس سووتا، ئەم چالاکییە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ترسێکی زۆری خستە ناو بەرپرسانی حکومەت[3]. هەروەها لە (٥ی ئەیلوولی ١٩٨١) هێزەکانی پێشمەرگە نارنجۆکی دەستەییان فڕێ دایە، ناو بنکەیەکی (الجیش شعبی) لەناو شاری هەولێر لە عەنباری بنکەکەیان دا بە شێکی زۆری چەکەکانی ناو عەنبارەکە تەقییەوە، چەکدارانی ناو بنکەکە سەریان لێشیواو کەوتنە تەقەکردن، ژمارەیەکی زۆریان بەتەقەی سەربازەکانی ناوبنکەکە

---

(١) احصائية بعمليات الجيش الثوري الكردستاني (البيشمرگه) خلال الشهر كانون الثاني و شباط، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٣)، ١٨/ أذار/ ١٩٨١.ص١.

(٢) جريدة اخبار كردستان، العدد (١٣)، ١٩٨١/٣/٢، ص ص٤-٧.

(٣) حرق (٥) سيارات مارسيدس للشرطة في اربيل، جريدة اخبار كردستان، العدد (٢٤)، ١٩٨١/٨/٢٧، ص٢.

کـوژران و برینـدار بـوون[١]. لـە چالاکییەکـی دیکـەدا لـە (٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨١) مەفرەزەیەکـی پارتـی توانـی بچێتـە نـاو شـاری هەولێـر، نارنجۆکێکیـان هەڵدایـە نـاو بنکـەی پۆلیسـی بەنزینخانـەی نـاو بـازاڕ، لـە ئەنجامـدا (٧) پۆلیـس و (٢) جیشـی شـەعبی برینـدار بـوون[٢].

جێـگای ئاماژەیـە حکومەتـی عێـراق بـۆ ناشـیرن کردنـی ناوی پێشـمەرگە زۆرجـار لەشـارەکان کـردەوەی نامرۆڤانەیـان ئەنجـام دەدا، بـۆ نموونـە لـە شـاری هەولێـر لـە بـەردەم مزگەوتـی سـپی لـە ڕێـگای دانانـی بۆمبێـک (١٢) منداڵـی بـێ تـاوان بوونـە قوربانـی و (٨)ی دیکـەش بریندارببـوون، ڕژێـم ڕایگەیانـد ئـەو کردەوەیـە پێشـمەرگە ئەنجامـی داوە[٣]. بەهـۆی زۆری چالاکـی پێشـمەرگە و زیـان گەیانـدن بەدامودەزگاکانـی بەعـس لەنـاو شـارەکان، حکومـەت ئۆپەراسـیۆنی لـە گوندەکانـی دەوروبـەری شـارەکان دەسـت پـێ دەکـرد، بـە بیانـووی بوونـی پێشـمەرگەو هاوکارییـان لـە لایـەن دانیشـتوانی ئەوگوندانـە[٤].

جێـگای ئاماژەیـە چالاکییەکانـی پێشـمەرگە تەنیـا لەنـاو شـارەکانی باشـووری کوردسـتان نەبـوو، گەیشـتبوونە نـاو جەرگـەی ی بەغـداش لـەم بارەیـەوە مەسـعود بارزانـی دەڵێـت: "پارتـی لـە بارێکـی پتـەو باشـدایە لەسەرتاسـەری کوردسـتان، تەنانـەت شـارەکانی باشـووری عێـراق چالاکـی هەیـە[٥]، بـۆ نموونـە لـە (٨/٢٨ی ئابـی ١٩٨١) چەنـد پێشـمەرگەیەک بـە

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٩) ١٥/ ئەیلول ١٩٨١، ل١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٧)، ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨١، ل٤.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل١.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦٥)، ٢٠/ ٣/ ١٩٨٢، ل١.

(٥) موقابەلەی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی لەگەڵ نوینەرانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن

نارنجـۆک هێرشـیان بـردە سـەر موڵگـەی دوژمـن لـە نزیـک فرۆکەخانـەی نێودەوڵەتـی بەغـدا لـە و ئاکامـەدا (١٢) کـەس کـوژران و (٧)ی دیکـەش برینـدار بـون[١]. لـە زنجیرەی چالاکییەکانـی پێشـمەرگەدا لـە (کۆتایـی مانگـی تەمـووز تـا کۆتایـی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨١) لـە شـارەکانی هەولێـر، مووسـڵ، دهـۆک، چۆمـان، هەڵەبجـە و سـەید سـادق، (٢٥) چالاکـی ئەنجـام داوە[٢]. زۆرجـار چالاکییەکانـی پێشـمەرگە لـە نـاو شـارەکان بـە هاوبەشـی پێشـمەرگەکانی جـوود ئەنجـام دەدرا، ئەمـەش لـە پێنـاو چەنـد ئامانجێك بـوو، بـۆ حکومەتـی بەعـس بسـەلمێنن هێزەکانـی پێشـمەرگە چەنـد ناکۆکـبن بـەڵام لـە خەباتـی چەکدارییـان دژی بەعـس کـۆك و هاوبەشـن، بـۆ نموونـە لـە (١٣-١٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨١) پیشـمەرگەکانی بـەرەی جـود هێرشـیان بـردە سـەر بنکـەی سـەربازی سەیدسـادق و بـارەگای ڕێکخـراوی بەعـس، بـۆ مـاوەی (٢) کاتژمێـر لـە نـاو شـار مانـەوە و ئامانجەکانـی بـەرەی جودیـان بـۆ هاووڵاتیـان ڕوونکـردەوە[٣].

شـیاوی باسـە بێجگـە لـە چالاکـی چەکـداری پێشـمەرگە لـە نـاو شـارەکانی چالاکـی سیاسـییان ئەنجـام داوە، وەك بڵاوکردنـەوە چاپەمەنییـەکان و پۆسـتەرات و دروشـم، بـۆ نموونـە لـە (٢٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨١) ی هێزێکـی پێشـمەرگەی سـەر بـە لقـی یـەك توانیـان بچنـە نـاو شـاری دیانـە بـۆ مـاوەی یـەک سـەعات لەنـاو شـار مانـەوە و

---

و ڕۆژنامەگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٨/ ٥/ ١٩٨٥، چاپخانەی خەبات، ل٣٨.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل١.

(٢) سەرژمێرییەک دەربارەی چالاکی پێشمەرگەکانمان لە کۆتایی گەلاوێژ تا کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٨١، ئێزگەی دەنگی کوردستان، ١٩٨١/١١/١٩.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٨)، ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٨١، ل٢-٣.

چاپەمنەکانی پارتییان لە چەند گەڕەکیک و شوێنی گشتی بڵاوکردەوە. دواتر پێشمەرگەکانی هێرشیان بردە سەر ڕێکخراوی حزبی بەعس، د لەو کاتەدا پێشمەرگەکان بە دەنگی بەرز و هوتاف بانگەوازیان دەدا وەک "کوردستانییان نەمان سەر کەوتن بۆ شۆڕشی گوڵان سەرکەوتن بۆ شۆڕشی عێراق". لە ئەنجامی ئەو هێرشە پێشمەرگە توانیان خانووی بارەگای ڕێکخراوی بەعس بەسەر نۆکەرانی حزبی بەعس بڕوخێنن، دوای چالاکییەکە هێزەکانی پێشمەرگە بەسەرکەوتووی گەڕانەوە (١) پێشمەرگە بریندار بوو. دوای ئەم چالاکییە ڕژێم هاتوچۆ کردن لەناو بازاڕی دیانا قەدەغە کرد. ڕژێمی بەعس ووک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە تۆڵەی ئەم چالاکییە منداڵێکی تەمەن (١٢) ساڵی لە سێدارەدا[1].

لە (٢٨/ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢) پێشمەرگەکانی پارتی تونیان بچنە ناو ناحییەی ئەلقوش و هێرشیان بردە سەر بارەگای (ئەمن) و پۆلیس، شەڕ نزیکەی یەک کاتژمێر و نیو لە نێوان پێشمەرگەو هێزەکانی پۆلیس بەردەوام بوو، دوای ئەوەی هێزێکی زۆری موغاویر لە مووسڵ وەک هێزێکی پاڵپشتی بە هانای دەزگا ئەمنییەکانی ئەلقوش هاتن، (٢) هەلیکۆپتەر هەرەمەکی کەوتنە بۆردومانی ناوچەکە. بەڵام هێزەکابی پێشمەرگە توانییان درزبخەنە ناو هێزە ئەمنییەکان و سەریان لێ بشێوێنن و زیانێکی زۆریان لێ بدەن. کوژرانی (٥) پۆلیس و برینداربوونی (٢)ی دیکەی لێکەوتەوە. هەروەها (١٥) کەسیش لە هێزی موغاویر کوژران[2]. لە (١٠ی شوباتی ١٩٨٢) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە توانییان

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٥)، ٢٨/ ١٢/ ١٩٨١، ل٥-٦.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٥)، ١٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

بچنە ناو شاری دهۆک، لە نزیک گۆڕستانی مەسیحییەکان لە کاتژمێر (١١) شەو هێرشیان بردە سەر ڕەبییەکی سوپای عێراق، دوای ئەو چالاکییە پێشمەرگەکان لەکاتی گەڕانەوەیان کەوتنە ناو بۆسەیەک کە لە گوندی (گەڤەرکی) دانرابوو هیزێکی زۆری هەواڵگری و جاش سوپا موغاویر دەوری پێشمەرگەیان دابوو، دوای بەرگرییەکی (٢) کاتژمێری مەفرەزەی پێشمەرگەکان توانییان خۆیان ڕزگاربکەن و زیانیکی زۆریان لە هێزەکانی حکومەت دا، بووە هۆی کوژرانی (٢٥) سەرباز و برینداربوونی (١٠)ی دیکە، (٩) جاش کوژران و (٥)ی دیکەیان بریندار بوون، لە مەفرەزەکەی پێشمەرگە (٣) شەهید هەبوون، پێشمەرگەیەکی دیکە بە برینداری بەدیل گیرا، دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر لە بەندینخانەی دهۆک شەهیدبوو[١]. لە (١ی ئاداری ١٩٨٢) مەفرەزەیەکی لیژنەی ناوچەی سیروان توانیان بچنە ناو شاری هەڵەبجە، هێرشیان کردە سەر بنکەی پۆلیس و قائیمقامییەت، زیانێکی زۆریان لێ دا، لە بڵندگۆی مزگەوت پێشمەرگەکان داوایان لە خەڵک دەکرد، پشتگیری پێشمەرگەبکەن، بۆ ڕوخاندنی حکومەتی بەعس[٢]، لە (٤-٥ی ئاداری ١٩٨٢) پێشمەرگەکانی لقی (٤)ی پارتی، هەڵیان کوتایە سەر سەربازگەی سەیدسادق، زیانێکی زۆریان بەر سەربازگەکە گەیاند، بووە هۆی کوژرانی (٦) سەرباز و (٥)ی دیکە برینداربوون[٣].

بە هۆی چالاکی زۆری پێشمەرگە لە ئۆردوگای شانەدەر، حکومەت لە شەوی (٨-٩ی ئاداری ١٩٨٢) چەند هێزیکی لەسوپا و جاش

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٧)، ٢٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٤-٥.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦١)، ١٠/ ٣/ ١٩٨٢، ل٣.

(٣) جريدة اخبار كردستان، العدد (٦٢)، ١٩٨٢/٣/١٤، ص٣.

بەسەرپەرشتی (ملازم موحسین) ڕێگای سەرەکی سەیدسادق ئۆردوگای شانەدەریان لە پێشمەرگە گرتبوو، ئەو ڕێگایە تاکە ڕێگە بوو بۆ چوونە ناو ئۆردوگاکە، بۆ کردنەوەی ڕێگاکە هێزێکی پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە، توانیان هەمان شەو بچنە ناو ئۆردوگای شانەدەری[١]. لە (٨ی نیسانی ١٩٨٢)، مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چوونە ناو شاری سلێمانی، بۆسەیەکی (قوة الخاصة) یان پوچەڵ کردەوە، کە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دانرابوو. لە لایەن ملازم موحسین سەرپەرشتی دەکرا. ناچار کران شوێنەکە بەجێبهێڵن[٢]. لە (٢٦ی ئابی ١٩٨٢)، هێزێکی هاوبەشی پارتی و سۆسیالیست چوونە ناو شاری سلێمانی و هێرشیان بردە سەر بنکەیەکی جەیش شەعبی، لە ئەنجامدا (١٧) جاشی جەیشی شەعبی کوژران و (١٢)ی دیکەش برینداربوون[٣]. لە (٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٢) مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتی چوونە ناو شارۆچکەی چۆمان، شەڕی کۆلان بەکۆڵانییان لە گەڵ هێزە ئەمنییەکان کرد، ئەمەش ئەزموونێکی نوێبوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، وەک چالاکی پارتیزانی و شەڕی کۆڵان بە کۆڵان، دوای شەڕەکە ڕژێم دەستی کرد بە دەستگیرکردنی هاووڵاتییان، بۆ ڕۆژی دووەم دانیشتوانی چۆمان لە دژی سیاسەتی حکومەت دوکان و بازاڕەکانیان داخست و مانیان گرت[٤]. لەچالاکییەکی دیکەدا لە (٢٦ی ئابی ١٩٨٢) هیزێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەچالاکییەکدا لەناو شاری سلێمانی، لەگەرەکی سەرکارێز، هێرشیان بردە سەر مەفرەزەیەکی

(١) دەنگوباسی کوردستان، (٦٢)، ١٤/ ٣/ ١٩٨٢، ل٥.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧٥)، ١٨/ نیسان/ ١٩٨٢، ل٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٩)، ٢ ئاب. ١٩٨٢، ل٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٨)، ١٠/ گەلاوێژ/ ١٩٨٢، ل١.

(جەیش شەعبی)، لە ئاکامدا (٣)، جەیش شەعبی کوژران و (٧)ی دیکە برینداربوون[١]، هەروەها (٦) جەیشی شەعبی بە چەکەوە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی پیشمەرگە کرد[٢].

چالاکییەکانی پێشمەرگە مەترسی بۆ گەورە بەرپرسانی حکومەت دروست کردبوو، بۆ نموونە لە (کانوونی دووەمی ١٩٨٣) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەناو شاری هەولێر بەچەکی ئارپیچی بۆردومانی ماڵی پارێزگای هەولێریان کرد، ئەم چالاکییە هۆکاری گواستنەوەی ماڵی پارێزگار بوو بۆ خانووەیەکی دیکە[٣]. لە (٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٨٣) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چوونە ناو شاری شەقڵاوە و چوونە سەر (دائیرەی سجیلی عەقاری) دەستیان بەسەر سێ ئامێری چاپکردنی بەڵگەنامە و نەخشە و وشککردنەوە و پێوەری رووبەردا گرت، گەیاندیانە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە[٤]. لە (٢٨ی شوباتی ١٩٨٣)، هێزێکی هاوبەشی پارتی و حزبی شیوعی چونە ناو شاری ئاکرێ، لە بنکەی ڕێکخراوی حزبی بەعس و جەیش شەعبی خانووەکانی ئەفسەرانی هەواڵگرییان دا، هەروەها لەسەر شەقامی نزیک دائیرەی پۆستە بۆسەیەکیان نایەوە. لە ئەنجامی ئەم چالاییەکانە زیانێکی زۆر بەدەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی بەعس کەوت، دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت سەریان لی شێوابوو، کوێرانە گەڕەکانی ئاکرێ و دەوروبەری بۆردومان کرد، ئەمەش بووە هۆی شەهیدبوونی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٣)، ١/ایلول١٩٨٢، ل٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٤)، ١١/ ایلول ١٩٨٣، ل٢.
(٣) دەنگوباسی کورستان، ژمارە (١٠٠)، ٣١ کانوونی یەکەم ١٩٨٣، ل٤.
(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٠)، ٣١ کانوونی دووەم ١٩٨٣، ل٤.

ئافرەتێکی بێ تاوان[١]. لە شەوی (١٠-١١ی نیسانی ١٩٨٣) پێشمەرگەکانی پارتی چوونە ناو شاری هەولێر لە گەڕەکی باداوە لە بنکەیەکی ئەمنیی حزبی بەعسیان دا، شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕوویدا، لە ئاکامدا هێزەکانی پێشمەرگە توانییان دەست بەسەر بنکەکەدا بگرن و (٥) سەرباز بە چەکەکانیانەوە بەدیل بگرن[٢].

رژێم بەئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانیدا چالاکییەکانی پێشمەرگەی بە بچوك و بێ کاریگەر وەسف دەکرد، لە لایەکی دیکە پێشمەرگە لەشاخ چالاکی گورجبڕیان ئەنجام دەدا، لە شارەکانیش ئەرکی دەزگا ئەمنییەکان تەنیا بریتی بوو لەگەڕان بەدوای پێشمەرگە و کەسوکاری پێشمەرگە[٣]. لە ئامارێکدا سەبارەت بە چالاکی چەکداریی پێشمەرگەکانی پارتی لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، کە لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاو کراوەتەوە لە (٢٢حوزەیرانی ١٩٨٢ تا ١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤)، (١٧٢) چالاکییان ئەنجام داوە[٤]، لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە (١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ تا ٢٩ی شوباتی ١٩٨٤) لە شارەکانی سلێمانی، مووسڵ، دهۆک و ناوچەکانی قەسرێ، دیانە و شێخان، (٢٥) چالاکییان ئەنجام داوە[٥].

لە (٨ی شوباتی ١٩٨٤)، دەستەیەک لە پێشمەرگەی لێژنەی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٠١)، ٢٨/شوبات/١٩٨٣، ل١٠.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٣)، ١٤ی مایسی ١٩٨٣، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٨)، ١/تشرینی یەکەمی ١٩٨٣، ل٣.

(٤) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٨)، ئاب ١٩٨٣، ل٣؛ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٤٩)، کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل٣.

(٥) فعليات الجيش الثوري الكردستاني، جريدة خبات، العدد (٥٥٠)، شباط ١٩٨٤، ص٣.

ناوچـەی چوارتـا هێرشـیان کـردە سـەر بنکـەی پۆلیسـی فریاکەوتـن لـە شـاری سـلێمانی، زیانێکـی زۆریـان بنکەکـە دا، جەمـاوەری ناوشـار بـەم سـەرکەوتنە خۆشحاڵ بـوون، وتافیـان بـۆ پێشـمەرگە و شـۆڕش دەوتـەوە[١]. پێشـمەرگەکان هەمـوو دەرفەتێکیـان بـۆ ئەنجامدانـی چالاکی قۆسـتووەتەوە، بەتاییـەت لـە بۆنـەی نـەورۆزدا زۆرتریـن چالاکـی لـە شـارەکان ئەنجـام دەدران، بـۆ نموونـە لـە شـەوی (١٨-١٩ی ئـاداری ١٩٨٤) پێشـمەرگەکانی هێـزی شـنروێ و ڕێکخسـتنی عەبابەیلـێ و ڕێکخـراوی تەوێڵـە، چوونـە نێـو شـاری هەڵەبجـە، بـۆ مـاوەی یـەک کاتژمێـر بـە چەکـی هـاوەن بۆردومانـی ڕەبیـە و بنکەکانـی بەعسیان کـرد، دواتـر چاپەمەنییەکانیـان بڵاوکـردەوە و دروشـمی نەورۆزیـان لـە شـوێنە گشـتییەکان نووسـی. هـاوکات لـە (٢٠ی ئـاداری ١٩٨٤) دەسـتەیەک پێشـمەرگەی (پ.د.ک)، چوونەتـە نێـو شـاری سـلێمانی لەسـەر ڕێـگای ئـۆرزدی نارنجۆکێکـی دەسـتیان فـڕی دایـە نـاو ئۆتۆمبێلێکـی سـەربازیی، بـووە هـۆی برینداربوونـی چەنـد سـەربازێک[٢]. لـە (٢٢ی ئـاداری ١٩٨٤)، شـانەیەک لـە ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردسـتان و لیژنـەی ناوچـەی زاخـۆ، چەنـد ئۆتۆمبێلێکـی سـوپای پـڕ سـەربازییان دایـە بـەر نارنجـۆک، (٦) سـەربازییان کوشـت و (٣)ی دیکەیـان برینـدار کـرد[٣]. لـە (١٧ی ئایـاری ١٩٨٤)، مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە، بـۆ پارێـزگاری کـردن لەخۆپیشـاندەرانی شـاری سـلێمانی چوونـە نـاو شـاری سـلێمانی بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە کاتژمێرێـک بـە چەکـی ئاربیجـی بۆردومانـی هێزەکانـی فریاکەوتنیـان کـرد. زیانێکـی زۆرییـان لـەو بنکەیـە دا.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٤)، ٢/ ٤/ ١٩٨٤، ل١٠.

(٢) نوروز والانتفاضات الجماهيرية، جريدة اخبار كردستان، العدد (١١٣)، اذار ١٩٨٤، ص٥.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٥)، ٣٠/ ٤/ ١٩٨٤، ل٦.

لەبەرئـەوەی ئـەم هێـزە لـە مـاوەی خۆپیشـاندانەکانی شـاردا ئازارێکـی زۆری خۆپیشـاندانیان داوە لـە گرتـن و ئەشـکەنجەدانی خۆپیشـاندەران[١].

ساڵی ١٩٨٤ چالاکی پێشمەرگە لە شار و شارۆچکەکان و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان پـەرەی سـەند، لەو ماوەیـەدا ڕێکخسـتنەکان و پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) (١٩٤) چالاکییـان ئەنجـام داوە[٢]. هەروەهـا لە سـاڵی ١٩٨٥، پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) لـە سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکان گەشـەی سـەندووە [٣]. بە نموونـەوەی ئەوەی تەنیـا لـە مـاوەی دوو مانـگ و نیو لە (ئـاداری ١٩٨٥ تاوەکو ١٧ی ئایـاری ١٩٨٥)، هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە ناوشـارەکان (١٤٤) چالاکییان ئەنجام داوە، پێشـمەرگە توانیوییەتـی شـەوانە لـە نـاو سـەنتەری شـارەکان چالاکـی ئەنجـام بـدەن، لـە گرنگتریـن چالاکـی لەناوشـار هێزەکانـی پێشـمەرگە بەبۆنـەی یـادی نـەورۆزەوە شـەو تابەیانـی سـەنتەری شـاری دهۆکیـان کۆنترۆڵکرد، وێـرای ئـەوەی لیوایەکی سـوپای عێـراق لەنزیک شـاری دهـۆک بـوون، نەیانتوانـی ڕووبەڕووی پێشـمەرگە ببنەوە، شـەو تابەیانی پێشـمەرگە لەگەڵ جەماوەری شـاری دهـۆك یادی جەژنی نەورۆزیـان کـردەوە[٤]. ئەمـەش وەك وەڵام دانەوەیەك بـوو بۆ حکومەتی بەعس، کـە بەچـڕی دەسـتی کردبـوو بـە هەڵمەتـی تێکـدان و ڕوخاندنـی گونـدەکان، ڕاگواسـتنی دانیشـتوانەکەی بۆ ئـۆردوگا زۆرەملێکان[٥].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤ ئایار ١٩٨٤، ل٢.

(٢) چالاکی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٥٤-٥٥٥)، ساڵی (٢٦)، کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٥، ل٣.

(٣) چالاکـی لەشـکری شۆرشـگێری کوردسـتان، خەبـات، ژمـارە (٥٥٨-٥٥٩)، کانوونـی دوورمـی ١٩٨٦، ل٣.

(٤) موقابەلەی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعود بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە (١٨/ ٥/ ١٩٨٥، چاپخانەی خەبات،س.پ، ل٤٧.

(٥) ئارەزوو یوسف حەسەن، ڕۆڵی ئۆرگانی ناوەندی پارتەکان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد

بـۆ دۆزینــەوە و ئاشــکراکردنی شــوێنی پێشــمەرگە ڕژێـم ژمارەیــەک منداڵـی تەمـەن (١٠ بـۆ ١٢) سـاڵانی گرتبـوو. ئـەو منداڵانـەی کـە گیرابـوون بـە زۆر لەژێـر ئەشـکەنجە دانپێدانیـان لـێ وەرگیرابـوو لەسـەر ئـەو مـاڵ و شـوێنانە ئـەو کەسـانەی هـاوکاری پێشـمەرگە دەکـەن، لـە نـاو شـاردا. لـە ژێـر ئەشـکەنجەی ڕژێـم دا قوتابییەکـی تەمـەن (١٢) سـاڵان شـەهید بـوو[١]. لـە (تشرینـی دووەمـی ١٩٨٥) حکومەتـی بەعـس، هەڵمەتێکـی پشـکنینی شـارەکانی ئەنجامـدا، لـە (١٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٥)، کاربەدەسـتانی حکومەتـی بەعـس لەشـاری دهـۆک ئـاگاداری ئەندامانـی کردبـووەوە بـە تایبـەت ئەوانـەی لـە پلـەی (نصیـر و رفیـق) لـە بـارەگای جەیـش شـەعبی لـە شـاری دهـۆک ئامادەبـن. ئەمـەش بەمەبەسـتی پشـکنینی گشـتی بـوو لەشـاری دهـۆک مووسـڵ. بـۆ گـەڕان بـە دوای ئەوانـەی ئامـادە نەبـوون بەشـداری جەنـگ عێـراق ئێـران بکـەن. هەروەهـا گـەڕان بـەدوای چـەک و لایەنگرانــی پێشــمەرگە و کەســوکاریان. دوای ئــەوەی ســەرجەم ڕێــگا ســەرەکییەکانی شــاری دهۆکیــان گــرت و قوتابخانــە فەرمانگەکانیــان داخسـت، ئەمـەش بـۆ کارئاسـانی و ئەنجامدانـی پشـکنیین بوو[٢]. سـەبارەت بەچالاکـی پێشـمەرگە لەناوشـارەکان بەپێـی ئامارێـك لـە (١٩٨٥ تـا کانوونـی دووەمـی ١٩٨٦) بریتـی بـوو لـە (٩٤) چالاکـی لـە نـاو شـار (٣٣) چالاکیـش بـە هاوبەشـی لەگـەڵ هێزەکانـی بـەرەی جـود ئەنجـام دراون[٣]. لـە (٥ی

(١٩٧٥-١٩٩١) (پ.ك.ع)، (پ.د.ك)، ی.ن.ك) وەك نموونە، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١٥، ل٧٧.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، دوالاپەڕە بۆ پاشکۆ.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٧)، تشرینی دووەمی ١٩٨٥، ل٢.

(٣) اخبار کردستان، العدد (١٣٩)، کانون الثانی ١٩٨٦، ص١.

ئەیلوولـی ١٩٨٥) ڕێکخسـتنەکانی پارتـی لەشـاری زاخـۆ، بەپێـی پلانیکـی داڕێـژراو لـە چالاکییەکـدا پێشـمەرگەیەکی دیلیـان لـە نـاو بـارەگای فیرقـەی (١)، ئـازاد کـرد. پێشـمەرگەکە لـە (١٣ی ئابـی ١٩٨٥)، بـە بریـنداری دیـل گیرابـوو زۆر ئەشـکەنجە درابـوو. هەرچەنـدە ڕژێـم هێزێکـی زۆری بـڵاوە پـێ کردبـوو لێژنـەی ناوچەی زاخـۆ ئازایانـە توانییـان پێشـمەرگەکە بگەیەننە ناوچـە ئازادکـراوەکان، ئـەم چالاکییـە دەنگدانەوەیەکـی زۆری بـەدوای خۆیـدا هێنـا، مەسـعود بارزانـی نامـەی پیرۆزبایـی ئـەم سـەرکەوتنەی ئاراسـتەی لێژنـەی ناوچـەی زاخـۆ کـردووە[١].

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٩٨٥ دەسەڵاتدارانی بەعس هەڵمەتێکی پشکنینی گشتیان لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک ئەنجامدا، هەڵمەتەکانی پشکنین و دەستگیرکردن سیمایەکی توندوتیژی بەرامبەر جەماوەری شارەکان هەبوو. دەسەڵات ئامانجی بوو شوێن و پێگەی پیشمەرگە ئاشکرا بکات و ڕۆحی بەرخۆدان لە شارەکان لاوازبکات. ئەم هەڵمەتەی ڕژێم جۆرێک بوو لە تۆقاندنی بەربڵاوی جەماوەر و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتی،چونکە هێزە ئەمنییەکان بێ گوێدانە هیچ پێودانگێکی مافی مرۆڤ ماڵەکانیان دەپشکنی کەلوپەلەکانیان تێک دەدا و گەنجەکانیان دەستگیر دەکرد، هەروەها سوکایەتیان بە ئافرەتان دەکرد[٢]،بە هۆی ئاشتبوونەوەی گشتی لە ساڵی ١٩٨٦ ڕێککەوتننامەی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕێگەدان بە ئازادی سیاسی و سەربازیی پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتری چالاکی پێشمەرگە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان پەرەی سەند[٣]، لە (٢٢-٢٣ی ئاداری ١٩٨٦)

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، ل٧.

(٢) اخبار کردستان، العدد (١٣٩)، کانوونی الثاني ١٩٨٦، ص٣.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: پڕۆژەی هاوکاری نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، ڕۆژنامەی

دەستەیەک پێشمەرگەی سەر بە لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە، هێرشیان کردە سەر ڕەبییەکانی سەید سادق. بۆ ماوەی یەک کاتژمێر ڕووبەڕووی سوپای میللی بوونەوە و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن، پێشمەرگەکان بەبێ زیان گەڕانەوە[١]. دوای ئەوەی حکومەتی بەعس پەیکەری خانی لە زاخۆ ڕوخاند، پەیکەری سەددامیان کردە شوێنی، لەسەر ڕاسپاردەی مەسعود بارزانی لە (١ی نیسانی ١٩٨٦)، پێشمەرگەکانی پارتی پەیکەری سەددامیان شکاند[٢]. لە لایەکی دیکەوە لە (تەمووز و ئابی ١٩٨٦) پێشمەرگەکانی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە چەندین چالاکییان لە شەقڵاوە، دیانا، هیران و ڕەواندز ئەنجام داوە [٣]. بە هۆی فراوانبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە لەنێو شاری دهۆک و زاخۆ و ناوچەکانی دیکەی بادینان، حکومەت هێرشەکانی بۆ سەر بارەگای هەر دوو ناوچەی زاخۆ و دهۆک چڕ کردبووەوە[٤]. هەرچەندە حکومەت هەوڵی دا سنوورێک بۆ جموجۆڵی پێشمەرگە لەنێو شارەکان دابنێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی هێز بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەڵام ئەو هەوڵەی حکومەت نەبووە ڕێگر لە بەردەم ئەنجام دانی چالاکییەکانی پێشمەرگە هەر وەک لە ئامارێکدا هاتووە لە ساڵی ١٩٨٦ پێشمەرگەکانی (پ.د.ک) لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان (٥٠) چالاکییان ئەنجام داوە[٥].

---

خەبات، ژمارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٨٦ ل١-١٥.

(١) چالاکییەکانی پێشمەرگە، گۆڤاری ئەزمەڕ، ژمارە (٥)، نیسانی ١٩٨٦، ل١٨.

(٢) ڕۆڵەکانی پارتی تۆڵەی خانێ دەکەینەوە، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٢-٥٦٣) نیسان و ئایاری ١٩٨٦، ل٦؟

(٣) چەند چالاکییەکی جەماوەری، گۆڤاری سەفین، ژمارە (٣٩)ئابی ١٩٨٦، ل٨؛ جەمال مورتکە، س.پ، ب٥، ل٥٩-٦٠-٦١.

(٤) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد ١٩٧٥-١٩٩٠ شۆڕشی گوڵان، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢١ ، ل٣٩.

(٥) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٩)، کانوونی یەکەم ١٩٨٦، ل٣.

ساڵی ١٩٨٧ چالاکی پێشمەرگە پەرەی سەندبوو، جگە لەو هێرشانەی دەکرانە سەر فەوج و خاڵە بەهێزەکانی حکومەت، هێزەکانی پێشمەرگە دزەیان کردبووە ناو زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان[١]، هەرچەندە ڕژێم هەموو هەوڵێکی خستبووەگەڕ بۆ دانانی سنوورێك و کۆتایی هێنان بە چالاکییەکانی پێشمەرگە لە شارەکان، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوون لە چالاکی و زیان گەیاندن بەدام و دەزگاکانی ڕژێم، ئەمەش زیاتر بووبووە هۆی بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و جەماوەر هەر وەک لە (٦ی ئاداری ١٩٨٧)، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی پارتی بە چەکی سووک و قورسی جۆراوجۆر لەناو شاری دهۆک هێرشیان کردە سەر بینای سەنتەری پارێزگا و بنکەی پۆلیسی دهۆك و بنکەی پۆلیسی هاتووچۆ. زیانێکی زۆر بەر دامدەزگاکانی بەعس کەوت، تێکدانی بینای بەڕێوبەرایەتی ئاسایش و (١٤) ئۆتۆمبیل و سووتێنران، (٣٧) کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژراون[٢]. لە (٢٣ی ئایاری ١٩٨٧)، لە چالاکییەکدا هێزی پێشمەرگەی (پ.د.ک) بۆ هاوکاریی جەماوەری ڕاپەری و چوونە نێو شاری شەقڵاوەوە[٣]. لەم ڕاپەڕینەدا ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان و جەماوەر هێرشیان کردە سەر دامودەزگاکانی حکومەت، لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت ڕووبەڕوو بوونەوە. لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهید و برینداربوونی ژمارەیەک هاووڵاتی[٤]. لە (ئایاری ١٩٨٧)، ڕێکخستنە ناوخۆییەکانی پارتی (٨) چالاکی لەناو شارەکان ئەنجام داوە، توانیوانە ئامانجەکانیان بپێکن[٥]. هەروەها لە

(١) عەلی تەتەر، بزاڤی...، ل٤٥٠.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٥٤)، أدار١٩٨٧، ص٧.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل١٩٦.

(٤) جريدة اخبار كردستان، العدد (١٥٨)، حزيران ١٩٨٧، ص١٧

(٥) اخبار کردستان، العدد (١٥٧)، حزیرانی ١٩٨٧، ص٤.

(١٦-١٧ حوزەیرانی ١٩٨٧) پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی بروسکی (پ.د.ک) توانیان بچنە ناو مێرگەسۆر زیانێکی زۆر لە دەزگا ئەمنییەکانی حکومەت بدەن، دوای مانەوەیان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک هێزەکانی پێشمەرگە پاشەکشەیان کرد[١]، حکومەت لە تۆڵەی ئەو هێرشەدا بۆردومانی گوندی (ئاوبرانی) کرد، بارەگای هێزی بارزان لەو گوندە بوو، بووە هۆی شەهید و برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەک[٢]. زۆرجار ئەوچالاکییانەی ئەنجام دەدران لە پێناو هێنانی پێداویستی لۆجستی بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخ. چونکە ڕژێم گەمارۆی خستبووە سەرناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و ڕێگربوو لە ناردنی کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی و خۆراك، بۆ نموونە (شەوی ٢٨-٢٩ی حوزەیرانی ١٩٨٧) مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چوونە ناو شارۆچکەی خورماڵ، دەستی بەسەر نەخۆشخانەکەدا گرت و دەرمان و پێداویستی بەشێکی زۆر لە دەرمان و پێداویستی پزیشکییان گواستەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان[٣].

لە شەوی (١٢-١٣ کانوونی دووەمی ١٩٨٨) هێزێکی پێشمەرگەی لقی یەک هێرشیان کردووەتە سەر دامودەزگاکانی حکومەت لە ناحیەی دێرەلوک، توانیویانە دەست بگرن بەسەر ناوەندی ناحیەکە و دەستیان بەسەر (١٢٠) ڕەبییەی سەربازییدا گرت، هەروەها کوژرانی نزیکەی (٥٠٠) سەرباز و جاش (٥٧٧)ی دیکە بەدیل گیران، لەم چالاکییەدا (١١) پێشمەرگەش کوژران[٤].

---

(١) عومەر عوسمان، ژیانی کوردێک، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣٠.

(٢) دیدار لەگەڵ عومەر عوسمان، پیرمام، ٢٠٢٢/٩/٢٦.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٥٩)، تموز١٩٨٧، ص٧.

(٤) نامەی ئەلیکترۆنی شوکری ساڵح نێروەیی، دهۆک، ٢٠٢٢/٩/٩.

## دووەم: چالاکی سیاسی لە ناوشارەکان

لــە ســـەرەتای دەســـتپێکردنەوەی خەباتـــی چەکداریـــی، هێـــزی پێشـــمەرگە بــە چاوســاغی ڕێکخســتنە نهێنییــەکان لــە شــارەکان، توانیــان دزە بکەنــە نێــو شــارەکان و چەندیــن چالاکیــی ئەنجــام بــدەن. ســەبارەت بــە ڕێکخســتنە نهێنییەکانــی (پ.د.ک) لــە شــارەکان، بــە پێــی پەیــڕەوی ناوخـۆی (پ.د.ک)، لـە سـەر بناغـەی شـانەیی و هێـڵ و خـەت دامـەزراوە. هەروەهــا ڕێکخســتنی شــانەیی زیاتــر لەســەر بنەمــای پیشــەیی، واتــە چیـن و توێژەکانـی کۆمـەڵ ڕێکخـراوە[1]، بـەڵام شـێوەی خـەت زنجیرەیـی زیاتــر نهێنیــی بــوو (٣) کــەس زیاتــر یەکتریــان نەدەناســی، لــە پێنــاو پاراســتن و ئاشــکرا نەبوونیــان، ئەمــەش زیاتــر بــۆ پاراســتنی خەباتــی نهێنیــی نێــو شــارەکان بــوو، دوای زیادبوونــی جەمــاوەر و پەیوەنــدی خەڵکــی بــە ڕیزەکانــی (پ.د.ک) ڕێکخســـتنەکان فــراوان بــوون[2]، بەلەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــی ناوچەکــە پێشــمەرگەکانی (پ.د.ک) لــە چوارچێـوەی ڕێکخـراوی هاوبـەش ڕێکخـران لـە (٤) لـق و (٢٨) لێژنـەی ناوچــە (١٣٩) ڕێکخــراو (٣) هێــز و (٥) پێنــج ڕێکخــراوی ســەر بــە ســەرکردایەتیی ڕێکخــران[3]. ڕێکخــراوەکان لێژنــەی ناوچــەکان ڕاســتەوخۆ ســەر بــە لــق و مەکتەبــی سیاســی بــوون، ســنووری چالاکییــان هەولێــر، دهــۆک، ســلێمانی و کەرکــووک بــوو[4]، ئەرکــی ڕێکخســـتنەکان لەنێــو

(١) ڕێکخستنی نهێنی لە شارەکان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٨٦، دوالاپەڕە.

(٢) دیدار لەگەڵ شێخەڵڵا برایم، هەولێر، ٢٠٢٢/٧/٦.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، ل١٢٢.

(٤) بە هۆی بوونی ململانێی ناوخۆیی لە سنووری پارێزگای سلێمانی و کەرکووک لقی

شارەکان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی ڕێکخستنەکانی حزب، هێنانی دەستەی چەکداری پێشمەرگە بۆ نێو شارەکان، هەروەها ناردنی پێشمەرگە بۆ شاخ کە لەلایەن ڕێکخستنەکانی نێو شار پشتگیری دەکران[١]، ئەرکی پێشمەرگەی ناوشارەکان بریتی بوو لە تۆڵەسەندنەوە لەو بەرپرسانەی حکومەت، کە دژی پێشمەرگەن و ئازاری خەڵکیان داوە[٢]، زۆربەی چالاکییەکانی ناوشار لە شەواندا ئەنجام دەدران و دوای ئەنجامدانی چالاکی لە شەودا پێشمەرگەکان شاریان جێ دەهێشت و دەگەڕانەوە ناوچە ئازادکراوەکان[٣]. بە هۆی سیاسەتی توندی حکومەت بەردەوامی خۆپیشاندانەکان دەرفەتی بە هێزەکانی پێشمەرگەدا دزەبکەنە ناوشارەکان زۆرجار تێکەڵی خۆپیشاندانەکان دەبوون. خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان لە هەشتاکاندا، بەتایبەتی بۆ یادکردنەوەی نەورۆز یادە نەتەوەییەکان و بارزانی، دژی ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن لە عێراق. دیارترین خۆپیشاندانەکانی ناوشار لە ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٤-١٩٨٧) لە سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، قەڵادزی، ڕواندز، شەقڵاوە، ئەمەش بەڵگەی چالاکی و بەهێزی ڕێکخستنەکانی پارتی بوو

(٣-٤) تێکەڵ کرابوون، بارەگای سەرەکییان لە هەورامان و مەریوان و سنوورەکانی شاخی مامەندە بوو، لە هەمان کاتدا چەندین خەتی نهێنی لە نێو شارەکان پەیوەندییان بە بارەگای لق هەبووە، لە (کۆتایی ١٩٨٦) هەر دوو لق جیاکرانەوە، حەمید ئەفەندی بوو بە بەرپرسی لقی (٤)، ئازاد قەرەداخی بوو بە بەرپرسی لقی (٣). جەمال مورتکە، چیا خۆی دەنوسێتەوە نوسینەوەی ڕۆژەسەختەکانی خەبات ١٩٨٦، ب٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢، ل، ل١٩-٢٥.

(١) دیدار لەگەڵ تاهیر عەلی محموود، پیرمام، ٢٠٢٢/٢/١٣.

(٢) ماهی، س.پ، ل٣٧.

(٣) سوارە محمد ئەمین ئاغا، داستانی تۆڵە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٣١.

لەسنووری لقەکانی (١-٢-٣-٤) هێزی بارزان کە توانیوایانە دزە بکەنە ناو شارەکان گورزی کوشندە لە ڕژێم بدەن[١].

قوتابییانی کورد لە بیرەوەری بارزانی لە شارۆچکەی (دیانا و زاخۆ) خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست، قوتابییەکان هاواریان دەکرد، دروشمی "پێشڕەوی کورد پارتییە، سەرۆکمان بارزانییە"، دەگوتەوە، قوتابییەکان بەردەوام دروشمە نەتەوەییەکانیان دەگوتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕژێم قوتابخانەکان دابخات و نزیکەی (١٦) هاووڵاتی دەستگیرکران، ئەوەی جێی سەرنجە ڕژێم بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی قوماشی سپی دا، ئەمەش بۆ ئەوەی خەڵکی دەستیان نەگات بەو قوماشانە و تا دروشم دژی ڕژێم نەنووسن[٢]. ئەم ڕێوشوێنە توندەی حکومەت نەبووە هۆی کپ کردنی خۆپیشاندانەکان لە زۆربەی شارو شارچکەکانی کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوام بوو، لە (١٩٨١/٦/٢٦) جەماوەر خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا و دروشمەکەیان بریتی بوو لە "بژی پارتی، بژی بارزانی، نەمان و سەرشۆڕی بۆ دوژمنی کوردو کوردستان، سەرکەوتن بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان" پاشان لەلایەن هێزەکانی ڕژێم بڵاوەیان بەخۆپیشاندان کرد، چەندین خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد. لەشاری هەولێریش خەڵکی دژی ڕژێم خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، دروشمەکانی دژ بە ڕژێمیان دەگوتەوە، ڕژێم هێزێکی زۆری ئەمنی ناردە ناو خۆپیشاندەران و ژمارەیەکی زۆریان لێ دەستگیر کرا[٣].

(١) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەمین پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢-١٢/ ١٩٨٩ل٣٦.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣)، ١٩٨١/٣/١٨، ل٥.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٢٠)، ١٤/ ٧/ ١٩٨١، ل١١.

جەنگی عێراق و ئێران دەرفەتی زیاتری بە هێزی پێشمەرگە دا، دزە بکەنە نێو شارەکان و چالاکی ئەنجام بدەن، بۆیە لە (١٤ی تشرینی یەکەمی١٩٨٠) دەستەیەک پێشمەرگەی سورێن (پ.د.ک) بە نارنجۆک هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی حزبی بەعس لە سەید سادق زیانێکی زۆریان لێ دا، بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک مانەوە، هەروەها بڵاوکراوەکانی پارتییان لە شەقامەکان هەڵواسی[1]. چالاکییەکانی ڕێکخستنە ناوخۆییەکان زۆر فراوان بوو، تەنانەت گەیشتووەتە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عیراق، بۆ نموونە لە (٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٨١) چاپەمەنییەکانی پارتی لەشارەکانی بەغدا و تکریت بڵاو کراوەتەوە[2]. لە شەوی (٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١) مەفرەزەیەکی پیشمەرگە سەر بەلیژنەی ناوچەی زاخۆ، توانی بچێتە ناو شاری زاخۆ، چاپەمەنییەکانی پارتی لە دامودەزگا حکومی و سەربازییەکانی بەعس بڵاو کردەوە، بۆ بەیانیەکەی ڕژێم باری نائاسایی ڕاگەیاند و کەوتە پشکنینی ناوچەکەو گەڕان بە دوای پێشمەرگە[3].

لە (نیسانی ١٩٨٢) خۆپیشاندان لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دەستی پێ کردبوو، بەهۆی بۆردومانی قەڵادزێ لەلایەن رژێمێ بەعس لە (٢٤ی نیسانی ١٩٧٤) کە بووە هۆی شەهیدبوونی (١٣٤) کەس لە پیرو ژن و منداڵ، برینداربوونی (٥١)

(١) العمليات التى نفذتها فصائل الانصار الوطنية البشمركة خلال تشرين الاول، جريدة اخباركردستان، العدد (٩)، كانون الاول ١٩٨٠، ص٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە(٣٨)، ٢٦/ تشرینی دووەم ١٩٨١، ل٩.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥١)، ٢٧/ ١/ ١٩٨٢، ل١.

کـەس[١]. لـە (٢٢ی نیسـانی ١٩٨٢)، لەیـادی بیـرەوەری شـەهیدانی قـەڵادزێ، کادیرانـی پارتـی لەمزگەوتـی خانەقـا بـە بڵندگـۆ لـە مزگەوتـی خانەقـا، دانیشـتوانی شـارییان ئـاگادار کـردەوە، لـە ڕۆژی (٢٤ی نیسـان١٩٧٤) نەچنـە سـەرکار و خوێنـدن، لـە هەمـان ڕۆژ ژمارەیەکـی زۆر لـە قوتابیـان و مامۆسـتایان و کرێـکاران بـە دروشـم و هۆتـاف دژی ڕژێـم بـەرەو گۆڕسـتانی بـەڕێ کەوتـن، حکومـەت زۆر بەتونـدی ڕووبـەڕووی خۆپیشـاندان بـووەوە (٢) هاونیشـتیمانی شـەهید کـرد و (١٢)ی دیکـەش برینـدار بـوون، (٢٧٥) هاووڵاتـی بـە بیانـووی جـۆراو جـۆر دەسـتگیر کـران، زۆربەیـان قوتابـی و مامۆسـتا بـوون، دوای ئـەو ڕووداوە بـۆ مـاوەی (٢) ڕۆژ دەوامـی فەرمـی لـە زۆربـەی فەرمانگەکانـی قـەڵادزێ ڕاگیـرا، لـە (/٢٦ نیسـانی ١٩٨٢) قائیـد فیرقـە سـەردانی قەڵادزێـی کـرد، خەڵکـی بـە زۆر کۆکردبـووەوە وتارێکـی دا، "کـە حکومـەت هەموشـتێکی بـە کـورد داوە چیتـان دەوێ" بـەڵام جەمـاوەرە سـوربوون لەسـەر بەردانـی گیـراوەکان و شـەهیدەکانیش بنێژرێـت، لـە ژێـر گوشـاری جەمـاوەر قائیـد فیرقـە بـەو داواکارییـە ڕازی بـوو[٢].

ترسـی حکومـەت لەخۆپیشـاندانی جەمـاوەر گەیشـتبووە ئـەو ڕادەیـەی ڕێگـەی نـەدا کەسـوکاری کوژراوانـی جەنگـی عێـراق ئێـران بەشـداربن لـە ناشـتنی تەرمەکانیـان، چونکـە ترسـی خۆپیشـاندانی لـە جەمـاوەر هەبـوو[٣].

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥٥).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧٨)، ٣/ ئایاری ١٩٧٨، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٥)، ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٢، ل٥.

لـە (٢٦ی تەمـووزی ١٩٨٢) هێزێکـی هاوبەشـی پارتـی و سۆشیالیسـت چوونـە نـاو شـاری سـلێمانی لـە گەڕەکـی سـەیوان دروشـمەکانی بـەرەی جـود و پۆسـتەری بارزانییـان بڵاوکـردەوە. پێشـمەرگەکان چوونـە مزگەوتـی سـەیوان لـە بڵندگـۆی مزگەوتـەوە وتارییـان دا و داوایـان لـە خەڵکـی کـرد دژی ڕژێـم ڕاپـەڕن[١].

لەیـادی ئـادار و نـەورۆز لەزۆربـەی شـار و شـارۆچکەکانی باشـووری کوردسـتان خۆپیشـاندانی فـراوان یادەکانـی نـەورۆز دەکرایـەوە، بـۆ نموونـە لـە (٢٠ی ئـاداری١٩٨٤) لـە کەرکـووک لەگەڕەکەکانـی شـۆریجە، بریـادی، ڕەحیـم ئـاوا، ئیـمام قاسـم و بەرتەکییـەی ئـازادی و گەڕەکـی ئیسـکان، یـادی نـەورۆز کراوەتـەوە. سرودی نـەورۆز دەگوتـرا، حکومەتیـش هێزێکـی زۆری ئەمنـی ڕەوانـەی شـوێنی ڕووداوەکـە کـرد. بـەڵام جەمـاوەر ئۆتۆمبێلـی هێـزە ئەمنییەکانیـان بەردبـاران کـرد و هوتافیـا دژی ڕژێـم دەگـوت، هیـزە ئەمنییـەکان ڕەشـبگیری کەوتنـە پەلاماردانـی جەمـاوەر منداڵێکیـان دەسـتگیر کـرد، دواتـر خۆپیشـاندەران هێرشـیان کـردە سـەر هێـزە ئەمنییـەکان و منداڵەکەیـان لـێ وەرگرتـەوە، هێـزە ئەمنییـەکان ناچاربـوون پاشـە کشـەبکەن[٢].

جێـگای سـەرنجە هێزەکانـی پێشـمەرگە لەچالاکییەکـدا، لـە (٢٨ی ئـاداری ١٩٨٤)، ئۆتۆمبێلێکـی حکومـی دەسـت بەسـەردادەگرن، ڕادیۆیـەك بـە ئۆتۆمبێلەکـەوە دەبەسـتن و بەرنامەکانـی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان-عێراق بـە عەرەبـی کـە لەسـەر کاسـییەتێک تۆمارکرابـوو،

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٩)، ٢ ئاب. ١٩٨٢، ل٢.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٢)، ئاداری ١٩٨٤، ل١و٤.

دەخەنەسەر ڕادیۆی ئۆتۆمبێلەکە، کاتێک ئۆتۆمبێلەکە دەگاتە (باب سنجار)، لەناو شاری مووسڵ ڕادیۆکە پێ دەکەن و خەڵکی لەدەوری کۆدەبنەوە، شوفێرەکە کاتێک گوێبیستی بەرنامەکانی دەبێت رادەکات، چونکە بەرنامەکانی ئێزگەکە باس لە سیاسەتی حکومەتی بەعس و پێشێلکارییەکانی حکومەت دەکرد، حکومەتیش گوێگرتنی لە ڕادیۆ قەدەغەکردبوو، دوای (٢٠)، خولەک هێزێکی ئەمنی گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە[1].

چالاکی سیاسی ڕێکخستنە ناوخۆییەکان لە شارەکان، تاڕادەیەك حکومەتی بەعسی هەراسانکردبوو، چونکە حکومەت بەردەوام ۆ کۆڵان و شەقامەکان مەفرەزی چەکداری گەڕۆکی دەنارد. هەر دروشم و چاپەمەنییەکی ببینرایە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕەش دەکرایەوە، چونکە ترسی لە کۆبوونەوەی جەماوەری خۆپیشاندان هەبوو، زۆربەی دروشمەکانیش هاندانی جەماوەربوو بۆ ڕاپەڕین دژی حکومەت.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٤)، ٢/ ٤/ ١٩٨٤، ل٣.

# بەشی چوارەم
# کاریگـەری جەنگـی عێـراق ئێـران لەسـەر باشـووری کوردسـتان

**تەوەرەی یەکەم: کاریگەری جەنگ**

**تەوەرەی دووەم: بەسەربازیکردن و ناردنی هاووڵاتیان بۆ جەنگی عێراق ئێران**

## تەوەرەی یەكەم: كاریگەری جەنگ لەسەر باشووری كوردستان

### باسی یەكەم: دۆخی ئابووری

دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ حكومەتی بەعس بۆ لاوازكردنی شۆڕش لە پاڵ بەكارهێنانی هێزی سەربازی و ڕاگواستن و تێكدانی گوندەكان، هەوڵەكانی بۆ لاوازكردنی ئابووری كوردستان چڕكردەوە، بۆئەم مەبەستەش ئابڵوقەیەكی ئابووری خستە سەر ناوچە ئازادكراوەكان، بەمەبەستی ڕێگریكردن لەگەیشتنی پێداویستی بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، یەكە سەربازییەكان لە سەر ڕێگا گشتییەكانی دەرەوەی شارەكان جێگیركران بۆ كۆنترۆڵكردنی دابەشكردنی كەلوپەلی سەرەكی، بە پێی ڕاپۆرتەكانی پارتی ڕتكخستنەكانی ناوخۆی پارتی ئازوقە لە ڕێگەی پسولەی خۆراكەوە دابەش دەكرا، بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزان، ئەمەش تەنیا بۆ خێزانەكان لە شارەكان یان گوندەكانی نزیك لەشارەكان دراوە، لە كاتێكدا ناوچە شاخاوییەكان بێبەش دەكران، تەنانەت كڕینی پێداویستییە سەرەتاییەكان قەدەغەكرابوو. ئەمەش وایكرد بە قاچاخچێتی كاڵا سەرەكییەكانی وەك ڕۆن، برنج، شەكر و چا بگەن[1].

بارودۆخی ئابووری عێراق، بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی جەنگی عێراق و ئێران بە ئاستەنگی و سەختییەكی گەورەوە تێپەڕی، لەگەڵ كاریگەرییە هەست پێكراوەكان لە سەرانسەری وڵاتدا، كە بووە هۆی وێرانكردنی ژێرخان و تێكدانی چالاكییە ئابوورییەكان. بودجەی گشتی

(١) كەم بوونەوەی خواردەمەنی لەشارەكان، خەبات، ژمارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی یەكەم و دووەم، ١٩٨٦، ل٤.

دەوڵـەت خرابـووە خزمـەت سـوپا، لایەنـە حزمەتگوزارییـە گشـتییەکان لـە وڵات فەرامـۆش کرابـوو، وێـڕای بەرزبوونـەوەی نرخـی شـتوومەك خواردەمەنـی دۆخـی هاووڵاتیـان لەوپـەڕی خراپـی دابـوو، ئـەو خۆراکانـەی پێداویسـتی ڕۆژانـە بـوون وەك (برنـج، شـەکر و چـا) لەبـازاڕ نرخیـان بـەرز بـۆوە، بـە دەگمـەن دەسـت دەکـەوت[1]، دۆخـی ئابووریـی خەڵـک بـە هـۆی جەنگـەوە تـا دەهـات خراپـتر دەبـوو، ئـەوەی دۆخەکـەی ئاڵۆزتـر کردبـوو، کەمبوونـەوەی دەسـتی کار بـوو بـە هـۆی ڕاپێـچ کـردنی گەنجـان بـۆ بـەرەکانی جەنـگ سـەرەتا دەسـەڵاتدارانی عێـراق پێیـان وابـوو: ئەم جەنگـە کورتخایـەن دەبێـت، جەنگەکـە لـە بەرژەوەنـدی عێـراق کۆتایـی دێـت، بـەڵام بـە هـۆی درێژەکێشـانی جەنـگ، خەرجـی حکومەت لـەڕووی سـەربازیی و مەدەنییـەوە زیـادی کـرد[2]. دەسـەڵاتدارانی بەعـس کرێکارانـی ناوخـۆی لەپـڕۆژەکان دەرکردبـوو، بەهـۆی ڕاپێـچ کردنیـان بۆبەرەکانـی جەنـگ، ئەمـەش ببـووە هـۆی وەسـتانی زۆربـەی پـڕۆژەکان[3].

ڕۆژبـەڕۆژ بارودۆخـی ئابـووری عێـراق رووی لەخراپـی بـوو، بەشـێکی هۆکارەکـەی بـۆ ئـەو گرێبەسـتە بازرگانییانـە دەگەڕێتـەوە لـە بەرژەوەنـدی کەسـوکاری سـەددم حوسـێن بـوون، بـۆ نموونـە (دحـام) بـرای سـەددام دوای وەرگرتنـی گرێبەسـتی کڕینـی ئۆتۆمبێـل بـۆ ئیش و کاری قۆنتـەرات، بـەڵام دواتـر ئـەم گرێبەسـتەی بـە (٢٥٠) ملیـۆن دینـاری سـویسری فرۆشـتەوە، ئەمـەش نارەزاییەکـی زۆری لەشـەقامی عێراقـی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٥)، ٢٣ی نیسان/١٩٨١، ل٤.

(٢) هیوا تاڵەبانی، سیاسەتی ئابووری عێراق، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ساڵی دووەم، ژمارە (٣)، تشرینی دووەمی ١٩٩٣، ل٢١.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٥٣)، شباط١٩٧٨، ص٢.

بەدوای خۆیدا هێنا[١]. بەپێی ئامارێک زیانی ڕۆژانەی عێراق لەم جەنگەدا نزیکەی (٢٥) ملیۆن دۆلار بوو. سەرەڕای ئەوەی حکومەت ئەو داهاتەی دەستی دەکەوت لە خزمەت جەنگ و سوپاکەی بەکاری دەبرد، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر خراپبوونی ڕەوشی هاووڵاتییانی عێراق[٢]. وێرای بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی بە تایبەت ڕۆن، شەکر و چا، ئەرکی هاووڵاتییانی قورس کردبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی کردبووە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، چونکە بەشێکی زۆری پێداویستی و خواردەمەنی لە لایەن هاووڵاتییانەوە دابین دەکرا[٣].

ئابووری عێراق وابەستەی نەوت بوو، دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق کەوتبووە ژێر کاریگەری نەرێنییەکانی جەنگ، لە ئەنجامی بۆمبارانەدا زیاد لە ٨٠٪ دامودەزگاکانی پیشەسازیی نەوت تێکدران، ئەوەش ئابووریی دەوڵەتی لاواز کردبوو، نرخی کەلوپەل و خواردەمەنی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان لە بەرزبوونەدا بوو[٤]. کەمبوونەوەی کەلوپەل بەرزبوونەوەی نرخ لەبازاڕدا ڕوو لە هەڵکشان بوو، لە توانای حکومەتدا نەبوو چاودێری بازار بکات نرخەکان دیاری بکات، ئەمەش هەلێک بوو بۆ بازرگانە چاوچنۆکەکان بەرپرسە گەندەڵەکان بە ئارەزووی خۆیان یاری بەنرخەکان بکەن، کەلوپەلەکان بشارنە بەنرخێکی گران بیفرۆشنەوە

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٢)، ١٣/ ١٠/ ١٩٨٢، ل٤.

(٢) ئێزگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە، سەدام تکریتی عێراقی کاول کرد، ١٩٨٠/٩/٢٨.

(٣) کەم بوونەوەی خواردەمەنی لەنێو شارەکاندا، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٥٦٧-٥٦٨)، تشرینی دووەمی ١٩٨٦، ل٤؛ ئێزگەی دەنگی کوردستان، ڕژێمی بەعس دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەی کوردە، ١٩٨٠/١٠/٢.

(٤) ئێزگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە، سەدام تکریتی عێراقی کاول کرد، ١٩٨٠/٩/٢٨.

لـە بـازاڕ دا، بۆیـە ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـە (٢٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٥)، بریـاری دا ٢٠٪ ئـەو کەلوپـەل و شـتوومەکانەی کـە تۆمـار دەکرێـن بداتـە ئـەو کەسـانەی ڕژێـم دیـاری کـردوون، واتـە کەسـانی سـەر بەرژێـم، ئـەم بڕیـارە ئاژاوەیەکـی زۆری لـە بـازاڕدا دروسـت کـرد[١]. پـارەی دەوڵەتیـش خرایـە خزمەتـی سـەربازی و کڕینـی کەرەسـتەی جەنگـی، وێـڕای قەرزێکـی کەڵەکەبـووی سـەر عێـراق، ڕۆژ بـەڕۆژ دۆخەکـە بـەرەو خراپـی دەچـوو. زیادبوونـی بێـکاری و بەرزبوونـەوەی نرخـی کەلوپـەل بـۆ نموونـە، نرخـی یـەک کیسـە برنـج گەیشـتە (٢٥) دینـار، شـەکر بـە (٣٥) دینـار، تەنەکەیـەک ڕۆنـی (٥) کیلۆگرامـی (٥) دینـار یـەک کیلـۆ چـا بـە (٥) دینـار، کیسـەیەک ئاردیـش بـە (١٢) دینـار. جگـە لـە بەرزبوونـەوەی نرخـی پێداویسـتییەکانی دیکـەی ڕۆژانـەی هاووڵاتیـان[٢]. هەروەهـا دامەزراوەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی وەسـتابوو. بارودۆخـی کۆمەڵایەتـی بـە تایبـەت چینـی کرێـکار زۆر خـراپ بـوو، ڕۆژانـەی لـە (١٠) دینـارەوە کەمکرابـووەوە بـۆ (٤) دینـار، جگـە لـەوەش گرانبوونـی کەلوپـەل و خواردەمەنـی و ڕاگرتنـی دەرماڵـەی منـداڵ کـە بـڕە پارەیـەك بـوو دەدرایـە منداڵـی مووچەخـۆر[٣]. بەهـۆی ئـەو ڕێوشـوێنە توندەی حکومەتـی بەعـس دژی فەرمانبـەران گرتبوویەبـەر، لەوانـە کاتژمێرێـک کاری زیاتـری بەسـەر فەرمانبەرانـدا سـەپاندبوو، کەمکردنـەوەی موچەکانیـان و ناردنیـان بـۆ بەرەکانـی جەنـگ، ببـووە هـۆی وازهێنانـی نزیکـەی ٣٠٪ مووچەخـۆران لـە کارەکانیـان، بەشـێکیان بـۆ ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٨)، کۆتایی شوباتی ١٩٨٥، ل١١- دوالاپەرە.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٥٦).
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٤)، ٢٤/ ١/ ١٩٨٢، ل٤.

هەڵدەهاتـن[١]. لەلایەكـی دیكـە عێـراق كرێـكاری بیانـی و دەسـتی كاری زۆری هێنابـووە نـاو عێـراق، لەجیاتـی ئـەو فەرمانبەرانـەی دانرابـوون كـە ڕەوانـەی بەرەكانـی جەنـگ كـراون، هەروەهـا پارەیەكـی زۆریـان پـێ دراوە (١٠) بەرانبـەرە لـە مووچـەی فەرمانبەرانـی عێـراق[٢].

جێـگای باسـە زیانەكانـی ماددی و ئابـووری عێراق، بەپێـی خەمڵاندنەكان عێـراق بـەر لـە جەنـگ یەدەگـی (٣٧) ملیـار دۆلاری هەبـووە، بـەڵام بەهۆی جەنـگ ئـەو یەدەگـە خاڵـی بـوو، دواتـر عێـراق بـۆ پڕكردنـی ئـەو بۆشاییە داراییـە پەنـای بـۆ قـەرز بـرد[٣]. بـۆ قەرەبووكردنـەوەی كورتهێنانـی بودجـە و درێـژەدان بـە جەنـگ، حكومەتـی بەعـس قەرزێكی زۆری لـە وڵاتانـی كەنداو و ڕۆژئاوا كردبوو، قەرزە كەڵەكەبووەكانی گەیشـتبووە نزیكەی (٨٠) ملیار دۆلار[٤]. وڵاتانـی كەنـداو بـە هەمـوو شـێوەیەک یارمەتـی عێراقیـان دەدا، نزیكـەی (٣٢) ملیـار دۆلاریـان بـە قەرزدابـووە عێـراق، ئەمـەش بارگرانییەكـەی بـۆ سـەرهاووڵاتیان بـوو، چونكـە ئـەم قەرزانـە خرابوونـە خزمەتـی جەنـگ و سـوپاوە، بـە هیـچ شـێوەیەك بـۆ خزمەتگـوزاری گشـتی و هاووڵاتیـان خـەرج نەدەكـرا، بەڵكـو دانـەوەی قەرزەكـەش لەسـەر شـانی هاووڵاتیـان بـوو، بـە زیادكرنـی بـاج و كەمكردنـەوەی موچـەو بڕینـی دەرماڵـەكان[٥]. قەرزەكانـی عێـراق هـۆكار بـوون بـۆ پەككەوتنـی بودجـەی عێـراق، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ كورتهێنانـی بودجـە گەیشـتووەتە (٤.٤) ملیـار دۆلار، لـە ١٩٨٣

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٧٤)، ١٦/نیسان/ ١٩٨٢، ل٣

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٥٥)، ١٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٥.

(٣) اخبار كردستان، العدد (١٣٨)، كانون الاول، ص٣.

(٤) بەیاننامەی لێژنەی بەرزی بەرەی نیشتیمانی دیموكراتی عێراق، تشرینی یەكەمی ١٩٨٤.

(٥) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٥٥)، ١٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٣.

بەرز بووەتەوە بۆ (٣٢) ملیار، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٨٥ زیادی کرد بۆ (٤٠) ملیار، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دۆخەدا ئەو دەوڵەتانەی چەکیان بە عێراق دابوو، بڕیاریان دابوو چیتر چەک بە عێراق نەفرۆشن، وەک ئەرجەنتین و ئیسپانیا[1]. بەمەبەستی دابینکردنی چەک، تاریق عەزیز جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران سەردانی فەرەنسای کردووە، داوای کردووە فەڕەنسا چەک بە عێراق بفرۆشێت، بەڵام عێراق پارەی نەختینەیی نەبوو، ئەمەش دەچووە چوارچێوەی قەرز باجەکەی دەبوو هاووڵاتی عێراقی بیدات، چونکە عێراق قەرزی پێشتری فەرەنسای نەدابووەوە لە ساڵی ١٩٨١ نزیکەی (٢) ملیۆن دۆلاری چەکی لە فەڕەنسا کڕیووە، جگە لەوەی چەندین گرێبەستی نهێنی ئاشکرابووە، فەرەنسا داوای ملیاران دۆلار لە عێراق دەکرد. تاریق عەزیز داوای لەفەرەنسا کردبوو، کە خەزێنەی عێراق بەتاڵە، داوای دواخستنی قەرزەکانی لە فەڕەنسا کرد، سەرەڕای ئەو دۆخەش فەڕەنسا پاڵپشتییەکانی بۆ حکومەتی عێراق بەردەوام بوو[2]. عێراق بەهۆی خراپی پەیوەندی لەگەڵ سوریا کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری هەبووە، زیاتر لە (٨٠٠) باری پڕکاڵا لەسەر سنووری سوریا و توکیا ڕاگیرابوون، چونکە سوریا ڕێگەی خەتی ئاسنینی لەگەڵ بەغدا گرتبوو، ڕێگەی بە هەناردەکردنی کاڵا نەدەدا بۆ عێراق، بەپێی ئامارێک تەنیا زیانی ترانزێتی تورکیا (٤) ملیۆن دۆلارە، سەددام حوسین لە ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند: هاووڵاتییان تەبەڕوع بکەن و باروبو بۆ جەنگ کۆبکەنەوە، "خەزێنەی عێراق لە وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو لە ویژدانی گەلە" لەکاتێکدا سەددام حوسێن

(١) باری ئابووری عێراق لە داتەپین دایە، ڕۆژنامەی ڕێبازی نوێ، ژمارە (٧)، تەمووز ١٩٨٥، ل٥.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٠)، ٣١ کانوونی دووەم ١٩٨٣، ل١-٢.

ئومێدی بەرپرس و ئەندامانی حزبی بەعس نەمابوو، بۆیە ناچار پەنای بۆ هاووڵاتییان بردبوو[١]. بەهۆی خراپی دۆخی ئابوورییەوە، بازرگان و دەوڵەمەندەكانی عێراق پارەكانیان لە بانكەكانی عێراق دەگواستەوە بۆ بانكەكانی دەرەوەی عێراق، زۆربەی لێپرسراوانی ڕژێم خێزانەكانیان بۆ دەرەوەی عێراق دەنارد[٢].

ئەو قەرزانەی بەریتانیا داوییەتی بە ڕژێمی بەعس، لە نێوان ساڵی (١٩٨٣-١٩٨٤)، گەیشتبووە نزیكەی (٥٥٠) ملیۆن پاوەنی ئستەرلینی[٣]، عێراق توانای دانەوەی ئەو قەرزانەی نەبوو، بەڕادەیەك متمانەی لەدەرەوە لەدەست بوو، كە وڵاتان چیتر قەرزی نەدەن بە عێراق، چونكە توانای دانەوەی قەرزەكەی نییە، وێرای ئەو قەرزە زۆرەش بارگرانییەكی زۆری خستبووە سەر هاووڵاتییان، وەرگرتنی پارە و زێر بەزۆرەملێ لە ژێر ناوی جۆراو جۆر، تەنانەت ڕۆژانەی قوتابی دوو دینار بوایە حكومەت دینارێكی لێ وەردەگرت. هەروەها دەبوو هەر ماڵێك دوو مسقال زێر بە حكومەت بدات[٤]. حكومەت لە ڕاگەیاندنەكانەوە وای نیشاندابوو كە هاووڵاتییان بە ئازادانە بێ هیچ فشارێك پشتگیری دەوڵەت دەكەن، بەزێڕ و پارە هاوكاری دەكەن، ئەمەش بۆ خۆڵكردنە چاوی خەڵكی بوو، تا خەڵكێكی زۆر بە تەنگ داواكارییانەوە بێن، باروبوی زیاتر بۆ پشتیوانی جەنگی دژ بە ئێران

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٧٦)، ٢٢/ نیسان/ ١٩٨٢، ل٤.
(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٦٨)، ٢٨/ ٣/ ١٩٨٢، ل٣.
(٣) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٢٧)، ٣١/ ١٢، ١٩٨٤، ل٢.
(٤) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٠٤)، ١٥/ حوزەیران ١٩٨٣، ل٤.

کۆبکەنــەوە[١]. ئەمــەش بــە مەبەســتی قەرەبووکردنــەوەی زیانەکانــی جەنــگ بــوو لــە ژێــر نــاوی وەرگرتنــی خۆویســتانە بەخشــین (باربــوو) بــۆ نموونــە لــە پارێــزگای ســلێمانی دوکاندارەکانــی ناچــار کردبــوو، پــارە بەنــاوی بەخشــین بــدەن، کــە لــە هــەر دوکاندارێــک (١٠٠) دینــار وەرگیــراوە[٢]. لــە پارێــزگای هەولێــر حکومەتــی بەعــس نزیکــەی (٢٠) مەڵبەنــدی بەخشــینی کردبــووەوە، بــە مەبەســتی باربــوو کۆکردنــەوە بــۆ جەنــگ[٣]. دابەزینــی نرخــی نــەوت لــە ١٩٨٦، بەردەوامیــی جەنــگ کاری کــردە ســەر ئابووریــی عێــراق و هەناردەکــردنی نــەوت، بۆیــە حکومــەتی عێــراق بــۆ دابینکــردنی خەرجییــەکانی شــەڕ کەوتــە کۆکردنــەوەی پــارە و زێــڕ بــە زۆرەملــێ[٤].

بەهــۆی جەنگــەوە ٤٢٪ کشــتوکاڵی عێــراق وێــران بــوو، حکومــەت ناچاربــوو بەرهەمــی کشــتوکاڵ لــەدەرەوە هــاوردە بــکات، کــە تێچــووی هــاوردەی بەرهەمــی کشــتوکاڵ ڕۆژانــە (٣٥) ملیــۆن دینــاری عێراقــی بــوو[٥]، عێــراق بەهــۆی ســود وەرنەگرتنــی زەوییەکــەی بــۆ کاری کشــتوکاڵی ببــووە دەوڵەتێکــی بەکاربــەر بازاڕێکــی بــاش بــوو بــۆ ســاغ کردنیــی بەروبوومــی دەوڵەتــان، ســەرەرای بەپیتــی زەوییەکــەی بــۆ کاری دانەوێڵــە، بەهــۆی شــەڕو وێرانکارییــەکان ببــوە گۆڕەپانــی جەنــگ. بــۆ نموونــە وەزارەتی بازرگانــی ئەمریــکا ڕایگەیانــد، ڕژێمــی فاشیســتی عێــراق بووەتــە یەکێــک لــە

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٥)، ٤ تەموز١٩٨٣، ل٣.

(٢) دەنگوباسی کوردستان ژ (١١٢)، کۆتایی شوباتی ١٩٨٤، ل٥.

(٣) پشتگیرکردن لە جەنگی سەربەرزی و شکۆمەندی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥٤٦)، (٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٠)، ل٢.

(٤) ڕۆژنامەی دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٦)، ٣١ی تەموزی ١٩٨٣، ل١-٢.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٣)، ١/ایلول ١٩٨٢، ل٧.

دیارترین هاوردەکارانی گەنم و دانەوێڵە لە ئەمریکاوە وەزارەتەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕایگەیاندووە، لە ساڵی ڕابردووی ١٩٨٦ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕێکی زۆری گەنم و دانەوێڵەیان هاوردە کردووە گەورەترین هاوردەکاران عێراق بووە[١].

بەهۆی خراپبوونی دۆخی ئابووری حکومەت پەنای بردبووە بەر فرۆشتنی وەقفی ئاینی، هەروەها داوای لەخەڵکی دەکرد بەشداربن لە (تطوع)، هەروەها لەگەڵ دابەشکردنی ئازوقە و خواردەمەنی مانگانەدا حکومەت بەزۆر واژووی لە خەڵکی وەردەگرت، بۆ بەشداریکردن لە جەنگی دژ بە ئێران، هەرچەندە خەڵکی ئامادە نەبوون بێنە ژێرباری ئەو داواکارییەی بەعس، بەڵام حکومەت سوربوو لەسەر بڕیارەکانی خەڵکی بەزۆر بە تایبەت گەنجان رەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکران[٢]، ئەمەش ببووە کەمبوونەوەی دەستی کار، کەمبوونەوەی خۆراک و دانەوێڵە لە بازاڕەکان و بەرزبوونەوەی نرخ، ئەوبەشە کەمەی کە هەبوو لەلایەن بەرپرس و دارو دەستەکانی ڕژێم دەستی بەسەردا گیرابوو، بۆ بەرژەوەندی خۆیان یارییان بە نرخ دەکرد، ئەو بارگرانییەش تەنیا لەسەر هاووڵاتیان بوو[٣]،

بێکاری لە عێراق لە پەرەسەندن دا بوو، بەتایبەت دوای فرۆشتنی بەشێکی زۆر لە کارخانە و کەرتی گشتی، ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران لە ئیشوکاری خۆیان دەرکرابوون[٤]، حکومەت بەردەوام بوو لە فرۆشتنی

(١) اخبار كردستان، العدد (١٥٥)، نيسان ١٩٨٧، ص ٢.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦٣)، ١٦/ ٣/ ١٩٨٢، ل٤.

(٣) اخبار كردستان، العدد (٩١)، ١٥/ اب/ ١٩٨٢، ص ٧.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٧)، ٢٩ی تشرینی دووەم١٩٨٢، ل٢.

کەلوپەلـی دەوڵـەت، بەتایبـەت لەشـارەکانی کوردسـتان، ئەوانـەی دەفـرۆشران بریتـی بـوون لـە خانـووی دەوڵـەت، ئۆتۆمبێـل، وەقفـی ئاینی. بـۆ نموونـە لـە شـێخان حکومـەت لـە بڵندگـۆی مزگەوتەکانـەوە داوای لـە هاووڵاتیـان دەکـرد لـە پێـش فەرمانگـەی شـارەوانی ئامادەبـن بـۆ فرۆشـتنی خانـووی دەوڵـەت[١]، هەروەهـا خاوەنـی کارگەکانـی پەلـەوەر لـە شـارەکانی هەولێـر و کەرکـووک و سـلێمانی ئـاگادار کردبـووەوە کـە کارگەکانیـان دابخـەن، بـەڵام خـاوەن کارگـەکان ڕازی نەبـوون بـە داخسـتنی کارگەکانیـان، حکومـەت بـە هێزێکـی سـەربازییەوە دەسـتی کـرد بـە تێکدانـی کارگەکانـی پەلـەوەر، ئەمـەش گەمـارۆی ئابـووری و زەلیلکردنـی خەڵکـی کوردسـتان بـوو[٢]. حکومەتـی بەعـس گەمارۆیەکـی ئابـوری تونـدی خسـتبوور سـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە لـە بازگـەکان ڕێگـەی نـەدەدا کەلوپـەل و پێداویسـتی بـۆ گوندەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە دەربازبێـت، بەپێچەوانەشـەوە لەگوندەکانـەوە ڕێگربـوو جوتیـاران بەروبومـی کشـتوکاڵی خۆیـان لـە شـار و شـارۆچکەکان سـاغ بکەنـەوە، ئامانجـی ڕژێـم لـە هەنـگاوەی برسـی کردنی خەڵـک بـوو[٣]. لـە لایەکـی دیکـەوە حکومـەت ڕێگـەی نـەدەدا ئـەو زەوییـە کشـتوکاڵیانە بکێڵدرێـن، کـە نزیکـن لـە ڕێـگا گشـتییەکان، زۆرجـار بەفڕۆکـە بوردومانـی ئامێـری کشـتوکاڵی جوتیـاران کـراوە، ئەمـەش بـۆ ئەوەبـووە کوردسـتان بخاتـە قەیرانیکـی ئابوورییـەوە. هەمیشـە چـاوی لەدەسـتی ڕژێـم

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٨)، ٢٨ کانوونی یەکەم ١٩٨٢، ل٧.
(٢) اخبارکردستان، العدد (١٥٥)، نیسان١٩٨٧، ص٣.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٤)، ئاب ١٩٨٥، ل٥.

بێـت[١]. لـە (٢٥ی حوزەیرانـی ١٩٨٤)، لیژنـەی ئەمنـی لـە شـاری دهـۆك نووسراوێـك بـە ژمـارە (١١٦)، لـە (٢٥/ ٦/ ١٩٨٤) ئاراسـتەی گشـت قـەزا و ناحییەكانـی پارێزگاكـە كـردووە، بەپێـی نووسراوەكـە جێگـری سـەرۆكی ئەنجومەنـی سـەركردایەتی شـۆڕش، لـە دیدارەكـەی ئـەم دواییـەی لەگـەڵ ڕاوێژكارانـی فەوجـی خەفیفـە، بـە بروسـكەی لیژنـەی كاروبـاری ژوورەوو ژمـارە (١٦-١٠٤)، لـە (١٩٨٤/٥/٢١)، لێكۆڵینـەوە لـە بڕینـی ئازوقـە كرا، لەو كۆبوونەوەیـە ڕۆژی (٧ی حوزەیرانـی ١٩٨٤)، لـە لایـەن لیژنـەی ئەمنییەوە، سـەبارەت بـەو ناوچانـەی كـە دەسـەڵاتی دام و دەزگا ئیدارییەكانـی دەوڵـەت نایانگاتـێ، بڕیـار درا بـە بڕینـی ئازوقـە لـەو گوندانـەی لـە ڕووی ئیدارییـەوە قەدەغەكـراون، پەسـندبكرێت. ئەمـەش بیانـوو بـوو مەبەسـتی گەمـارۆی ئابـووری سەركوردسـتان بـوو[٢]. حكومـەت دەسـتی كردبـووە بیناقاقـای جەمـاوەری كوردسـتان، تەنانـەت دەسـتی بـۆ قوتـی هاووڵاتییـان دەبـرد، لـە (٢ی كانوونـی دووەمـی ١٩٨٤)، حكومەتـی بەعـس بەپێـی بڕیارێكـی فەرمـی كاركردنـی لـە كاسـپكارانی نـاو شـاری سـلێمانی قەدەغەكـرد، بەتایبـەت ئەوانـە عارەبانەیـان هەبـوو لـە ئەسحابەسـپی و مزگەوتـی گـەورە، لـە بەرەبەیانـی (٣ی كانوونـی دووەمـی ١٩٨٤)، ڕژێـم هەمـان كـردەوەی دووبـارە كـردەوە، عارەبانەكانـی كوكـردووە هەموویانـی بەشـوفڵ تێـك شـكاند. ئەمـەش بـووە هـۆی تووڕەیـی كاسـبكاران بەسـەدان كاسـبكار كۆبوونـەوە، داوای پـێ بژاردنـی زیانەكانیـان دەكـرد. بـەڵام پیاوانـی ڕژێـم ئـەو داوایەیـان ڕەت كـردەوە و گاڵتەیـان بـە خەڵكـی دەكـرد، بـەڵام جەمـاوەر هیچـی دیكـە خۆیـان پـێ نەگیـرا هێرشـییان بـردە

(١) اخباركردستان، العدد (١٣٩)، كانون الثاني١٩٨٦، ص٣.

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١١٩)، ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٤، ل٣.

سـەر ئـەو شـوێنەی عارەبانەکانـی تێـدا کۆکراوەتـەوە، وەک ناڕەزایەتییـەک ئاگرییـان تـێ بـەردا. بۆیـە هێزەکانـی پۆلیـس و قوەخاصـە کەوتنـە گیانـی خۆپیشـاندەران و لێیانـدن، نەیانتوانـی دۆخەکـە کۆنترۆڵبکەن خۆپیشـاندان فراونتربـوو[١]. بەمەبەسـتی گەمـارۆی ئابـووری بۆسـەر ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە لەسـاڵی ١٩٨٦ حکومەتـی بەعـس بڕیـاری قەدەغەکردنـی فرۆشـتنی کشـتوکاڵ و بەرهەمـی مـەڕ و مـاڵات لـە ناوچـە ئازادکـراوەکان[٢].

ڕژێـم لـە ڕێگـەی جۆراوجـۆرەوە هەوڵـی لەناوبردنـی بەهـا کۆمەڵایەتییەکانـی دەداو، هەروەهـا تێکدانـی شـیرازەی خێـزان. لـە زۆربەی شـارە کوردییـەکان بـە کردنـەوەی شـوێنی بەدڕەوشـتی هێنانـی ئافرەتـی بیانـی ویسـتی خراپـەو بەدڕەوشـتی لەنـاو گەنجانـی کـورد بڵاودەکـردەوە، تـا سـەرقاڵیان بـکات بـەکاری خـراپ و بـێ ئاگابـن لەسیاسـەتی حکومـەت. وەک ئـەو هەوڵـەی حکومـەت بـۆ کردنـەوەی شـوێنێکی لەوجـۆرە لـە شـەقڵاوە، بـەڵام لەلایـەن خەڵکـی شـەقڵاوە شوێنەکەیان سـوتاند، ڕێگرییـان لـەم پیلانـەی حکومـەت کـرد[٣]، جێـگای باسـە بەهـۆی جەنگی عێـراق ئێران، ژمـارەی کـوژرا و برینـداران زیـادی کردبـوو، نەخۆشـخانەکان پڕکرابـوون لەبریندارانـی جەنـگ، هاووڵاتیـان لـە نەخۆشـخانەکان دەردەکران شـوێننیان بەبریندارانـی جەنـگ پـڕ دەکرایـەوە[٤].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١١)، کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل١و٨

(٢) دەستکەوتی ڕژێم لو حصاری اقتصادی چی بوو، خەبات، ژمارە (٥٥٨-٥٥٩)، کانوونی دووەم ١٩٨٦- ل٨و١٢

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان ژماتە (٦٨)، ٢٨/ ٣/ ١٩٨٢، ل٢.

لـە (کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٧) یاسـایەکی نوێـی داهـات و هاتوچـۆ دەرچـوو، بــاج بەرزکرایــەوە بــۆ چارەســەرکردنی کورتهێنانــی دارایــی لــە چەنــد دامەزراوەیەکـدا. هـاوکات حکومـەت ناسـاندنی کەرتـی تایبەتـی ڕاگەیانـد، ئەمـەش قەیرانـی ئابـووری زیاتـر قووڵـتر کـردەوە. لـە (کانوونـی دووەمـی ١٩٨٨) لـە ڕادیـۆی بەغـدا بڕیارێکـی حکومەتـی ڕاگەیانـد وەرگرتنـی دیـاری لەلایـەن فەوجەکانـی خەفیـف و سـەرکردەکانی جـاش و ئەندامانـی هێـزە چەکـدارەکان و دەزگا ئەمنییـەکان قەدەغـە کـرد[١]. بەهـۆی قەیرانــی ئابوورییــەوە گەندەڵــی لەنــاو ســوپا و ئەفســەرەکان پــەرەی ســەندبوو، ئەویــش دەرکردنــی بڕیــاری لێبــوردن بــۆ ڕاکردوانــی شــەڕ بــە ناشــەرعی لەوانـە بـۆ مامەڵـەی لێبـوردن (٥-١٠) دینـار وەرگیـراوە، بـۆ مامەڵـەی خێرای لێبـوردن (٥٠-١٥٠) دینـار وەرگیـراوە، پشـتگیری (٥-١٠) دیناربـوو تەنانـەت وەرگرتنـی مۆڵـەت لەسـەربازگە (٢٥) دیناربـوو بـۆ مـاوەی مانگێـک[٢]،

جەنگــی عێــراق ئێــران کاریگــەری نەرێنــی لەســەر عێــراق هەبــوو، ئەمــەش زیاتــر لــە لایەنــی ئابووریــدا تــۆخ بووەتــەوە بارگرانــی ئــەم جەنگــە بــۆ هاووڵاتییــان بــوو، حکومەتــی بەعــس بودجەکــەی خســتبووە حزمەتــی جەنگــەوە، ئەمــەش ڕەنگــداوەی خراپـی لـە کەرتەکانـی دیکـە لـێ کەوتبـووەوە. زیانـی گیانـی (٣٠٠) هـەزار کـەس مـردن نیـو ملیـۆن کـەس برینـدار و پەککەوتەبـوون، زیانـی ئابووریــش (١٦٣) ملیــار دۆلار خەملێنــدراوە[٣].

(١) دیاری و بەرتیل، خەبات، ژمارە (٥٧٦)، شوبات ١٩٨٨، ل٢.

(٢) ئارەزوو حەسەن، س.پ، ل١٣٣.

(٣) ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی، پەسندکراوی کۆنگرەی دەیەمین پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢-١٢/ ١٩٨٩ل٢٣.

## باسی دووەم: کاریگەری جاشەکان

لە سەرەتای سەرهەڵدانی خەباتی چەکداریی و دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٧٧ مەفرەزەی جاش دامەزران، سەر بە هەواڵگریی گشتیی سەربازیی هەولێر و کەرکووک بوون، پڕ چەک کرابوون و مووچەیەکی باشیان پێ دەدرا. سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیاریی هەواڵگریی بوون بۆ حکومەتی بەعس لە مەڕ جووڵە و شوێنی پێشمەرگە[١]، حکومەتی بەعس بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە و ئازاردانی خەڵکی کوردستان سێ هێزی لە شوێن کەوتوان و دڵسۆزانی خۆی دروست کردبوو.

**جاشی ئاسایی:** لە ژێر فەرماندەی هێزەکانی فریاکەوتن (قوات الطواري) بوو.

**هێزی لەناکاو:** چالاکی کاروباری هەواڵگریی دژە تیرۆریان لە شارەکان ڕادەپەڕاند. مەفرەزە خاصە: هێزی تایبەت لە هەر ناوچەیەک چەند مەفرەزەیەک لەو هێزانە دروست کرابوو، بۆ گەڕان بە دوای پێشمەرگە و شەڕی ناوخۆ بەکار دەهێنران[٢].

لە جەنگی عێراق - ئێران دوای لاوازبوونی عێراق لە بەرەکانی جەنگ و ڕاکردنی سەربازانی کورد بە کۆمەڵ پەیوەندییان بۆناو ڕیزەکانی شۆڕش، بۆ ڕێگری لە پەیوەندی خەڵکی بە خەباتی

---

(١) نەجم سەنگاوی، باشوری کوردستان ڕووداو دەستکەوتەکان لە١٩٠٠ ز تا٢٠١٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤٤٧.

(٢) شەوکەت حاجی مشیر، کارەسات و کیمیا بارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٢٧.

چەکداریی کورد، حکومەت فەوجی سووک جاش (افواج خفیفة) بۆ بەشێك لە سەرۆك هۆزەکان دامەزراند، مەبەستی حکومەت لە دامەزراندنی ئەم فەوجانە زیندووکردنەوەی پەیوەندی خێڵەکی بوو، حکومەت ویستی لەو ڕێگەیەوە هەندێک هۆزی کورد بکاتە دوژمنی شۆڕشی کورد، هەروەها نانەوەی دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی کورد و لاوازکردنیان[١]، ئەویش لە ڕێگەی گرنگی دان بەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی هۆزەکانن بۆ ئەوەی ببنە ڕکابەری سەرۆك خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی، دەتوانین بڵێین حکومەتی عێراق بە هەردوو شێوازەکەی هەوڵی داوە کۆمەڵگای کوردی لێك هەڵوەشێنێ و بیانکات بەگژ یەکدا. بەشێک لەسەرۆک هۆزەکان بەدەم داواکەی ڕژێم چوون چەکیان بۆ هەڵگرت، بەشێکی دیکە دژایەتیان کرد، ئەمەش پیلانی ڕژێم بۆ تێکدانی پەیوەندی نێوان هۆزەکان[٢]، زۆرجار سەرۆک جاشەکان دەسەڵاتیان پێ دەدرا، خەڵکی ناونووس بکەن، بۆیە هەرکەسێک ئامادە نەبێت چەک بۆ حکومەت هەڵبگرێت، بەهەڕەشەو بەلێدان شوێن بزر دەکرا[٣].

ئەم فەوجانە بۆ ناشیرن کردنی پێشمەرگە لە پێش چاوی خەڵک بوو کە بەناوی پێشمەرگە کاری نا مرۆڤانەیان ئەنجام داوە[٤]، بە جلوبەرگی کوردییەوە لە گوندەکان جەولەیان دەکرد، زۆرجار بۆکاری جاسوسی و

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی.... ل٣٥٩-٣٦١.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٧)، ٢٩ی تشرینی دووەم١٩٨٢، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤/ ئایاری ١٩٨٤، ل٦.

(٤) ئێزگەی دەنگی کوردستان، لێکۆڵینەوە: پیلانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری ڕیسوا بکەین، ١٩٨٠/٦/١٦.

ئاشـكراكردنی شـوێنی پێشـمەرگە خۆیان بە پێشمەرگە دەناسـاند؛ تا بیروڕای خەڵكـی گوندەكـە تاقـی بكەنـەوە، هەوڵیـان داوە لەنـاو ڕیـزی پێشـمەرگە، لـە خـزم و كەسـوكاریان تـۆڕی جاسووسـی دروسـت بكـەن و لـەو ڕێگەیەوە زانیـاری ورد و پێویسـت لە سـەر پێشـمەرگە و ژمارە و جـۆری چەكەكانیان و بەدەسـتت بهێنن[١]. ئەمەش كارئاسـانی بوو بۆ سـوپای عێراق، لەبەر ئەوەی فەوجـە سـووكەكان لـە زۆرینەی شـەڕەكان بەشـداربوون لە هەڵكوتانە سـەر پێشـمەرگە و بۆسـە دانـان لەسـەر ڕێـگای پێشـمەرگە و پەلامـاری لەنـاكاوی هێـزی بچووكـی پێشـمەرگە، هەروەهـا كۆكردنـەوەی زانیـاری لەسـەر پێشـمەرگە و جـۆری چـەك و ژمارەیـان و شـوێنی مانەوەیـان[٢].

حكومەتـی بەعـس لـە (٣٠ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨١) زیاتـر لـە (٢٠٠٠) جاشـی لـە شـارەكانی هەولێـر، سـلێمانی، كەركـو ك و دهـۆك ڕەوانـەی بەرەكانـی جەنگـی عێـراق و ئێـران كـردووە، بـەڵام لـە (٢٥ی كانوونـی یەكەمـی ١٩٨١) هەموویـان گەڕانـەوە ڕژێـم زۆربەیانـی نـارد بـۆ زینـدان، بەشـێكی دیكـەی لـە سـێدارەدا كـە ژمارەیـان (١٠٠) كـەس بـوون، لەلایەكـی دیكـەوە ڕژێـم داوای لـە مامۆسـتایانی ئاینـی شـاری هەولێـر كـردووە لـە كاتـی بانگدانـدا بڵێـن (نـصروا قادصیـة صـدام) بـەڵام مامۆسـتایانی ئاینـی ئـەم داوایەیـان ڕەكردووەتـەوە، هەروەهـا ڕژێـم بەشـێكی زۆری لـە سـەرۆك هـۆزی هەولێـر و جاشـەكانی بانگێهێشـتی بەغـدا كـردووە، بەمەبەسـتی پاڵپشـتی و بەشـداریكردنیان لـە جەنـگ دژ بـە نەیارانـی[٣].

(١) ماهی، له تاكتیكەكانی بەعس بۆبە گژداچونەوەی شۆڕشی كوردستان، گۆڤاری كۆمەڵە، خولی سێیەم بەشی یەكەم، ژ(٤) نیسانی (١٩٨٥)، ل٣٣.

(٢) هـ.س، ل٣٥.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٥٧).

لەگەڵ پەرەسەندن و بەهێزبوونی شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر لەجاش ریزی جاشەیەتی جێدێڵن و دێنە ریزی شۆڕش، دوای بانگەوازی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە جاشەکان چەکی جاشایەتییان فڕێ دا و وازییان لەخزمەتکردنی ڕژێم هێناوە، زۆرجار ئەوانەی وازییان لەجاشایەتی دەهێنا، لە لایەن سەرۆک جاشەکان هەڕەشەیان لێ دەکرا، بۆیە بەشێکی زۆرییان پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکرد[١].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤/ ئایار/ ١٩٨٤، ل٥

## باسی سێیەم: ڕۆشنبیری و هزری نەتەوەیی

دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥، بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی بەعس و ڕەتکردنەوەی مەرجە سەپێنراوەکان و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای نەتەوەیی و کولتووری. هەروەک چۆن چیاکانی کوردستان ببوونە گۆڕەپانی شەڕ بۆ شۆڕش، هەروەها ببوون بە ناوەندێک بۆ بەرخۆدانی کولتووری و هۆشیاری نەتەوەیی. شاخەکانی کوردستان سەکۆیەک بوون گەلی کورد لە هەردوو بواری سیاسی و کولتووریدا ناسنامەی خۆی تێدا زیندوو دەکردەوە. تایبەتمەندی ناوازەی کولتوری شاخ، ئازادی بوو لە سانسۆری فیکری و سیاسەتی سەرکوتگەرانە. بڵاوکراوەی دەنگوباسی کوردستان، ئامرازێکی گرنگ بووە بۆ هۆشیارکردنەوە بەتایبەت لە ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨)، بە هۆی ئەو دۆخە سەختەی کە باشووری کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، پێویستی زیاتر بە هۆشیارکردنەوە و لە ڕووی هزری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری. سەردەمی شۆڕش و خەباتی چەکداری و ناسەقامگیری سیاسیدا، بەرپرسیارێتی سەرەکی سەرکردایەتی شۆڕش چاندنی هۆشیاری سیاسی بوو لە نێو جەماوەردا. ئەمەش بریتی بوو لە پەروەردەکردنیان لەسەر بنەماکانی خەبات و سروشتی شەڕ و ستراتیژییەکانی حکومەت. هەڵوەشاندنەوەی هۆکارەکانی نائومێدی و بێهیوایی، جێگرتنەوەی بە هیوا و ئیرادەی نوێ لە ناو دڵ و مێشکی گەلی کورددا، زۆر گرنگ بوو. زیندووکردنەوەی ڕۆحی شۆڕش و چاندنی خۆشەویستییەکی قووڵ بۆ دۆزی ئامانجی سەرەکی بوون.

لە باشووری کوردستاندا خودی چەمکی پێشمەرگە لە

هۆشـیاری سیاسـیدا ڕەگوڕیشـەی داکوتـاوە. هیـچ بزووتنەوەیەکـی چەکـداری ناتوانێـت سـەرکەوتنی بـەردەوام بەدەسـتبهێنێت بەبـێ هۆشـیاری سیاسـی. هۆشـیاری سیاسـی بڕبـڕەی پشـتی بەرخۆدانـی میللـەت پێکدەهێنێـت.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنییـەوە بایەخـی بـە هـزری نەتەوەیـی داوە، بـاوەڕی وابـووە کـورد لـە هـەرە نەتـەوە چەوسـاوەکانە و مافەکانـی زەوت کـراوە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە کادیـر و ئەندامانـی پـەروەردە کـردووە، لەسـەرەتای سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لەسـەر بنەمـای دیموکراسـی بـۆ عێـراق حوکمیزاتـی ڕاسـتەقینە بـۆ کوردسـتان کاری کـردووە[١]، دەتوانیـن بڵێیـن بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان، ئامرازێکـی دیکـەی ڕاگەیانـدن بـووە، ڕۆڵـی گرنگـی بینیـوە لـە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر، وێـرای ئـەو دۆخـە خراپـەی باشـووری کوردسـتان، بـۆ بەرەزکردنـەوەی لایەنـی مەعنـەوی خەڵکـی کوردسـتان بڵاوکـراوەی دەنگوباسـی کوردسـتان گۆشـەیەکی تایبەتـی تەرخانکردبـوو، بـە نـاوی ئـەو کەسـانەی پەیوەندییـان بـە بـە ڕیـزی شـۆڕش کـردووە[٢]، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ پتەوکردنـی گیانـی بەرخۆدانـی سیاسـی لەنـاو ڕیزەکانیـدا، چۆنییەتـی مامەڵەکردنـی پێشـمەرگە و کادیـران لـە شـۆڕش، بەرپرسـیارییەتییان چییـەو چـۆن جێبەجێـی دەکـەن. کـە دەتوانـن بـە شـێوەیەکی کاریگـەر ئاڵۆزییەکانـی شـۆڕش بەڕێوەببـەن. بـە سـەرنجدان

(١) ڕۆژنامەی خەبات، (٥٣٩)، ئاداری ١٩٨٠، ل٣.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٦)، ١/٤/ ١٩٨٢، ل١١.

بـەوەی كـە ئـەم كادر و ئەندامانـە ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ جەمـاوەر و هـەم لەگــەڵ پێشــمەرگەدا كارلێــك دەكــەن، زۆر گرنگــە بــە جەختكردنــەوە لەســـەر دەســـتپاكی و لێهاتوویـــی و ڕەفتـــاری بـــاش هەڵبژێردرێـــن و پــەروەردە بكرێــن و ڕاهێنانیــان پێبكرێــت.

لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٨٠ یاســای لەشــكری شۆڕشــگێڕی كوردســتان، وەک بەشـێک لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی حـزب دەرچـوو، كـە بـۆ ڕێنماییكردنـی پێشــمەرگە لــە تێگەیشــتن لــە ئــەرک و بەرپرســیارێتییەكانی لــە شۆڕشــدا داڕێژرابــوو. هەروەهــا یاســاكە جەختــی لەســەر گرنگــی ســەركردایەتی بەكۆمــەڵ كراوەتــەوە. لــە چوارچێــوەی هــەر بنكــە و ڕێكخراوێكــی پارتیــدا، ڕێبــەران ڕاســپێردران كــە لــە كاتــی كۆبوونەوەكانــدا ئامــۆژگاری و پێشــنیار و بۆچوونــی كەســانی دیكــە لەبەرچاوبگیرێــت[1]. لــە پــاڵ هۆشـیاركردنەوەی لایەنـی هـزری نەتەوەیـی هەوڵـدراوە خولـی ڕاهێنـان و فێركـردن بـۆ كادیـر و لایەنگرانـی پارتـی بكرێتـەوە. لـە و چوارچێوەیـەدا بایەخێكـی زۆر بەبـواری ڕۆشـنبیری و هۆشـیاری دراوە، چەندیـن خولـی ڕۆشــنبیری و ئــەدەب و شــیعر كراوەتــەوە، لــە پــاڵ خەباتــی چەكــداری بــواری هوشــیاری و نیشــتیمانی گرنگــە، ســەرەڕای هەوڵەكانــی حكومەتــی بەعــس بــۆ ســەركوتكردنی كولتــوری كــوردی، شــاخەكانی كوردســتان وەک ناوەندێــک بــۆ بوژانــەوەی كولتــووری ســەریانهەڵدا. لــە دیارتریــن چالاكییەكانــی لقەكانــی پارتــی نــاو بەنــاو خولــی رۆشــنبیری بــۆ كادیــر و ئەندامەكانیــان دەكــردەوە، لــە (٢٨ی كانوونــی دووەمــی ١٩٨٣) لقــی

(١) پارتی دیموكراتی كوردستان، یاسای لەشكری شۆڕشگێڕانی كوردستان، چاپخانەی خەبات، ١٩٨٠.

دووی پارتی خولێکی ڕۆشنبیری لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کردەوە، (١٩) کادیری پارتی بەشداربوون، ئەو خولە تا (٥ی نیسانی ١٩٨٣) ی خایاندووە، هەروەها ئاهەنگی دەرچوونی خول لە بارەگای لق ئەنجام دراوە(١). کردنەوەی ئەو خولانە، وەک قوتابخانەی سیاسی و ڕۆشنبیری خزمەتیان دەکرد. ئەم خولانە کۆمەڵێک بابەتی بەرفراوانیان دەگرتەوە و لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە دەوترانەوە. لەگەڵ تەواوبوونی، بەشداربووان لە مەراسیمێکی فەرمیدا بڕوانامەیان وەردەگرت. لە چالاکییەکی دیکەدا کە لە (٤ی نیسانی ١٩٨٦)، بە ڕێوەچوو و تێیدا (٤٥) کادیر بەشداربوون، ئەو پڕۆگرامانەی دەخوێندران بریتی بوو لەبابەتی مێژووی پارتی، لەکۆنگرەی یەک تا کۆنگرەی نۆ، خوێندنی پەیڕەوپڕۆگرامی ناوخۆی پارتی و مێژووی ئازادیخوازی کوردی وانەی پارتیزانی ئابووری و زاراوەی سیاسی چەکناسی، وانەی تەندروستی ماوەی خولەکەش چوار مانگ بوو(٢).

حکومەتی بەعس لە هەر کوڕ و کۆبونەوەیەکدا کە بۆنی نەتەواییەتی و سیاسی لێ بهاتایە ڕێگەی لێ دەگرت، ویستی بوو خەلکی دواکەوتووبن و دووربن لە هەموو بابەتێکی هۆشیاری. سەرەڕای ئەو چاودێرە توندەی حکومەت، ڕێکخستنە ناوخۆییەکان لە بڵاوکردنەوەی ناملکەو نوسینی شەقامەکان بابەتی هۆشیاری نیشتیمانی بەردەوام بوون، تەنانەت چەندین ناملکە و کتێب لە شاخ چاپکراوەوە بڵاوکراوەتەوە، وەك چاپی دووەمی کتێبی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە ٥٨).

(٢) دەرچوونی هەشتەمین خولی کادیران، خەبات، ژمارە (٥٦٢-٥٦٣)، نیسان و ئایار ١٩٨٦، ل١٠.

شـەڕەفنامە لـە لایـەن هـەژار موكریانـی كـراوە بەكـوردی، لـەم چاپـەدا وەرگێـر (٣٥) لاپـەڕەی بـۆ زیـاد كـردووە، ئەویـش سـێ بەشـە بەشـیكیان بەنـاوی " بەسـەرچڵی ژیاننامـەی هـەژاری وەرگێـڕ" بەشـێكی تـری بەنـاوی "لەشـوێن چوونێـك" باسـی بارودۆخـی كوردسـتانی هاوچـەرخ دەكات، لەگـەڵ شـیعرێكی هـەژار بەبۆنـەی كۆچكردنـی بارزانـی[١].

جێـگای ئاماژەیـە حكومەتـی بەعـس بـۆ بڵاوكردنـەوەی فیكـری بەعـس چەندیـن نامیلكـە و كتێبـی بڵاوكردووەتـەوە، كـە تایبـەت بـوو بـە فیكـر و پرۆگرامـی حزبـی بەعـس، بـۆ نموونـە حكومـەت كتێبێكـی بـە نـاوی (قادسـییەی سـەددام) بڵاوكـردەوە، دانـەی بـە (١٠) دینـار بـە زۆر دەفرۆشـتەوە هاووڵاتییـان، ئـەوەی كتێبەكـەی نەكـڕی بـا لێكۆڵینـەوەی لەگـەڵ دەكـرا[٢].

لەگـەڵ بوونـی ئـەو دۆخـە سیاسـیە دژوارەی عێـراق، كـە ڕێگـەی بـۆ بـواری نووسـین و لێكۆڵینـەوە سـەخت كردبـوو، بـەڵام نەبـووە ڕێگـر لەبـەردەم ڕۆژنامـە و ڕێكخـراوە بیانییـەكان، كـە سـەردانی عێـراق بكـەن و ئـەو دۆخـە سیاسـیە تۆماربكـەن و چەندیـن كتێـب و نامیلكـە لـەو بـارەوە بنووسـن، لیژنـەی فەڕەنسـی دژی تیـرۆر نامیلكەیەكـی دەربـارەی تیـرۆر و ڕەوشـی سیاسـی عێـراق دەركـردووە، ئـەم لیژنەیـە لـە كۆتایـی (حوزەیرانـی ١٩٧٨) سـەردانی عێراقیـان كـردووە، لـەو نامیلكەیـە كورتەیـەك لەبـارەی جوگرافیـای سیاسـی عێـراق و كردەوەكانـی ڕژێمـی بەعـس و تیـرۆرو تۆقانـدن و بـە عەرەبكـردن لەكوردسـتان پـەرەی

(١) بۆ زانیاریی زایاتر، بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٥٩).

(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٦٩)، ٣٩/ ٣٠/ ١٩٨٢، ل٢.

سـەندووە، هەورەهـا باسـێکی تـری دەربـارەی خەباتـی گەلـی کـورد دژی حکومەتـی عێـراق، هەروەهـا بەلاغێکـی ڕۆژنامەگـەری بڵاوکردووەتـەوە بـە واژۆی (١٢) هـەزار هاونیشـتیمانی فەڕەنسـی کـە ناڕەزایـی خۆیـان دژی تیـرۆر و ئەشـکەنجە لـە عێـراق دەربڕیـوە[١].

لـە شۆڕشـی گوڵانـدا، بەشـی ڕاگەیاندنـی پارتـی لـە مـەڕ گرنگـی دان بەبـواری ڕۆشـنبیری ئەدەبـی چەندیـن بڵاوکـراوەی بەرچـاوی بڵاوکـردەوە. هـەروەك لــە نووسراوێکـی بەشـی ڕاگەیاندنـی پارتیـدا هاتـووە: "لـە مـاوەی مانگێکـدا (١٦)، ناميلکـە و کتێـب و چاپەمەنـی بڵاوکراوەتـەوە، بێجگـە لـە بەیاننامـەی حزبـی و پۆسـتەری شـەهیدان فۆڕمـی تەندروسـتی[٢]، ناميلکەکانیـش بـە زمانـی عەرەبـی و کـوردی چـاپ دەکـران، بریتـی بـوون لـە: (بارانـی مـەرگ، پـڕۆژەی سـاڵنامە، چـەوا کـورد دیـرۆکا خۆڤەگێـڕن، شۆڕشـێن بـێ دەنگێـن، کراسـة طبـی حـول انقـاذ الجرحـی، کراسـة ألغـام وکمائن..هتـد) [٣] لـە سـاڵی ١٩٨٥ بـە گشـتی (٦٧١) چالاکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و هۆشـیارکردنەوە لـە سەرانسـەری شـار و شـارۆچکە و گوندەکانـی کوردسـتان ئەنجامـدراون[٤]. هەروەهـا چەندیـن کتێـب سـەبارەت بەبزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی چاپکـراون، مەسـعود بارزانـی لـە کۆتایـی مانگـی یەکـی سـاڵی ١٩٨٦دا کتێبێکـی نووسـیوە بەناونیشـانی بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد کـە تیایـدا بـاس لـە بارزانـی نەمـر و ڕۆڵـی بـەرزی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: ( پاشکۆی ژمارە ٦٠).

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦١).

(٣) دیدار لەگەڵ تۆفیق سەلیم ئاکرەیی، ٢٠٢٤/٨/١٦، ئاکرێ.

(٤) خەبات، ژمارە (٥٥٦-٥٥٧)، ئادار و نیسان ١٩٨٥، ل٤

لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــدا کــراوە، بــە ڕۆشــنایی خســتنە ســەر ئــەو پرســانەی بەشــداریی تێــدا کــردووە، ئــەم کتێبــە چوارچێوەیەکــی هەمەلایەنــەی ئــەو قەیرانــە ناوچەیــی و نێودەوڵەتییانــەی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی گرتــووە، ئــەم کتێبــە لــە چەنــد بەشــێک پێکهاتــووە. هــەر بەشــێک بــاس لــە قۆناغێکــی مێژوویــی جیــاواز دەکات لــە مــاوەی ســەدەی بیســتەمدا[١].

لــە (٤ی پووشــپەڕی ســاڵی ١٩٨٦) لــە بــارەگای مەکتەبــی سیاســی پارتــی بــە دەرچوونــی خولــی هەشــتەمی پەیمانــگای ئامادەکردنــی کادیرانــی پارتــی، ســکرتێری حــزب و بەشــێک لــە ئەندامانــی مەکتەبــی سیاســی و کۆمیتــەی ناوەنــدی و کادیــران و هاووڵاتیــان و خوێندکارانــی دەرچــو و گروپێکــی گــەورە بــە وەســتان بــۆ مــاوەی یــەک خولــەک بــۆ ڕێزگرتــن لــە یــادی شــەهید: کوردســتان مەراســیمەکەیان کــردەوە. پاشــان لــە دانیشــتنەکەدا سروودی نەتەوەیــی ئــەی ڕەقیــب، پێشــکەش کــرا. دوای ئــەوە ســکرتێری حــزب، عەلــی عەبدوڵــڵا، وتارێکــی پێشــکەش کــرد، ئامانجــی ئــەم خولانــە بەرەوپێشــبردنی ئاســتی کادیرانــی حــزب و بەرزکردنــەوەی ئاســتی هۆشــیاری نەتەوەیــی بــوو[٢]، هەروەهــا ئەنجامدانــی چالاکــی وەرزشــی و ڕۆشــنبیری و کۆمەڵایەتــی، بــۆ قوتابیــان و لاوان جگــە لەوانــەی گرنــگ دان بــە هۆشــیاری جەمــاوەر لــە خەباتــی چەکــداری، دژی حکومەتــی بەعــس، گرنگتریــن ئــەو چالاکییانــە لــە بــوارە جیاوازەکانــدا لــە مــاوەی ســاڵی (١٩٨٢ تاوەکــو ١٩٨٦) ئەنجــام

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٢).
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٣).

دروان بریتیـن لـە :- ڕێکخسـتن و ئەنجامدانـی (٩) فێسـتیڤاڵی ڕۆشـنبیری، کـە بەشـێکیان فێسـتیڤاڵی شـیعرن، یەکێکیـان تایبـەت بـوو بـە شـاعیری کۆچکـردوو جاغـێ ڕەخڤیــن. - (٥٤) ئاهەنــگ بــۆ ڕووداوە نەتەوەیــی و مێژووییــەکان بەڕێوەچــوو، لــەو ماوەیــەدا وتــار و شــیعر و سرووود پێشــکەش کـران، هەروەهــا ڕووداو و شـانۆنامە و شـتی دیکـە پێشـکەش کــران. هەروەهــا بەردەوامیــدان بــە یارییــە وەرزشــییەکان بەتایبــەت لــە بۆنــە تایبەتەکانــدا، هاندانــی وەرزش بەپێــی توانــا بەردەســتەکان پێکهێنانــی تیپــی مۆسـیقا و گۆرانــی بــە هاوبەشــی لەگــەڵ یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان. تیپــی مۆســیقای ئەرشــیف پێکهێنانــی تیپــی مۆسـیقا و گۆرانــی نــەورۆزی ڕێکخســت. دابینکردنــی (٤) کاسـێت بــۆ چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، سـیمیناری جەمـاوەری لـە گوندەکانـی ناوچـە ئازادکــراوەکان ئەنجامــدراون، لەنێویانــدا نزیکــەی (٥٠) ســیمیناری لــە بــارەگای یەکێتــی لاوان و قوتابیــان[1].

---

(١) اخبارکردستان، العدد ( ١٤٨)، ایلول١٩٨٦، الصحفة الأخيرة.

## باسی چوارەم: خوێندن و پەروەردە

لــە ســاڵی ١٩٧٥ (تاوەکــو ١٩٩١) حکومەتــی بەعــس ئابڵوقەیەکــی توونــدی لــە بوارەکانــی کولتــووری ڕۆشــنبیری و پــەروەردە لــە باشــووری کوردســتان ســەپاندبوو، ئــەم گەمارۆیــە ئامانجــی قۆرخکردنــی کەرتــی پــەروەردە بــوو، دڵنیابــوون لــەوەی کــە خزمــەت بــە بەرژەوەندییەکانــی حزبــی بەعــس دەکات. حکومــەت لــە ڕێگــەی مەنهەجێکــی بەعســییەوە قوتابییەکانــی پــەروەردە دەکــرد، حکومــەت مامۆســتایانی ســەربە حزبــی بەعــس هەڵدەبــژارد و ڕاهێنانــی پێدەکــرد و بــە شــێوەیەکی سیســتماتیک کولتــووری کــوردی کــردە ئامانــج. ڕژێــم جگــە لــە هەڵوەشــاندنەوەی دامــودەزگا کوردییەکانــی وەک وەزارەتــی کاروبــاری باکــور، بەڕێوبەرایەتــی گشــتی پــەروەردەی کــوردی، بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی ڕۆشــنبیری کــوردی، ناوەنــدی ڕاگەیاندنــی کــورد، کــۆت و بەندێکــی بەرچــاوی بەســەر خوێندنــی کوردیــدا ســەپاند. ئەمــەش بریتــی بــوو لــە دەســتکاریکردنی پرۆگرامــی خوێنــدن و کەمکردنــەوەی بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی و تەنانــەت لابردنــی مێــژووی کــورد و کوردســتان لــە کتێبــی خوێندنــدا[١]. قوتابیــان کەوتبوونــە ژێــر ڕەحمەتــی حزبــی بەعســەوە، چونکــە مەنهەجــی خوێنــدن خرایــە خزمەتــی ئایدلۆژیــای حزبــی بەعــس، هەورەهــا خوێندنــی ئەدەبیاتــی حزبــی بەعــس بــەزۆر بەســەر قوتابیانــدا دەســەپێنرا، ئەویــش بەمەبەســتی پەروەردەکردنی نەوەیــەک کــە خزمــەت بەبیروباوەڕەکانــی حزبــی بەعســی عەفلەقــی بــکات. لــە ناوچەکانــی کوردســتان خوێنــدن جارێــک بەکــوردی جارێــک بەزمانــی عەرەبــی بــوو. قوتابییانــی کــورد بێبــەش کرابــوون

(١) ئارەزوو حەسەن، س. پ، ل١٣٥.

لـە چـوون بـۆ هەندێـك كۆلێـژ، وەک هەندەسـەی نـەوت، کۆمپیوتـەر، سـەربازی و هێـزی ئاسـمانی، زۆربـەی بـوارە گرنگـەکان. تەنانـەت ئەگـەر قوتابییەکـە بەعسـیش بوایـە یـان لـە یەکەمـەکان بوایـە مـادام کـورد بـوو وەرنەدەگیـرا. هەروەهـا دەزگای ناوەنـدی وەرگرتـن بـێ لەبەرچاوگرتنـی توانـاو ئارەزووەکانـی قوتابیـان، ئـەو پسـپۆڕییەی هەڵـی دەبژێـرن، دابەشـکردنیان بەپێـی سیاسـەتی تیـۆری ناحەقـی ڕژێـم بـوو، ڕژێـم بـەو سیاسـەتەی دەیویسـت ئاسـتی زانسـتی قوتابیـان دابگرێـت. بـۆ نموونـە قوتابییەکـی کـورد نمـری گشـتی (٧٩) لەبیـرکاری (١٠٠) هەبوایـە کەچـی لـە کۆلێـژی ئـاداب بەشـی عەرەبـی وەردەگیـرا، لـە هاوینانیـش ڕەوانـەی بنکەکانـی مەشـق دەکـران[١]. سـەرباری مەشـقی هاوینـەی سـەربازی، حکومـەت لـە هەنگاوێکـی دیکەیـدا بەمەبەسـتی ناردنـی قوتابییـان بـۆ بەرەکانـی شـەڕ هـەر قوتابییـەک نمرەکانـی لـە (٧٢) نمـرە کەمتربێـت لـە کۆلێـژ و پەیمانـگاکان وەرناگیرێـت[٢].

دوای گواسـتنەوەی زانکـۆی سـلێمانی لـە (ناوەڕاسـتی ١٩٨١) بـۆ هەولێـر، نـاوی زانکۆکـە گـۆڕا بـۆ زانکـۆی سـەڵاحەددین، حکومەتـی بەعـس ژمارەیـەک لـە مامۆسـتا و قوتابـی گواسـتەوە بـۆ زانکۆکانـی باشـوور وەك بەغـدا و بەسـڕە[٣]. ئامانجـی حکومـەت لـەم هەنگاوانـەی بـێ بـەش کردنـی باشـووری کوردسـتان لـە خوێنـدن، مانـەوەی بـە دواکەوتوویـی تاوەکـو کۆمەڵگایەکـی هۆشـیار و کـراوە دروسـت نەبێـت، ئەمـەش بـۆ بـرەودان بـوو بـە سیاسـەتی بەعـس و توانـەوەی کلتـور و زمانـی کـوردی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٥)، ٣٠/ ٤/ ١٩٨٤، ل١٧.
(٢) خەبات، ژمارە (٥٥٤-٥٥٥)، کانونی دووەم و شوبات ١٩٨٥، ل٤.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە ( ٩٦)، ٣٠تشرینی یەکەم/ ١٩٨٢، ل٢.

لـە بۆتـەی عەرەبیـدا[١]. دوابـەدوای ئـەم هەنـگاوە، مامۆسـتایانی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان بـە زۆر رەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ دەکـران. ئەمـەش بـووە هـۆی کەمیـی بەرچـاوی مامۆسـتایان و داخسـتنی بەشـێکی زۆر لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان، لەنێویانـدا (٢٠) قوتابخانـە لـە (کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٢) لـە قـەزای کویـە (کویسـنجەق) کـە بـە تـەواوی داخـران[٢].

ئـەم هەنـگاوە بـووە هـۆی ناڕەزایـی مامۆسـتایان سـەبارەت بـە دابەزینـی ئاسـتی خوێنـدن و فێرکـردن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە مامۆسـتایان بەڕێوبـەری پـەروەردەی سـلێمانییان ڕاسـپارد، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو پرسـە، بـە ئاگادارکردنەوەیـان لـە دابەزینـی ڕێـژەی سـەرکەوتن و گرفتـی کەمـی مامۆسـتا، بەرامبـەر ڕێـژەی قوتابـی. لەوانـە لیسـتی نـاوی مامۆسـتا و ژمـارەی قوتابییـان نـاوی قوتابخانـەکان خراوەتـەڕوو:

- قوتابخانەی چوارتای تێکەڵاو (٥٥١) تەنیا (٦) مامۆستای هەبووە.
- قوتابخانەی چوارقوڕنە بنەڕەتی بۆ کوڕان(٤٧٨) قوتابی هەبووە.
- قوتابخانەی تارا تێکەڵاو (٢٢٠) قوتابی
- قوتابخانەی کاروخی تێکەڵاو (٢٥٢) قوتابی
- قوتابخانـەی سـانکۆی تێکـەڵاو (٣٢٧)قوتابـی، تەنیـا بەڕێوەبەرێـک و مامۆسـتایەک هەبـوون[٣]. هەروەهـا کاربەدەسـتانی حزبـی بەعـس

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٧)، ٢٩ی تشرینی دووەم١٩٨٢، ل٣.
(٢) مدارس الابتدائية في ظل قادسية الهزيمة، تێکۆشانی قوتابیان، العدد (٤)، اواخر کانون الاول ١٩٨٢، ص١.
(٣) ئارەزوو حەسەن، س.پ، ل١٣٨

داوایان لە مامۆستا و قوتابیان دەکرد، ببنە ئەندامی حزبی بەعس، هەرکەسێک ئەم داوایە رەت بکردایەوە تووشی دوورخستنەوە یان فەسڵکردن دەبوو. هەروەها دەرچوانی ناوەندی ئەگەر نەبوونایە ئەندامی حزب، ئەوا لە ئامادەیی وەرنەدەگیران، هەورەها قوتابییانی کۆلیژیش بەزۆر فۆرمی بوون بە ئەندامی حزبی بەعسییان پێ پڕ دەکرایەوە[1]. لەو فۆرمەدا زانیارییەکان پەیوەست بەقوتابی داوا دەکرا، وەک نیشتەجێبوون، لەشار و لادێ ژمارەی خانوو، مێژووی لەدایک بوون کەسانی نزیک لە قوتابی کەسوکاری قوتابی لە ڕیزی پێشمەرگە و ڕاکردووەکانی شەڕ، ئەمەش بۆ ئەوەبوو زانیارییان دەربارەی هێزەکانی پێشمەرگە دەست دەکەوێت[2].

جێگای ئاماژەیە حکومەت لە ماوەی جەنگی عێراق ئێراندا بەردەوام گوشارییان کردووەتە سەر قوتابیان و مامۆستایان بۆ بەشداریکردنیان لە جەنگ، دوای ڕاهێنانی سەربازیی و پەیوەندی بە سوپا و جەیش شەعبی بکەن، هەروەك لە نووسراوێکی وەزارەتی پەروەردەی عێراق- لیژنەی کۆکردنەوەی هەمیشەیی نهێنی ژمارە (٣٢٣٧) لە (١٩٨٦/٢٢/٥)، هاوپێچی نووسراوی وەزارەتی بەرگری، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە، ژمارە (٤٦٣)، لە (١٩٨٦ /٥/١٨)، سەبارەت بە ڕاهێنانی سەربازی مامۆستایان لە ماوەی پشووی سێ مانگی هاوینە بە پێی بڕیارەکە دەبێت هەموو مامۆستایانی رەگەزی نێر لە بنکەکانی مەشق ئامادەبن[3]. لە (١٠ی نیسانی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٢)، کۆتایی شوباتی ١٩٨٤، ل٤.

(٢) نموذج اخر من تصريفات الفاشين، خەبات، العدد (٥٦٠-٥٦١) شباط اذار ١٩٨٦، ص١١.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٤).

١٩٨٤)، سـەرۆکایەتی زانکـۆی سـەڵاحەددین، داوای لـە قوتابیانـی کـردووە، بچنـە ڕیـزی جەیـش شـەعبی، دەسـت بکـەن بـە مەشـق و ڕاهێنـان، ئەوەشـییان بـە قوتابییـان گوتـووە: "ئەگـەر بڕیارەکـە ڕەت بکەنـەوە لـە زانکـۆ دەردەکرێـن". بـەڵام لـە ڕۆژی دیاریکـراودا یـەک قوتابیـش ئامـادە نەبـوون، بۆیـە بەڕێوەبەرایەتـی زانکـۆ بڕیـاری دەرکردنـی (٢٠٠) قوتابیـدا. بۆیـە قوتابییـان بڕیـاری مانگرتنییـان دا. نزیکـەی (٢٠٠)، قوتابـی بـوون. هەروەهـا مامۆسـتایانی کۆلێـژی زمـان و کۆلێـژی زانسـت، پشـتیوانی خۆیـان بـۆ قوتابییـە مانگرتـووەکان دەربـڕی. قوتابییـەکان داوای دواخسـتنی تاقیکردنەوەکانیـان دەکـرد، ئـەو وانانـەی لەدەسـت چـوون قەرەبـوو بکرێنـەوە. بـەڵام سـەرۆکایەتی زانکـۆ داواکاری قوتابیانـی ڕەت کـردەوە. بۆیـە قوتابییـە مانگرتـووەکان ئامـادە نەبـوون بچنـەوە زانکـۆ هەتـا داواکارییەکانیـان جـێ بەجـێ نەکرێـت[1]. بـۆ پشـتیوانی لـە داخوازییەکانـی قوتابییانـی زانکـۆی سـەڵاحەددین، قوتابیانـی زانکـۆی مووسـڵ لـە (٧ی ئایـاری ١٩٨٤)، مانیـان گـرت. چەنـد داواکارییـان هەبـوو لەوانـە:

١. ئازادکردنی قوتابییە گیراوەکان.
٢. گێڕانەوەی مامۆستا و قوتابییە دەرکراوەکانی زانکۆی سەڵاحەددین.
٣. دواخسـتنی کاتـی تاقیکردنـەوەی کۆتایـی سـاڵ، بـۆ ئـەوەی بتوانـن بـە شـیوەیەکی ئاسـایی لـە کاتـی تاقیکردنـەوەکان بەشـداری بکـەن.
٤. لەقوتابخانەکانـی خوێندنـدا بەزۆرەملـێ چەکیـان پـێ هەڵنەگـرن.

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٥)، ٣٠/ ٤/ ٩٨٤، ل١-٦.

بــەڵام داواکارییەکانیــان جێبەجــێ نەکــران، خۆپیشــاندان فراوانتربــوو ڕژێــم هێزێکــی زۆری ئەمنــی ڕەوانــەی شــوێنی ڕووداوەکــە کــرد[١]. لەشــاری کەرکــووک بــۆ پشــتیوانی لــە قوتابیانــی زانکــۆی ســەڵاحەددین، قوتابیانــی ئامادەیــی (الثــورة) خۆپیشــاندانیکیان ئەنجامــدا، چەنــد داوکارییەکیــان هەبــوو

١. بەردانی قوتابییە گیراوەکانی زانکۆی سەڵاحەددین.

٢. نابێــت هیــچ قوتابییــەک بــە زۆرەملــێ بکرێتــە ســەرباز و لابردنــی تەتــەوع و نەناردنــی قوتابیــان بــۆ جەنگــی قادســییە.

٣. نابێت هیچ قوتابییەک بەزۆرە ملێ بکرێتە بەعسی.

بــەڵام هێــزە ئەمنییــەکان بەشــێوازێکی تونــد ڕووبــەڕووی خۆپیشــاندان بوونــەوە و ژمارەیەکــی زۆریــان لــێ دەســتگیرکردن. قوتابییەکیــش لــە ژێــر ئەشــکەنجەی ڕژێــم لــە زیندانــەکان گیانــی لەدەســت دا، ڕێگیرییــان لــە خانەوادەکــەی کــرد پرســەی بــۆ دابنێــن[٢].

لــە دژی سیاســەتی حکومەتــی بەعــس بەرامبــەر خوێنــدن و پــەروەردە لەکوردســتان مامەڵــەی خراپــی حزبــی بەعــس، کۆمەڵــەی خوێندکارانــی کورد لــە ئەوروپــا و لقەکانــی لــە وڵاتانــی ئەوروپــا و ئەمەریــکا خۆپیشــاندانیان ئەنجامــدا و ناڕەزاییــان بەرامبــەر سیاســەتی حکومەتــی بەعــس دەربــڕی[٣].

جێــگای ســەرنجە حکومەتــی بەعــس (٧٤٨) قوتابخانــەی لــە باشــووری

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ٢٤/ ئایار/ ١٩٨٤، ل٢.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٦)، ١٤/ ئایار/١٩٨٤، ل١٥.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٨) تەموزی ١٩٨٤، دوالاپەڕە.

كوردستان داخستبوو، بۆ نموونە لە دهۆك (٢٠٨) قوتابخانەی داخست، بەپێی فەرمانی كارگێڕی نهێنی كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگای دهۆک - پلاندانانی پەروەردەیی، لیژنەی هەماهەنگی ئەمنی لە پارێزگای دهۆک (نهێنی و كەسی) ژمارە( ٢٣٦ لە بەرواری ١٩٨٥/٩/٢٢) دا هاتووە، كە بریتی بوو لە داخستنی ئەو قوتابخانانەی لە لیستەكانی هاوپێچكراودا هاتووە، بڕیار درا ڕێوشوێنی پێویست لەم ڕووەوە وەربگیرێت. هەروەها لە نووسراوەكەدا هاتووە: دەسەڵاتداران سەرجەم مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەی ئاگادار كردووەتەوە كە دەوام لەو قوتابخانانە ڕاگیراوە". لە شاری هەولێریش حكومەت (٢٠٠) قوتابخانەی داخست. هەروەك لە فەرمانێكی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ژمارە (٢٢٧٩) لە (١٩٨٥/٩/١). هاتووە. بەشێک لەو قوتابخانانەی لە بڕیارەكەدا هاتووە، دەكەونە نزیک شاری هەولێر و تەنیا چەند كیلۆمەترێک دووربوو. لە پارێزگاكانی كەركووک و سلێمانی حكومەت (٣٤٠) قوتابخانەی داخستبوو، جگە لەخراپی دۆخی پەروەردە و داخستنی قوتابخانەكان، حكومەتی بەعس هەموو خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانی دیكەی لەو ناوچانە، وەک ناوەندە تەندروستییەكان، كارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەكانی دیكەی پەكخستووە[1]. مەبەستی حكومەتی بەعس لەداخستنی قوتابخانە و زانكۆ لە كوردستان ئەوەبوو ناوچەكانی كوردستان بە دواكەوتوویی بمێننەوە دووربن لە هەموو بوارێكی فێركردن و پەروەردە، هەروەك لە فەرمانێكی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (پاشكۆی ژمارە ٦٥).

حکومەتـــی بەعســدا، بڕیــاری داخســتنی ســەرجەم قوتابخانەکانــی ژێــر دەســەڵاتی پێشــمەرگەیدا بەتایبــەت گونــدەکان[١]. حکومەتــی بەعــس هەوڵــی دروســتکردنی دابەشــکاریی کولتــووری لــە نێــوان ناوچەکانــدا وەک ســتراتیژێک بــۆ ڕێگریکــردن لــە گەشەســەندنی ڕۆشــنبیری کــوردی. ســەرەڕای ئەمــەش، حکومەتــی بەعــس بڕیاریــدا چــوار زانکــۆ لــە تکریــت، دیوانیــە، ڕومــادی، و کوفــە بکاتــەوە. حکومــەت پاســاو بــۆ بڕیارەکــەی هێنایــەوە، کــە ئــەم شــارانە بــە پشتبەســتن بــە قەبــارەی دانیشــتوان پێویســتیان بــە زانکــۆ هەیــە. بــەڵام لــە کاتــی بەراوردکردنــی دانیشــتوان لــە ســەرژمێری ســاڵی ١٩٨٨، ناوچــە کوردنشــینەکان بــە ڕوونــی لــە ڕووی ژمــارەی دانیشــتووانەوە ئــەو شــارانەیان تێپەڕانــد:

- سەڵاحەدین (تکریت): (٤٢٢) هەزار کەس
- قادیسیە (دیوانیە): (٤٥٠) هەزار کەس
- ئەنبار (رومادی):(٤٥٠) هەزار کەس

لە بەرامبەردا:

- کەرکووک:(٦٣٠) هەزار کەس
- دهۆک:(٣١٠) هەزار کەس
- هەولێر: (٧١٢) هەزار کەس

بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەم ژمارانــە ڕوونــە کــە شــارە کوردییــەکان زیاتــر

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ئەیلولی ١٩٨٥، دوالاپەڕە؛ اخبار کردستان، العدد (١٤١)، اذار ١٩٨٦، ص٩.

شایستەی زانكۆ بوون. ڕەتكردنەوەی حكومەت لە دامەزراندنی زانكۆ لەم بوارانەدا تەنیا دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ سیاسەتی جیاكاری و شۆڤێنیستی كە ئامانجیان سەركوتكردنی كولتوور و ناسنامەی كوردییە[1]. ئەم ژمارانە تەنیا چەند ئاستەنگێك بوو لەو ئاستەنگە زۆرانەی كە سیستەمی پەروەردە لە باشووری كوردستان لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی بووەتەوە.

(١) جیاوازیگەری ڕۆشنبیری، خەبات، ژمارە (٥٧٥)، كانوونی دوورم ١٩٨٨، ل١٠-١٤.

## تەوەرەی دووەم: بەسەربازیکردن و ناردنی هاووڵاتیان بۆ جەنگی عێراق ئێران

### باسی یەکەم: لایەنی سەربازی

حکومەتی بەعس دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ سوپاکەی بە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان بڵاوە پێکرد بوو، هەموو شار و شارۆچکە و گرد و شاخەکانی کوردستانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی، سەربازگە و ڕەبیەی تێدا دامەزراندبوو. سوپاکەی لە ڕووی چۆنیەتی و چەندییەتیەوە پەرە پێدابوو. ژمارەی سوپای عێراق بەر لە دەستپێکی جەنگی عێراق - ئێران لە (٦) فیرقەی سەربازیی پێکهاتبوو[١]، بەڵام دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق - ئێران ئەم ژمارەیە بۆ (٧) فیرقەی پیادە و کەرستە و زرێپۆش زیادی کرد، بریتی بوون لە (٢) لیوای سەر بە پاسەوانی کۆماری فیرقەی (١) و (٥) لە باشووری کوردستان بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە تەرخان کرا بوون، زۆرینەی ئەفسەر و سەربازانی ئەو دوو فیرقەیە عەرەبی شیعە بوون. لەگەڵ دەستپێکی جەنگی عێراق - ئێران ژمارەی سەربازەکانی (٤٣٠) هەزار سەرباز بوو، لە ١٩٨٤ زیادی کرد بۆ (٧٧٨) هەزار سەرباز لە (١٩٨٧-١٩٨٨) گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز[٢]، هەروەها بێ هەژمارکردنی ژمارەی سەربازانی یەدەگ و پۆلیس و میلیشیای بەعسی، خزمەتی ناچاری سەربازیی زۆرەملێ هەبوو، بۆ نموونە لە ١٩٧٨ نزیکەی یەک ملیۆن و نیوکەس لە عێراق تەمەنیان لە نێوان (١٥-٤٩) ساڵ بوو،

(١) دەرسیم پێشەوا، ئینسکلۆپیدیای تۆمەتبارانی شاڵاوی ئەنفال لە باشووری کوردستان، چ٢، باشووری کوردستان، ٢٠١٤، ل٢١٩و٢٢١.

(٢) دەرسیم پێشەوا، هـ .س، ل٢١٩و٢٢١.

ئامادە بوون بۆ خزمەتی سەربازیی، هەموو ساڵێک نزیکەی (١٢٠) هەزار کەس دەگەیشتنە تەمەنی خزمەتی سەربازی[١].

حکومەت لە پاڵ سوپای ڕێکخراو چەند هێزێکی تری هەبوو وەک سوپای میللی (الجیش الشعبي)، ئەرکی ئەو هێزە پارێزگاری لە ئاسایشی نێو شارەکان بوو. فەوجە سووکەکان (جاش) بۆ مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە دامەزران[٢]، پۆلیسی سنوور و هێزی جووڵانەوە بریتی بوون لە هێزی دیکەی زیادەی عێراق لەناو دەزگای ئاسایش، ژمارەیان نزیکەی (٥٠) هەزار دەبوون، لەسەر سنووری تورکیا، ئێران و سووریا جێگیر کرابوون. هێزی جووڵانەوە پاڵپشتی پۆلیسی ئاسایی دەکرد لە کاتی پێویست دا بە تایبەت دژی پێشمەرگە بەکار دەهێنران[٣]. هەروەها ڕۆڵی هەواڵگریی (استخبارات) چەند ڕێکخستنێکی (المنظومة) هەواڵگریی لە عێراق هەبوو باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا، بەگشتی ڕێکخستنە هەواڵگرییەکانی بریتی بوون لە دوو هۆبە (الشعبة) بەڵام ئەوەی باکوور دەسەڵات و بودجەی زۆرتر بوو و لە هەموویان فراوانتر بوو لە چوار هۆبە پێکدەهات، دوو هۆبەی تایبەت کرابوو بە کورد، بۆ سیخوڕیکردن و زانیاری لەسەر حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان و پێشمەرگە، دووانەکەی دیکەش تایبەت

(١) ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٠٨.

(٢) لجئش الشعبي ادة ومعية بيد لنظام الفاشي، كفاح الجبهه العدد (٢)، حزيران١٩٨٤ ص٥؛ شۆڕش حاجی، س.پ، ل١٣٧.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی بەعس، بڕوانە: دونالد أوتشل، اجهزه الأمنية في عهدي البكر وصدام، ت: مصطفى نعمان احمد، مكتبة مجلة، بغداد، ٢٠٢٢؛ ئەلبێرت عیسا، س.پ، ل١١٠.

کرابـوون بـۆ سەرپەرشـتی کاروبـاری جـاش[١]. لـە ڕووی چـەک و جبەخانـەوە عێـراق خاوەنـی چەکـی قـورس و مـام ناوەنـد بـوو[٢]، وێـرای ئـەو پێشـکەوتنە گەورەیـەی عێـراق لـەڕووی سـەربازییەوە، بـەڵام بـە هەڵگیرسـاندنی جەنگـی هەشـت سـاڵی عێـراق و ئێـران، ئـەو توانـا سـەربازییەی سـوپا بـەرەو لاوازی چـوو، تەنانـەت گەندەڵـی لەنـاو سـوپادا بەشـێوەیەکی بەربـڵاو بڵاوبـووەوە، ئەمـەش بەهـۆی جەنگـی عێـراق ئێـران، درێژەکێشـانی جەنـگ وڵاتـی بـەرەو دۆخێکـی نادیـار و کاولـکاری بردبـوو، دامودەزگاکانـی حزبـی بەعـس بـەرەو هەڵوەشـانەوە دەچـوو، بەرتیـل و گەندەڵـی لـە دەزگا ئەمنییـەکان پـەرەی سـەندبوو، بەرپرسـانی ڕژێـم بـەردەوام بـوون لـە دزیـن و تاڵانـی، تەنانـەت دوای زۆربوونـی کـوژراو لـە ڕیزەکانـی سـوپا لـە جەنـگ[٣]، بەهـۆی شکسـتی سـوپا بەرامبـەر هێزەکانـی ئێـران، سـەددام حوسـێن لـە سـەردانێکی بـۆ شـاری عەمـارە و بەسـڕە ئەفسـەرانی سـەربازی کۆکردووەتـەوە، لێـی پرسـیوون بۆچـی نەیانتوانیـوە شـەڕبکەن، ئەفسـەرێکیش وەڵامـی داوەتـەوە "ئەمـە گشـت توانـای ئێمەیـە، ئەگـەر لـە ئێمـە باشـترت هەیـە فەرمـوو بیانهێنـە" سـەددام زۆر تـوڕە دەبێـت فەرمـان دەکات بەتوندتریـن شـێوە سـزا بدرێـن، ئـەو ئەفسـەرانە بـە

(١) ماهی، دەربارەی جەنگی پارتیزانی لە نێو شارەکان، گۆڤاری کۆمەڵە، ژ(٢)، خولی سێیەم، شوباتی ١٩٨٥، ل٣١.

(٢) عێراق لە ساڵانی (١٩٧٢ -١٩٧٣) ژمارەی تانکەکانی بریتیبوو لە (٩٢٥) تانک ئەم ژمارەیە لە ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠) زیادی کرد بووە دووهێندە و گەیشتە (١٩٠٠) تانک، فڕۆکەی شەڕکەر لە (١٨٩) زیادی کرد بۆ (٣٣٩)، هەلیکۆپتەر لە (٤٦) بووە (٢٣١)، زرێپۆشی شەڕکەر لە (٣٦٠) بووە (١٥٠٠). هیوا تاڵەبانی، بەعس و میلیتا ڕێزەکانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژ (٢) ساڵی چوارەم، تەمووزی ١٩٩٥، ل٨.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤١)، ١٢؟/٩، ١٩٨١، ل٤.

دەبابـەی سـەربازی شـێلدران و بـەم شـێوە دڕاندانـە لەناوبـران[1]. ناڕەزایـی لەدەزگاکانـی ئەمنـی سـەری هەڵدابـوو، تەنانـەت لەنـاو بنکـەی سرییـەی سـەرۆکایەتی هێـزی دەریایـی ئاڵـۆزی دروسـت ببـوو[2]، لەلایەکـی دیکـەوە بەهـۆی ئاڵـۆزی جەنـگ و تێکچونـی شـیرازەی هێزەکانـی سـوپا، زۆرجـار شـەڕی خۆبەخـۆ لەنـاو سـەربازەکان دروسـت دەبـوو. وەکـو لـە لەبنکەیەکی سـوپا لـە باواجـی کۆیـە دوو دەسـتەی سـەربازی بـوو بەشـەڕیان، ژمارەیەکی زۆر کـوژراو برینـدار لـە نێوانیـان هەبـوو[3].

شـیاوی ئاماژەیـە بەهـۆی شکسـتەکانی عێـراق بەرامبـەر ئێـران، بڵاوبوونـەوەی گەندەڵـی لـە نـاو سـوپا چەندیـن لیـوای سـوپای عێـراق لـە جەنگـی دژ بەئێـران هەڵوەشـاونەتەوە[4]. بـۆ نموونـە فەیلەقـی (٤) سـوپای عێـراق بـە هەمـوو لیـوا و فەوجەکانییـەوە زیاتـر لـە (١٨) هـەزار سـەرباز و مراتـب و ئەفسـەر، بەدیـل کەوتنـە دەسـت هێزەکانـی ئێـران، وێـڕای کوژران و برینـدار بوونـی زیاتـر لـە (٢٥) هـەزار سـەرباز، هێـزە چەکدارەکانـی عێـراق تیـپ تیـپ خۆیـان ڕادەسـتی ئێـران دەکـرد، ئێـران بەپێی ئـەو بەلاغە عەسـکەرییانەی بـڵاوی کردووەتـەوە، هێزەکانیـان توانیویانـە لـە هێرشـێکی سێ قۆناغیـدا، سـێ فیرقـەی عێـراق تێـک بشـکێنن، زیاتـر لـە (٢) هـەزار کیلۆمەتـر چـوار گۆشـە زەوی لـە عێـراق وەربگرنـەوە، نزیکـەی (١٥) هـەزار سـەربازی عێراقـی بەدیـل بگـرن[5]. ئـەو سـەرباز و ئەفسـەرانە هیـچ

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٩)، ١٠/ ٦/ ١٩٨١، ل٧.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٨)، ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٨١، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٦٨)، ٢٨/ ٣/ ١٩٨٢، ل٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان،، ژمارە (٦٩)، ٢٠/ ٣/ ١٩٨٢، ل١.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧٠)، ٣١/ ٣/ ١٩٨٢، ل١-٣.

چارەیەکیـان نەبـوو، چونکـە ئەگـەر خۆیـان ڕادەسـت نەکردبایـە لەلایـەن حکومەتـی بەعـس لـە سـێدارە دەدران، وەك ئەوسـەرباز و ئەفسـەرانەی خۆیـان ڕادەسـتی ئێـران نەکـرد، لـە جەنگـە کشـانەوە لـە سـێدارە دراون[١]. حکومەتـی بەعـس بـەوەش نەوەسـتا دەسـتی کردبـوو بـە دەسـتگیرکردنی خێزانـی ئـەو ئەفسـەرانەی لـە شـەڕەکەدا دیـل بـوون، بـە بیانـووی ئـەوەی ئـەوان بـە ئـارەزوو خۆیـان ڕادەسـتی هێـزە چەکدارەکانـی ئێـران کـردووە[٢]،

بەهـۆی جەنگـی عێـراق ئێـران ڕژێـم دەسـت کردبوو بـە ناونووسـکردنی سـەربازی زۆرەملـێ، لـە ئـۆردوگای قوشـتەپە ڕژێـم داوای لـە هاووڵاتیـان کردبـوو نـاوی خۆیان بنووسـن بۆ بەشـداری جەنـگ، یان لە عێـراق دەربچن، بۆیـە زۆربـەی هاونیشـتیمانیان ئـەو داوایـە ڕژێمیـان ڕەتکـردەوە ئامـادە نەبـوون بەشـداربن لـە جەنگێـك وڵات بـەرەو هەڵدێـر دەبـات[٣]، بەشـێکی زۆر لـە سـەربازانەی لەڕیزی سـوپا هەڵاتبـوون، لە ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە خۆیـان پەنا دابوو، جگە لەوەش هاووڵاتیانیش لەترسـی سـەربازی زۆرەملـێ خێـزان و منداڵیـان جـێ هێشـتووە، حکومـەت بـۆ ڕاکیشـان و گەڕانەوەیـان بۆ ناو سـوپا لێبوردنی گشـتی دەرکرد، ئەمەش لەدوای شکسـتی سـوپای عێـراق لەشـەڕەکانی (دیزفـول و خوڕەمشـەهر) بەدیـل گیرانـی (٤٥) هەزار سـەرباز و کوژرانی (١٢٦) هەزار سـەربازو ئەفسـەر، حکومەتی بەعس بـۆ قەرەبوکردنـەوە و پڕکردنـەوی شـوێنە بەتاڵـەکان، فەرمانـی لێبوردونـی گشـتی بۆ سـەربازە هەڵاتـووەکان دەرکردبـوو[٤]. بـەڵام هەوڵەکانی حکومەت

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٧)، ٥ی ئایار/ ١٩٨٢، ل٧.

(٢) اخبار کردستان، العدد (٧٣)، ١٢/ ٤/ ١٩٨٢، ص٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، (٧٤)، ١٦/ نیسان/ ١٩٨٢، ل٣.

(٤) دەنگوباسی کاردستان، ژمارە (٨٩)، ٢ ی ئاب ١٩٨٢، ل٥-٦.

بـۆ داپۆشـینی شکسـتەکانی بـێ هوودەبـوو، هەروەك لـە ڕۆژنانـەی (الوطن) ی کوێتـی هەواڵێکـی بـڵاو کردووەتـەوە کە نزیکـەی (٤٠) ئەفسـەری عێراقی لـە ڕێگـەی کوێـت هەڵاتـوون، ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر شکسـتی عێـراق لەو جەنگـە[١]. زیانەکانـی سـوپای عێـراق لـە جەنـگ لـە ڕووی سـەربازییەوە لـە (١٩٨٠-١٩٨٥)، کوژرانـی : (٢٠٠) هـەزار سـەرباز (٦٠) هـەزار بۆ هەزار (٧٠) دیلـی جەنـگ. بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە، حکومەتـی بەعـس پەنـای بـۆ سـەربازی زۆرە ملـێ بـردووە، بۆیـە بەشـێکی زۆری گەنجـان لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا خزمەتـی سـەربازییان ڕەت کردووەتەوە و ڕوویان دەکـردە ناوچەکانی ژێردەسـەڵاتی پێشـمەرگە[٢]. هەروەهـا ڕۆژنامـەی گاردییـان ڕایگەیانـدووە: سـەبارەت بـە مۆراڵـی سـوپاکەی و پێکهاتـەی چەکدارەکانـی تـر "زۆرێـک لە سـەرباز و پلـەدارەکان لـە سـوپا هەڵدێـن و پەنـا دەبەنـە دەرەوەی وڵات یان کوردسـتانی عێراق"[٣].

جێـگای ئاماژەیـە حکومـەت زۆرجـار لێبوردنـی گشـتی بـۆ سـەربازانی هەڵاتـوو دەردەکـرد، کـە خۆیـان ڕادەسـت بکەنـەوە و هـەر لەشـوێنی مانـەوەی خۆیـان دەمێننەوە واتە شـوێنی نیشـتەجێبوونی[٤]، بـەڵام حکومەت پابەنـدی بڕیـارو فەرمانەکانـی خۆشـی نەبـوو، لێبوردنەکـە تـا ئەوکاتەبـوو سـەربازان خۆیـان ڕادەسـت دەکـردەوە ڕاسـتەوخۆ بـۆ بەرەکانـی جەنـگ و دوورتریـن شـوێن لـە نیشـتەجێ بوونـی دەنێـردران[٥]. تەنانـەت بەهـۆی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٨)، ١٠ گەلاوێژ/ ١٩٨٢، ل٣.

(٢) اخبارکردستان، العدد (١٣٨)، کانون الاول١٩٨٥، ص٣.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٧٢)، ١٦-٢٩شباط١٩٨٨، ص٤.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٣)، ١/ ایلول ١٩٨٣، ل٧.

(٥) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٥)، ٢تشرینی دووەم ١٩٨٢، ل١٠.

دۆخی خراپی سوپای عیراق ئەو سەربازانەی هەڵدەهاتن دواتر لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەكران، له تەلەڤزیۆن وانیشان دەدران كه پێشمەرگەن و خۆیان ڕادەستی سوپا كردووە، ئەمەش نیشانەی شڵەژاوی دۆخی سیاسی و سەربازی عێراق بوو[١]. لەلایەكی دیكەوە حكومەت بەناوی هاوكاری سەرانەی لە ئەفسەران وەردەگرت، بۆ نموونە داوای له ئەفسەران كردبوو، مانگانە (٣٠) دینار لەموچەكانیان بدەنە حكومەت، ئەمەش ناڕەزایی له ناو ئەفسەران دروست كرد، كه ئامادە نەبوون ئەم بڕە پارەیە بدەنە ڕژێم[٢].

لەناو سوپا بێزارییەكی زۆر هەبوو چونكە دەسەڵات درابووە ئەو ئەفسەرانەی سەر بەسەددام حوسێن بوون، بێ ئەوەی پلە و خزمەت هەژمار بكرێت، هیچ ئەفسەرێک بۆی نەبوو بێزاری خۆی دەرببڕێت[٣]، تەنانەت بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی و سەربازی عێراق، حكومەتی بەعس هەستی بە كودەتایەكی سەربازی كردبوو، بۆیە حكومەت بە نهێنی وێنەی (ئەحمەد حەسەن بەكری) لەبەشێک لە بنكە سەربازییەكان هەڵواسی بوو، تا بیانوو بدات بەو ئەفسەر و سەربازانەی بە نیازی كودەتان، دواتر دەستگیركردنیان[٤]. حكومەتی بەعس تەنیا لەسەر ڕەخنەو نزیكەی (١٠٠) ئەفسەری لە سێدارە داوە[٥]، بەهۆی بێزاری سوپا چەندین جار هەوڵی كودەتا دژی دەسەڵاتی سەددام حوسێن دراوە، بۆ نموونە لە (٢١ی تەمووزی ١٩٨٤)، لە هەوڵیكی كودەتا له بەغدا دژی دەسەڵاتی سەددام كه بەشێكیان

(١) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٩٣)، ١/ ایلول١٩٨٢، ل٧.
(٢) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٩٦)، ٣٠ی تشرینی یەكەم ١٩٨٢، ل٤.
(٣) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٩٧)، ٢٩ی تشرینی دووەم١٩٨٢، ل٢.
(٤) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (٩٠)،٧ی ئاب/ ١٩٨٢، ل٣.
(٥) دەنگوباسی كوردستان، ژمارە (١٢٧)، ٣١/ ١٢/ ١٩٨٤، ل٩.

سەر بەکۆشکی کۆماری بوون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو[١]، ئەمەش بۆ حکومەتی بەعس سوکایەتی بوو، چونکە لەناوجەرگەی بەغدا لە سوپا هەوڵی کودەتا دراوە، هەرچەندە سەرکەوتووش نەبوو، بەڵام ئامانجەکەی ئەوەبوو نیشان بدرێت سەددام حوسێن نەک جەماوەر بەگشتی لێی ڕازی نییە، ئەوەتا سوپاش لێی ڕازی نییە، لەهەوڵی گۆڕینی دایە. دوای ئەو ڕووداوە هێزە ئەمنییەکان شاڵاوێکی ڕەشبگیرییان ئەنجامدا نزیکەی (٨) ئەفسەر و (٢٠٠) سەرباز گیران بەبێ دادگایی لە سێدارە دراون[٢].

حکومەتی عێراق بەبیانووی جۆرا و جۆر ئەفسەرێکی زۆری کوردی لە ڕیزەکانی سوپا دوورخستبووەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی سوپا ئەفسەری لایەنگری حزبی بەعسی دادەنا، تەنانەت پلەی سەربازی بایەخی نەبوو، زۆرجار ملازمێکی لایەنگری حزبی بەعس ئەفزەڵیەتی لە پلەیەکی باڵای سەربازی زیاتر بوو[٣]، بەهۆی دۆخی خراپی سوپا و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، دیاردەی خۆکوشتن لە ناو ڕیزەکانی سوپا پەرەی سەندبوو، جگە لەوەش هەڵاتن ڕاکردن لە ئەرکی سەربازی ئەفسەرە باڵاکانیشی گرتبووەوە، چونکە ڕژێمی بەعس دەسەڵاتی تەواوی دابووە ئەو ئەفسەرانەی لایەنگری بوون هەیمەنەیان بەسەر سوپادا هەبوو.، پلەو پایە وەک دیاری پێیان دەبەخشرا، کرابوونە جاسوس بەسەر سوپاو ئەفسەرانی دیکە، دۆخێکی وای خولقاندبوو، کەس لەژیانی خۆی ئەمین نەبوو[٤].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٩)، تەموزی ١٩٨٤، ل٢.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٢٦)، ٥/ ١٢/ ١٩٨٤، ل٢.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٤)، ١٥ حوزەیران١٩٨٣، ل٤.

(٤) اخبار کردستان، العدد (١٤٧)، اب ١٩٨٦، ص٢؛ اخبارکردستان، العدد (اخبارکردستان، العدد (١٦٥)، تشرین الثاني، ص٤.

**باسی دووەم: بەزۆرکردنە سەرباز سەربازی زۆرە ملێ**

دوای ئـەوەی جەنگـی عێـراق ئێـران درێـژەی کێشـا، سـوپای عێـراق بـەرەوە هەڵوەشـانەوە چـوو، چونکـە ژمارەیەکـی زۆر لەسـەربازان کـوژران و برینـدار بـوون، حکومەتـی بەعـس بـۆ قەرەبووکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە، دەسـتی کـرد بـە ناونووسـکردنی سـەربازی زۆرەملـێ، بـەزۆر هاووڵاتییانـی ڕاپێچـی بەرەکانـی جەنـگ دەکـرد، سـەرەتا بەپێـی بـەرواری لەدایـك بـوون ئەوانـەی هـەژدە سـاڵیان تەواوکردبـوو[١]، حکومـەت بڕیـاری دابـوو مـوالیـدی (١٩٥٣-١٩٦٦) خۆیـان ناونـووس بکـەن و ڕەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ بکرێـن. چونکـە تەمەنییـان گەیشـتووەتە (١٨)، سـاڵ. ئەمـەش پێشـێل کردنـی یاسـایەکی عێـراق بـوو، کـە پێشـتر ئەوانـەی تەمەنیـان (١٩) سـاڵ تـا (٣٦) سـاڵ سـەربازی دەیانگرێتـەوە، ئەمـەش دوای ئـەوە دێـت کـە سـوپای عێـراق لـە هەمـوو بەرەکانـی جەنگـی دژ بـە ئێـران دووچـاری شکسـت بووەتـەوە، بـۆ پڕکردنـەوەی شـوێنی کـوژاوەکان ناوبەنـاو خەڵـک بـەزۆر ڕاپێچـی بەرەکانـی جەنـگ دەکـران[٢]، هاووڵاتییـان بـەزۆر ناچـار کرابـوون بەشـداربن لەجەنـگ، تەنانـەت داوایـان لـە تەمەنـی (١٢) سـاڵیش کـردووە چـەک هەڵبگرێـت، ئەمـەش دۆخیکـی نەخـوازراوی دروسـت کردبـوو[٣]. حکومـەت هێـزە ئەمنییەکانـی نـاو شـاری دەنـارد بـۆ بەرەکانـی جەنـگ، لەشـوێنی ئـەوان قوتابیـان و مامۆسـتایان دادەنـا[٤].

---

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە(٥٥)، ١٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٥.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١١)، کۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٤، ل١١؛ دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٥)، ١٨/ ٢/ ١٩٨٢، ل٦.

(٣) اخبارکردستان، العدد (١٤١) ٢ اذار ١٩٨٦، ص٢.

(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٧)، ٥/ گەلاویژ ١٩٨٢، ل٨.

دەسـەڵاتدارانی بەعـس دەسـتییان کردبـووە بـە ناچارکردنـی فەرمانبـەران بـۆ مەشـق و ڕاهێنـان و پەیوەندیکـردن بـە سـوپا. هەرکەسـێک ئەمـادە نەبوایـە پەیوەنـدی بەسـوپاوە بـکات، سـزای تونـد دەدرا، زۆرجـار فەسـڵ دەکـران یـان موچەیـان ڕادەگیـرا، سـزایەکی تریـش هەبـوو بـۆ ترسـاندنیان گواسـتنەوەیان بـۆ دەکـرا بـۆ ناوچەیەکـی دوور لەنیشـتەجێ بوونـی، ئەمەش بـۆ ئـەوەی فەرمانبـەران ناچاربکـەن پەیوەنـدی بەسـوپاوە بکـەن، ئەگـەر سـەرپێچی فەرمانەکانـی حکومـەت بکـەن[١]. مووچەکەیـان دەبڕدرێـت، بـۆ نموونـە لـە (١٨ی شـوباتی ١٩٨٢) حکومـەت لـە قوتابخانەیەکـی ئامادەیـی لـە دهـۆک هەوڵـی داوە قوتابیـان بـەزۆر ڕەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ بـکات، بـەڵام لـە لایـەن قوتابیانـەوە ئـەو فەرمانـە ڕەتکراوەتـەوە، ڕازی نەبـوون لـە شـەڕی قادسـییە خۆێنییـان بـە فییـڕۆ بـڕوات، لەلایەکـی دیکـەوە حکومـەت بەنـاوی (تەتـەوع) پـارەی لـە خەڵکـی وەردەگـرت بـۆ پشـتیوانی جەنـگ، ئەوانـەی پـارە و هـاوکاری ڕژێمییـان نەدەکـرد بـۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ مەشـقییان پـێ دەکـرا و ڕەوانـەی بەرەکانـی جەنـگ دەکـران[٢]. فشـارێکی زۆری کردبـووە سـەر مامۆسـتایان و قوتابیـان بـۆ ئـەوەی ببنـە (جیـش شـەعبی)، ئەوانـەی پابەنـدی ئـەو فەرمانـەی حکومـەت نەدەبـوون، بـە توندتریـن شـێوە سزا دەدران، تەنانـەت لـە قوتابخانـەش دەردەکـران[٣].

لـە (٢ی ئـاداری ١٩٨٢)چەنـد بەرپرسـێکی حزبـی بەعـس سـەردانی شـارۆچکەی (چۆمان)یـان کـرد، دانیشـتوانی ناوچەکەیـان لەقوتابخانەیەکـی ئامادەیـی شـارۆچکەکە کۆکردبـووەوە، داوایـان لـە هاووڵاتییـان کـرد (تطوع)

(١) اخبار کردستان، العدد (١٤٨)، ایلول١٩٨٦، ص٧.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٦)، ٢٢/ ٢/ ١٩٨٢، ل١.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٨)، ٢٨کانونی یەکەم/ ١٩٨٢، ل٥.

بکـەن، واتــە هــاوکاری لــەڕووی ماددیــەوە کۆبکەنــەوە بــۆ جەنگــی دژ بەئێـران، نـاوی خۆیـان بنووسـن بـۆ بەشـداری لـە جەنـگ، بـەڵام زۆرینـەی خەڵکەکـە ئامـادە نەبـوون بچنـە ژێربـاری ئـەو فەرمانـە. لـە دوای وتـاری بەرپرسـانی بەعـس، داوایـان لـەو خەڵکـە کـرد کـە ئامـادەی کۆبوونەوەکـە بـوون چەپڵەییـان بـۆ لێبـدەن، بـەڵام کـەس ئامـادە نەبـوو چەپڵـە لـێ بـدات، بەرپرسـێکی بەعـس خـۆی دەچێتـە نـاو خەڵکەکـە دەڵـێ: "بـۆ چەپڵـە لـێ نـادەن، خـۆ چەپڵـە بەپـارە نییـە" یەکێـک لـە مامۆسـتایانی کـە ئامـادەی کۆبوونەوەکـەدا بـوو بـە دەنگێکـی بـەرز گوتـی: "کـوردم هەتـا مـاوم بـۆت دەناڵـم، چـۆن چـارەت بکـەم هـاوار بەماڵـم" خەڵکەکـە زۆر بەگەرمـی چەپڵەیـان بـۆ لێـدا. بەرپرسـانی حزبـی بەعـس بـەو دیمەنـە قەڵـس و نیگـەران بـوون[1].

جێـگای ئاماژەیـە حکومەتـی بەعـس بەرپرسـانی ئـاگادار کردبـووەوە کـە بەشـداری جەنـگ بکـەن، هەڕەشـەی دوورخسـتنەوە و بڕینـی مووچـە لـە ئەگـەری پابەنـد نەبوونیـان بـەو فەرمانـە، لـە کۆبوونەوەی سـەددام حوسـێن لەگـەڵ بەشـێک لەبەرپـرس و ئەندامانـی حزبـی بەعـس داوای لـێ کردبـوون بچنـە بەرەکانـی جەنـگ، ئامادبووانـی کۆبوونەوەکـە ئامـادە نەبـوون بچنـە ژێربـاری ئـەو فەرمانـە، بۆیـە هەموویانـی سەرژەنسـت کـردوو لـە ڕیزەکانی حـزب دەری کـردن، دەسـتی بەسـەر سـەروەت ماڵیاندا گیرا. جێگای سـەرنجە حکومـەت هەمـوو ڕێگایەکـی توندی بەکارهێنـاوە بۆ ئەوەی بـڕوا بە خەڵکی بهێنـن بەشـداربن لـە جەنگـی دژ بـە ئێـران، بۆیـە ئـەو کۆبوونەوەیـەی سـەددام کـرا بـە فیلـم لەزۆربـەی شـارەکانی عێـراق بـۆ کادیـر و ئەندامانـی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٦).

حـزب نمایـش کـرا، بۆ ئـەوەی ترسـیان هەبێـت لەفەرمانی سـەددام دەرنەچن و بەشـداری جەنـگ بـن، تەنانەت حکومەت دەسـتی نەپارسـتووە لـە ناردنی خەڵـکی بەتەمـەن و نەخـۆش بـۆ بەرەکانـی جەنـگ[١]. تەنانـەت داوای لـە کادیرەکانـی حـزب کـردووە، خشـڵ و زێـڕی ژنەکانیـان ببەخشـنە دەوڵـەت، وەک پشـتگیرییەک بـۆ جەنگـی دژ بـە ئێـران[٢]. خەڵکـی ئامـادە نەبـوون تەتـەوع بکـەن بۆجەنگ، زۆرجار وەک سـوکایەتییەک بۆ ڕژێم لەسـەر پشـتی ئـاژەڵان دەنـووسرا (تەتـەوع بـۆ قادسـییە) دەزگا ئەمنییەکان هـەر ئاژەڵێکیان ببینایـە لەسـەر پشـتی بنووسرایـە دەیان کوشـت[٣].

زۆرجـار بەرپرسـانی بەعـس بەبیانـووی جۆراوجـۆر هاووڵاتیانیـان کۆدەکـردەوە، بـۆ نموونـە قائیمقامـی زاخـۆ لـە کۆبوونەوەیەکـدا، بەنـاوی جێبەجـێ کردنـی داخوازییەکانـی دانیشـتوان، بـەڵام کـەم و زۆر بـەلای داخـوازی و مافەکانـی هاووڵاتیانـدا نەڕۆیشـت، بۆیـە باسـی شـەڕی قادسـیەی کـرد و داوای لـە خەڵکـی دەکـرد، بەشـداربن لەشـەڕی قادسـیەدا، خۆیـان ناونـووس بکـەن بچنـە ڕیـزی جەیـش شـەعبی، بـەڵام خەڵکەکـە ڕەتـی کـردەوە ناونـووس بکرێـن بەشـداربن لـەو شـەڕە، بۆیـە لەلایـەن حکومەتـەوە بڕیـاری گرتنیـان بـۆ دەرچـوو[٤].

بەمەبەسـتی ناونـووس کردنـی سـەربازی ناردنـی موالیدەکانـی (١٩٤٨-١٩٦٣) بـۆ بەرەکانـی جەنـگ لـە (٨ی ئەیلوولـی ١٩٨٤)، لـە فەرمانگـەی تەجنیـد لـە ئاکـرێ، داوای لـە خەڵکـی کـرد، بەتایبـەت ئەوانـەی سـەربازی

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٧١)، ٢/ نیسان/ ١٩٨٢، ل٣.
(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژماتر (٨٧)، ٥ی ئایاری ١٩٨٢، ل٧.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٨٥)، ٢٢ی حوزەیران ١٩٨٢، ل٥.
(٤) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٦)، ٣٠ تشرینی یەکەم ١٩٨٢، ل٢.

دەیـان گرێتـەوە لـە دائیـرەی ناوبـراو ئامادەبـن، بـەڵام تەنیـا (٢٧) کـەس ئامادەبـوون لـە کـۆی (٢٧) هـەزار کـەس، ئـەو (٢٧) کەسـەش ئامـادە نەبـوون بەرگـی سـەربازی زۆرە ملـێ لەبەربکـەن بچنـە بەرەکانـی جەنـگ، لـە ئاکامـدا دەمەقاڵـێ لەنێـوان ئامادەبـوان و سـیخوڕو جاشـەکان دروسـت بـوو، شـەڕو توندوتیـژی بەدواداهـات، (١) لـە جاشـەکان کـوژران (٢) ی دیکـەش بریـندار بـوون، دوای ئـەم شـەڕە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی ڕوویـان کـردە ناوچـە ئازادکراوەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە[1].

ئـەو سـەربازانەی لەبەرەکانـی جەنـگ هەڵدەهاتـن، ڕژێـم بـە توندتریـن شـێوە سـزای دەدان، نزیکـە (٢٧٠) سـەرباز لـە بەندینخانـەی ئەبوغرێـب ڕاگیرابـوون، دوای گواسـتنەوەیان بـۆ قـەزای مەحمودییـە هـەر سـەربازە و دوو بتـڵ خوێنییـان لـێ وەرگیـراوە و دواتـر گولەبـاران کـراون[2]. بەهـۆی سـەربازی زۆرەملـێ خەڵکێکـی زۆر بـۆ ناوچەکانـی ژێردەسـەڵاتی پێشـمەرگە هەڵدەهاتـن، بـۆ ڕێگەگرتـن لـە هەڵاتـوان کـە پێـی دەوتـرا (فیـرار عسـکری)، حکومـەت بڕیـاری لێبوردنـی دەردەکـرد، هـەروەك سـەددام حوسـێن سـەرۆک کۆمـاری عێـراق دوو بڕیـاری بەنـاوی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەرکـرد. بڕیـاری یەکـەم بـە ژمـارە (٣٨٥)، لـە (٤/١/ ١٩٨٤) دەرچـوو. ناوەڕۆکەکـەی بریتـی بـوو لـە لێبوردنـی هەمـوو فیـرار و ڕاکـردووەکان (هـروب) هێـزە چەکدارەکان. سـەبارەت بـە بڕیـاری دووەم بـە ژمـارە (٤٣٣) لـە (١٠/ ٤/ ١٩٨٤) دەرچـوو سـەبارەت بـە ڕاگرتنـی بڕیـاری تەسریـح لـە سـەربازی کـە کـوردی دەگرتـەوە. ئەمـەش تەنیـا لـە بەرئەوەبوو

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٠٨)، ١/ تشرینی یەکەم١٩٨٣، ل٣.

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١٣٥)، ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٨٤، ل٢.

ئەوانــەی خۆیــان ڕادەســتی ڕژێــم دەکەنــەوە ڕاســتەوخۆ بــۆ بەرەکانــی جەنــگ دەنێــردران. چونکــە ڕژێــم لەبەرەکانــی جەنــگ بەرامبــەر ئێــران ســەربازێکی زۆری لەدەســت داوە، وێــڕای برینداریێکــی زۆر. ڕژێــم ویســتی بــوو ئــەو بۆشــاییە لــە میلاکــی ســەربازیدا دروســت بــوو پــڕی بکاتــەوە[١]. دوای ئــەوەی بڕیــاری تسریــح بــۆ کــوردەکان دەرچــوو لەســەربازی، تورکــمان و ئاشــوری و کلدانەکانیــش داوایــان کــرد ئــەم بڕیــارە ئەوانیــش بگرێتــەوە، چونکــە ئەوانیــش بەشــێکن لەگەلــی کوردســتان و هاوولاتــی کوردســتانن[٢]، بەهــۆی تەتەوعــی زۆرەملــێ بــەزۆر ڕاپێــچ کردنــی هاوولاتیــان بــۆ بەرەکانــی جەنــگ، قوتابیانــی زانکــۆی بەغــدا، لــە (١٩ی ئایــاری ١٩٨٤)، مانییــان گــرت دژی تەتــەوع بــەزۆر ڕاپێــچ کردنییــان بــۆ بەرەکانــی جەنــگ[٣].

دەســەڵاتدارانی ڕژێــم لەســەرجەم شــار و شــارۆچکەکانی کوردســتان پەرەیــان داوە بــە هەڵمەتــی دەســتگیرکردنی قوتابیــان و ناردنیــان بــۆ بەرەکانــی جەنــگ، بەتایبەتــی دوای تەواوکردنــی تاقیکردنــەوەکان. لــە هــەر کۆڵانێــک و شــەقامێکی گشــتی هەرگەنجێــک ببینرایــە دەســتگیریان دەکــرد و بــەزۆر ڕاپێچییــان دەکــرد بــۆ جەنگــی دژ بــە ئێــران، بــۆ نموونــە لەشــاری بەغــدا لــە (٢ی حوزەیرانــی ١٩٨٤)، کــە دواڕۆژی تاقیکردنەوەکانــی زانکــۆ بــوو، مەفرەزەیەکــی ئەمنــی ســەر بەهەواڵگــری نزیکــەی (٧٠٠)، قوتابییــان بــە کتێــب و پێداویســتییەکانی خوێنــدن گــرت و ناردنیــان بــۆ ســەربازگەی نەهــرەوان، هەروەهــا لەشــاری ســلێمانیش ڕژێــم لــە (١٥ی حوزەیرانــی ١٩٨٤) ڕژێــم (٢٧٠) هاوولاتییــان گرتــووە، هەورەهــا (٤)ی دیکەیــان برینــدار

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٧).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٩٩)، ٥کانوونی دووەمی ١٩٨٣، ل١.

(٣) کوردستان، ژمارە (١١٧)، ١٥/ حوزەیران ١٩٨٤، دوالاپەڕە.

کـردووە[١]. لەلایەکـی دیکـەوە ڕژێـم دەسـتی کردبـوو بـە لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتا و قوتابییانـەی ناونـووس نەکـراون بـۆ جەیشـی شـەعبی پاشـان ناردنیـان بـۆ بنکەکانـی مەشـق و ناردنیـان بـۆ بەرەکانـی جەنـگ[٢]، ئـەو گەمـارۆ تونـدەی ڕژێـم لەسـەر هاووڵاتیانـی دانابـوو خەڵکێکـی زۆری ناچارکردبـوو بەشـداری جەنگـی عێـراق ئێـران بـکات. ئەوانـەی ئامـادە نەبـوون بەشـدار جەنـگ بکـەن دووچـاری ئەشـکەنجەو سـوکایەتی دەبوونـەوە، لەکاتێکـدا ئۆتۆمبێـل و پارەیەکـی زۆری دەدایـە ئـەو کەسـانەی کـە بەشـداری ئـەو جەنگـە بـوون[٣].

لـە (کۆتایـی تەمـوزی ١٩٨٤) هەڵمەتـی گرتنـی هاووڵاتـی بەچـڕی لەلایـەن ڕژێمـەوە دەسـتی پـێ کـرد. ئـەو خەڵکـە لەسـەربازگەکان کۆدەکرانـەوە و دواتـر دابەشـی سـەرفەوجی جاشـەکان دەکـران، بـەزۆر دەنێـردران بـۆ بەرەکانـی جەنـگ، تەنانـەت منـداڵ و بەسـاڵاچوانیش لـەم هەڵمەتـە بـێ بـەش نەکـران، بـۆ نموونـە لەشـاری هەولێـر ژمارەیەکـی زۆر لەقوتابـی دەرچوانـی ئامادەیـی گیـراوان بـۆ سـەربازی لـە موالیدەکانـی (١٩٤٧-١٩٦٥)، لەبنکـەی مەشـق کۆکراونەتـەوە، کـە ژمارەیـان زیاتـرە لـە (٤)، هـەزار سـەرباز، لەوانـەش بەشـێکی زۆری سـەقەت و پەککەوتـە هـەن. هەمـوو ڕۆژێ لـە کاتژمێـر (٣٠/٥) ئێـوارەوە تـا کاتژمێـر (٣٠/٥)، ئێـوارە مەشـقی سـەختیان پـێ دەکـرا، بـە ئـازار و ئەشـکەنجەوە ڕۆژیـان دەبردەسـەر، بـە درێژایـی مـاوەی مەشـقکردنی بـە تێنوییەتـی و برسـییەتی لەبـەر هەتـاو ڕاگیرابـوون، بەهـۆی سـەختی بـاری مەشـق کردنـەوە (٥)

(١) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (پاشکۆی ژمارە ٦٨).

(٢) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٣٧)، ١٧ تشرینی دووەمی١٩٨١، ل٣.

(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٥٢)، ١/ ٢/ ١٩٨٢، ل٦.

قوتابـی لـە گۆڕەپانـی مەشـق مـردوون، زۆربـەی قوتابییـەکان بـە هـۆی گۆچـان خۆیـان ڕادەگـرت، زۆرجـار بەهـۆی تێنوییەتـی و برسـییەتییەوە بەشـێکیان دەبوورانـەوە[١].

(١) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (١١٩)، ناوەڕاستی ئابی ١٩٨٤، ل٢و٤.

**باسی سێیەم: دەستگیركرن و بە بارمتەگرتن**

لــە مــاوەی جەنگــی ئێــران و عێــراق (١٩٨٠-١٩٨٨) هێزەكانــی پێشــمەرگە، شــارەزایانی بیانییــان وەک بارمتــە دەســتگیركرد، ئەمــەش زۆر جــار ســوودی لــێ بیــنراوە.

١. لەپێنــاو ناســاندنی دۆزی كــورد بــە دەرەوە، هــاوكات هەوڵدانێــک بــوو بــۆ دروســت كردنــی جــۆرە پەیوەندییــەک لەگــەڵ وڵاتانــی ڕۆژئــاوا، لــە لایەكــی دیكــەوە وەكــو گوشــارێک لەســەر حكومەتــی بەعــس بــۆ بەردانــی گیــراوە سیاســییەكان و كــەس و كاری پێشــمەرگە.

٢. ســەرنجی نێودەوڵەتــی: بــە گرتنــی پســپۆڕانی بیانــی، پێشــمەرگە ئامانجی ڕاكێشــانی ســەرنجی نێودەوڵەتــی و بەدەســتهێنانی هاوســۆزی بۆ خەباتی گەلــی كــورد دژی ڕژێمــی عێراق بــوو.

٣. زۆرجــار ئــەو پســپۆڕانە خزمەتیــان بــە ڕژێمــی عێــراق دەكــرد، وەك پســپۆڕێك لــە هێزەكانــی ســوپای عێــراق كاریــان دەكــرد، ئەمــەش هێزەكانــی پێشــمەرگەی نیگــەران كردبــوو، بــۆ ڕێگــری و كۆتایهێنــان بــە خزمەتــی پســپۆڕە بیانییــەكان بــە حكومەتــی عێــراق، زۆرجــار پێشــمەرگە پەنــای دەبــرد بــۆ دەســتگیركردنیان[1]. بــۆ نموونــە لــە (ئایــاری ١٩٨١) چەنــد ئەندازیارێكــی میــسری لــە لایــەن پێشــمەرگەكانی (پ.د.ک) بــە بارمتــە گیــراون، بــەڵام دواتــر بــێ هیــچ مەرجێــک ئــازاد

(١) كاروان جەوهەر محمد و بارزان محمد علی، دیاردەی بارمتە گرتن لە لایەن پارتە سیاسییەكانی باشووری كوردستان ١٩٨٠-١٩٨٨ (پ.د.ک) (ی.ن.ک) (پاسۆک) بە نموونە، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان، ژمارە (٣)، هەولێر، ٢٠٢١،س.پ، ل٤٤.

کـراون[١]. لـە لایەکـی دیکـەوە بەشـێک لـەو پسـپۆڕە بیانییانـە خزمـەتی دامـودەزگاکانی حکومـەتی عێراقیـان کـردووە، بـۆ نموونـە لـە (ئایـاری ١٩٨١) چەنـد ئەندازیارێکـی میـسری لـە لایـەن پێشـمەرگەکانی (پ.د.ک) بـە بارمتـە گیـراون، بـەڵام دواتـر بـێ هیـچ مەرجێـک ئـازاد کـراون[٢]. لـە (٢٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨١) (٣)، ئەندازیـاری نەمسـایی لەلایـەن مەفرەزەیەکـی لقـی بارزانـی پارتـی لـە نزیـک فڕۆکەخانـەی هەولێـر ڕێـگای هەولێـر عەنـکاوە بـە دیـل گیـران، دوای ئـەو چالاکییـە هێزێکـی هاوبەشـی سـوپا و جەیشـی شـەعبی (١٠) ئۆتۆمبێلـی سـەربازی و (٤) زرێپـۆش بـۆ پشـکنینی ناوچەکـە و گـەڕان بـەدوای پێشـمەرگەکان بـەرەو ناوچەکـە هاتـن. بـەڵام هیچیـان دەسـت نەکـەوت، هێزەکانـی پێشـمەرگە توانیـان بارمتـەکان بگەیەننـە ناوچـە ئازادکـراوەکان[٣]. دوا بـەدوای گیرانـی ئـەو ئەندازیارانـە دەنگدانەوەیەکـی گـەورەی لـە ڕۆژنامـە و ئێزگـە و ڕاگەیاندنەکانـی جیهیانـدا بـەدوای خۆیـدا هێنـا، دوای ئـەوەی حکومەتـی نەمسـا شـاندێکی ناردووەتـە لای سـەرکردایەتی پارتـی بـۆ بەردانـی بارمتـەکان، لەبەرامبـەردا پارتـی داوای ئازادکردنـی (٢٠٠) بەندکـراوی خێزانـی پێشـمەرگە لـە دهـۆک و زاخـۆ کـردووە. لـە لایەکـی دیکـەوە سـەرکردایەتی پارتـی هەمـوو کۆمپانیـا بیانیانـەی ئـاگادار کردووەتـەوە کـە لـە عێـراق کاردەکـەن،

(١) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی ئەندازیارەکان، بڕوانە: حزبنا يطلق سراح ٣ مهندسين مصريين بدون قيد او شرط، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٦)، ٢ آيار ١٩٨١، ص٢-٣.
(٢) بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوی ئەندازیارەکان، بڕوانە: حزبنا يطلق سراح ٣ مهندسين مصريين بدون قيد او شرط، جريدة اخبار كردستان، العدد (١٦)، ٢ آيار ١٩٨١، ص٢-٣.
(٣) دەنگوباسی کوردستان، ژمارە (٤٥)، ٢٨/ ١٢/ ١٩٨١.

ئەندازیـار و پسـپۆڕ نەنێـرن بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتان، چونکـە ناوچەیەکـی سـەربازییە بـەردەوام پێکدادانـی چەکـداری لـە نێـوان پێشـمەرگە و سـوپای عێـراق هەبـووە[١].

لـە (٢٣ی نیسـانی١٩٨٢) ، ئۆتۆمبێلێکـی حکومـی کەوتـە نـاو بۆسـەی پێشـمەرگە، (٤) کـەس بەدیـل گیـران، دوانیـان خەڵکـی کۆریـا بـوون، (٢) سـەربازیش یاوەرییـان بـوو[٢]. زۆرجـار بارمتـەکان بـێ هیـچ مەرجێـک بـە هـۆکاری مرۆڤایەتـی لە سـەری سـاڵی زاینی ئازاد دەکران، بـۆ نموونە لە (٢٨ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٢)، چەنـد ئەندازیارێکـی ئەڵمانـی لەلایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگەوە ئـازاد کـران[٣]، لە (٢ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٣) مەفرەزەیەکی پێشـمەرگەی پارتـی لـە دهـۆک (٣) پسـۆڕی فەڕەنسـی لەنـاو شـاری دهـۆک بەدیـل گـرت، ئەمەش لـە ئەوروپـا دەنگدانەوەیەکی گەورەی بـەدوای خۆیدا هێنـا، نوێنەرایەتـی پارتـی لـە ئەوروپـا ڕایگەیاند ژیانـی ئەم دیلانـە پارێزراوە، مەرجـی بەرادانـی دیلەکانی ئاشـکرا کـردووە، ئەویش بەردانـی (٥٧) زیندانی لـە بەندینخانەکانـی ڕژێـم کە لـە چاوەڕوانی لە سـێداردان بـوون، گەڕانەوەی (٨) هـەزار بارزانـی بـۆ زێدی خۆیـان[٤].

